بۆ برای هێژا و خۆشەویستم
کاک ئاشتی
پێشکەشە
فەرهاد
5/9-87

# ماموستای کورد

دەنگی بەشی کوردیی
خوێندنگەی بەرزی ماموستایان لە ستۆکهۆلمە


ژمارە: ٤ ـ ٥     تەمووزی ١٩٨٧

سەرنووسەر: فەرهاد شاکەلی

پیت چنین و مۆنتاژکردنی
«نووسینگەی تارا ـ سوید»

Tara Sätteri

Dalagatan 42
113 24 Stockholm
Tel. 08-33 12 29



ناونیشان:

Högskolan För Lärarutbildning
i Stockholm - Kurdiska
Box 34103
100 26 STOCKHOLM , SWEDEN

# ئەم ژمارەیە

● لە ژمارەی سێیەمی مامۆستای کورددا نووسیبوومان کە وامان نیازە ژمارەی چوارەمی گۆڤارەکە بۆ فەرهەنگی گەلان تەرخان بکەین، واتە ژمارەیەک بێت بۆ بڵاوکردنەوەی وەرگێڕان لە زمانی جیاوازەوەو بۆ لێکۆڵینەوە لەمەڕ فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلان. ڕاستییەکەی لەبەر دوو هۆ نەمانتوانی ئەو نیازە بەدی بهێنین:

- ئەو بەرهەمانەی کە بۆمان هاتبوون،چ وەرگێڕان و چ لێکۆڵینەوە،لەوە کەمتر بوون ژمارەیەکی تایبەتیان لێ پێک بێنین،

- هەندێ دۆست و برادەر بە نامەو بە دەمی پێیان ڕاگەیاندین کە ئەوان پێیان وایە تەرخانکردنی یەک ژمارەی تایبەتی بۆ فەرهەنگی بێگانە کارێکی دروست نییە،بەڵکو وا بە چاک دەزانن لە هەر ژمارەیەکدا، لەپاڵ لێکۆڵینەوەو بەرهەمی جۆربەجۆردا،هەندێ وەرگێڕان و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی گەلانیش بڵاو بکرێتەوە. ئێمە خۆمانیش،بێگومان، ئەم بۆچوونەمان بە ڕاستزانی.

● ئەم ژمارەیەی گۆڤارەکەمان، بە ناوەڕۆک و بە شێوەش، لە سێ ژمارەکەی پێشوو لەپێشترە. بێجگە لەوەش لاپەڕەکانی گەلێ زۆرن، بۆیە وامان بە چاک زانی کە ئەمە بە دوو ژمارە دابنێین: ژمارەی ٤ و ٥ . هەر لەبەر ئەوەش،بەداخەوە، ناچارین نرخی ژمارەکەش ،بڕێک ، ببەینە سەرێ.

شتێکی دیکە .....

● زۆر سپاسی ئەو برا دڵسۆزانە دەکەین کە وێڕای ناردنی نامە و بەرهەم، جاروبار، پارەشیان خستۆتە ناو پاکەتی نامەکانیانەوەو بۆیان ناردووین. ئەمە سەرڕای ئەوەی یارمەتییەکە، کە زۆرمان پێویست پێیەتی، دڵخۆشییەکی واشمان دەداتێ کە زیاتر باوەڕ بەوە بکەین، ئەو کارەی دەیکەین بێسوود نییەو ڕەنجەکەمان بێبەر نییە.

( سەرنووسەر )



# ناوەڕۆک


○ ئەم ژمارەیە .................... سەرنووسەر .......... 152
○ چوار هەڵبەست .................... ئەنوەر قادر محەمەد ..... 151
○ سوارە لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا ........ ئەحمەدی شەریفی ........ 146
○ گوندەکە .................... ح.کاکەوەیس .......... 135
○ کورتەباسێک لە فەلسەفەی هیگڵ ............ ئەمجەد حەمە سەعید ..... 128
○ سبەینێ ، شیعری بێناو ............ خەسرەوی گوڵسورخی ....... 121
○ .......و شەهید .................... فەرهاد شاکەلی .......... 120
○ چیرۆکێکی پێچەوانە .................... دوکتۆر بابەک .......... 114
○ چەند هەڵەیەکی فەرهەنگی ............ ڕێبوار و هێمن .......... 112
○ ئێمە چ تەگەرەیەکی دەستکرد لە پێش پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی دانانێین ...بەڵام...گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک عەزیز محەمەد .......... 106
○ یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە ، گفتوگۆ لەگەڵ کاک ئیدریس بارزانی .................................. 78
○ بۆ کاک ئیدریس بارزانی .......... هاوار .............. 70
○ دڵێکی پەنگ خواردوو .............. بەختیار قادر .......... 66
○ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ سلێمان عەوواد.......... رزگار عەبدوڵڵا .......... 64
○ پەندی پێشینانی ئەمریکایی .............. عەبدولقادر محەمەد ئەمین. 60
○ ژێ – م خوێندەوە .................. مەحفووز مایی.............. 57
○ چاوپیاخشاندنێک بەسەر وڕێنەدا .......... سلێمان قاسمیانی ........ 52
○ ڕازێک لەگەڵ نیشتمان .............. کرمانج .............. 46
○ سەردەمی نوێ و شێواندنی نوێ ............ ناسری ڕەزازی .......... 45
○ حوکمی ڕەش .................... ناسری ڕەزازی.......... 43
○ نامە و پێشنیاز .................... دیلمان .............. 41
○ نامەیەک .................... ئەمیری حەسەنپور ........ 39
○ من ئاوا لە خەم دەگەم .............. باپیر .............. 34
○ سەنگەری شەرەف و سەربەرزی یان .......... ئارام دەرگەڵەیی ........ 30
○ ئاخر ئێوە چین ؟؟ .................. زورگەزراو .......... 28
○ بانگەوازێک .................... نووسینگەی تارا ......... 26
○ ژ ڤەڕێژا جەنگا مەزن .................. سەبری بۆتانی ....... 16
○ ئەی ڕەقیب .................... دڵدار .............. 15
○ بۆ پێشەوە بارزانی .................. هەژار .............. 14
○ لیستنا دەموکراتیا ترک .............. باڤێ بارزان .......... 12
○ دنیا کال .................... عەلی یێ عەڤدلڕەحمان .... 10
○ عەلی یێ عەڤدلڕەحمان .................. میکاییلێ ڕەشید ....... 8
○ ئەی وەلات .................... محەمەد عەلی بەرواری .... 6
○ خەونا چەلەنگێ کۆچەر .................. سەبری بۆتانی ...... 3

که «صادق» مرد،
چاوی سەوزی «تاران»ی دایک،
پڕ بوو لە بۆرانی خوێنین،
هەرچی «سەگی هار و خوێڕی»** جادەکان بوو،
بەناوەختان دەچوونە پێستی مرۆڤ و دەیانلووراند،

که «صادق» مرد،
گشت «داودە قەموورەکان»*** خەمیان دەکردە چەپکە گوڵ،
لە کوچەی ڕەش و برسێتی و
مەیخانەی ژان و تلیاکدا
دەیاندایە پرمەی گریان ...»
کاکی گیانیم!
لە دادگای ئەم ڕۆژگارە سۆزانی‌یەدا،
فەرمان دان و خەڵک مۆرکردن،
لە رداردان و سەرهەڵکەندن،
وەکوو ئاوەکەی پار دەڕوا ....
(دایکی میدیا)**** ئەوەندە چاو لە ڕێگایە،
ئەوەند بە کوڵ، خۆ «ئەسپە شێ»***** دەلاوێنێ،
چاوەکانی دوو کانی پڕ لە فرمێسکن،
چارەنووسی ڕۆڵەکانی تەلیسمە لای،
بۆچی دوای ئەو هەر پشت ماڵە و کۆیلەی خەڵکن
برای گیانیم !
تاکوو ئێستەش، هەر دەکرێ بە ژێر لێوەوە تێی نەگەیشتووم،
ئێوارە بوو بەیانی بوو، تۆیان فڕاند؟!
کام تۆڕداو بوو، ئاوا تۆیان تێ ترنجاند،
دواییش گەرووی پڕ هاوارتیان بە پەتێکی ئەستوور خنکاند.!

١٩٨٤/٨/١٧

* مەبەست لە نووسەری ئێرانیی بەناوبانگ صادقی هیدایەتە، کە کۆچی کردو خۆشیی لە نووسینەکانی دەهات.
** چیرۆکێکی صادقی هیدایەتە ـ «سگ ولگرد». من هارەکەم بۆ زیاد کردووە.
*** پاڵەوانی چیرۆکێکی تری صادقی هیدایەتە و هەر ناونیشانی چیرۆکەکەشیەتی.
**** ناونیشانی چیرۆکێکی شەهیدە کە وەختی خۆی بە عەرەبی نووسیوویەتی:«ترانیل ام میدیا الکردیة ....».
***** رەمزی چیرۆکێکی کاک فازیل کەریمە.

## ئەوین

لە شەوانی شەستەبارانی گوناهدا،
مەشقەڵێکی ئاگرێکی دوور دوور دیارە،
ئەوە عەشقی نائومێد و پاکی منە،
کە گۆرانیی دلداران و خەڵکی شارە ...

١٤ئۆکتۆبەری ١٩٨٦



# ئەنوەر قادر محەمەد

## خاچ

«بۆ گیانی پاکی هاوڕێی شەهیدم مەجید کەریم ئەحمەد»

سەرت لووتکەی «دەماوەند» بوو،
تەمێکی خەستی ئەبەدی دایپۆشیبوو،
گەرچی دڵت شادەشتێ بوو،
بە ڕێژەن و باراناوی،
گوڵجاڕێ بوو، سەر تا پێینی شینایی،
پڕ بوو لە کانیی شیرینی خۆشەویستی، دڵسۆزییەتی ...
بەڵام خواکان، ڕۆژگاری دوون،
شازادە درۆزنەکان،
چی‌یان ناونیم؟!
فەرمانێکی دڵڕەقانە و نابەجێ‌یان،
لە دژی تۆ دەرکردبوو،
هەموو دەمێ خاچی قورسی گومانێکت،
بەسەر شانی بریندارت هەڵگرتبوو.
تەوێڵی تۆ وەک دەفتەری نیگار کێشانی منداڵان:
«ژوورێکی تاریکی زیندان، منداڵێکی پانزە ساڵە،
هێمن و لە ناخدا دڕدۆنگ،
دوو پاکەت حەبی ئەسپرۆ،
تەورێکی زل، گوللەیەکی دووئاتەشە،
کیژۆڵەیەکی نائومێد ـ هاوسەرێ هاوشانت نەبوو،
ڕووباری خەمێکی قووڵ و
بەسەریەوە زریانێکی ئیقلیم گیری ـ تیا کێشرابوو،
تەوێڵی تۆ، هەوری کۆمەڵێ پرسیاری
بەناوەندا داکوترابوو ...
چارەنووسیش لە نیگای تەماویی تۆدا،
شەقامێ بوو،
ئاپوورەی خەڵکی هەراسان،
ئاپوورەی خەڵکی کەلەیی،
ئاپوورەی پێشمەرگەی یاخی،
ئاگری سووری ئاژاوە و نەسرەوتنیان تێ بەردابوو ...
«صادق»* شەوێ،
شەپۆلی گازی کردەوە و
پڕ بە سینگی برینداری هەڵ مژی،
لە «پاریس»ی هەندێ شاد و
زۆربەی هەرە زۆر خەمگینیدا،
گیانی ماندووی لە گۆڕستانێ غەریبدا،
بارگەی ئەبەدیی خۆیی خست ...

# گۆتەڵ

- لە مەرگی باوکمدا -

وەکوو ئاسمان، بێ پزیسکی شکۆی خوایی،
وەکوو چاوی بێ بینایی،
دووای تۆ، باوکە!
لە ناو دڵما ڕۆشنایییەک بەدی ناکەم،
کە لێک بڕاین، چاوەکانت نماوی بوون و بەشێ بوون،
دەڵێن: هەتا دووا هەناسەش هەر لە ڕێ بوون،
خاکی پیرۆزی باپیران،
لاشەی پاکتی کرتە باوەش،
بەڵام گیانت، باوکە، ڕەنج و تێکۆشانت،
بەدەم کەلی «زمناکۆ»وە،
ئەستێرەیەکە بەرز و گەش ..
لەوێ نەبووم، خۆم لە دەوری گۆڕی پیرۆزت بگێڕم،
لەوێ نەبووم، وەکوو دایکە خەمبارەکەم،
وەکوو خاڵێ زامی بەسۆ لە دڵ ماوم،
وەکوو پووری جەرگ سووتاوم،
وەکوو برا و خوشکانی باوک نەماوم،
گۆتەڵێ بگێڕم بۆ تۆ!
کوردانە بیکەم بە ڕۆ ڕۆ!
لەوێ نەبووم، بابە! بمبەخشە غەریبیم،
بمبەخشە بە ئاوارەییم!

* * *

ئەگەر شاخ و لووتکەکان دوژمن نەدەبوون،
چەم و ڕوبار،
ڕێگا و زنار،
بۆ قەستی سەری یەک نەدەچوون،
سەد ئەوەندەش دوور بوونایە،
سنوور لە دوای سنوور بوایە،
سەد ئەوەندەش بە پۆلیس و
بە گەلە گورگ بتەنرایە ...
هەر خۆم دەگەیاندەوە لاتان،
بەڵام داستانی کەژەکان،
ئەی بابە گیان!
هێشتا هەر تەلیسمە لامان ...
لەوێ نەبووم، بابە بمبەخشە غەریبیم،
بمبەخشە بە ئاوارەییم!

* * *



# لە شەمەنەفەردا

شەو تاریکە، «شاری پیتەر»(۱)،
بە گێچەڵی چەتەی سەرماوە خەریکە ...
شەو تاریکە و گڵۆپەکانی ڕێگاوبان،
وەکوو چاوی گۆست کەوتووان،
بە کوڵ دەگرین،
جۆگەی فرمێسک هەڵدەکەنە دەشتی برین،
دارستانیش، شانی سەوزی داوەتە ژێر لاشەی بەفر،
وەکوو چۆن خەڵکی شارەکەم،
چوونەتە ژێر تەرمی باوکە تەمەن پڕ لە ئازارەکەم،
چلوورەی قەد بروێزەکان،(۲)
وەکوو باڵی خۆزگە و ئاسەم هەڵواسراون،
هێلی ئاسن، دەڵێی ماری ئاشقە و ماشقەن،
ڕاکشاون ... تێک ئاڵاون ..
بەرەو «مۆسکۆ» شەمەنەفەریش مل دەنێ،
ماڵ ئاوا، فینکییەک بە دڵ دەدا،
بە قوچ وەک گا، بەملاولادا،
تۆقە هەوری ڕەشی دڵی من ڕاودەنێ،
هۆ ئەی مۆسکۆی باڵا بەفرین!
بە ڕەف(۳) نەبێ، بۆچی دەبێ،
تۆ ببیتە مەنزڵگەی شین؟!
چەندەها جار بۆ لات هاتووم،
بانگ لێدەری کارەسات بووم،(٤)
ئاخۆ کەی بێ بەرەو هێلانەی سووتاوم،
بەرەو شاری خۆم ئاسایی ڕاونراوم،
دووا ماڵ ئاواییت لێ بکەم؟!
ئەی هاودەمی شەوانی شین و گریانم،
ئەی شاژنم، مۆسکۆی جوانم!

شەوی ۱۹/۲۰-۱۲-۱۹۸٦

---

(۱) شاری پیتەر: مەبەست پیترۆگرادە، لینینگرادی ئێستە.
(۲) جۆرە درەختێکە، لە چنار دەچێ. ڕەمزی ڕووسیایە.
(۳) ڕەف: ناشوکری، کفرکردن.
(٤) بانگ لێدان: هاوار و ڕۆڕۆ کردن بۆ مەرگی ئازیز و کەسی نزیک.

بلێی گوایە (عەرەبەتی‌یەکان) نەچووبێتنە ژێر تەرمەکەت؟!
کە ئێوارە گەڕابێتنەوە ئاوایی،
بە منداڵە ساواکانیان نەووتبێ کێ کۆچی کرد،
کە تۆ کێ بووی، چیت بۆ کردن؟
تۆ بۆ ئەوان چرای زانست و پەنا بووی،
ڕزگارکەر بووی، مامۆستا بووی ..
من دڵنیام، هۆن هۆن فرمێسکی وەفایان،
بەقەد کێلی گۆڕەکەتدا،
بەخوڕ چۆڕاوگەی بەستووە ...
لەوێ نەبووم !..
• • •

تۆ بۆ ئێمە باوکە، قەڵای «مەریوان» بووی!
بۆ شەوگاری تاڵی ژینمان ،
وورشە وورشی ئەستێرە بووی،
تریفەی مانگە شەوان بووی!
«لە ڕاڕەوی بادا، پاسەوانی گوڵ بووی»*
لە دنیای ئەشقی خووابیدا ئەهلی دڵ بووی،
بە دێهات و بە شاراندا،
ووتەی شیرین، ڕەوشتی بەرز، زەردەخەنە و
زانینت تۆ دەبەشییەوە ..
بۆ کشت پرس و برینێکیش، وەڵامێکت، تیمارێکت دەدۆزییەوە ..
دیارە سەرم لێ شێواوە، ئەینا باوکە!
دەریای گەورەی ئینسانیەتت،
چۆن دەکرێتە جامی شکاوی هۆنراوە؟!

لینینگراد
٢٧ـ٣٠ نۆڤەمبەری ١٩٨٦

* ئەم نیوەدێڕە شیعری حافظی شیرازیە.



# سوارە لەبەر تیشکی نووسراوەکانیدا

ئەحمەدی شەریفی

بۆ ناسینی هەرچی باشتری سوارە و بیروباوەڕی دەبێ ئاوڕێک وەسەر دەورانی ژیانی و چاخێکی کە تێیدا ژیاوە بدەین.

سوارە لەساڵی ١٣١٦ی هەتاوی لە دایک بووە، لەو سەردەمەدا لە موکریان بیری کوردایەتی تازە بڵێسەی ساندبوو، هەست و بیری کوردایەتی بەهۆی شیعرەکانی حاجی‌قادری کۆیی، خانی و مەلای گەورەی کۆیەوە لە موکریاندا چرای خۆبیوونی کوردی داگیرساندبوو و تەنانەت هێندێ کەس ببوونە پێڕەوی ئەم بیروباوەڕە و لەسەر ئەم تەشک و چەشنە خەریکی شیعر دانان بوون کە ئاڵا هەڵگری ئەم تۆناغە و ئەم بیرو قوتابخانەیە لە موکریاندا، دەتوانین خاڵەمین بەرزنجی، سەییە کامیلی ئیمامی، هەژار، هێمن، هەباسی حەقیقی و ...... دی بزانین. جووڵانەوەی کورد لە تورکیە و بەتایبەتی لە عێراق کارێکی گرنگیان کردبووە سەر کوردەکانی ئێران و ئەوانیش وەجموجووڵ کەوتبون.

پێکهاتنی حیزبی بۆرژوامیللی هیوا لە کوردستانی عێراق بە سەرۆکایەتی ڕەفیق حیلمی و پەیوەندگرتنی ئەم حیزبە لەگەڵ ڕووناکبیرانی موکریان ئەوەندەی دیکە ئاوری بیری کوردایەتی لە ناوچەکەدا خۆش کرد و بوو بە هۆی وەی کە «کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان ـ ژ. ک» لە چینی هوردە بۆرژوای میللیی کورد لە موکریان پێک بێ، خوا لێ خۆش بوو مەلا حەسەنی قزلجی دەیگێڕاوە کە پێش پێکهاتنی ژ. ک لە مەهابادا دوو تاقمەی تر هەبوون و لەسەر شانی ئەم دوو دەستەیە حیزبێک بە ناوی «حیزبی ئازادیخوازی کوردستان» پێک هات و کاتێ سوپای سۆڤیەت لە ساڵی ١٣٢٠دا هاتە کوردستانەوە و ئەم حیزبە لە بەیاننامەیەکدا پشتیوانیی لەم هاتنە کرد و پاشان ئەندامانی ئەم حیزبەش تێکەڵ کۆمەڵەی ژ. ک بوون. هاتنی سووپای سۆڤیەت بۆ کوردستان بەتایبەتی ناوچەی موکریان گرنگی‌یەکی زۆری هەبوو کە هێشتا لەم بارەیەوە توێژکارێکی ئەوتۆ نەکراوە.

سووپای سۆڤیەت بیروباوەڕی یەکسانی و کمونیستی لە موکریاندا بڵاوکردۆتەوە، بووە بەهۆی وەی کە هوردە بۆرژوای تازەپێگەیشتووی کورد وەخۆ کەوێ و دەست بداتە جموجووڵ و بیری کوردایەتیش وەک چەکێک بگرێتە دەست، بەڵام سەرەڕای وەی کە بیری کوردایەتی لە ژێر تیشکی باوەڕی کمونیستی‌دا ژیابۆوە، وە جموجووڵ کەوتبوو، هوردە بۆرژوای کورد نەیدە وێرا ڕاستەوخۆ پاڵ وەباوەڕی کمونیزم بدا و تەنانەت زۆر جاریش حاشای لێ دەکرد، لە گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی ژ.ک دا، پێڕەوی کردن لەم بیر و حاشاکردن لەم وشەیە بەجوانی دەردەکەوێ، پێم وایە ئەویش چەند هۆی سەرەکی هەبووە، کە لە لایەکەوە موکریان لەو کاتەدا لەژێر بارودۆخی دەرەبەگایەتی‌دا بوو و نەدەکرا حیزب و کۆمەڵەیەک لەو زرووفە تایبەتیەدا نەیاری چینی دەرەبەگ و فیۆداڵ بێ و تەنانەت ژ. ک لە گۆڤاری نیشتمان و نامیلکەکانی کە لە لاجانێ بڵاوی دەکردەوە دڵنەوازشی لە ئاغاواتەکان دەکرد. لە لایەکی دیکەوە شێخ و مەلا وەک چینێکی سەرەکی خاوەن دەسەڵات لە موکریاندا دەوریان دەگێڕا،

بڵاوکراوەکانی حیزب باوەڕ و بیری کوردایەتی گەشە پێ دەدەن و بارودۆخی ئێران و کوردستان زرووفێک دەرەخسێنێ کە لە موکریاندا مەدرەسە و قوتابخانە لەسەر شێوەی نوێ پەرە پێ دەدرێ و کوڕ و کچ روو دەکەنە قوتابخانە و خوێندەواری کە هەتا دوێنێ پاوان و ئینحسارەن مافی کوڕی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینیی بوو دەکەوێتە کۆشی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای موکریان و ئەمجارە تەنانەت کچیش هەقی هەیە بخوێنێ و لە کوڕ جێ نەمێنێ.

شاگردانی ئەم قۆناغە بیروباوەڕێکی تیژتری کوردایەتییان هەیە و سەرەڕای لایەنگری لەم بیرە، ژێرخانی فکریشیان پێویستە. ئەم بەرەیە و تازە پێگەیوانە راستەوخۆ خۆ لەقەرەی کمۆنیزم دەدەن.

لە دەورانی حکومەتی میللی دوکتۆر موحەممەدی موسەدیق‌دا ئەم چینە و بەرە تازە پێگەییوەی کورد لە موکریان‌دا بە لایەنگرانی حیزبی تودەی ئێران دەناسران، بەڵام لە راستیدا ئەم نەوە نوێ‌یەی کورد لەلایەکەوە لایەنگریان لە بیری کمۆنیزم دەکرد و لەلایەکی دیکەوە هۆگری بیروباوەڕی کوردایەتی بوون، بەڵام هێشتا سەرۆکایەتیی کلاسیکی حیزبی دیموکرات راستەوخۆ نەیدەوێرا خۆ لەقەرەی کمۆنیزم بدا، هەر ئەوەیە کە لە دەورانی حکومەتی میللی دوکتۆر موسەدیق‌دا کە ئازادی هەیە و باڵی نەشکاوە، حیزبی دیموکرات بە سەرۆکایەتی نوێ‌وە دەبێتە هاوپەیمانی حیزبی تودەی ئێران و کادرەکانی کارئازمودەتر دەبن بەچەشنێ راستەوخۆ لە جوڵانەوەی جوتیارانی چۆمی مەجیدخان کە دژی دەرەبەگایەتی راپەڕیوون لایەنگری دەکات و سەرۆکایەتیی ئەم جوڵانەوەیە وەئەستۆی خۆی دەگرێ.

بەڵێ ئەوجا کاک سوارە یەکێکە لە شاگردان و پەروەردەی ئەم زرووف و قۆناغەیە و کەوتۆتە ژێر بار و تیشکی کوردایەتییەکی نوێ‌خوازانە و ناسیونالیستانە، ئەگەر چی لـە بنەماڵەیەکی دەرەبەگدا بەدونیا دێ بەڵام تێکەڵ هۆردووی ووردە بۆرژوای روناکبیری کورد لە ژێر تیشکی کوردایەتی ناسیونالیستانە دەبێ وپاشان ئەم بیر وئەندێشەی لە تەواوی ئاسار و شوێنەواریدا خۆی دەنوێنێ.

هەر لەم رێبازەوەیە کە شیعری جوان و پاراوی «دووی رێبەندان» دادەنێ و لەم پارچە هۆنراوەدا کاک سوارە پەسەند و ستایشی بیری کوردایەتی ناسیونالستی کورد و پێشەوا قازی موحەممەد و کۆماری کوردستان و دە وڵەتی میللیی کورد دەکات.

پاش رووخانی حکومەتی میللی دوکتۆر موسەدیق ئاڵوگۆڕێکی گرنگ بەسەر بارودۆخی ئێران وکورستاندا دێ و ئەم ئاڵ وگۆڕە موکریانیش دەگرێتەوە وهەموو چەشنە جوڵانەوەیەکی سیاسی و رامیاری لە سەراسەری وڵاتدا قەدەغە دەکرێ و جموجوڵی سیاسی لە نهێنی‌دا پەرە دەستێنێ و بۆ بەرگری لەم پەرەسەندنی بارودۆخی رامیارییە لە وڵاتدا ساواک، پۆلیسی تایبەتی رژێم، پێک دێ و بە قەولی خۆیان لە ترسی نەفووزی شوورەوی لە ئێراندا، ئامریکا راستەوخۆ دەست لە کاروباری ئێران وەردەدا و لەم بارەوە ئامریکایی بە عەناوینی جۆربەجۆر بە کوردستانیشدا بڵاودەبنەوە.

بەڵام سەرەڕای ئەم زەبروزەنگەی رژێم، جموجوڵی سیاسی لە کوردستاندا و بەتایبەتی لە موکریان‌دا لە ئارادایە و حیزبی دیموکرات وەک تەنیا رێکخراوی سیاسی لە کوردستاندایە و بەرەیەکی نوێخواز لە لاوانی کورد دێنە مەیدانی خەباتەوە.



بەرژەوەندی وان لەگەڵ باوەڕی یەکسانی و کمونیستی‌دا و بەتایبەت وشەی کمونیست‌دا هەرگیز رێک نەدەکەوت و ئاویان بە جۆگەیەکدا نەدەڕۆیی. لەو کاتەدا شێخ بەدەگمەن و مەلا بەتایبەتی، بەتەنیا چینی خوێندەوار و روناکبیری کوردستان بە گشتی و موکریان بەتایبەت دەژمێردران. ئەوان هەر تەنیا پیاوی ئاینی نەبوون بۆ کۆمەڵگای کوردەواری، بەڵکو لە سەدەیێک بەرەوە ئەوان رێبەرایەتی زۆربەی هەرە زۆری جووڵانەوەکانی کوردستانیش بوون و زۆر جار دژی حاکمەکانی تاران و پاشاکانی تورک راپەڕیوون و سەرۆکایەتی گوندی و دێهاتییان وەئەستۆ گرتبوو، خاوەنی دەسەڵاتێکی سەرەکی بوون و تەنانەت پاش و پێش هەردوو شەڕی نێوگەلان سەرۆکایەتیی جوڵانەوەی بیری کوردایەتی هەر لەسەر شانی شێخ و مەلاکانی کوردستان بوو.

وەک گوتم شێخ و مەلا نەک هەر تەنیا پیاوی ئاینی بوون بەڵکو چینی خوێندەواریش بوون و زۆربەی هەرەزۆری شاعیرەکانی کوردستان و بەتایبەت موکریانیش هەر لەم چین و توێژە هەڵکەوتبوون و تەنانەت بەشێکی سەرەکی پێکێنەران و لایەنگرانی «ژ.ک» یش وەک خودا لێ خۆش بوو عەبدولرەحمانی زەبیحی، مەلا قادری مودە ڕیسی، هەژار، هێمن، خاڵە مین، مام هەباسی حەقیقی، سەیید کامیل، حاجی رەحمانی ئێلخانی و ... دی هەموویان یان راستەوخۆ مەلا بوون یان لە قوتابخانەی مەلایەتی‌دا گوورابوون و شاگردی ئەم مەکتەبە بوون. جا لەم رووەوە «ژ.ک» کە ئاڵا هەڵگری بیری کوردایەتی لە موکریان‌دا بوو لەلایەکەوە پێ‌ی خۆش بوو کە پێڕەوی لە باوەڕی کمونیزم بکا و لە لایەکی ترەوە لەبەر ئەو دوو هۆ سەرەکیەی کە باسمان کرد راستەوخۆ نەیدەوێرا توخنی کەوێ، یان لانی کەم لە بیچمی زاهیر و ئاشکرادا لایەنگریی لێ بکا. بەڵام لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری نیشتماندا وتاری جۆربە جۆری سەبارەت بە سۆڤیەت و سەرۆکانی کمۆنیزمدا تێدایە و کاتێ ئینسان دەیخوێنێتەوە لایەنگریی ئەم کۆمەڵەیەی لە سۆڤیەت بۆ دەردەکەوێ، بەڵام راستەوخۆش حاشا .لە کمۆنیزم و ئەم قوتابخانەیە دەکا.

کاتێ «ژ.ک» هەڵدەوەشێتەوە بە گشتی دەباڵ حیزبی دیموکرات‌دا نوقم دەبێ و گۆڤاری کوردستان ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران» بڵاودەبێتەوە.

پێم وایە هەرلەبەر ئەو دوو هۆ سەرەکی‌یە واتە «دەرەبەگایەتی و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینی» گۆڤاری کوردستانیش سەرەڕای لایەنگری لە سۆڤیەت و چاپکردنی وێنەی لێنین لە ژمارەی هەوەڵی خۆیدا، ناوێرێ راستەوخۆ خۆی لە قەرەی قوتابخانەی کمۆنیزم بدات، بەڵام بیری کوردایەتی وەک دروشمێکی سەرەکی دەبێتە تیۆری ئەم حیزبە و لەم رێگایەشدا خەبات دەکا و بۆ هەوەڵێن جار لە مێژووی کوردستاندا کۆماری کوردستان و دەوڵەتی میللی کورد لە موکریاندا پێک دێنێ، سەرۆکایەتی کۆمار و دەوڵەتی میللی کورد لەسەر شانی چینی دەرەبەگ و پیاوانی ئاینی و هوردە بۆرژوای موکریانە و گوندی و چینی رەنجبەری شار و دێ لەدەوریان هاڵاون و پێک هێنەرانی هێزی پێشمەرگە و ووردە کاربەدەستی تری دەوڵەتی میللی کورد و کۆماری کوردستانن.

کۆمەڵ و کۆمەڵگای خۆی بەباشی ناسیوە و لەم دەرد و ڕەنجانە لە شوێنەوارەکانیدا دوواوە «ئەگەر هەموو خەڵکی وڵاتەکەم تێرو تەسەل و دڵ خۆش بن هیچ خەمم نییە »(١) لێرەدایە کە بیروباوەڕی بەرزی سوارە سەبارەت بە کۆمەڵگاکەی وەدەر دەکەوێ و خەمی خۆی نییە و خەمی هەژاران و ڕەنجدەرانی وڵاتەکەیەتی: «دێتەوە بیرم کە پیرێژنێک لەوپەڕی وڵات خەمبارە، یا لاوێک لە گۆشەیێکی ترا زوڵی لێ دەکرێ مێشکم داغ دەبێ»(٢) ئەمە لەکاتێکدایە کە وڵاتی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی بە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە لکاوە و شا لە زوڕنای«بسوی تمدن بزرگ» دەدا بەڵام ڕاستێکەی شتێکی ترە.

هەژاری، بێکاری، بێنانی، بێ جێگاو ڕێگایی بەشی زۆربەی هەرە زۆری چین و توێژەکانی ئێرانە و کەمایەتێکی گچکە لە هەموو مافێکی ژیان بەرخوردارن. سوارە دەفکری ئەم کەمایەتی یەدا نییە، خەم بۆ زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵی کۆمەڵگای ئێران دەخوا کە بۆ نانی شەوێ موحتاجن و ئەگەر نانییان هەیە دۆیان نییە و ئەگەر دۆیان هەیە نانییان نییە و بەوپەڕی دڵسۆزییەوە دەخەمی گەل و کۆمەڵانی هاوولاتی‌دایە و بەگژ بووق و کەڕەنای شایەتی‌دا دەچێتەوە: «بەکۆڵانێکا تێ ئەپەڕیم و ئەمدی ئەخۆش و دەردەدار کەوتوون بۆ پارەیێکی کەم، بەشی ئەوەندە کە نانێکی پێ بکڕن دەستیان گرتۆتەوە لەشم ئەلەرزی»(٢) سوارە ئەوەی لە کاتێکا بەچڕوچاوی ڕژێمی شایەتی‌دا کوتاوە کە بەداخەوە زۆرکەس لە شاعیران و نووسەران بە بەژن و باڵای «تمدن بزرگ» یان هەڵدەگوت و لە پێک و ماپێکیان دەژاند کە لە ئێران‌دا برسییەتی و بێکاری فەوتاوە. بەڵام سوارە نەدۆڕاوە و بەبیرێکی جوانەوە دەڕوانێتە کۆمەڵگاکەی و هەمووشتێکی هەر بۆ خەڵک و کۆمەڵانی خەڵک دەوێ.

«برای خۆشەویستم هیوادارم بزانی وەزیفەت چەند گرنگ و ئەرکی سەرشانت چەند گرانە، لەورۆ بەدووا هەمووکات و ساتی ژیانت هی خەڵکە، ئەگەر ڕۆژێک لە پێناوی گەلا نەبێ ئەو ڕۆژە لە ژیانت‌دا بە فیڕۆ چووە. هەناسە کێشانت، ڕێگا ڕۆیشتنت، دووانت، بە کورتی هەموو شتێکت دەبێ سوودێکی کۆمەڵی تێدابێ»(٤) دەفکری کۆمەڵ دابوون و هەموو شتێ بۆ کۆمەڵ ویستن پیشەی سوارە بووە: «هەرشتێ بۆ کۆمەڵی ئادەمیزاد باش بێ ئەوە جوانە».(٥)

سوارە تەنیا و تەنیا دەفکری کۆمەڵگای کورددا نییە، هەموو شتێکی بۆ هەمووکەس دەوێ و دژی چەند بەرەکێ و دوژمنکاری‌یە «پیاو ئەتوانێ کارێ بکا کە دوژمنی نەبێ و هەمووکەس خۆشییان بوێ»(٦) دوژمنایەتی و نەیاری بە سوود و قازانجی کۆمەڵ نییە و دوژمن کەڵکی لێوەردەگرن. سوارە ئامۆژگاریی چین و کۆمەڵانی خەڵک دەکا کە تۆوی دوژمنایەتی و نەیاری لەبەین بەرن و کارێ بکەن کە کەس دوژمنی کەسی‌تر نەبێ و هەموو یەکتریان خۆش بوێ و ئەم پەند و مۆچیاری‌یە، کاتێ دەکا کە لە کۆمەڵگای ئێران‌دا ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی جیهانی شا بە هەموو بارو تەوانییەوە تێدەکۆشا کە تۆوی دووبەرەکی و دوژمنایەتی لە نێوان گەلانی ئێران‌دا بچێنێ و وەزعێک پێک بێنێ کە کەس باوەڕی بە کەسێکی دی نەبێ تا خۆیان لە ئاوی لێڵاوی ماسی بگرن و بە کەیفی خۆیان دەسڕەنجی زەحمەتکێشان و داهاتی وڵات بخۆن و لە سایەی کار و تێکۆشانی کرێکاران و ڕەنجبەرانی ئێران کۆشک و تەلاری ڕەنگاوڕەنگ سازکەن و لە ئەورووپا و ئامریکا خەریکی کەیف و نەهەنگی خۆیان بن.



لاوان و گەنجانی کورد سەر لە زانستگاکانی تاران و تەورێز دەردێنن و لە زانستگەکاندا بە وەزعێکی بەربڵاوتر و زانستی‌تر لەگەڵ بیروباوەڕی قوتابخانەی سۆسیالیزم وکمونیزم ئاشنا دەبن، ئەوان ئیدی کەمتر گوێ دەدەنە سەرکردایەتیی کلاسیکی کورد و چەند کۆڕ و کۆمەڵی مارکسیانە دەگۆڕێن.

بەڵام سەرەڕای ئەوەش ئێستا حیزبی دیموکرات بە باوەڕی ناسیونالیستانەیەوە وەک ئاڵاهەڵگری بیری کوردایەتی لە ئارادایە.

لە کوردستانی عێراق پاش ڕووخانی ڕژێمی شایەتی و هاتنە گۆڕی کۆماری عێراق و گەڕانەوەی سەرکردەی کورد مەلا مستەفا بارزانی، جارێکی تر شەڕ بۆ بەدەست هێنانی مافی کورد دەست پێ دەکاتەوە. زۆربەی کادرەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش لەم خەباتە چەکدارانەیەدا بەشداری دەکەن و ڕژێمی ئێران خۆی لە جووڵانەوەی کورد هەڵدەقورتێنێ و یارمەتیی ڕووکارانەی جوڵانەوە دەدا، کادر و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دەکەونە بەر مەترسی‌یەوە، دووبەرەکی لە نێوان سەکردایەتی‌دا پێک دێ و تۆڵی لایەنی چەپییان دەگەڕێتەوە کوردستانی ئێران و نزیکەی دووساڵان لەکۆ و چیاکانی کوردستان و بەتایبەتی موکریان‌دا دەژین و دەست دەدەنە شەڕی پارتیزانی. سوارەش وەک ڕووناکبیرێکی کورد پەیوەندی لەگەڵیان هەیە و لە نووسراوەکانی‌دا یادی ئەو قارەمانانە دەکاو تەنانەت لە شیعری تۆ دەریامی زۆر بەتوندوتیژی پەلاماریش دەکاتەسەر حیزبی بەعسی عێراق و لە چیرۆکی «خالەی ڕێبوار» دا ڕێز لەو پارتیزانانە دەگرێ و لە نهێنی‌دا پەلامار دەباتە سەر ئامریکا و ڕژێمی ئێران و ساویلکە خۆماڵیەکانی کوردستان. ئەم جموجۆڵەش سەرەنجام بە چەندین هۆوە تووشی نوشست دەبێ، بەڵام دەبێتە هۆی دەستاوەردێکی گرنگ بۆ ڕێبوارانی ڕێگای خەبات.

ئێران بە پەلە بەرەو قۆناخی سەرمایەداری کۆمپرادۆر دەڕواتە پێشەوە و نوێنگەکانی ئەم سیستێمە لە موکریان‌دا خۆدەنوێنێ و فەرهەنگی بێ سەرەو بەرەی ڕۆژئاوا بەسەر هەموو کاروباری وڵات‌دا زاڵ دەبێ، سەرەڕای وەش قوتابخانە و مەدرەسە و زانستگە لە زۆری دان و کۆمەڵێکی هەراوتر لە لاوان و گەنجانی کورد خۆ دەکوتنە فێرگە جۆربەجۆرەکانی خوێندن بەچەشنێ کە ژمارەی خوێندکاران لەپلەی بەرزدا لە ئەژمار بەدەر دەبێ، لە کاتێکا لە دەورانی حکومەتی میللی کوردستان‌دا گۆیا تەنیا یەک نەفەر لیسانس هەبووە. بەڵام سوارە و هەزاران سوارەی دی خوێندنی بەرز تەواو دەکەن و بیروباوەری زانستی فێردەبن و کۆڕ و کۆمەڵی سۆسیالستانە و مارکسییانە پێک دێنن کە پاشان زۆربەی ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە لە «کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەت کێشانی کوردستانی ئێران» دا یەک دەگرن بەڵام سوارە کردەوەی ئەم کۆڕ و کۆمەڵانە نابینێ و لە ١٣٥٤/١٠/٢٤ دا چاو لەسەر یەک دادەنێ و بە وەزعێکی گوماناویەوە دەمرێ.

ئەمە بە کورتی بارودۆخێکی ئێران و کوردستان بوو کە سوارەی تێدا ژیابوو، و لەم بارو دۆخە ئیلهام و کەڵکی وەرگرتبوو بۆ شیعر و نووسراوەکانی، ئەمما ئەوەی کە هەتا ئێستا سەبارەت بە سوارە لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی کوردستان و دەرەوەدا نووسراون و بڵاوکراونەوە هەر تەنیا سوارەیان وەک شاعیرێکی کورد ناساندووە، لە حاڵێکا سوارە هەر تەنیا شاعیرێکی باش وپێشڕەو بوو بەڵکو نووسەرێکی خامەڕەنگین و بێهاوتاش بووە کە دەرد و ڕەنجی

تیدا کوژت و زنجیرکرا و بە سەدان کەسیان تیدا شەهید کرا. بەتایبەتی پاش تیک چوونی کۆماری کوردستان و روخانی حکومەتی میللی دوکتور موسەدەق و تیکشکانی جوولانەوەی سالەکانی ٤٧ـ١٣٤٦ی کوردستان بە هەزاران کورد گیران و کەوتنە بەر ئەشکەنجە وئازار و لە سێدارەدان و تیرەباران. ئێستاش خوێنی لاوانی کورد و سەرۆک کۆمار قازی محەمەد و هاوالانی لە چوارچرای مەهاباد هەر دەهاژێ و خوێن لە جۆگەکانی بێ دادگای جەلدیان‌دا بە گۆلاوە، بەلام سەرەرای ئەو هەموو خوێن رژان و کەللە پژانە کورەی خەبات هەر دەگالێنێ و مرۆڤی کورد «ئێوە شەرتان زۆر دیوە بریندار و کوژراوتان زۆر چاو پێکەوتووە، هەرگیز وەرەتان بەرنەداوە»(١٥) و بێ ورەبەردان دەبێ تا گەیشتنی بە ئامانجی کورد خەبات بکرێ و نابێ لە مردن بترسن «مردن ئەوە نییە کە گیان لە لەش بچێتەدەر، ئەوە مردنە کە هەستی پیاوەتی و تۆلە نەمێنێ»(١٦). گەل لەسەر تۆلە و تۆلە سەندنەوەی خوێنی سووری شەهیدانە و بە کردەوەش گەلانی ئێران ئەمەیان نیشان‌دا و بەگژ حکومەتی سەرەرۆی پەهلەوی‌دا چوونەوە و تەسلیم نەبوون «گەل تەسلیم نەبووە، چاوەروانی دەستێکی ئالاهەلگرە»(١٧) و ئەو دەستەش دەستی پۆلایینی کرێکاران و جووتیارانە کە نەترس ترین چینی کۆمەلگای ئێران و کوردستانن.

«دەستێکی کە ئالای شۆرش و خەباتیش هەلگرێ نابێ بترسێ و لە مەرگ باکی هەبێ، فیدای رێگای ئازادی هەرگیز نامرێ، ئەگەر ئەمرۆ روالەتی لەپێش چاومان لاچووە لەتیو دلان‌دا ئەژی»(١٨) و شەهیدانی رێگای نیشتمان هەرگیز نامرن و «مەرگ لە بەرامبەر ویستی پیاوانەوە پەست دەبێ، مەرگ هی ئەو کەسانەیە کە هیوای ژیانیان نامێنێ و مل بۆ مردن کەچ دەکەن»(١٩) سوارەی شۆرەسواری قوتابخانەی بیری کوردایەتیی موکریان لەسەر ئەم باوەرە پاکەیەکە «ئەگەر شەرەف نەما، گیان بەکاری چی دێ، ئەگەر یەکیەتی نەما، ئەگەر بیری پاراستنی دۆست نەما، باشترە گیانیش نەمێنێ»(٢٠) سوارە بەگژ ساویلکەی بیرکورتی کۆمەل‌دا دەچێتەوە کە هەموو کاروبارێک تەنیا بەقەزاو قەدەری ئاسمان دەزانن و لە بەرامبەر تەنگ و چەلەمە و چەوسانەوە و ماف خوراوی‌دا دەست لەسەر ئەژنۆ دادەنێن و روو لە ئاسمان دەکەن و دەیانەوێ بەپارانەوە و لالانەوە بەلای چەوسێنەر و ولات داگیرکەر لە بەین بەرن «ئەوان لایان وایە ئەم دەردە ئەبێ هەر هەبێ، بەرگێکی ئەبەدی یە و بە بەژنی وان براوە، وا ئەزانن کە ئەم بەشە لە ئاسمانەوە هاتۆتە خوار بۆ وان و کاری ئاسمانیش هیچی لەگەل ناکرێ».(٢١)

سوارە ئەمجار رێگای راست نیشان دەدا کە راستیەکەی ئەوەیە کە «ئێمە لەسەرمانە رەسم و شوێنەواری باشی کۆن بپارێزین و ئەم داب و دەستوورانە کە بەکاری ئەمرۆ نایەن لەبەین بەرین»(٢٢) چونکە لەسەر ئەم باوەرە جوانەیە کە «راسپێری ئادەمیزاد رووخاندنی باری نالەباری ژیانە ودامەزراندنی بناغەی جوانی یە»(٢٣) و دامەزراندنی بناغەی جوانیش بێ خەبات و بەربەرەکانی لەگەل دێوەزمەی داگیرکەر و چەوسێنەر بەدی نایە و ئەرکی خەباتیش لەسەرشانی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلە «ئێستا ولاتی ئێمە بۆنی خوێن دایگرتووە، لە هەموو لایێکی لوورەی چەقەل و کەمتیار بەرزبۆتەوە».(٢٤)

ئینجا زۆر بە ووردبینییەکی تایبەتیەوە، بارودۆخی سالەکانی ژیانی شی دەکاتەوە و وەزعی کۆمەلگای ئێران وکوردستان دێنێتە بەرچاو «بیربکەنەوە لە هەموو ئێران‌دا بنەمالەیەک هەیە کوری نەکوژرابێ، یان تالان نەکرابێ ومالی نەسووتابێ!؟»(٢٥) ولەم رێبازەش‌دا رێگای چارە بۆ سەرکەوتن دەست نیشان دەکا وخەبات دژی حکومەتی سەر بە ئیمپریالیزمی



سوارە سەرەرای زیندان و ئەشکەنجە و ئازارێکی کە لەسەر کوردایەتی و مرۆڤ ویستی‌دی بوو دیسان دەستی لە دژایەتی لەگەل رژێم هەلنەگرت و رێ نیشاندەرە و لە نووسراوەکانی‌دا بە ئاشکرا و نەهێنی، ئەم دژایەتی یە دەردەبرێ و لایەنگری لە کۆمەلانی خەلک دەکاو «هەرشتێ بۆ کۆمەلی ئادەمیزاد باش بێ»(٧) ئەو بە «جوانی» دەزانێ و مرۆڤی خۆش دەوێ و هەموو شتێکی جوان و باشی بۆ کۆمەل دەوێ و کۆمەلیش بەلای «منەوە بەو کەمایەتی یە نالێن کە سوودێکیان هەیە و جیبیا لە سوودی گشتی هونەرێکییان هەیە بە پێچەوانەی هونەری کۆمەل چینی پێکهێنەر واتە ئەو کەسانەی کە زۆربەن و هەمیشە روویان لە ژیانی مرۆڤایەتی و بەرزکردنەوەی پلەو پایەی ژیانی ئینسانی یە. بە لێکدانەوەی من کۆمەل بەوان ئەگوترێ. ئەوانن خەمییان وەک تەمومژی سەرچیا و شادییان چەشنی پێکەنینی هەوەل زەردەی خۆرەتاوە، ئەوانن کە هونەریان ئێسک سووکە و لە دل نزیکە و خوێن شیرینە»(٨).

لایەنگری لە چینی هەژار و رەنجدەر لە زۆربەی شوێنەوارەکانی سوارەدا خۆ دەنوێنێ و لایەنگرییان لێ دەکرێ و بە هونەرە جوانەکانییان هەلدەلێ، ئەوەش لە سەردەمێکدایە کە سوارە پارێزگاری لە مافی ئەم چینە دەکا کە لە کوردستان‌دا کەمتر کەس دەیوێرا توخنی شتی وەها کەوێ بەلام سوارە «کۆمەل لەسەر رێگای راستە و هەرچی لەناو کۆمەلەوە هەستێ و باس خواسی ویستی کۆمەل بکا جوانە ئەوەی بە هەلە دەچێ تاکە و کۆمەل کەم وا هەیە رێگای چەوت بگرێتە بەر»(٩) دەزانێ، ئەوەی بەهەلە دەچێ تاکە و بێ گومان ئەم «تاکە»ش ئەوکات زۆر کەسی دەگرتەوە ولە سەرەوەی هەمووان شابوو کە خۆی بە دەمراستی دەمراستان دەزانی و کۆمەل و چینی پێک هێنەری کۆمەلی هەر بە مرۆڤیش حیساب نەدەکرد.

سوارە رێگای چارە لە خەبات و بەربەرەکانی‌دا دەزانێ و رێ نوێنی کۆمەل دەکا «ئێمە ئەگەر مل بۆ زۆردار دادەنوێنین مردووین و ژیانی بێ سەربەستی وەک لەشی بێ گیان وایە»(١٠) کۆمەل دەبێ بۆ سەربەستی و ئازادی خەبات بکا و تێکۆشێ و کەلە و تووی دووبەرەکی وەلانێ و خۆیان بنە خاوەن ماف و هەقی رەوای خۆیان وەدەست بێنن «دەکرێ باشتر بین بەلام نەک هەر کەس لەبەر خۆیەوە، بەلکو هەموو بەیەکەوە، ئەگەر دەکەس دەست بگرن بەدەستی یەکەوە، با هیچ کامییان مەلەش نەزانن دەتوانن لە چۆمێک بپەرنەوە، چۆمەکە رایان نادا، چونکە ئیتر ناترسن و بە یەکتر پشت ئەستوورن»(١١) بۆ سەربەستی و ژیانی باشتر دەبێ دوژمن لەناو بچێ «دوژمنی ئێمە لەناو هەناوی خۆمان‌دا ئەژی. دوژمنی ئێمە ترس و خۆپارێزی‌یە، ئەبێ حەول بدەین، لە پێشدا دوژمنی ناو دلی خۆمان بکوژین»(١٢).

کاتێ ئەمن وتۆ دەبێ بە ئێمە وخۆپارێزی وەلانرا کۆمەل دێتە سەر رێگای راست و بەخەبات دەتوانێ مافی رەوای خۆی بەدەست بێنێ «ئەمرۆ رۆژێکە کە دەبێ بەگیان و دل تێکۆشین ولات لەم کەمتیارانە و چەقەلانە پاک کەینەوە»(١٣) چەقەل و کەمتیارێک کە سوارە لێیان دەدوێ و دیاردەیان بۆ دەکا چینی دەسەلاتداری ئێران لە دەورەی شادایە و کۆمەلێکی کە «هەمووتان رۆلە کوژراو و برا سەربراو و مال سووتاون»، خەلک گەلانی ئێرانە وهانیان دەدا کە دەبێ خەبات و بەربەرەکانی بکەن چونکە «سال هایە.. ولاتی ئێمە داگیر کراوە، بێگانە بەسەرمانا زال بووە، سال هایە کە ئێمە بزەیەکی نەهاتۆتە سەرلێومان، هەمیشە ترساوین دەستە دەستە براوینە بەر تیغی سەربر و خوێنی ئالی لاوەکانمان رژاوە»(١٤) و زیندانەکانی دەورانی شایەتی ئێران شاهیدێکی باشن بۆ قسەکانی سوارە و هەزاران ئێرانی و کوردیان

دەکا کە ئادەمیزاد هەر ئەبێ بمرێ چ لەسەر کەل بێ و چ لەناو ئاوایی، چ لەپاڵ ماڵ و منالییا، کەوایە، وا باشترە پیاو وەک گورگ بەشوێن خشیبە و چرپەدا بچێ، نەک وەک کەو سەری بکاتە ژێر بەفرەوە بۆ ئەوەی هیچ نەبینێ»(٣٩) و لە کەژ و چیاکان و کۆڕی خەباتدا نیشان بدەن کە رۆڵە راستەقینەی کۆمەڵ و خەبات و رەنگی سوورن «وەک هەڵۆی بەرزەفڕی چیا، دڵم دەخوازێ باڵ بگرم و هەرد و هەور و نەوی بەجێ بهێڵم و لەو سەرەوە گاڵتە بە دێوەزمەی مەرگ بکەم و بڵێم دیت، دیت ئەی مەرگ تەنانەت تۆشم بەزاند»(٤٠) بەم چەشنە، سوارە بەڕاستی لە ژیانی کورتی‌دا گاڵتەی بە مەرگ کردو ژیانی بە «قۆناغێکی کەم خایەن وکورت لە نێوان دوو نەبوونی درێژ و بێ بەستێنا»(٤١) زانی و وەک هەڵۆی بەرزەفڕی چیا کەم ژیا بەڵام جوان ژیا، ژیانی کەم خایەنی سوارە لە باری ئەوین و دڵداریشەوە خۆی عالەمێکی هەیە و داستانێکی دوور و درێژە. سەرەڕای ئەو هەموو بیروباوەڕە کوردانەی کەهەیبوو، کە وەک شەم بۆ کورد دایرسا و لە کوردایەتی دامرکا، بەڵاّن لە ژیانی کەسی و تایبەتی خۆی‌دا تووشی بە تووشی ئەوینێکی کوردانە و کچە کوردێک نەهات. کچێکی ئازەری دڵی هەستاند و بووە دایکی بابەکی کوڕی و زۆریش تێکۆشا روقیای ئازەری بکاتە رووناکی کوردی بەڵام گیا لەسەر پنجی خۆی دەڕوێ و پێچەوانەی ئەوە تەقەلایێکی بێ سوودە و کاتێ زێد و گوندی خۆی بەجێ هێشت و بۆ خوێندن رووی کردە تاران یان بەگوتەی خۆی «پەروەردەی چیاو کەژم، بۆ ماوەی هەشت ساڵ هاتمە شار تا خوێندنی زانستگەم تەواوکەم ، لە شارا کەوتبوومە شوێن ئەوینێکی وەک کابرای راوچی بەتۆڕەوە چەندەی ماسی گرت منیش هەر ئەوەندەم بەچەنگ هێنا»(٤٢) لە تاران‌دا گیرۆدەی زولفی ئەگریجە خاوێکی، چاوڕەشی ئێسک سووکی لە بەردلان و لە دەستان خۆشی فارس دەبێ و یەک دڵ نا سەد دڵ ئاشقی دەبێ، عیشقێک کە بوو بەهۆی لۆمە و تانووتی دۆستان و ئاشنایانی. بەڵام چبکا، شاعیرە و ئاشق بووە. ئەوینی خودایی سوارە پیادەیە و ئەوینی کچی روو هەڵاّلدراوی تارانی سوارە و قەت بەیەک نەگەین و لەم عیشقەدا سەرنەکەوت و شوێنی ئەم ئاکامی‌یە لە زۆربەی نووسراوەکانی ئەم دەورانە عاشقیەتی‌یەدا بەرچاو دەکەون «ئەوینی رواڵەت گۆڕاوی شارو

دووکەڵ و هەڵی بەیان و ئێوارە وەک شەرای مەرگ شاریان داپۆشی بوو، تاراندمی»(٤٣) و «وەک کەسێک بیەوێ لە گۆلاوێکی لیخن‌دا ماسی ئاڵ و والاّ بگرێ، من لەناو لیلاّوی شاردا کەوتبوومە شوێن ئەوینێکی گەش(٤٤) و پێی وایە «لام وابوو کە ئەوین وەک دەسەلاّت وایە کە بکرێ بەزۆر بەدەستی بهێنێ»(٤٥) ئەمجارە راستەقینە قبووڵ دەکات «ئەمن ئەویندارم، بەلاّم ئەویندارێکی تێ شکاو»(٤٦) و «گوڵی هەستی جوان لەناو شۆرەکاتا ناڕوێ، ئەوینی بەراستیش لەناو دڵێکا کە سەرێکی هەیە و هەزار سەودا پەروەردە نابێ»(٤٧) بەلاّم سەرەڕای تێ شکاوی و بەپێچەوانەی واقیعیەت و راستەقینە، سوارە بەم ئەوینە وەفادار ماو لەگەڵ خۆی بردیە ژێر خاکەوە. زۆری پێ‌خۆش بوو، رۆژێک لە رۆژان لەگەڵ ئەم دڵبەرە چاوڕەشەی بگەڕێتەوە کوردستان و لە مێرگ و مەزرای گوندی حەمامییان و کوچە و شەقامەکانی شاری بۆکان و مەهابادا بیگێڕێ و قسەی ئەویندارانەی بە گوێ‌یابچرپێنێ، بەلاّم دێوەزمەی مەرگ مۆڵەتی نەدا بە زیندووی سەر ئەم کارەی بکا خۆ مەرگیش ناتوانێ تاسە بتارێنێ.

سوارەی رەحمەتی زۆری پێ‌خۆش بوو پاش کۆتایی هاتنی خوێندنی بگەڕێتەوە بۆ یەکێک لە شارەکانی کوردستان و خزمەت بە هاوولاّتی‌یانی بکات بەلاّم «کاتم وا بە دەرس خوێندنەوە گیرابوو کە نەمتوانی بگەڕێمەوە بۆ ولاّت ودیسان لەگەڵ بەهاری سەوز و هەوای پاک وئاسمانی



ئامریکا دەزانێ «هەر تەنیا پیاوی شەڕکەر بەس نییە پیاوی ژیر و بە ئاوەزیش پێویستە»(٢٦) و دەیەوێ چەک و قەڵەم وێکخا و شان بەشانی یەک دژی چەوسێنەر خەبات و بەربەرەکانێ بکەن و «پاکی بەسەر پیسی‌دا سەرئەکەوێ، جا یا بەدەستی من یا پاش مردنی من بەدەستی کەسێکی تر کە هاواڵێ منە»(٢٧) و ئەگەرچی «لە شەڕکردن بێزارم، شەڕ پەڵەیێکی رەشی مێژووی ئادەمیزادە»(٢٨) بەلاّم سەرەڕای وەش «تا دوژمن هەیە، تا کەسێک پەیدا ئەبێ لەپێی وسەری هەژار و بێ‌دەسەلاّت دەگەڕێ کە بیکاتە ژێر چەپۆکە، پیاو ئەبێ تەیار و وریابێ»(٢٩) و بۆ گەلی کورد هیوایەکی گەورەی بە جووڵانەوەکەی هەیە کە ئەوکات و سەردەم لە کوردستانی عێراق‌دا بە سەرۆکایەتی بارزانیی نەمر لە گۆڕێ‌دا بوو «هیوام بە دواڕۆژی شۆڕشی چیا زۆر بەتینە»(٣٠) و بۆ سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە و هەموو خەبات و شۆڕشێک رێ نوێنی نیشان دەدا و دەستێک بەتەنێ تەقەی نایە و تەنیا کۆمەلاّنی گوندی و چەوساوەی شار ناتوانن ئالاّ هەڵگرێ سەرکەوتنی خەبات بن بەڵکوو «ئەبێ خوێندەوار پێنووس بنێتەلاوە و دەست بداتە شمشێر»(٣١) و چەک و لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی چەکدارانەدا بیسەلمێنن بەو «کەسانەی لایان وایە خوێندەوار و زانست لەگەڵ ئازایەتی نایەتەوە نیشان بدەن بە هەڵچوون، زانا و وێژەوان راستە کە لاشەڕن بەلاّم کاتێ شەڕ بەردەرگای پێگرتن بەگیان و دڵ بەشەڕ دێن، چونکە ئەوان بەپێچەوانەی کەسێک کە بەشەڕکردن خووی گرتووە، ئەزانن بۆچ بەشەڕدێن و چ ئەپارێزن»(٣٢) و چینی خوێندەوار و رووناکبیری کۆمەڵ باش ئەوە دەزانن کە «ژیان لەناو کتێبا نییە، لەدەرەوەیە»(٣٣) وهاودەنگ لەگەڵ رەنجبەران و چەوساوەکانی کۆمەڵ دژی رژێم و حکومەتی سەرەڕۆ و دژی میللی و کەلەی دەرەبەگایەتی و رێ و شوێنی ناڕەسەن رادەپەڕن، رووناکبیر لەسەر شانیەتی کەبۆ چینی چەوساوەی روون کەنەوە «ئەوکارەی ئێمە دەیکەین شەکەتیی بۆ ئێمەیە و بەهرە و داهاتیش بۆ ئاغا و ئاغای ئاغایە»(٣٤) لێرەدا سوارە هەر تەنیا بەگژ حکومەتی ملهوڕی شایەتیدا ناچێتەوە بەڵکوو ملە لەگەڵ ئاغاکەی حکوومەتی شا واتە ئامریکا و هەموو ولاّتانی سەرمایەداری چەوسێنەر و داگیرکەر دەکات «لە بیرت چۆتەوە ئاغا زلەش حیساب کەی، رەنگە تۆ هەرگیز رواڵەتیت نەدیبێ، ئەو لە ئێمەوە زۆر دوورە، چەند دەریامان نێوانە»(٣٥).

بەتوندی بەگژ فەرهەنگی رواڵەت گۆڕاوی بابردووی رۆژئاوایەوە دەچێ، فەرهەنگێکی بێ سەرەوبەرەی کە لەلایەن رژێمی شاوە پڕۆپاگەندەی بۆ دەکرا بۆوەی کۆمەلاّنی خەڵک فریودەن و دەخەوە کەروێشکەیان خەن. «ئەو تۆفانە کە لەپشت دەریاوە دێ باری نەگبەت هەڵئەڕێژێ و لە گوڵزاری شارا هەموو گوڵێکی قەتڵ عام کردوە، ئەم تۆفانە کە لەوپەڕی چەند دەریاوە دێ چی ئەهێنێ؟ نەگبەت، درۆ، گوڵی کاغەزی- تریا...؟ بەلاّم چی دەبا؟ گوڵێ گەشی پیاوەتی و ئەوینی بەڕاستی»(٣٦) بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئەم تۆفانە فەرهەنگی‌یە ناڕەسەنە کە بەتایبەت لە شارا دەست ئەڕژێنێ و بیر و باوەڕ و فکر لەریشە دەردێنێ، کۆمەلاّنی خەڵک و چەوساوەکان و خوێندەوارانی بۆ خەبات هان دەدا و بە رووناکبیری شار دەڵێ کە «دەست لە شارا ئەڕزێ، وەک خەنجەرێکی دەبان کە هەمیشە لە کالان‌دا بێ»(٣٧) و خەبات و بەربەرەکانیش هەر تەنیا بە قسە نابێ و کردەوەی پێویستە و شۆڕشگێڕ نابێ لە مەرگ بترسێ «زیندووی ترسەنۆک رۆژێ سەدجاران دەمرێ»(٣٨)، و دیار دەبوو ئەم راستیش

پڕشنگدار و بەترووسکەی لادێ تێکەڵ بەوە،... دڵم پارچەیەک بوو لە بەیانی پڕ زەردەخەنەی ئاوایی یە بچووکەکەمان کە لە باوەشی چیایەکی بەرزا ئارامی گرتبوو»(٤٨)
سوارە بەم ئاواتەی گەیی و پاش مردنی لە ١٣٥٤/١٠/٢٤ لە بیمارستانی میساقییەی تاران، تەرمەکەی گەڕاوە شاری بۆکان و لەگەڵ پێشوازییێکی مەزنی کۆمەڵانی خەڵک لە گۆڕستانی گوندی حەمامییان تەسلیم بەخاک کرا.

سوارە تا کاتێ مابوو، زۆر کەم شیعر و نوسراوەکانی لە گۆوار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکرایەوە ، ئەوەندەی ئەمن بزانم لەم گۆڤار و ڕۆژنامانەدا شوێنەواری سوارە بڵاوکراونەوە:

١) چەندین پارچە هەڵبەستی لە گۆڤاری کوردستاندا کە لە تاران دەردەچوو چاپ کراوە.
٢) کورتە چیرۆکێکی بە فارسی بە ناوی «آهو- ئاسک» لە ڕۆژنامەی «خاک و خون»دا کە لە تاران دەردەچوو بڵاوبۆتەوە.
٣) هەڵبەستی بانگەوازی پەنجەرەی بە کوردی و فارسی لە گۆڤاری «خۆشە» کەلەلایەن شاعیری پایە بەرزی ئێران ئەحمەدی شاملۆوە دەردەکرا، چاپ کراوە.
٤) شیعری «هەڵۆ هەربەرزە»ی مامۆستا هەژاری وەرگێڕابووە سەرزمانی فارسی و ئەویش هەر لە گۆڤاری «خۆشە»دا بە نازناوی «پ- ئەهورا» بەچاپ گەیاند.
٥) شیعری «تۆ دەریامی» لە ژمارە «١»ی گۆڤاری دیاری لاوان، کە لەلایەن یەکیەتی لاوانی پارتی دێموکراتی کوردستانی عێراقەوە دەردەکرا چاپ بووە.
٦) ووتارێکی سەبارەت بەشاعیرێکی هەرمەنی نووسی بوو بڕیار بوو «ئەلک خاچاتوریان» بیکاتە ئەرمەنی و لە گۆوار و ڕۆژنامەکانی ئەرمەنیدا چاپ کرێ. نازانم چی بەسەرهات، بەڵام نوسخەی کوردیێکەی ئەم ووتارە لەلای من هەیە.

پاش مەرگی سوارە، نووسراوە و شیعرەکانی ڕەنگێکی تریان دایە و زۆرتر چاپ کران، بەڵان پێم وایە هەتا ئێستا داستان و چیرۆکەکانی هیچکامیان چاپ نەبوون و هیوامە هەموویان کۆکرێنەوە خێرەومەندێکی کورد لە چاپیان بدات و ڕۆحی سوارەیان پێ شاد و کتێبخانەی کوردیان پێ ببوژێنێتەوە.

**ئەحمەدی شەریفی - کرماشان**
**١٣٦٦/٢/٥**

پەراوێزەکانی باسەکە :

---

(١) چیرۆکی چاپنەکراوی ئافرەت
(٢) هەر ئەو سەرچاوەیە
(٣) چیرۆکی ئافرەت
(٤) هەر ئەو سەرچاوەیە
(٥) چیرۆکی چاپنەکراوی لاس و خەزاڵ
(٦) هەر ئەو سەرچاوەیە



(٧) لاس و خەزاڵ
(٨) چیرۆکی چاپنەکراوی سەیدەوان
(٩) هەر ئەو سەرچاوەیە
(١٠) چیرۆکی چاپنەکراوی "چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو"
(١١) چیرۆکی چاپنەکراوی "خاڵەی ڕێبوار"
(١٢) چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو
(١٣) هەر ئەو سەرچاوەیە
(١٤) هەر ئەو سەرچاوەیە
(١٥) لاس و خەزاڵ
(١٦)چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو
(١٧)هەر ئەو چیرۆکە
(١٨)هەر ئەو چیرۆکە
(١٩)هەر ئەو چیرۆکە
(٢٠)لاس و خەزاڵ
(٢١) خاڵەی ڕێبوار
(٢٢) ئافرەت
(٢٣) چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو
(٢٤)،(٢٥)،(٢٦) چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو
(٢٧) هەر ئەو چیرۆکە
(٢٨) لاس و خەزاڵ
(٢٩) هەر ئەو چیرۆکە
(٣٠) چەکوشوەشێنی ڕۆڵەکوژراو
(٣١) لاس و خەزاڵ
(٣٢)،(٣٣) لاس و خەزاڵ
(٣٤) (٣٥) خاڵەی ڕێبوار
(٣٦) زوڵاڵترین پێکەنین
(٣٧) زوڵاڵترین پێکەنین
(٣٨) لاس و خەزاڵ
(٣٩) خاڵەی ڕێبوار
(٤٠) لاس و خەزاڵ
(٤١) خاڵەی ڕێبوار
(٤٢) (٤٣) (٤٤) زوڵاڵترین پێکەنین
(٤٥) لاس و خەزاڵ
(٤٦) (٤٧)(٤٨) زوڵاڵترین پێکەنین

کورتەچیرۆک

## ج . کاکەوەیس

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

# گوندەکە

شوێنەواری جۆگەڵە ئاوێکی ووشک و برینگ و باریک لە لای رۆژهەڵاتەوە خۆی بە گوندەکەدا دەکرد و لە گەڵ شوێنەواری ئاوڕۆگە و چۆڕاوگەی بارانی زستاندا یەکانگیر دەبوو، لەو سەریشەوە ، لە لای رۆژاواوە سەری دەردەکردو تا دووریش دەکەوتەوە بەرینتر دەبوو .

لای باکوورو باشووری گوندەکەشەوە ، دەیان خەرمان قوتکرابوونەوە. خەرمانی گەورە گەورە بە ئاسماندا چووبوون و لە دەم رچە رێیەکانیش خەرمانۆچکەی بچووک بە پەستراویو ناڕێک گرمۆڵە ببوون و لە لێوارەوە ببوون بە خۆراکی مەڕو ماڵاتی دێ کە ئێواران لە گەڵ گەرد و تەپوتۆزی کەسکووندا خۆیان بە گوندەکەدا دەکرد .

خەرمانی قرشە بەردەوام لە بەرز بووندابوون و زۆر بە وورپایی چاودێری دەکران، خەرمانی دێ گێرەیان لە سەر دابەسترابوون و لە بەرەوە قرشە دەرخواردی سمی وولاغ و باڵتەی جەنجەڕەکان دەدراو کەمیان دەکرد، خەرمانی دێ، تازە گێرەیان تەواو ببوو و دەست بە شەنە-بایان کرابوو ... لێرەو لەوێ جێژی (۱) زەرد دەرکەوتبوون و چاوەڕوانی شەوی خامۆشی‌و تیشکی مانگە شەو بوون تا بڕ(۲) بکرێن و نیوە کۆمەڵ و زەکات و حەق و حسێبی دیان لێ جودا بکرێتەوەو منداڵان خەرمانلۆغەی(۳) خۆیان وەربگرن و شەکرەسێوو ترێی رەشی کوێستانی پێ بکڕن،کە هەموو هاوینێ لە گەرمێن بە گەنم و جۆیان دەگۆڕیەوە .

ئەو جێیانەی نەکەوتبوونە ژووررووی خەرمانەکان و خەرمانیشیان لێ نەبوون بریتی بوون لە بەردەڵانێکی رەق و تەق و جێ سمی مەڕو ماڵات رچە-رێی باریکیان لێ پێکهێنابوو. ئەو رچانەش کە لێرەو لەوێ یەکیان دەگرتەوەو کەمێ لەولاتریش لە یەک جودا دەبوونەوە، بەوری (کا ) پڕی کردبوونەوەو لە بەر تیشکی هەتاوە گەرمەکە دەبروسکانەوە .

لە گەڵ بانگی نیوەڕۆدا ، گێرە بەردران و وولاغ بۆ ئاودان بۆ سەراو بران،خواپێداوە-کان وولاخی خۆیان لە سەر خەرمان بەستنەوە تا بۆ گێرەی دانی ئێوارە تێرو تەسەل بن و بە دەم گێرەوە نەلەوەڕێن . شەنگەرەکان دەستیان لە شەنکردن هەڵگرت و بەرەو ماڵەوە، لۆژەکە لۆژەکە وەڕێ کەوتن ...

مام رەحمان ، خاوەنی خەرمانێکی مام ناوەندی و بڕکەیەک مەڕو جووتێ هێستر بوو کە هاوینان کێشەو گێرەی پێ دەکردن و بەهارو پایزانیش جووتی‌پێ دەکردن . نەهێندە دەستکورت بوو کە لێوارەی خەرمانی بخورێ و نە هێندەش دەوڵەمەند بوو کە چەڵەگەی (٤)خەرمانەکەی هێند بەرز بێ کە منداڵان وا بزانن لە ئاسمان چەقیوە . ئەم پیاوە بە تووڕەیی و کەلەرەقی نێوی دەرکردبوو . کەماندوو دەبوو ، ئیدی کەس نەیدەوێرا خۆی لە قەرەبدا یا بیدوێنێ . شێوەی توڕەبوونەکەی ببوو بە مایەی خۆشی و پێکەنینی خەڵکەکە . لەمەڕو مریشک و وولاغ تووڕە دەبوو ، جنێوی پێ دەدان و بە سەریانیدا دەقیژان ، کە لە هێسترەکان تووڕە دەبوو ئەترەشیان لێ دەچوو ، لە سەر پاشوو رادەوێستان و زڵاری نەدەما باڵیان لێ بڕوێ .



بەر لەوەی مام رەحمان دەست لە شەنکردن هەڵبگرێ ، کزەی شەماڵ نەما . شەنەدارەکەی پڕ لە پاخوا (٥) دەکرد و بە حەوایدا دەکرد ، کەچی لەبری ئەوەی دانە گەنمەکان لە ئاستی خۆیان بەر ببنەوەو کایەکە بەرەو خوار بڕوا ، هەموو وەکو خۆیان و لە ئاستی خۆیان بەر دەبوونەوە . مام رەحمان پیشی دەخواردەوە ، تووڕە دەبوو . هەر هەستی بکردبایە بای دێ کارەکەی دووپات دەکردەوە . ئەم جارەیان ، پڕ بەشەنەکەی دەستی پاخوای هەڵدا ، هێندێکی وەکو خۆی بەر بووەوەو هێندێ لە بەوری ووردی کایەکە بەرەو رووی خۆی هاتن و سەروپێتەڵاکی پڕ ( کا ) بوو.

شەنەکەی بەزەویدادا ، تفێکی روەو ئاسمان هەواڵە کردو هێندێکی بە رووی خۆیەوە گیرسانەوە . تووڕەتر بوو ، دەستی دایە کڵاشەکانی و بە پەلە خەرمانەکەی جێ هێشت‌ە زۆر دوور نەکەوتبووە دڕکە پێکوڵە بە بنی پێیدا چزان ، هێندەی دی شێتگیر بوو . کڵاشەکانی دانان و بە سەر پێوەی کردن ... هەر دوو پەنجە کەڵەی سەریان لە کڵاشەکانەوە دەرهێنا ....

بە پەلە بەرەو ماڵەوە رۆیشت ، لێوی دەلەرزی ، لەبەر خۆیەوە بۆڵەی دەهات : نایفرۆشم ... ووتم سەگی سەگباب مەبە بە عەسکەر ... هۆش ... ئەوە چوار... ئاگرە ئاگر...

لە پڕ پێی لە بەردێکی گەورە هەڵکەوت (٦)و پەنجەکەڵەی پێی راستی بریندار بوو،دووسێ تفی زلی لە بەردەکە کرد و لێی دانەوی و هەڵیگرت ، کەمێ لێی راماو بە تووڕەیی بەزویدا کێشا . هێندێ گلی بە سەر برینەکەدا کردو کەوتەوە ڕێ ...

* * *

نەعیم کە قەیرە کچی مام رەحمان بوو و بەساڵیشدا چووبوو، هەر کچی عازەب وفەرمانبەرو دەستەونەزەری باوکی بوو . کچێکی ئارام و لەسەرخۆو قسە خۆش‌بوو. تا چەند ساڵێکیش لەوەبەر خوازبێنی کەری هەر دەهاتن بەڵام باوکی دەیویست بۆ خۆی بە ژنی بدا کەچی خوا نەیکرد . لە زەماوەندا ، نەعیم هەڵپەڕکێی ژنانی گەرم دەکرد ، بە دەنگە خۆشەکەی گۆرانی و بەستەی بۆ دەچڕین ... لە شینیشدا هەر خۆی کۆڕی شینی گەرم دەکرد و ئاوازی شینی دەگوت و دەیلاواندەوە. وای دەلاواندەوە کەس خۆی لە بەر گریان بۆ راگیر نەدەکرا . پیاوان بۆ ئەوەی گوێیان لە دەنگی نەبێ دوور دەکەوتنەوە . کەس لەو گوندە وا نەبوو گوێی لە لاواندنەوەی نەعیم بێ و بتوانێ خۆ راگیر بکات و نەگریێ .

نەعیم زۆری حەز دەکرد جێ ژوان بو کیژو کوڕی دڵدار ساز بکا ، کچان و کوڕان زۆریان خۆش دەویست و راوێژیان پێ دەکرد. لە کارو باری خەرمان و گێرەو(کا ) کێشان و ساوەرکوتاندا یارمەتیان دەدا ، بە تایبەتی شەوانی (کا ) کێشانی ساڵانی پێشوو، سەرخەرمان و لۆدەی کاو کادێنی ماڵی مام رەحمان دەبوون بە جێ ژوان و دەستبازی و تریقەو قریوەی پێکەنین و دڵەخورپێ ساز دەبوون و پاش راپەڕاندنی کارەکان و دوای نیوە شەوێکی درەنگ ، هەموو پێکەوە چێشتێکی چەوری ساوەریان دەخوارد و هەر کەسەو دەچووەوە ماڵی خۆی .

نەعیم بە مەسینە ئاوێکەوە بەرەو رووی باوکی چوو ،ئەویش وەکو پیشەی پێشووی بەدەم دانیشتنەوە ( ئاااای ...)ەکی کردو لە سەر چنچکان دانیشت . جامانەکەی وەلا ناو سەری خوار کردەوە. لە لوولەی مەسینەکەوە، بە تەوژم ئاوێکی فێنک بە سەر سەریدا رژاو هەنسکی پێدا .. ئاوەکە هەر دەهات و ئەویش دەستی بە سەرو مل و گوێچکەی خۆیدا دەهێناو پەنجەی بە لووت و زاری خۆی دا دەکرد و ئاوی تێ وەر دەدان . مەسینەکەی لە نەعیم سەندو ئاوێکی بە پرو پێیدا کرد، لەچۆکانەوە پێدا هات تا بنی پێی . برینی پەنجەکەڵەی تۆزایەوەو چارەی پێگرژتر کرد. بە دەم ( ئاااای)ەکی ترەوە هەستایەوەو لە سەرخۆ بە ژوور کەوت .

– باوە ئەوە پەنجەت چیەتی ؟!

– گوویەتی گوو ...

– ئاخر دە تۆزێ سوتکە جگەرەی پێوە بکە !

- ئەڵێم ئەمجارە تەنیا عەلەی برام بە سەلامەتی بگەڕێتەوە نایەڵم بڕواتەوە، لێرەش نەحەوێتەوە با بچێ بۆ ...
- بۆ کوێ ؟!
- بۆ ناو پێشمەرگە .
- منیش پێم خۆشە .

مام رەحمان هێند لە سەر خۆ ئەو رستەیەی گوت کە نەعیم سەرسام بوو ، قەت ئەوە باوکی نەبوو بە بێ تووڕەیی شتێ بڵێ یا خێسەی ئاگرینی لە بری وەڵام لێ نەکا . بۆیە ئەمیش بە سوزەوە تێی روانی ... پاشان چاوەکانی داخستن و کز داما .

مام رەحمان دوامژی لە جگەرەکە داو تووڕی داو گورج هەستا .
- بۆ کوێ ؟
- دەچم شەن دەکەم .
- شەنی چیی ! بە خوا نوززەی با نایەت ، هیچ خۆت لەو بەر هەتاوەش مەسووتێنە .
- راست دەکەی ... بای چیی ! قوڕی پێوە دراوە قوڕ ... ئەو کاتەی کێشەمان دەکرد، با چیی پێ نەکردین ؟ ... وەڵڵاهی باوشە گەنمی لێ دەفڕاندم ، کەچی ئێستا لازمانەو بڕا ... تۆ بەڵێ قوڕ بە کونەکەیدا دراوە ... چاووت لێیە ؟!
- جا چیی بکەین ؟!

* * *

هەتاو روو لە ئاوابوون بوو و رمێکی مابوو بە ئاسۆوە بلکێ ، ئیدی ئەو کڵپەی گەرمایەی دوای نیوەڕۆ رەویبۆوە . شەماڵێکی خۆش هەڵیکردبوو و مام رەحمان شەنی دەکرد، لە دەم شەنەکەیەوە گەنمی زەرد دادەباری و ووردە ووردە جێزەکە خۆی دەنواندو تارمە (٨)ی کا تا دەهات گەورەتر دەبوو. مام رەحمان، لە گەڵ دەرکەوتنی جێزەکەدا دەگەشایەوەو بایەکەشی پەیتا پەیتا عارەقەی دەسڕی و ووزەی پێ دەبەخشی، لە بەر خۆیەوە بە پچڕ پچڕی گۆرانی دەگوت ...

زۆری پێ نەچوو رەنگی هەتاو بە تەواوی بزڕکاو خۆر خۆی لە ئاسۆی ئاوا بوون دەسوو. مێگەلە مەڕ یەک لە دووی یەک و لەملاو لای گوندەکەوە، لەگەڵ تەپوتۆزدا خۆیان بەگوندەکەدا دەکرد ،شەغرەکێشی تاکوتەرا دواشەغرەی ئەو رۆژەیان دەگەیاندە خەرمان و دایاندەماڵان، گێرە لە گەرم بووندا بوون و ووڵاخ و جەنجەڕ بێ ووچان بە دەوری خەرمانەکاندا دەخولانەوە،ژنانی دێ، دوا گۆزە و کوندەو دەبەی خۆیان لە بیرەکە پڕ دەکردو بەرەو ماڵەوە دەچوون ...

لەو کاتەدا ئۆتۆمبیلێکی بچکۆلە بە تابووتێکەوە رووی لە گوندەکە کرد ...

خەڵکەکە یەکتریان ئاگادار کرد و هەموو سەرنجیان چووە سەر تابووتی بە پارچەیەکی رەشدا پۆشراو و ئۆتۆمبیلەکە بەرەو رۆژهەڵاتی گوندەکە دەکشاو گەردی بە ئاسماندا دەکرد.هەر هێندەی بڵێی یەک و دوو خەڵکی لێ گرد بوونەوە و یەکەمجار نووسینی سەر پارچە پەڕۆکە خوێندرایەوە ، بە خەتێکی سپی نووسرابوو " ترسنۆک " . لاوێکی تێکسمڕاو بە جل و بەرگی عەسکەریەوە دابەزی و بەدەم گریانەوە گوتی :
- عەبەی مام خدرە، گوتیان سەنگەری چۆڵ کردوە ... خۆیان کوشتیان .

کوڕی مام رەحمان تەرمەکەی هێنابۆوە ، ئەو هەواڵەی بەخەڵکەکە راگەیاندو لە پەنا دیوارەکە لە سەر چنچکان دانیشت .

بوو بە رۆژی حەشر ، قژ رنین و خۆ لە قوڕنان و براڕۆ و رۆڵەڕۆ دەست پێ کران. ووردە ووردە بەری ئاسمانیش لێڵ دەبوو و تاریکی باڵی بە سەر گوندی خرۆشاودا دەکێشا .

* * *



تا نەعیم پەڕۆیەکی چڵکنی هێنا و تیلماسکێکی لێ بڕی ، مام رەحمان جگەرەکەی بە نیوە کردبوو ، سووتوەکەشی لە ناو لەپی راگرتبوو . کە ئەو پەڕۆکەی پێ گەیاند ئەم بە تووڕەیی سووتوەکەی فڕێ داو قیژاندی : مەڕم بۆ کەوڵ دەکەی تا قێکە (٧) رۆیشتووی !
- ئاخر باوە تا لە دەسترازە کۆنەکەم کردەوە زۆری پێ چوو .

نەعیم بە پەلە سێ نانی تەڕ کراوو کاسە دۆیەکی لە بەردەم داناو تاخمی چایەکەشی هێناو لە سەر زەویەکە لێی دانیشت . چایەکی خەستی لە بەردەم داناو کەوتە روانینی دەم و پارووی باوکی کە وەک هەمیشە پارووی بە لای چەپی دەجوو .

نەعیم گیانێکی بە ئاسکۆڵی خوشکی بووە ئەو کاری ئاو کێشان و مەڕو ماڵات ئاوئالیکدان بوو. ئاسکۆڵ ، نێوی خۆی بە خۆیەوە بوو ، کچێکی سێزدە چواردە ساڵانی چاوگەش و سینگ ومەمک دەرپەڕیوی گورج و گۆڵ ، شەرمن و کەم روو بوو . لە گەڵ ئەو هەموو ئەرکە قورسانەشدا کە بە سەریەوە بوون ، رۆژ بە رۆژ رەنگی گەشتر دەبوو ، لێوەکانی ئاڵتر دەبوون ، کولمەکانی پەمەیی و سوورتر دەبوون و لەشو لاری خرپن دەبوو . ئەگەرئەم نەبوایە قەت نەعیم نەیدەپەرژایە سەر ئەو هەموو کارەو ئەرکی باوکیشی سەربار .

ئاسکۆڵ بە دەبە ئاوێکەوە خۆی بە حەوشەدا کردو رێشمەی هەردوو هێسترەکەشی بەدەستەوە بوون . نەعیم راپەڕی ، رێشمەی هێسترەکانی لە دەست وەرگرتن و هەریەکە و لە سەر ئاخوڕی خۆی بەستنیەوە، ئەویش ئاوی لە کوپەکە کردو چووە دوێرەکەی(٨)دی ... لەبەر دەم ئاوێنەی سنووقەکە راوێستا و تاوێ لە خۆی راما . سەرنجی چووە سەرچاوەکانی خۆی ، پێی جوان بوون، رەنگیان ؟ خۆشی نەیدەزانی چ رەنگن ...خۆڵەمێشی و سەوزو مەڕیی تێکەڵاو بوون ... ئەی... بە تەنیشتی یەکەوە بوون ، وەکو تیشک لە گلێنە رەشەکانیەوە دەردەچوون و رەشێنەی چاویان پێک دەهێنا ... بزەیەکی هاتێ ... چ کوڕێ نەبوو ئەو رەنگە جوانانەی دیبێ ، هەر دەماو دەم بیستوویان کە چاوەکانی ئاسکۆڵ ئەو تەرحەن . سەرنجی چووە سەر لێوەکانی خۆی و لێیان راما، نۆرەی گۆناکانی هات ، پاشان چەناگەی ... لە ئاوێنەکە کەمێ دوور کەوتەوەو سەرنجێکی خێراو بە گشتی خۆی دا ... لە ناو جلە رەشەکانیدا ، دەمو چاوی وەکو مانگ دەدرەوشایەوە.

* * *

دەمێ نەبوو پرسەی برازاکەی مام رەحمان رەویبۆوە ، بەر لەویش تەرمی دوو لاوی تری گوندەکە هاتبوونەوە . سەر لەبەری خەڵکی ئەو گوندە خامۆش و رەشپۆش بوون ، هەر یەکەو بە کزییەوە شانی دابوە بەر فرمانی سەرشانی و کاری خۆی رادەپەڕاند .

نەعیم، لەبەر خۆیەوە بۆ لەیەکی کرد . باوکی چاوی تێ بڕی و بە تووڕەییەوە گوتی :
- چیت ووت ؟!

ئەویش وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ و هیچ حسێبێک بۆ تووڕە بوونی باوکی نەکا ، لە سەرخۆ گوتی:
- دەڵێم ئەم دێیە کاول بووە ... ئەوە چەند کوڕی گەنج بە کورگانخوارد بدەن ؟
- چو ززانم !! بۆ ؟
- دەڵێم ... تو خوا پێشمەرگە بوونایا چاکتر نەبوو ؟

-.-.-.-.

- ئەوە سێ بۆ ئەم سەگبابە ، خۆ تا ئێستا یەکێکمان بە پێشمەرگەیی تێدا نەچووە !
- ئەی کوڕەکەی حەمە زلە ؟!
- تو خوا ئەگەر نەیبڕیتەوە ... ئەوە کوا پێشمەرگە بوو !!
- ئەی چیی بوو ؟
- چوززانم ! ... وەڵا هیچ نەبوو .
- لەم باریکان رستنەت مەبەستت چیە نەعە ؟!

- مام رەشید تۆ چوزانیت ... شتێکەو خێری هەموو وڵاتەکەی تێدایە !
- تو خوا ئەگەر نەیبڕیتەوە ... کامە وڵات ؟! ها !
- عێراق ... ئەی ئێمە عیراقی نین ؟!

مام رەحمان کە تا ئەوکاتە بێ دەنگ بوو ، وەک فیشەکە شێتە تەقیەوە ، بە توندی بەرووی کوێخا دا هەڵشاخا :

- دەک گوو بە خۆت و بە وڵاتت ... ئەرێ تۆ کەی لە درۆو دەلەسە دەکەوی ؟! وڵاتی من ئەم دێیەیە ... ئەم کاولەیە ... وەڵلا وەبیللا ئەمجارە عەلەبێتەوە نایەڵم یەک رۆژی تری بۆبکا جا با وەک حاجی عەودل بۆ ئەو بیابانەم ببەن . تف لە خۆت و لە مدیر ماکەرت .
- مام رەحمان بیبڕەوە ... با دەهۆڵت بۆ لێ نەدەم و بەقوڕا نەچیت !

مام رەحمان هێندەی دی شێتگیر بوو ، لالغاوی کەفی کردبوو ، چاوی لە کوێخا زیت کردەوەو رقێکی کوشندەی جیاواز لە تووڕە بوون و هەڵچوونەکانی لەوەبەری بە خوێندا داچۆڕاو بە ناخیدا رۆچوو ، کەمێ بەو شێوەیە مایەوەو لە پڕ تفێکی زلی کردە سەرو رووی کوێخاو هێندێکی بەسەر سمێڵەکەی کەوت . ئەویش بە بیریدا نەدەهات ئەو تفەی لێ بکرێ ، لێی وەدەنگ هات :

- هەی ئێرانی ! ... باوکی گۆڕ بەگۆڕت بانەیی نەبوو ؟!
- من بانەییشم و خەڵکی ئێرەشم و جیایان ناکەمەوە ... هەی جاسووس !

مەلاو مام رەشید و مام خدر هاتنە بەینەوەو مام رەحمانیان دوور خستەوەو دەیانویست دڵی بدەنەوەو هێوری بکەنەوە .

- کوڕە باوکم کەی وەختی ئەم قسانەیە ؟! ماڵت بە قوڕگیرێ ، با بەگرتنیشت نەدا . ئەو چ پەکی کەوتووە ، لێرە نەبێ لە شار ، کوێخا نەبێ ئەمنی سەیتەرەکە بێ و خەڵک بە گرت بدا . بەڵام ئێمە چ قوڕێ بۆ خۆمان بگرینەوە ؟!

* * *

مۆڵەتی کوێخاو ( مدیر ناحیە ) کۆتایی هات ، خەڵکی گوندەکە راگوێزرانەوە ، خانوەکان بەربڵدۆزەر کەوتن و هەموو تەپخ کران ، ئەوەی لە گوندەکەدا مابۆوە ، دووسێ سەگ و رەوە - چۆلەکەیەکی لاشەلێ تێکچوو بوون و هیچی تر .

هەموو شەوێکی هەینی ، مام رەحمان بە خۆو بە گۆچانێکی بەرووەوە سەرێکی لە گوندی وێران دەداو بە بێ دەنگی بە دیار خشتی خانۆکەیەوە کە لێی لە دایک ببوو دەگریاو فرمێسکی گەرمی دەڕشت . بەرەبەیانیش جێی دەهێشت و بۆ ئۆردوگاکە دەگەڕایەوە .

چەند هەفتەیەک ئەوە پیشەی مام رەحمان بوو ، شەوێکی هەینی مام رەحمان دەستی دایە گۆچان و رووی تێ کردەوە . بەر لەوەی بیگاتێ ، هەر لە نێوان کەلاوەو خشتی ماڵەکەی خۆیەوە بە عارەبی تێیان خوڕی ... لە جێی خۆی چەقی و کرکەی نەکرد ... دەستڕێژێ کرا ، بەلادا هاتە ڕما ، سەری کەوتە سەر بەردێکی گەورە ، ئەستێرەیەک گەشگەش داچۆڕا ، خوێن لە سینگی مام رەحمان کفەی دەکردو لە نێوان لێوەکانیشیەوە خوێن رێچکەی بەست و بەردەگەورەکەی سوور کرد ... چاوی بڕیە کەلاوەو خشتی ماڵەکەی و داینەخستنەوە ...

* * *

پەراوێز

(١) جێز : ئەو کۆمەڵە گەنمە یا جۆیەیە کە دوای شەنکردن دەردەکەوێ .
(٢)جێز بڕ دەکرێ : دەپێورێ و هەق و حسێبی لێ جودا دەکرێتەوە .
(٣)خەرمانلۆغە : لە کاتی بڕ کردنی خەرماندا ، منداڵ رووی تێ دەکەن و سەرو دوو سێ مشت گەنم یا جۆ وەردەگرن و بە میوەی دەدەن . ئەو دوو سێ مشتە ، خەرمانلۆغەیە .
(٤)چەڵەگە : ئەو دارەیە کە لە چەقی خەرمان دەچەقێندرێ و گوریسێکی پێوە دەکرێ و ئەوسەری گوریسەکە بە رێشمەی یەکێ لەو دوو وڵاخەوە دەبەستن کە گێرەیان پێ دەکری .



تەرمی وەک سەرەن کونکون کراو هەر ئەو شەوە نێژرا ، نەعیم هەر ئەوشەوە و وەکو پیشەی لەوەبەری کۆڕی شینی گەرم کرد ، ژنی مام خدر قژی وەک دەسپێچکە لە مەچەک دەئاڵان و روەو ئاسمان دەیلوراند ... ژنانی کۆستکەوتوو دەرفەتی شین و قوڕ پێوانیان بۆ نوێ بوەوە ....

رۆژی دوایی هەر لە چێشتانەوە ، مزگەوتی گوندەکە جمەی دەهات و سەرەخۆشی دەکراو قورعان دەخوێندراو فاتیحادادەدرا ... لە پڕ سێ ئەفەنی سەرکۆت و وورگن بە پێڵاوەوە بەژوور کەوتن ... سەرجەمی مەجلیسیان لەبەر هەستا . بەلای مەلای گوندەکەوە وێستان و لە سەر شێوەی فەرمان پێیان راگەیاندکە پرسە قەدەغەیە ... مەلا تاوێ لێیان راما ، پاشان فەرمانەکەی بە خەڵکەکە راگەیاندو هەر سێ سەرکۆت وەدەر کەوتن .

دانیشتنی مزگەوت نەما بەڵام ژنان گوێیان پێ نەداو کۆڕی شینیان گەرمتر کرد ...

نەعیم ، بەدەم لە خۆدانەوە " سەددەڕۆ " ی دەکرد و ژنانی دی بۆیان دەسەندەوەو شڵپەشیان لە سینگی نیوەڕووتی خۆیان هەڵدەساند .

ئاسکۆڵ نیازی چوونە کۆڕی شینی هەبوو ، تا ئەوکاتە یەکجاری دی بەشداری کردبوو ، ئەویش لە پرسەی ئامۆزاکەیدا ... دەمی شانەکەی تەڕ کردو قژە رەشەکەی داهێنا .لەبەر دەم ئاوێنەکە ، لە هەموو لاوە روانیە خۆی . ئەوەندەی دی سینگی دەرپەڕاندو لاو نیو تەماشای خۆی کرد ، سینگی جوان هاتە بەرچاو ، قژی خاو کشابوو و لە باریکایی پشتی تێپەڕی بوو . پشتی لە ئاوێنەکە کردو هەرچۆنی بوو پشتەوەی خۆی تێدا بەدی کرد . لەچکەکەی بە ئاستەم بە سەریەوە ئاڵاندو بۆ دواجار سەرنجی خۆی دا .

کە ئاسکۆڵ گەیشتە بەر دەم ماڵی مام خدر کۆڕی شین گەرم بوو ، ئەویش هەر لە دووڕا لەچکی داماڵاندو خۆی پێدا کرد . لەگەڵ ژنانی دی بە یەک ئاواز لە خۆی دەداو وەکو ئەوانی دەگوتەوە . جیاوازی لە نێوان ئەم و ئەو ئەواندا هەر ئەوە بوو کە ئاسکۆڵ جارو بار چاوی دەگێڕاو دەیڕوانیە دەوروبەروکەمێ بە ناز پەنجەکانی بەقژیدا دەهێناو نەیدەویست بیشێوێنێ کەچی ژنانی دی وەکو ئەوەی فەرمانی یەزدان بەجێ بگەیەنن قژیان لە مەچەک دەئاڵاند بە توندی بە سینگی خۆیاندا دەکوتا .

* * *

پرسە هەڵگیرابوو وخەڵکی گوند دەست بە کار ببوونەوە و مام رەحمان جێزی گەنمی بەتەواوی لە کاو کۆتەڵ خاوێن کردبووەو لە هەڵگرتنیدا بوو ، دەمی باڵتەی جەنجەڕ ووردە - ووردە خەرمانەکانی دی دامرکاندبۆوە . لێرەو لەوێ جێ خەرمانی تەخت و خاوێن دەرکەوتبوون . سەر لە ئێوارەیەکی درەنگ ، کوێخا لە شار گەڕایەوەو سڵاوی لە دانیشتوانی بەر سێبەری مزگەوتەکە کرد ... بە کزیەوە دانیشت . پاشجگەرەکێشانێ ،هەستایە سەر پێ و بە دەنگێکی بەرز گوتی :

- مامۆستا ، مام حاجی ، مام رەشید، جەماعەت ... هەواڵێکی ناخۆشم پێیە و نازانم چۆنتان پێ رابگەیەنم ...!
- یا خوا خێر بێ ... هەر چی ئەمری خوای لە سەر بێ لەسەر سەرمانە ، چیی بوە کوێخا ؟ !
- ئەوی راستی بێ ئەوا حەوت ساڵی رەبەقە فەرمانی چۆڵکردنی گوندەکەمان دەرچووە ، بەڵام من رامگرتووە ، دەمی ئەمم چەور کردوەو لەبەر ئەو پاڕاومەتەوەو رجاو تکام لەم کردوە. ئەمما ئێستا ( مدیر ناحیە ) دەڵێ لە دەستی مندا نەماوەو فەرمانی چۆڵکردنی گوندەکە لە پایتەختەوە هاتووە و دەبێ لە ماوەی بیست شەوی دیدا چۆڵی بکەن .
- ئێ نەتووتکەممان کوڕ بۆتان بەکوشتداوە تا لە گوندی خۆمان وەدەرمان نەن ؟!
- باوکم ! بەتەمای نانم ببڕی ؟!
- دەک خوا هەڵینەگری ...! ئاخر بۆ ؟! ئێ باشە چیمان کردوە ؟!

(٥) پاخوا : گەنم و کا بە کوتراوی و پێش شەنکردن و جودا کردنەوەیان .
(٦) پێی هەڵکەوت : پێی هەڵەنگوت .
(٧) تاق : نیوەی ڕۆژێ .
(٨) دوێر : هۆدە ، ژوور
(٩)تارمە : ئەو کایەی لە ئەنجامی شەنکردن لە گەنمەکە یا جۆیەکە جودا دەبێتەوە و کۆمەڵ دەبێ .

oooooooooooooooooo
ooooooooooo
ooooo



## کورتە باسێک لە فەلسەفەی هیگڵ

ئەمجەد حەمە سەعید

**دوو پێوانە:-**

بۆ باسکردن و دەست نیشانکردنی هەر بەرهەمێکی فیکری یان دەروونی پێش ئەم سەردەمە، دەبێ دوو پێوانە لەیاددا بن:

یەکەم:- پێویستە ئەو بەرهەمە فکریە یان دەروونی یە بدرێتەوە بە کێشانە و پێوانەی ئەو ڕۆژگار و شوێنەی کە بەرهەمەکەی تیا هەڵقوڵاوە. زۆر سەختە و ناشکرێ ئەو فەلسەفە و ئەدەب و هونەرەی لە سەردەمێکی تایبەت و لە نێوان کۆمەڵگایەکی تایبەتدا ئاڵ و گۆڕ کراوە، ئیمڕۆ ئێمە بێین و بیخەینە بەر نیگای ئەم زروف و ڕۆژگارەی کە خۆمانی تێدا دەژین.

دوور نییە فکرێکی تایبەت پێش سەد یان دووسەد ساڵ لەنێو ڕۆشنبیران و خوێنەواراندا بووبێتە ڕێبازێکی فیکر و سیاسەت و زۆر خۆشبەختانە ئاڵ و گۆڕیان پێ کردبێ و بە چاوێکی پڕ ڕێز و بە دڵێکی دڵسۆزانەوە نرخاندوویانە، کەچی ئەمڕۆ لای مرۆڤێکی ئەم سەردەمە بەدترین و ناشیرین ترین ناوی بۆ دەدۆزنەوە.

بەلای زۆر کەسەوە «ئەمڕۆ» فەلسەفەی هیگڵ فەلسەفەیەکی میسالی و کۆنەپەرستانەیە، دوورە لە جیهانی واقیع وخزمەتکردنی کۆمەڵگای ئەم سەردەمە، کەچی هەرئەم فەلسەفەیە لە سەردەمی خۆیدا ببوە فەلسەفەیەکی نوێ خواز وبە شۆڕشی ئەقڵ نێو دەبرا، نەک تەنها لەنێوڕۆشنبیرانی ئەو سەردەمەی کەهیگڵ تیا ژیاوە بەڵکو لە دوای مردنیشی ببوە فێرگەیەکی پان و پۆڕ و بەدەیان نووسەر و فەیلەسوف نووسینی خۆیان لەو فەلسەفەیەوە هەڵدە هێنجا.

هیگڵ زۆر بیرتیژانە لە پێشەکی کتێبەکەیدا *The philosophy of Right* دەنووسێ و دەڵێ:-

«هەریەک لە ئێمە ڕۆڵەی سەدە و سەردەمی خۆیەتی، هەروەها فەلسەفەش بەرهەمی فیکری سەدە و سەردەمی خۆیەتی. هەروەک چۆن دەبەنگی یە کە بیر بکەینەوە مرۆڤ دەتوانێ باز بهاوێژێ بەسەر کات و سەردەمی خۆی، هەرواش دەبەنگی یە ئەگەر بە مێشکماندابێت کە فەلسەفە دەتوانێ پێش زەمانی خۆی بکەوێت».(١)

دووەم:- هەروەک چۆن مرۆڤ لەگەڵ لەدایک بوونیا گەرای لە دایک بوونی مرۆڤێکی تری لە خۆیدا حەشارداوە، هەرواش بەرهەمی فیکریی بەهێز و بەتوانا گەرای سەوز بوونی بەرهەمی تر لەخۆیدا دەهێنێتە ئاراوە.

ئەگەر باش سەرنج بدەین لەو فێرگا فەلسەفیانەی کە لە دوای هیگڵ درووست بوون، دەبینین زۆر یان کەم فەلسەفەی هیگڵ کاری تێ کردوون، بۆ نموونە ماتریالی دیالکتیکی «مارکس»، وجودیەتی هەیدگر و سارتر، فنومولۆجی هولسول و پراگماتیزمی جۆن دیوی .... هتد.

(1) G.W.F.Hegel: *The philosophy of Right*, translated by T.M.Knox, p.II

هەروەک چۆن وەچەی ئەمڕۆ لەباوەش وەچەی پێشوودا گەورە بووە، و لەباوەشی خۆیشی‌دا وەچەی داهاتوو گەورە دەکات، بەهەمان شێوە بەرهەمی فیکری و دەروونی، چ زانست و فەلسەفە بێت چ هونەر و ئەدەبیات، بەشێوەی ئەلقەیی لەنێویەک پەیوەندیەکی توند و تۆڵی هەیە بەو بەرهەمانەی پێش خۆی و پاش خۆی.

بە بڕوای خۆم ئەم دوو پێوانەیە دەبێت پێش چاو خرێن بۆ باسکردن و نرخاندنی هەر بەرهەمێکی ئەم سەردەمە.

«کورتە باسێک لەمەڕ ژیانی هیگڵ»

هیگڵ لە ساڵی ١٧٧٠ لە شاری شتوتگارت لە ئەڵمانیا لە دایک بووە. هەر لەو ساڵەشدا بیتهۆڤن و شاعیری بەناوبانگ هولدرین لەدایک بوون.

هیگڵ لە تەمەنی سێ ساڵیدا خراوەتە قوتابخانە، لە تەمەنی پێنج ساڵیدا دەستی کردووە بە خوێندنی زمانی لاتینی. کاتێک تەمەنی هەژدە ساڵ بووە شارەزایی‌یەکی باش و بناغەیەکی دەوڵەمەندی لە ئەدەبی ئەڵمانی و گریکی و ڕۆمانی هەبووە.

زۆر حەزی لە خوێندنەوەی ئەدەب و فەلسەفەی گریکی «یۆنانی کۆن» کردووە بەتایبەتی پییێسەکانی ئەسخیلۆس و سوفوکلیس و یورپیدیس زۆر بەلاوە بەرز بووە، چێژی زۆری وەرگرتووە لە خوێندنەوەی فەلسەفەی سوقرات و ئیفلاتون و ئەرستۆ، الیازەی هۆمیرۆسی بە شاکاری مێژوویی زانیوە.

لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا دەبێتە قوتابی لە ئەنستیوتی *Turbigen* بۆ ماوەی پێنج ساڵ ئیدۆلۆژی و فەلسەفە و ئەدەب دەخوێنێت.

زۆربەی ژیانی وەک مامۆستا بردۆتەسەر. سەردەمێک مامۆستای ماڵان بووە ودەرسی بەچەند منداڵێکی ماڵە دەوڵەمەندەکان ووتووەتەوە، پاشان بووە بە مامۆستای فەلسەفە لە زانستگەی هایدلبیری و پاشانیش دەبێتە مامۆستا لە زانستگەی بەرلین.

ئەو سەردەم و کۆمەڵگایەی کە هیگڵ تیا ژیاوە، چەند خاسیەتێکی تایبەتی و ئاڵۆزی هەبووە، بەکورتی باسی چەند لایەنێکی دەکەم.

کۆمەڵگای ئەڵمانی ئەو سەردەمە لە ژێر دەسەڵاتی فیوداڵدا بووە، جگە لە فیوداڵەکان پیاوانی کڵێساش دەسەڵاتیان هەبووە لە دام و دەزگای دەوڵەتدا. ئەم دوو هێزە زۆر جار دەبوونە سانسورێکی گەورە بۆ خەفەکردنی بیری ئازادی نوێ خوازی لەنێو چینە ناوەنجیەکان. بۆ نمونە کاتێک «کانت» دەیویست کتێبە بەنرخەکەی *The critical of pure mind* لەچاپ بدات، دام و دەزگای دەوڵەت ڕێیان نەداچونکە تا ئەو کاتەش خڵتەی فیکری کڵێسە بەنێوی قەزاوقەدەر لە نێو دەوڵەتدا هەر مابوو، کتێبەکەی کانتیش کە وەک شۆڕشێکی ئەقڵی وابوو دژی هەموو بیرێکی ئەفسانە و قەزاوقەدەر دەوەستایەوە، دەسا ماوەیەکی دوور و درێژی برد تا ئەو کتێبە کەوتە بەردەستی خەڵکی ئەڵمانیاوە.

شۆڕشی فەرەنسا ساڵی ١٧٨٩ هەڵگیرسا، ئەو کاتە هیگڵ تەمەنی ١٩ ساڵان بوو، ئەم شۆڕشە



کە بە شۆڕشی ئازادی و سەرفرازی مرۆڤ نێو دەبرا لە سەرانسەری ئەوروپا دەنگی دایەوە. ڕۆشنبیرانی ئەڵمانیا بە پەرۆشەوە ئەم شۆڕشەیان دەنرخاند، جگە لەوەی نووسینەکانی ڤۆلتێر و ڕۆسۆ لە نێو زۆربەی خوێندەوارانی ئەڵمانی ببووە ئینجیل بەدەستیانەوە.

لە ڕووی ئەدەب وهونەر وفەلسەفەوە،دوو تەیاری جیاواز لە یەکتر لە ئارادا بوون. هەرچی ئەدەب و هونەرە زیاتر بەلای سۆز و عاتیفە و خەیاڵدا دەچوو، بەسەردەمی ڕۆمانتیک نێو دەبرا، بەلای هونەرکار و ئەدەب دۆستەوە جیهانی ئەندێشە و خەیاڵ و سۆفیزم مرۆڤ ڕزگار دەکات، لە جیهانی وشکی سیستەمی ئەقڵەوە، شیعرەکانی گوتە و هولدرین، ئاوازەکانی موتسارت و بتهۆڤن چەند نمونەیەکی ئەو سەردەمەن. بەڵام لە ڕووی فەلسەفەوە، بە پێچەوانەی ئەدەب و هونەرەوە ئەو سەردەمە بە سەردەمی *Rationalism* واتە ئەقلانیزم نێو دەبرا، بەلای فەیلسوفەکانی ئەو سەردەمە ، ئەقڵ سەنگی مەحەک بوو، ئەوەی لە ژێر شیتەڵی ئەقڵی و مەنتیقدا یەکالا نەبوایە و جەوهەری ڕاستیەکەی نەدۆزرایەتەوە، پەسەند نەدەکرا و بە دوور لە حەقیقەت دائەنرا.

جیهانی واقیع و هەست، جیهانێکی ناتەواو و کەم وکوورە، تەنها ئەقڵ و هۆش دەتوانێ دەسەڵات بگرێتە دەست و جەوهەر و هەقیقەت بدۆزێتەوە. لیبزر کانت و فیچە چەند فەیلەسوفێکی ئەقڵی‌ی ئەو سەردەمەن.

ئەقڵی موتلەق * *The Absolute Spirit*

لای هیگڵ هەردوو تەیارەکە کۆببۆوە. برتراند ڕەسڵ دەڵێ: «هیگڵ هەر لە هەرەتی لاویەوە بیری سۆفیزمی لە مێشکدا بووە، هەر لەو کاتەوە وەها بیری کردۆتەوە کە هەقیقەت داپچڕاو نی‌یە، بەبڕوای ئەو، ئەم جیهانە لە کۆمەڵێک بابەتی ماتریاڵی و گیانیی جودا لە یەکتر پەیدا نەبووە کە هەریەکەیان سەربەخۆ بێت لەوی تر».(٢)

بەبڕوای هیگڵ، هیچ بابەتێک یان بوونێک بەتەنها و سەربەخۆ نابێتە بناغە و جەوهەر بۆ بابەتێکی‌تر یان بوونێکی‌تر. هەقیقەتی تەواو یەک بوونە ، هیچ شتێک داپچڕاو نیە لەم بوونە گەورەیە، هەرچی بابەتی ماتریاڵی و گیانەکی هەیە بەستراوەتەوە بەم بوونەوە، هیگڵ نێوی ئەم بوونە بە *The Absolute Spirit* دەبات، واتە ڕۆحی موتڵەق یان ئەقڵی موتڵەق.

ئەم ئەقڵە موتڵەقە تەنها کۆمەڵێک سیفات و خاسیەت نیە، بەڵکو هەرچی بوونەکان هەیە، گیانەکی و ماتریاڵی، بە سیفات و خاسیەتیانەوە، بە پەیوەندی و ئاڵ و گۆڕیانەوە لەم ئەقڵە موتڵەقەدا کۆبوونەتەوە، کەواتە هیچ بوونێک یان بابەتێک سەربەخۆ و داپچڕاو نی‌یە لە بوون و بابەتەکانی تر.

بۆ نموونە ئەگەر گوڵێک بدەینە دەست هیگڵ، لەم گوڵەوە هیگڵ هەموو جیهانمان بۆ باس دەکات، ئەم گوڵە خاوەنی چەند سیفات و خاسیەتێکە وەکو ڕەنگی سوور یا زەرد، بۆنی گوڵەکە، شێوەی گوڵەکە، ناسکیی گوڵەکە، بەڵام ئەم سیفات و خاسیەتانە تەنها لەم گوڵەدا نیە، بۆ نمونە سووری لە خوێنیشدا هەیە، ناسکی لای پەپوولەش هەیە ... هتد. کەواتە بوونێک نیە کە خاوەنی چەند سیفات و خاسیەتێکی تایبەت بن و بە هیچ جۆرێک لە بوونەکانی تریشدا نەبن.

(2) Russel,Bertrand : History of Western philosophy, p.701

وه له رووی پەیوەندیشەوە گوڵەکە پەیوەندی هەیە بە لق و پۆپەکەیەوە، بە خاک و خۆڵەوە، بە رۆژ و ئاوەوە ... هتد، له رووی زەمانەوە ئەو گوڵە ئاکامی تۆوی تایبەتی نی یە کە ئەویش بەرهەمی گوڵی ترە، ئەو گوڵەش لە تۆوی ترەوە هاتووە .... هتد. هەمان شێوەش بۆ ئادە میزاد، بۆ نموونە ئەگەر باسی مەحوی بکەین دەبێ باسی کات و شوێن و ئەو رۆژگارە بکەین کە مەحوی تیا ژیاوە، باسی مزگەوت و مەلاکانی ئەو سەردەمە بکەین، باسی خێزان و هاورێکانی بکەین، تەنها مەحوی خودی خۆی هیچ نادات بە دەستەوە، بەڵکو وەچە و کەلتوور، کات و زەمان پێویستە بۆ باسکردنی مەحوی.

هەمان شێوەش بۆ باسکردنی جیهانی ئەقڵ و هەست ودەروون، ئەو هۆش و بیر و هەستەی کە مەحوی هەیبووە لە رووی سۆفیزمەوە لە خۆڕا نەهاتووەتە دنیاوە، بەڵکو بەستراوەتەوە بەو رۆژگار وخوێندن و کلتورەی کە مەحوی تیایا ژیاوە تاوەکو ئەو دیاردە سۆفیزمەی کە مەحوی هەیبووە بکەوێتە روو.

بەهەرحاڵ دەبێ ئەوە لە یاد نەکەین کە هیچ شتێک لەم جیهانە سەربەخۆ نی یە و داپچڕاو نی یە لە یەکتر بەڵکو هەر بوونێک چ ماتریالی بێت وەک سرووشت و سیفاتەکانی یاخود گیانەکی بێت وەک ئەقڵ و هەست و بیر، بەستراوەتەوە بە هەزارەها ئەڵقەی لەیەک تێکهەڵچوو بە بوون و بابەتەکانی ترەوە، هەمووشیان لە گۆڕانی بەردەوامدان لە جیهانی موتلەقدا.

بە بڕوای هیگڵ هیچ بابەتێک وەستاو نی یە، بەڵکو هەموو شتێک لە گۆڕاندایە، بەڵام گۆڕان لە نێو بوونەکاندا جیاوازە. لە جیهانی ماددەدا گۆڕان ئالی و میکانیکی یە بەڵام لە گیانلەبەردا ئالی نی یە بۆ نموونە گۆڕان لای ئاژەڵ غەریزیە و لای رووەک گۆڕان هەیە بەڵام رووەک بێ هەستە لەو گۆڕانەی کە تیایدا روودەدات. تەنها مرۆڤ هەست بە گۆڕان دەکات چونکە مرۆڤ بوونێکی هۆشمەندە و ئاگادارە لەو گۆڕانانەی کە تیایا روودەدات و لەو گۆڕانانەی کە لە دەوروبەری روودەدات. مرۆڤ خاوەن هەست و ئەقڵە بەڵام هەستەکانی توانای ئەوەیان نیە کە زانینی تەواو بەدەست بهێنێ، تەنها ئەقڵ دەتوانێ ناوەڕۆک و جەوهەری بابەتەکان و بوونەکانی تر بدۆزێتەوە.

بە بڕوای هیگڵ جیهانی واقیع یان جیهانی هەست پێکراو، جیهانی رووکەشە و دوورە لە هەقیقەت. بۆ زانینی هەقیقەتی ئەم جیهانە پێویستە ئەقڵ بچێتە پشت ئەو جیهانە رووکەشەوە.

«لە پشت جیهانی رووکەش کە وەک پەردەیەک وەهایە جیهانی ناوەوە هەیە کە ئەم جیهانەش بە هەستەکانمان نابینرێن ئەگەر خۆمان نەچینە پشت ئەو پەردەیەوە».(٣)

زۆرجار هەستەکانمان دەبنە سەرچاوەی سەرگێژبوونمان و جیهانی هەقیقەتمان پێ ناناسێت، بۆ نموونە تراویلکە «سراب» بۆ رێبوار دەبێتە سەرچەم و کەنار زەریا، یاخود بەچاو ئەستێرەکان بچووک دەبینرێن بەڵام لەراستیدا ئەستێرەی وەها هەیە چەندەهاجار لەم زەمینەی ئێمە گەورەترە. ئەگەر ئەستێرەیەک ئێمڕۆ وردوخاش بێت تا ماوەیەکی زۆریش گەشانەوەی ئەو ئەستێرەیە بەچاو هەر دەبینرێ، خوێن رەنگی سوورە کەچی لە ژێر میکرۆسکۆب شین دەنوێنێ ... هتد. کەواتە ئەو زانست و زانینەی تەنها بە هەستەکانمان دەستمان دەکەوێت ناتەواون و دوورن لە هەقیقەت. بەڵام هیگڵ پێمان رادەگەیەنێت کە زانست و زانین تەواو بەرهەمی هۆش و ئەقڵن نەک تەنها ئەمەش بەڵکو هیگڵ ئەقڵ بە جەوهەری کەون دادەنێت:

*The essence of the universe is the Reason*(4)

---

(3) *G.W.F.Hegel: The phenomenology of Mind. Translated by: J.B.Baillie, Alan & Unwin.*

(4) *Ibid.*

وە هیچ شتێک نی یە لە سەرووی ئەقڵەوە، ئەقڵ و هەقیقەت یەک شتن.

*The Reality is Rational and Rational is Reality*(5)

ئەم مەبەستەی هیگڵ ئەوە ناگەیەنێت کە ماددە بوونی نی یە و ئەقڵ سەرچاوەی ماددەیە، نەخێر بەلای هیگڵەوە ماددە بوونی هەیە بەڵام ماددە بوونە لەبەردەم هۆش و ئەقڵدا و ماددە بەتەنها کوێرە و خاوەنی هیچ زانینێک نی یە، ماددە بە هۆی ئەقڵەوە دەچێتەوە نێو جیهانی زانراوەوە و دەبەسترێتەوە بە جیهانی موتڵەق. لە روویەکی تریشەوە ئەقڵ بێ ماددە بە تاڵە و هیچ زانینێکی ئەوتۆی نی یە. کەواتە پەیوەندی ئەقڵ و ماددە پەیوەندیەکی دیالەکتیکی و جەوهەری یە و هەردووکیان دوو روون لە نێو جیهانی موتڵەقدا.

ئەو پرسیارەی کە لێرەدا دێتە گۆڕێ ئەوەیە چۆن ماددە و ئەقڵ دەبەسترێتەوە بە جیهانی موتڵەقەوە.

پێش هەموو شتێک ئەبێ ئەوە باش بزانین کە جیهانی موتڵەق لە درووست بووندا نی یە بەڵکو جیهانێک خۆی لە خۆیدا هەبووە و بەردەوامە لە بووندا بەڵام لە نێو ئەم جیهانەدا بوونی موتڵەق «نسبی» هەیە کە پەیوەندیان بە جیهانی موتڵەقەوە شتێکی جەوهەری ودیالەکتیکییە. کە دەڵێم دیلەکتیکی مەبەستم ئەوەیە کە جیهانی ئەقڵ و جیهانی ماددە هەمیشە لە گۆڕان و بەرەوپێش چوونە لە جیهانێکی کەم وکوورتر بەرەو جیهانێکی تەواو یان لە خوارەوە بەرەو ژوورتر.

ئەقڵ و ماددە لە هەزار و یەک رووەوە لە ئاڵ و گۆڕی بەیەک چووندان، بەلای هیگڵەوە ئەقڵ هەمیشە لە گەڕان و هەوڵداندایە بۆ دۆزینەوەی ئەو توانایانەی کە لە نێو جیهانی سروشتدا هەن، و هەوڵ دەدا هەمزو لایەنێکی ئەو سروشتە بناسێت، بەشێوەیەکی تر ئەقڵ هەردەم هەوڵ دەدات لە نێو سروشت دا بێت. ئەگەر باش سەرنج بدەین دەبینین هەر بابەتێکی ماددە سەدەها گۆڕانی بەسەرهاتووە و هەندێک لەو گۆڕانانە وەکوو ووتمان میکانیکی و ئالین بەڵام هەندێکیان ئەقڵ گۆڕانی بەسەر هێناون و بۆ نموونە ئاسن بۆتە گاسن، پاچ، پاپۆڕ، پەنجەرە، تۆپ، فڕۆکە ......هتد.

بەڕای هیگڵ ئەم بابەتانە بریتین لە ماددەی رووت + ئەقڵ.

لێرەدا دەتوانین بپرسین ئایا ماددە ئەقڵ دەبزوێنێ و دەیجولێنێ یاوەکو ئەقڵ ماددە دەگۆڕێ. ئەوە زۆر گرنگە کە هیگڵ ناڵێت ماددە نی یە، بەڵام ماددە بە تەنها نابێتە شتێکی ئەقڵی یان باشتر وایە بڵێین ماددە بۆ سیستەمی ئەقڵی بوونێکی مردووە، تەنها ئەقڵە ئەو ماددە مردووە دەکاتە بوونێک کە سیستەمی تیا درووست بێت یاوەکو ئەقڵی تیابێت.

بەڵام مارکس ئەم بیرەی هیگڵی رەت کردۆتەوە و ماددە دەکاتە سەرچاوەی بناغە بۆ بیرو هەست و هۆش.

ئەقڵی مرۆڤ لای هیگڵ ئەقڵێکی دیاری کراوە کە هیگڵ نێوی بە بردووە، ئەم ئەقڵە یان رووحە جیاوازە لە ئەقڵی موتڵەق، چونکە هەمیشە ناتەواوە و لە هەوڵداندایە بۆ پڕکردنەوەی خۆی. مرۆڤیش دوو جیهانی هەیە جیهانی ناوەوە کە هیگڵ پێی دەڵێ *The subjective spirit* وەجیهانی دەرەوە *The objective spirit*، جیهانی ناوەوە هەمیشە بریتی یە لە هەست و هۆش و بیر و چالاکیەکانی، دەتوانین بڵێین ئەو جیهانەی کە ئێمڕۆ سایکۆلۆژی دراسەی دەکات. وە جیهانی دەرەوە لە ئاکامی چالاکی جیهانی ناوەوە درووست بووە وەک خێزان، دەوڵەت، یاسا، رەوشت ...هتد. جەوهەری ئەقڵ بەلای هیگڵەوە سەربەستی یە.(٦)

*The essence of the Reason is freedom* (6)

---

(5), (6) *Ibid.*

ئەم سەربەستی یەی هیگڵ باسی دەکات، سەربەستی یەکی ئەتنۆلۆجی یە کە تەنها مەبەست لە سەربەستی سیاسەت و خۆ دەربڕین نی یە.

ئەقڵ بەلای هیگڵەوە بێ سەربەستی بوونی نی یە، یاخود ئەقڵ بوونێکە کە سەربەستی لەبوونیدا هەیە. هیچ هێزێک نی یە کە مرۆڤ لە بیرکردنەوە و خە یاڵ کردن بخات ئەگەر لەشی مرۆڤیش بکەوێتە ژێر گەورەترین دەسەڵات، ئەقڵ هەر سەربەستە کە خەیاڵ بکاتەوە یاوەکو بیر بکاتەوە. ئەمەیە مەبەستی هیگڵ لەو سەربەستی یە. وەمن بڕوام وایە کە جان پۆل سارتر لەم رووەوە زۆر سوودی لە فەلسەفەی هیگڵ وەرگرتووە.

ئەم سەربەستی یە بەستراوەتەوە بە جیهانی ناوەوەی مرۆڤ، وە ئەو جیهانەی دەرەوە کە لە ئاکامی چالاکی ناوەوە درووست دەبێت زۆر جار دەبێتە لەمپەڕ بۆ جیهانی ناوەوە ئەگەر چی دروستکەری جیهانی ناوەوەیە. بۆ نموونە مرۆڤ هەوڵ دەدات یاسا بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی سەربەستی و ئازادی خۆی، بەڵام زۆر نابات ئەو یاسایە دەبێتە لەمپەڕ لەبەردەمی سەربەستی و ئازادی مرۆڤ.

پۆلیس وەک دەزانین دەزگای پاراستنی مرۆڤە، کەچی زۆرجار مرۆڤ رووبەرووی پۆلیس دەوەستێتەوە بۆ شکاندنی ئەو سنوورەی کە لەبەردەم سەربەستی یەکەیدا دانراوە. مێژووش بە بڕوای هیگڵ مێژووی ئەقڵە، مێژووی خەباتی ئەقڵە بۆ پڕکردنەوە و بەرەوپێش چوونی گۆڕان لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر، لە ئەنجامی بەرەوپێش چوونی ئەقڵە. تاکە مرۆڤ ناتوانێ بە تەنها گۆڕان دروست بکات ئەگەر ئەو قۆناغە نەگەیشتبێتە پلەیەک کە شیاوی گۆڕان بێت. ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە تاکە مرۆڤ رۆڵی نی یە، بەڵام مرۆڤ ناتوانێ بە تەنها باز بهاوێژێ بەسەر قۆناغی مێژوودا ئەگەر لەو قۆناغەدا هەلومەرجی گۆڕانی تیانەبێت، واتە ئەگەر ئەقڵ نەگەیشتبێتە پلەیەک کە ئەو قۆناغە بەرەو گۆڕان نەبات. ناپلیۆن و قەیسەری رۆم بە تەنها گۆڕانیان درووست نەکردووە بەڵکو ئەو قۆناغە پێویستی بە گۆڕان هەبووە و هێز وتواناش لای ئەوان کۆبۆتەوە.

کۆمەڵگایەک لە سەردەمێکی تایبەتی لە ژێر دەسەڵاتی تاکە کەسێکدا کۆدەبێتەوە بەڵام دەگاتە قۆناغێک کە کۆمەڵگاکە بڕوای بە تاکە دەسەڵات نامێنێ و داوای دیموکراسیەت دەکات، چونکە ئەقڵ لەم پلەیەدا گەیشتۆتە قۆناغێک کە پێویستی بە بەرەوپێش چوونە نەک سەرکوت کردن، زۆر جاریش بووە کە مرۆڤ قوربانی زۆر دەدات بۆ لەناوبردنی ئەو تاکە دەسەڵاتە یاوەکو ئەو هێزەی کە سەرکوتی دەکات.

کاتێک هیگڵ باسی مێژوو دەکات دەڵێت مێژوو لە رۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردووە چونکە شارستانیەت لە رۆژهەڵاتەوە دەستی پێ کردووە، چونکە شارستانیەت لە رۆژهەڵاتەوە سەری هەڵداوە، بەڵام ئەقڵ لەوێ نەگەیشتۆتە پلەیەکی تەواو چونکە مرۆڤ هەمووی سەربەست نەبوون بەڵکوو «تاک» سەربەست بووە کە ئەویش پادشا و سوڵتانەکان بووە، و خەڵکی مل کەچ بوون لەبەردەم ئەو تاکە مرۆڤەدا. لە قۆناغی دووەم باسی یۆنانیە کۆنەکان و رۆمانیەکان دەکات دەڵێت ئەوانیش خاوەنی کۆیلە بوون، لەبەر ئەوە سەربەستی تەواو نەبووە و ئەقڵ بەتەواوی بەرەوپێش نەچووە، بەڵام لای ئەڵمانەکانی سەردەمی هیگڵ هەموو خەڵکی سەربەست بوون ئەویش بەهۆی مەسیحیەتەوە کە بڕوای بەسەربەستی هەموو کەس هەبووە.



بۆیە ئەقڵیش بەرەوپێش چووە. هیگڵ لەم باسکردنی قۆناغانە زۆر جار رەگەزپەرستانە باسی قۆناغەکان دەکات، بۆ نموونە باسی خەڵکی ئەفریقی دەکات وەکوو ئاژەڵ کە خاوەن ئەقڵ وهۆش نەبن، و ئەمەش زۆر لە بەرزیی هیگڵ کەم دەکاتەوە.

## لۆژیک و دیالکتیک

ئەو خاسیەتەی کە فەلسەفەی هیگڵ لە فەلسەفەکانی تری وەک فەلسەفەی ئیفلاتون، جورج بارکلی، لیبنز جودا دەکاتەوە، لوژیک و دیالکتیکە. بەپێی لۆژیکی هیگڵ، لە هەموو بابەتەکان، ماتریالی و گیانەکی، بزوتنەوە و جولاندن و گۆڕان هەیە. وە ئەمیش بەهۆی *Contradiction of depposition* «لەیەک نەچوون و وەستاندن بەرامبەر یەکتر» هاموو بوونێک بێ جیاوازی بەرەو گۆڕان و جولاندن ناچێت، وەک سروشت، ئەقڵ.

هەموو بابەتێک دەبێت بە پەیوەندی بابەتەکانی ترەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، هیچ شتێک بە تەنها و سەربەخۆ نیە، و ئەقڵی موتڵەق لە هەموو بابەتەکاندا بوونی هەیە.

لۆژیکی هیگڵ بە شێوەیەکی گشتی دەکەوێتە سێ کاتیگۆریەوە:

١ـ بوون *Being*

٢ـ گەوهەر *Essence*

٣ـ بیر *Notion*

هەریەکێک لەمانە لە ئاکامی سێ سووچکە دیالیکتیکیەوە دێتە ئارا. سێ سووچکەکەش بەم شێوەیە بۆ هەموو *thesis* بەرامبەرێکی یان دژێک پەیدا دەبێت پێی دەوترێ و لە ئەنجامی وەستاندن ئەم دووانە بەرامبەر یەکتر *Synthesis* پەیدا دەبێت. ئەمیش جارێکی تر دەبێتەوە بە *thesis* و دژێکی تری بۆ پەیدا دەبێت، و *Synthesis* گەورەتر دێتە ئاراوە بەم شێوەیە بوون *Being* کە لە هەموو بابەتێکدا هەیە هیچ شتێک نی یە لەم جیهانە بێ «بوون» بێت، واتە بوون هەوێنی هەموو بابەتێکی ماتریالی و گیانەتی یە.

لە هەموو جووتێک کاتیگۆری گەوهەر دەبێتە بناغە و ناوەڕۆک و دەبێتە *Anti-thesis* بۆ کاتیگۆری بوون *thesis* ، بۆ نموونە هۆ و ئاکام ئەگەر وەکو دوو کاتیگۆری وەربگرین، هۆ دەبێتە گەوهەر و ئاکام دەبێتە بوون و دیاردەی دەرەوەی. *Notion* یان بیر دەبێتە *Synthesis* ئەمانە دوو کاتیگۆرین کە بەرامبەر یەک دەوەستن.

نمونەیەکی تر ئەگەر مادده یان سروشت بکەینە کاتیگۆری بوون، ئەقڵ دەبێتە جەوهەر و بەرامبەر سروشت دەوەستێت، و لە ئاکامی ئەم وەستاندنە بیر یان *Notion* دێتە ئارا.

ئەمجەد حەمەسەعید
کارلسکوگا
١٩٨٧/٢/٢٠

Sources :
------------

(1) Mure,G.R. *A study of Hegel's logic*, Oxford,Calrendon, 1950.

(2) Stace,W.T. *The Philosophy of Hegel; a systematic exposition*,London, Dover 1955.

(3) Taylor,Charles : *Hegel*. Cambridge University Press, Cambridge 1975.

## کورتە چیرۆک:

# ....... و شەهید

### نووسینی: فەرهاد شاکەلی

رۆژ رۆژی شەهید بوو، شەهیدی خۆشەویست و سەروەری گەل. کە وتیشت شەهید ئیدی چیی دیکە دەمێنێ بیڵێی..!! جاران، بە منداڵی، کە ناوی شەهیدم بەرگوێ دەکەوت مووچڕک بە لەشمدا دەهات و جۆرە هەستێکی نادیاری رێزگرتن و پیرۆزی دایدەگرتم. وەک بڵێی چووبێتمە خزمەتی شێخێکی گەورە، یا لە حوزووری ئیمام و چاکاندا بم، با بڵێین یەکێکی وەکوو ئیمامەکانی کەربەلا، یا غەوزی گەیلانی، یا کاکەحەمەدی شێخ. بەڵام ئێستا بە جۆرێکی دیکە بیر لە شەهید دەکەمەوە... هەستێکی جیاواز لەوەی جارانی منالیم دامدەگرێ... هێندێ جار تامێکی تاڵ لە ئەوکمدا خڕ دەبێتەوە و رۆندک لە چاوما کۆ دەبنەوە و روانینم لێڵ دەبێت. هێندێ جاری دیکەش تاس دەمباتەوە و بەرەو ناوەوە شۆڕ دەبمەوە.

جاران، بە منالی، وام دەزانی شەهید هەر چوارن. ئەگەر دەشموت شەهید، هەر دەمگۆ چوار شەهیدەکە و مەبەستیشم چوار ئەفسەرەکە بوو کە وێنەکەیان و وەسێتنامەکەی بە دەستی خۆیان نووسیبوویان، لە دیوەخانەکەماندا هەڵواسرابوو. بۆ ئەوکاتەی من وێنەکە ئەوەندە بەرز بوو، لە زەوییەوە دەستنووسەکەیانم بۆ نەدەخوێنرایەوە. گەلێ جار دەچوومە سەر تەنەکەیەک و بۆ خۆم، یا بۆ هاوەڵە منالەکانم دەخوێندەوە. بەڵام ئەمڕۆ شەهید زۆرن. هەمووشیان ئەفسەرنین. گەلێکیانم هەر باش ناسیوە و دۆست و هاوڕێ و برادەر بووین. هی واش هەیە رۆژان و مانگان و ساڵانمان پێکەوە بردۆتە سەر و رۆژانی گەمە و رابواردنمان وێکڕا گوزەراندووە و لە رۆژانی ئاوارەیی و سەختی و دژواریدا پشت و پەنای یەک بووین. کە یەک دوو هەفتەیێ لەمەوبەر بۆ کۆڕەکەی ئەم ئێوارەیە پێیان گوتم، وێنەیەکی مامۆستا برووسکە ئاسایی بە مێشکمدا هات و تێپەڕی. دەمزانی یادی مامۆستا لەم مانگەدایە. یادی چەندەمین..؟! یەکەم، دووەم، چوارەم...؟

نازانم. جا بۆچی دەبێ یادی شەهیدێک ژمارەی پێوە بێت... تۆ بڵێی ترسی کۆن بوونی لێ بکرێت؟! خۆ مۆدیل نییە تا باوی نەمێنێ و رۆژی بەسەر بچێت... ئێوارەش کە بۆ هۆڵەکە دەچووم و ئەو کاتەش کەلەوێ دانیشتبووم هەمدیس وێنەکەی برووسکە ئاسایی دەهات و رادەبورد.

کۆمەلێ وێنەو نووسین بەدیوارەکاندا هەڵواسرابوون. وێنەیەکی گەورەی مامۆستاش روو بە رووی خەلکەکە هەلپەسێردرابوو. ئێمە مات بووین و ئەو پێدەکەنی.



# خەسرەوی گوڵسورخی

### سبەینێ

شەو کە دێت و لەدەرگا ئەدا
بە خۆم ئەڵێم:
هەر بەیانی
کارێ ئەکەم
کاری لە کار بچێ
ئەنباری کەتانی ژێردەستی ئەسوتێنم
تا هەموو
نەیارانی من و تۆ بڵێن
فڵانی سێبەری سەنگینە،
ئالەو ساتەدا من دەبمە مرۆڤێکی سەرکەوتوو
وەهەموو خەڵکی، بە فیداکاری چارەسازێک
کارو نانی خۆیان ئەخەنە زەریاوە
تا چەژنی ئاسۆی سووری من
بە خوێنی پاکیان
لە بان لوتکەی شاری ئایین
دابنێن
لە دەورا دەوری ناوی من
مەشخەڵی ئاگر داگیرسێنن
و بڵێن :
" خەسرەو " لە خۆمانە
پیرۆزبێ ئەو خۆشبەختیە بۆ ئێمە
شەو کە دێ و لەدەرگا ئەدا
بە خۆم ئەڵێم :
بە هاوڕێکانم کە لەبەر ژێردەستی ئەگرین
ئەڵێم :
گریان کاری هەورە
من و تۆ بە پەنجەی شێرئاسایی
من و تۆ بە ووتەی، هەر وەک باروت
کۆتایی بە ژێردەستی دێنین
وە بەدەنگێکی بەرز بە جیهان ئەڵێم :
دیتان سەرئەنجام
ئێمە بوینە خاوەنی خۆر .

### شیعری بێناو

کەوتە بان سینەت
زامی قووڵی دوژمن
بەڵام،
ئەی سەروی راوەستاو نەکەوتی
ئەمە رەوەشتی تۆیە بەراوەستاوی بمری
لە تۆدا گۆرانیی خەنجەرو خوێن،
لە تۆدا باڵندە بێ پەناگان ،
لە تۆدا سروودی ئازادی ،
چاوەکانت هەرگیز ئاوا
رووناک نەبوون.
ئەی سەروی راوەستاو
ئەمە مەرگی تۆ دروست ئەکا ،
بە خوێنی تۆ
مەیدانی تۆپخانە
لە ئەنجامی تووڕەیی مەردوم
لە خەو هەڵئەستێ
هەر تکەیەک لە خوێنی تۆ
ئەبێ بە رووگەیەک
ناوی مەزنی تۆ
لە هەر لایەکی نیشتمان
دەکەن بە سروود.

وەرگێڕ : کرمانج

ئەوانەی سەر شانۆکە هەر یەکە بەلایەکدا چوون. یەک دواتیکیان لەم لێوارو لەو لێواری شانۆکەوە داقونینە خوارێ و هێندێکیشیان خزانە پشت پەردەکەوە. ئەوەی لەوێ مایەوە هەر ژنە قەحبەکەو میکرۆفۆنێکی بەرز و بۆر و سەرخڕ بوو. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد، بەڵام ئەمجارە پێ نەدەکەنی. ڕەنگ و روویشی وەکوو خۆی نەبوو. زەرد هەڵگەڕابوو. زۆرم بەلاوە سەیر بوو. باشە وێنەیەکی بێگیان چۆن ئاوا دەگۆڕێ. خۆ باوەڕ ناکەم وێنەکەی پێشوویان هەلگرتبێ وئەمەیان لە جێگەکەی دانابێ. بە درێژایی دانیشتنەکەمن هەر چاوم لێ بووە. ئەگەر سەیرێکی ئەملاوئەولاشم کردبێ ئەوم بەلاچاو هەربینیوە. وێنەکەش هێندە بچووک نییە تا بڵێی گۆڕین و لابردنی سەرنج ڕانەکێشێ.

گلۆپەکانی هۆڵەکەیان کوژاندەوە. تەنیا یەک دوواتێکی زەردی کزیان هێشتەوە، بەلاّم سەر شانۆکە هەر رووناک بوو. ژنە لە میکرۆفۆنەکە چووە پێشەوە و دەمی پێوەنا. لە پێشا باسێکی ئەم سەردەم و رۆژگارەی بۆ کردین و گلەیی و گازندێکی زۆری کرد و داخ و تالاّوێکی فرەی هەلڕشت. پاشان دەستێکی بۆ میکرۆفۆنەکە برد و سەر و مشتۆکەی لە سێپێکە دەرهێنا. میکرۆفۆنەکەی گرت بەدەستەوە و تۆزێ لە سێپێکە دوور کەوتەوە و لە گەلیشیا ڕەنگ و روخساری گۆڕا ... ئەوجا دەستی بەقسان کردەوە و هاتە سەرباسی مامۆستا و زۆری وت. لەدواییدا داوای لێ کردین بەیادی شەهید بوونی مامۆستا تاوێ بەرزەپێ راوەستاین. هەموو رابووین. هەمووش سەرمان داخستبوو، تەماشی بەر پێی خۆمانمان دەکرد. من بیرم دەکردەوە. بیرم لەمامۆستا دەکردەوە. لەو سەردەمەی کەتازە یەکدیمان دەناسی و پێکەوە گەلێ کارمان ئەنجام دەدا. نازانم چۆن بوو، لەپڕ بیرم چوو بۆلای ژنە قەحبەکە. سەرم هەلبڕی و تەماشایەکی سەر شانۆکەم کرد. دەبینم ژنە پالی داوە بە دیواری لای ڕاستی شانۆکەوە و سەری مایکرۆفۆنەکەی خستۆتە تێو گەلی خۆی. زۆر شلەژام. گوتم تۆ بلێی خەلکی دیکە چاویان لێوە بێت. باش بوو ئەو لایەی ئەوی لێ راوەستابوو هێندە رووناک نەبوو، خەلکەکەش هەموو سەریان داخستبوو. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد. ئەم جارەیان زۆر گۆڕا بوو. باش تێم ڕووانی. مامۆستا چاوێکی لێ داگرتم و بەزەردە خەنەیەکەوە تەماشای دەکردم. مات بووم. گوتم تۆ بلێی چاوم رێشکە و پێشکە بکات، یا بەهۆی گلۆپە کزەکانەوە باش نابینم. بەلاّم وانەبوو. مامۆستا هەر بەڕاستی تەماشای دەکردم و چاوی لێ دادەگرتم. ئیدی بە یەکجاری شلەژام. نەمدەزانی چی بکەم. مامۆستا بەوەشەوە نەوەستا. لێوی دەجولاّیەوە. دیاربوو دەیویست شتێکم پێ بلێ. بەلاّم دەنگی نەدەگەیشتە من. ئەمە وێنە نەبوو، هەر مامۆستا خۆی بوو. من هەر لە ئەوم دەڕوانی. نەمدەوێرا چاو بترووکێنم، یابڕوانمە لایەکی دیکە. گوێم لێ بوو قەحبەکە سپاسی کردین و داوای لێ کردین دانیشینەوە. مامۆستا یەکسەر لە جێگەکەی خۆی راوەستا و چرکەی لە خۆی بڕی. وادیار بوو کەس هەستی پێ نەکردبوو. بەهۆی گلۆپە کز و زەردەکانەوە خەلکەکە وایان دەزانی هەر وێنەکەی مامۆستایە و لەوێ، لەو بەرانبەرە راوەستاوە. کەس نەیدەزانی هەر خۆیەتی، خۆی خۆیین. من زۆر شلەژابووم. نەمدەزانی چیبکەم. وام بەسەر دا هات بیکەمە هەراو ئەم کەین و بەینە ئاشکراکەم، بەلاّم نەمدەوێرا. ئەمە ڕووداوێکی هەروا هاسان نەبوو. شەهیدێک زیندوو ببێتەوە و لە کۆڕی یادکردنەوەی خۆیدا ئامادە بێت. زۆر دەترسام و زۆر شلەژابووم. بیرم لەوە دەکردەوە بەبێ دەنگ بۆی دەرچم و بڕۆم، کەچی زاتم نەدەکرد. تەماشەیەکی مامۆستام کردەوە. زۆر شەرمەزار بووم.



لە کاتی دانیشتنەکەدا، هەر جارە نا جارێ، سەیرێکی ئەملاوئەولام دەکرد و ئاوڕێکی دواوەم دەداوە. یەکێ سەری نابوو بەبناگوێی کابرای تەنیشتی خۆیەوە و بەچپە دەدووان. یەکێکی دیکە لەوبن دیوارەوە رووی کردبووە یەکێکی ریزەکەی پێش من و دەست و دەمی دەجوولاّندەوە. من هیچی لێ نەدەگەیشتم. لەوە یە کوڕە لەمن گوێ سووکتر بووبێت. ئەوانەی بەر دەرگاکەش زوو زوو دەهاتنە ژوورەوە و دەچوونە دەرەوە. زۆر لە یاساوڵ و پۆلیسی بەر دەرکەی پۆلیسخانەکان دەچوون. باش بوو جلی کەسکیان لەبەردا نەبوو. جووت جووت دەهاتن و دەچوون، خێسەیان لەم ولەو دەکرد و کە دەگەیشتنە لای ریزی پێشەوە دادەچەمینە وە و بۆیان پێدەکەنین.

دوێنێ ئێوارە کە باسی ئەم کۆڕەمان دەکرد، ئازاد وتی: ئەرێ تۆ مامۆستات دەناسی؟ وتم: ئەی چۆن...؟ دوانزە ساڵ لەمەو پێش یەکمان ناسی. یەک- دوو ساڵێکیش هەر پێکەوە کارمان دەکرد. ئیدی لەوەوە باس هاتە سەر باسی شەهید. قسەو گۆتنی هێندێکیانم وەک وەعزی مەلایان دەهاتە بەرگوێ. یەکێکیان دەیویست هەر چۆنێک بێ هەر خۆی بە دۆست و ناسیاو و هەڤاڵ و هاوبیری شەهیدێک پێشان بدات... [جا خۆ تۆ هەموویان دەناسیت. تەماشای کامە پۆستەر دەکەیت، کۆمەڵێ بیرەوەریت وەبیردێتەوە. لەگەڵ ئەمیاندا جارەکەی شاخە چەرموو دە رۆژ هەر بە رێگەدا رۆیشتن. لەتەک ئەویاندا...باسی چی بکەیت؟! لە چیدا پێکەوە نەبوون؟ بێدەنگ بە. هەر گوێی خۆتی لێ کەڕکە چاکترە. ئەوەتا لەسەر شەهیدیش شەڕ دەکەن. ئەمیان دەڵێ دۆست و هاوڕێ و سەرکردەی ئێمە بوو، ئەویان دەڵێ کوڕە بابە بەخودا ئێوە هەر نەتانناسیوە].

ئێستاش کە تەماشای پۆستەرەکانی تێو هۆلەکەم دەکرد باس و خواسی دانیشتنەکەی دوێنێ ئێوارەم وەبیرهاتەوە. لەدلی خۆمدا وتم ئەرێ ئەمانە بۆچی وا دەکەن، خۆ ئەوە هەموو جارێ یەک- دوو سەعاتێ درەنگتر دەست پێ دەکەن. تێناگەم بۆچی دەستی ئەم خەلکە ئاوا دەبڕن و لەکار و فرمانیان دەکەن. کە ناتوانن شەش دەست پێ بکەن، پێشتر بە خەلکتان بگوتایە و بلاّویشیان بکردایەتەوە، بابە ئێمە حەوت دەست پێ دەکەین، هەشت دەست پێ دەکەین ... بەلاّم هەر زوو کەوتمە سەرزەنشتی خۆم ... ئەمە یادی شەهیدێکە، شەهیدێ کە دۆست و هاوڕێت بووە... ئەو ژینی خۆی بەخشیوە، تۆ ناتوانی سەعاتێ، دوو سەعات کاتی خۆت ببەخشیت. ئێ خوا هەڵناگرێ، ئەوەتا ئەمانیش یەک دوو هەفتەیەکە خۆیان بۆ ئەم رۆژە ئامادە دەکەن. هەرچۆنێکیش بێت، ئەمان شەهیدیان هەر لەبیرە و یادی دەکەنەوە، یاد کردنەوەیەک کە لە پلەو پایەی ئەودا بێت...ئەوانەی بەر دەرگەکە هاتنە ژوورەوە و دەرگەکەیان پێوەدا. هەریەکەیان لە قوژبنێکدا هەڵتووتا.

باشە، وا دیارە دەست پێ دەکەن. تەماشایەکی سەرشانۆکەم کرد، هێشتا خەلکێکی زۆری بەسەرەوە بوو... دەهاتن و دەچوون، تەختیان دەبرد و سەندەلییان دەهێنا، مایکرۆفۆنیان دادەنا و وایەریان هەلدەگرت... گەڕە لاوژەیەکی سەیر بوو. زۆر بوون. لەپڕ دیتم قەحبەکەش لەوێیە. بەڕاستی لە جێگاکەی خۆمدا وشک بووم ... [باشە ئەمە چی گەیاندییە ئێرە...].. پێشتر دەمزانی لەگەڵ ئەماندایە و زۆریش تێکەڵن، گەلێ یارمەتیی ئەمانی دەدا و زۆر کاری بۆ هەلدەسووڕاندن. دەمبیست کە لە هەموو کۆڕ و دانیشتنێکدا و لەملاولەولا، بەبالاّی ئەماندا هەلدەلێ...ئەمانیش، ئەلهەقی، پشت و پەناو گوێڕایەلی بوون و بێدلییان نەدەکرد. بەلاّم نەمدەزانی لە ڕۆژێکی ئاوادا ئەم بۆچی چۆتە سەر شانۆکە.

خەڵکێکی زۆر، ئەوانەی جێگەی دانیشتنیان بەر نەکەوتبوو، پاڵیان دابوو بە دیوارەکانەوە، یا هەر بە چیچکانەوە بۆی دانیشتبوون و کرووشکەیان کردبوو، چاویان لە هیچەوە نەبوو، تەنێ گوێیان دەگرت. کەس ئاگای لە ئێمە نەبوو. دوای تاوێ کابرای میوان لە قسەکانی بووەوە. خەڵکەکە چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێ دا. ئەویش چوو پاڵی دا بە دیوارێکی شانۆکەوە. قەحبەکەش، وەک شاعیرێکی لێزانی بە میکرۆفۆن و چەپڵە ئاشنا، لەسەر خۆ هاتەوە بەردەم میکرۆفۆنەکە و دەمی پێوەنا و دەستی بە قسان کردەوە. ئەمجارەیان نوێنەری بنەماڵەی مامۆستای شەهیدی بانگ دەکرد بچێت ئاخاوتنی خۆی پێشکێش بکات.
نوێنەری بنەماڵەی مامۆستای شەهید هەستایە سەرپێ و لەگەڵ چەپڵەڕێزانی خەڵکەکەدا رووی کردە سەر شانۆ. خەڵکەکە هەموو تەماشای ئەویان دەکرد. ئەمە شانازییەکی گەورە بوو بۆ ئەو و بۆ بنەماڵەکەیان. ئەویش، بێگومان، ئەمەی دەزانی. زۆر رێک وپێک و هێمنانە هەنگاوی دەنا. مامۆستا کە چاوی بەو کەوت سیخوڕمەیەکی تێوەژەندم و گوتی:

– چاوت لێیە چەند گەورە بووە. ورگیشی پەیدا کردووە.
– تۆ جارێ لەوە گەڕێ. ئێستا چی بکەین؟! هەر لێرە راوەستین؟!
– ئەی پەلەی چیمانە؟ با گوێ لەمیش بگرین.
– ئاخر تۆزێکی تر چراکان پێ بکەن هەموو دەتناسنەوە و...
– مردووت مرێ، تۆ هەر لەسەر ئەقڵەکەی جارانتی. کێ من دەناسێتەوە؟!

نوێنەری بنەماڵەی شەهید لە بەردەم مایکرۆفۆنەکەدا راوەستابوو. ماوەیێکی زۆر بێدەنگ بوو. خەڵکەکە هەموو چاویان بڕیبووە دەمی وی. واپێ دەچوو ئەو هەستی بەوە کردبوو کە ژنەکە خۆی تەنیا نییە. تەماشایەکی کرد، بەڵام خۆی گێل کرد. کەوتە قسەکردن. باسی ئەوەی دەکرد کە هەموویان، هەموو بنەماڵەی مامۆستا هەر لەسەر رێبازەکەی ئەون. هەموو ئامادەن سەربازی بیروباوەڕی ئەو و رێکخراوەکەی ئەوبن. مامۆستا سیخورمەیەکی دیکەی تێوەژەندم:

– ئەرێ تۆ ئێستاکەش هەر لەتەکیاندای؟!
– بەخوا چی بێ لە تۆی بشارمەوە. نەوەڵڵا دەمێکە وازم لێ هێناون.
– هەرگیز تۆ وا ژیر نەبوویت. چاکت کرد.
– تۆ خۆت منت هێنایە ریزەوە.
– من؟!
– ئەی خۆ ناشێ لەبیرت چووبێتەوە ؟!
– راستە، بەڵام هەر زوو ناسیمن.
– تۆ شەهیدی ئەوانی.
– شەهیدی ئەوان ؟!
– ئەی ئەوە نییە ؟!
– شەهیدی ئەوان نا ، کوشتەی دەستی ئەوان.
– مەبەستت چییە ؟!
– ئەگەر دەروێشییەکە بەری دابیت، تێدەگەی چ دەڵێم.



وێنەکەی مامۆستا لەجێگەکەی خۆیدا بوو، پێدەکەنی. تۆزێ هاتمەوە سەر خۆم. گوتم وادیارە چاوم رێشکە و پێشکە دەکات. دەمزانی هی بێخەوییە. ماوەیەک بوو خەوم نەبوو. شەوان تا درەنگێ دادەنیشتم و دەمخوێندەوە و جاروباریش دەمنووسی.
دوێنێ شەو تا مەلابانگدان هەر «مێژووی شۆڕشەکانی رۆژهەڵات» م دەخوێندەوە. کتێبێکی زۆر خۆشە. نەم دەویست وازی لێ بێنم. کاتی خۆی، پێنج شەش ساڵێ لەمەوبەر، لەگەڵ مامۆستادا ویستبوومان وەری بگێڕین، بەڵام نازانم چۆن بوو، ئیدی رێک نەکەوت. لەودەمەشەوە کتێبەکەم دەست نەکەوتبوو بیخوێنمەوە. باش بوو لەو رۆژانەدا، کاری راست بێت، ئازاد ئەم دانەیەی بۆ پەیداکردم. گوتم بۆی دادەنیشم تا لێ دەبمەوە. ئەمرۆش بە درێژایی رۆژەکە هەر سەرم دەئێشا. بەس نەبوو نەمکرد بەهات و هاوار، ئەگەرنا شێتیان دەکردم.
ژنە قەحبەکە قسەی دەکرد. لێپرسراوی یەکەمی بانگ کرد بچێ وتار بخوێنێتەوە.
لێپرسراوی یەکەم بەگوڕ هەستاو چووە سەر شانۆکە و میکرۆفۆنەکەی لە ژنە وەرگرت و لەسەر سێپێکەی دانایەوە و دەستی بە قسان کرد. باسێکی زۆری مامۆستای کرد و بە گەرمەوە ئاخی بۆ نەمان و کۆچکردنی هەڵدەکێشا. خەڵکەکەش بەگەرمی چەپڵەیان بۆ لێ دەدا. کە لێ بووەوە لە شانۆکە نەهاتە خوارەوە. چوو پاڵی دا بەدیوارێکی شانۆکەوە و راوەستا. ژنە چووە بەردەم میکرۆفۆنەکە و کۆڵێ قسەی کرد. پاشان بانگی یەکێ لە میوانە بەرێز و ناودارەکانی کرد بچێ گوتاری خۆی بخوێنێتەوە. ئەمیش زوو خۆی گەیاندە سەر شانۆکە. هەر دەستی پێ کرد و پێ نەکرد، لێپرسراوی یەکەم پەلی قەحبەکەی راکێشا و بردییە پەنایەکەوە و کەوتە هەڵگوشین و ماچکردنی. من بەجارێ تێکچووم. ئەی ئەمەیان چی بوو؟! نازانم خەڵکەکە ئەم دیمەنەیان دەبینی یا نە. وا دیاربوو زۆربەیان دڵیان دابووە قسەکانی کابرای گوتارخوێنەوە. باسی ئەوەی دەکرد چۆن دەبێ شەهیدان بکەینە سەرمەشق و نموونە بۆ خەبات و تێکۆشانمان و بۆ رەوشت و خووی شۆڕشگێڕانەمان و بۆ خۆ بەختکردن و دڵسۆزی. بەڕاستی زۆر جوانی دەگوت و خەڵکەکەش بەدڵ و بە گیان گوێیان رادەدێرا و ئەو هۆڵە گەورە و پان و پۆڕە دەنگێ، ورتەیەکی لێوە نەدەهات. تەماشایەکی ئەولام کردەوە. لێپرسراوی یەکەم خەریک بوو جلەکانی لەبەر قەحبەکە دادەماڵی و جار بەجار خۆی پێوە دەنووساند. دەستی گرت و بردی و لەدەریچەیەکی سەر شانۆکەوە لە چاوان ون بوون. تەماشایەکی وێنەکەی مامۆستام کرد. وێنە نەبوو، مامۆستا خۆی لەوێ راوەستابوو، چاوی بڕیبووە تێو چاوی من و دەستێکی هەڵتەکاند. خەریک بوو شێت دەبووم. نەمدەزانی ئەمە چییە. یەک دوو جارێ چاوم لێک نان وچاوم کردنەوە. بەڵام ئاگام لە خۆم بوو. نەخەونم دەبینی و نەخەویشم دەهات و چاویشم رێشکە و پێشکەی نەدەکرد. چاوێکم بە هۆڵەکەدا گێڕا. خەڵکەکە گوێیان دابووە قسەکانی کابرا. لەوکاتەدا لێپرسراوی یەکەم لە دەرگەیەکی بچووکی تەنیشت شانۆکەوە هاتە دەرێ. زۆر سست و خاوبوو. لەسەر خۆ هەنگاوی دەنا. بەدەم باوێشکدانەوە هاتەوە سەرجێگەکەی خۆی و روونیشتەوە. ژنەش هاتبووەوە سەرشانۆکە و بەسەر و قژێکی ئاڵۆزکاوەوە راوەستابوو.
کابرای میوان دابوویە بەری. تەماشایەکی مامۆستام کردەوە لەجێگەکەی خۆی نەمابوو. رووەو ناو خەڵکەکە دەهات. رێک و رەوان تەماشای منی دەکرد. زۆر شڵەژام و بەڕاستی ترسم لێ نیشت. خۆم پێ رانەگیرا. هەستام و بە پیریەوە چووم. کە گەیشتمە لای دەستی گرتم. دەستی نەرم بوو. لەوە دەچوو هیچ ئێسکی تێدا نەبێ. نەیهێشت ورتەم لە دەم بێتە دەر. رایکێشام و چووین پاڵمان دا بە دیوارێکی هۆڵەکەوە. هەر ئێمە نەبووین.

ئێمە لەم قسانەدا بووین کە میوانی ناودار و خۆشەویست بە ئەسپایی لە دەرگە بچووکەکەی تەنیشت شانۆکەڕا هات دەرێ و رووی کردەوە جێگەکەی خۆی. چونکە قەڵەو و ئەستوور بوو، لەدانیشتندا دەتگوت هێسترێکە لە پەل‌وپۆ کەوتبێ و خۆی بدا بە زەویدا.
گوتم:

– بابڕۆین. لێرە لە یەکدی ناگەین.
– باشە با بچین. تۆ جێگەت هەیە؟!
– ئەی چۆن؟!
– ئەی بۆ نەچینە لای خۆم. یەک دوو هاوڕێی تازەشم هەن، حەز دەکەم چاوت پێیان بکەوێ و بیانناسی.
– هاوڕێی چی؟!
– یەکێکیان پیرێکە پەنجا شەستساڵێ لەمەوبەر مردووە و کچ و کوڕێکیشن هاوتەمەنی خۆمان نین، ئەوان تازە دەستیان داوەتێ.
– جا بچین لەوێ چی بکەین؟!
– کتێبی چاکمان لا هەن. دەزانم بەدڵی تۆش دەبن.

ورده ورده دڕمان بە خەڵکەکە دەدا و بەرەو دەرگەکە دەچووین. خەڵکێکی زۆر راوەستابوون و رووناکیەکەش زۆر کز بوو. زۆری پێ چوو تا گەیشتینە تێزیکی دەرگەکە. لەوێ تۆزێکی دیکەش راوەستاین. لەو کاتەدا نوێنەری بنەماڵەی شەهید، لۆژەلۆژ، بەرەو جێگەکەی خۆی دەهاتەوە. ئەوانەی ریزەکانی پێشەوە هەر کە چاویان پێ کەوت بەرزەپێ لەبەری هەستان و کەوتنە چەپڵەڕێزان. خەڵکەکەی دیکەش چاویان لەوان کرد و هەموو هەستانە سەر پێ و بە چاوی رێزەوە دەیانڕوانییە کوڕە و چەپڵەیان بۆ لێدەدا. ئەویش هێواش هێواش رووە و جێگەکەی خۆی گلۆر دەبۆوە. مامۆستا بە دەستێکی دەرگەکەی دەکردەوە و بەدەستەکەی دیکەی قۆڵی منی گرتبوو، بە لاچاویش هەوڵی دەدا سەر شانۆکە ببینێ، بەڵامئەوەندە خەڵک بە پێوە وەستابوون هیچ نەدەبینرا. شەپۆلێ بای سارد خۆی کرد بە ژوورا. یەکێ لە یاساوڵەکان هاتە پێشەوە و بۆڵاندی:

– کاکی خۆم ئێوە بۆچی وا دەکەن؟! یا ئەوەتا وەکوو ئەو خەڵکە راوەستن و گوێ بگرن، یا بچنە دەرەوە.

هێشتا لە دەرگەکەوە ئاوای ئەودیو نەبوو بووین، هەردوومان بە یەک دەنگ گوتمان:
دەچینە دەرەوە..!!

سۆللەنتوونا ١٠ـ ٤ـ١٩٨٢

ئەم کورتە چیرۆکە، یەکەم جار، لە کۆڕێکی ئەدەبیدا، کە لەلایەن «تیوەندی فەرهەنگی بێگانە»وە لەماڵی فەرهەنگی ستۆکهۆڵم رێکخرابوو، رۆژی چوار شەمەی ١٥ـ١١ـ١٩٨٢ خوێنرایەوە. ئەگەر جیاوازییەک لە نێوان ئەم تێکستەی ئێستا و ئەوەی لەو کۆڕەدا خوێندمەوە هەبێ، هەر ئەوەیە ژمارەی ئەو کەسانەی بۆ وتار خوێندنەوە دەچنە سەر شانۆکە کەم کراوەتەوە. ئەمەش پێشنیازی دۆستێکم بوو کە بە باشم زانی.
«فەرهاد»



## چیرۆکێکی پێنچەوانە

کاک ئەحمەدی قازی کە نووسەرێکی زانا و هونەرمەندە، نەزیلەی مشک و پشیلەی «عوبەیدی زاکانی» لە فارسیەوە بۆ کردووینەتە کوردی، بەم باوەڕە کە «وێژە و ئەدەبی کوردی گەشە پێ بدا».

باوەڕێکی جوانە، بێ گومان هەر کوردێکی بەهەست بۆی لە ئەستۆ دەدا.

تێکۆشانی کاک ئەحمەدیش بۆ وەرگێڕان و شاردنەوە و لە چاپدانی ئەو نەزیلەیە جێگای سوپاسە، بەڵام بە تێڕوانینێک لە نەزیلە فارسیەکەی «عوبەیدی زاکانی» و وەرگێراوەکەی کاک ئەحمەدی قازی جیاوازییێکی گرینگ وەبەرچاو دەکەوێ کە شایانی لێکۆڵینەوە و باس کردنە.

جارێ باسی ئەوە ناکەین کە کاک ئەحمەد بۆچی پشیلەی لێ کردووینە «کتک»! چونکە لەو هەرجومەرجەدا کە ئێستا تووشی زبانی کوردی بووە، و هەرکەس بەئیشتیای خۆی واژەیەک دادەتاشێ و دەکاری دێنێ، کاک ئەحمەدیش ئەو هەقەی هەیە کە پشیلەمان لێ بکا بە کتک. بەڵام ئەوەی شایانی باس و لێکۆڵینەوەیە فەرق وجیاوازی مەبەست و مانای نەزیلەی عوبەیدە لەگەڵ وەرگێراوەکەی کاک ئەحمەد، کە بەڕاستی زۆر لێک دوورن:

لە نەزیلەکەی عوبەیددا پشیلە نوێنەری زۆرداری و مل هوڕیە، واتە مەبەستی عوبەید لە گورپە ئەو رۆحانیە ریاکار و درۆزنانەن کە بەزاهیر زاهید و تۆبەکارن، تەسبیحیان بەدەستەوەیە و لە مزگەوتان دەگەڵ خودا وتووێژ دەکەن، بەڵام دەواقیعدا دڕندە و خوێن مژن و کەس ناپارێزن بەتایبەتی خەڵکی سادە و بێ دەسەڵات ماڵ وێران دەکەن. مشکەکانیش لەم نەزیلەیەدا نوێنەری خەڵکی بێ خەبەر و بێ دەسەڵاتن کە فریوی درۆ و دەلەسەی رۆحانی مل ئەستوور و درۆزن دەخۆن و لە نەتیجەی سادەدڵی و زووباوەڕیی خۆیان وەبەر پەلاماری عابید و زاهیدی تۆبەکار دەکەون و بەسەدان لێیان دەکوژرێ.

بە کورتی لە نەزیلەی عوبەیددا لەلایەک موسوڵمانەتی درۆ و مزگەوت و دوعا و تەسبیح دەبینرێ کە نوێنەرەکەی پشیلەیەکی بێ ڕەحمە، لەلایەکی خەڵکی تر سادە و بێ خەبەر، واتە مشک، و باوەڕی وان بە درۆ و دەلەسەی زاهید و عابید وەبەرچاو دەکەوێ.

بۆ وێنە وەختێک کە پشیلە لە مەیخانە گوێ دەداتە جنێوەکانی مشکێکی مە ست، لە پڕ رادەگرێ و پێی دەڵێ:

می شنیدم هر آنچه میگفتی «آروادین... سکیم... مسلمانا»
واتە: دەمبیست ئەوەی دەتگوت «ژنت ...... ئەی موسوڵمانان»

لە نەزیلەی عوبەیددا پاش ئەوەی پشیلە مشکەکە دەخوا، دەچێتە مزگەوت و بەزاهیر لە پیاوکوشتن پەشیمان دەبێتەوە و تۆبە دەکا و لە خودا دەپاڕێتەوە کە بیبەخشێ، قەولیش دەدا ئیدی کەس نەکوژێ. چەند مشکێکی سادە دڵ و زووباوەڕ ئەوە دەبینن و مزگێنی دەبەن بۆ مشکان کە پشیلە بۆتە «زاهید و عابید و موسوڵمان» و تۆبەی کردووە قەت مشک نەخوا. ئەم خەبەرە دەبێتە هۆی شایی و هەڵپەڕین لەناو مشکان و بۆ ئەوەی پشیلەی پیاوکوژ و زاڵم لەخۆیان رازی بکەن، چەند مشکی گەورە و بەناوبانگ هەڵدەستن و دیاری و پێشکێشی بۆ دەبەن، پشیلە مشکەکان بانگ دەکاتە تەنیشت خۆی و لە ناکاو پەلاماریاندەداتێ و دەیانکوژێ و دەیانخوا.

پاشان مشکەکان بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ ئەو زوڵم وزۆرە یەک دەگرن و هەموو هێزیخۆیان دەکار دەکەن بۆ لەناوبردنی پشیلەی زۆردار.
شەڕێکی گەورە هەڵدایسێ و مشکەکان پشیلە دەگرن و بە گوریس دەیبەستن و لەبەرسادە دڵی خۆیان نایکوژن! مەودای دەدەنێ و لێی غافڵ دەبن. پشیلە لەو فرسەتە ئیستیفادە دەکا، گوریس دەپسێنێ و پەلامار دەبا بۆ مشکان، زۆریان لێ دەکوژێ ودیسان بە سەریانیا زاڵ دەبێتەوە.
ئەم نەزیلەیە هەروەکو گوتمان شەڕی زوڵم لێکراو و بەخسیرانە کە مشک بێ لە دژی زاڵم و زۆردار کە پشیلە بێ. ئەم نەزیلەیە زۆر بەناوبانگە، تەنزێکی تراژدی و نیشدارە زەردەخەنەش دێنێتە سەر لێو. جا با بزانین کاک ئەحمەد ئەم نەزیلەیەی چۆن وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی:
لە شیعرەکانی کاک ئەحمەددا بە پێچەوانەی مەبەستی عوبەید کە خاوەنی نەزیلەکەیە، مشکەکان نوێنەری ڕژێمی پاشایەتی و زوڵم و زۆرن! ئەویش پاشایەتی ساسانی و هەخامەنشی کە لە نەزیلەی عوبەیددا ئەم دوو ناوەی نەبردراون! کەس نازانێ کاک ئەحمەد ئەم دوو پاشایەتیانەی بۆچی هەڵبژاردووە و چلۆن بەخۆی ئیجازە دەدا بیان ئاخنێتە ناو نەزیلەی عوبەید؟ بەڵام ئەوەی کە زۆرتر جێگای تەعەجوبە ئەوەیە کە بە پێچەوانەی مەبەست و ماناکەی نەزیلەکەی عوبەید، کاک ئەحمەد هەقی داوە بە پشیلە و گورپەی کردۆتە نوێنەری ماف و عەدالەت!!
دەبێ شوکری خودا بەجێ بێنین کە نەتەوەکانی تر نووسراوەکانی کورد ناخوێننەوە، دەنا دەبوو کاک ئەحمەد سەد نەزیلەی دیکە سازکا هەتا بتوانێ ئەوکارە ناشیرینەی خۆی بسەلمێنێ.
بێجگە لەوەش کاک ئەحمەد لە چەند جێگەی وەرگێڕاوەکەدا لە خۆیەوە شیعری داناوە کە هیچ پەیوەندیکی دەگەڵ نەزیلەکەی عوبەید نیە!
بۆ وێنە سەمای سالومە، سوتانی کۆشکی دارا، هەڵدڕانی سینگی خوسرەو و زۆر شتی دیکە!
خۆ کاک ئەحمەد لە کاری تەرجومەدا پیاوێکی بێ تەجروبە نیە، ئەدی بۆچی ئەوەی بەسەر نەزیلەی عوبەید هێناوە؟ هیوادارم کاک ئەحمەدی خۆشەویست، کە بێگومان توانایی و هونەری وەرگێڕانی هەیە لە وەرگێڕانی دیکەدا هێندە لە مانا و مەبەستی خاوەن شیعر و کتێبەکان دوور نەکەوێتەوە، تا هەم ئەمانەتداری پاراستبێ و هەم حورمەتی وێژە و زمانی کوردی ڕابگرێ.

**دوکتور بابەک**

**مادرید - دەی مارس ١٩٨٧**



# چەند هەڵەیەکی فەرهەنگی

لە "فەرهەنگی سویدی - کوردی" یەکەی کاک سەلاح ڕێبواردا

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

## ڕێبوار و هێمن

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

لەم چەند ساڵانەی دوایی دا ژمارەیەکی زۆر کورد ڕوویان کردە دەرەوەی وڵات و هەر کۆمەڵەیان لە وڵاتێکی ئەورووپیدا گیرسانەوەو بوونە پەنابەر .
سەرباری گیرو گرفتی دوورە وڵاتی و لە کەس و کار دابڕان و جیاوازی کولتووری و ... هتد نەبوونی فەرهەنگیش بەزمانی زگماک گیروگرفتێکی دیکەیە کە کوردانی ئاوارەی ئەم وڵاتە دووچاری هاتوون .
بوونی فەرهەنگێک بە زمانی کوردی " ئەگەرچی بە یەکێک لە دوو دیالێکتە سەرەکی یەکەی زمانی کوردیش بێت " جگە لەوەی کە پێداویستی کەسانێک پڕ دەکاتەوە کە بەو دیالێکتە قسە دەکەن لە فێر بوونی زمانی ئەم وڵاتە دا ،لە هەمان کاتیشدا دەبێتە هەنگاوێک بۆ لێک نزیک خستنەوەی دوو دیالێکتی ناوبراو ئەویش بە بەکار هێنان و ئاڵ و گۆڕ کردنەوەی ئەو وشانەی کە لە دیالێکتی بەرامبەر دا وشەی بێگانەیان بۆ بەکار دەهێنرێت . هەموو ئەم هۆکارانە پێکڕا وایان کردووە کە زۆر کەس و کۆمەڵ هەوڵیان داوە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە . بەڵام نەبوونی شارەزایی تەواوی کەسانێک کە دەستیان دەدایە ئەم کارە لە یەکێکیان هەردوو زمانی فەرهەنگەکەدا و نەبوونی هاوکاری لە نێوان کەسانێکی شارەزای زمانی کوردیدا هۆکار بوون بو دوا کەوتنی فەرهەنگی چاوەڕێ کراو . سەرەڕای هەموو ئەمانەش هەندێک کەس هەر کۆڵیان نەداوە و ماوەیەکی زۆری کات و توانای خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە .
ئەوە بوو وەکوو دیارییەکی ساڵی نوێ کۆرپەی یەکێک لەم هەوڵانە چاوی پشکووت و فەرهەنگەکەی کاک " سەلاح ڕێبوار " مان کەوتە بەر دەست . فەرهەنگەکە وەکو بەرهەم لەگەڵ ئەو هەموو کەم و کورتییانەشکە تێیدایە جێی خۆی دەگرێت و ئەگەرچی ئەو کێوە زلەشی نەرووخاندبێت کە کاک سەلاح لە پێشەکی فەرهەنگەکەدا ناوی بردووە، دەبێتە هاندەرو ڕێ پێشاندەر بۆ کەسانێک کە خەریکی کاری لەم جۆرەن بەوەی کە سوود لە هەڵەکانی ئەم فەرهەنگە ببینن . هەر لە بەر هەمان هۆ هەوڵ دەدەین چەند سەرنجێکی خۆمان سەبارەت بە فەرهەنگەکە بخەینە روو . پێشمان وانییە مەبەست لەم کارە نە نرخاندنی کارەکەی کاک سەلاح بێت و پشتی سارد بکاتەوە ، بە پێچەوانەوە ئەم سەرنجانە نەک تەنیا کۆمەڵێک هەڵەی دوو توێی فەرهەنگەکە ڕاست دەکەنەوە، بەڵکوو لەو کەسانەش دەکەن کە خەریکی ئەم جۆرە کارانەن کە نەکەون بە سەر هەمان هەڵەی فەرهەنگی ناوبراودا . لە هەمان کاتدا پێمان وانییە کە پێویستی بوونی فەرهەنگ وامان لێ بکات کە بە هەر جۆرە فەرهەنگێک بێت ڕازی بین .
ڕەنگە ئێستا زۆر کەس چاویان بە فەرهەنگەکەدا خشاندبێ و باری سەرنجی خۆیان هەبێت بەرامبەری . ئەو هەڵانەی لە فەرهەنگەکەدا هەن زۆر بەزەقی دیارن و لە هەندێ

| | |
|---|---|
| ٣- لەبار ، شیاو | adekvat |
| ٤- ناونیشانی وەرگرت | adressat |
| ٥- هەرە باش ، باشترین | allra |
| ٦- زەردەلوو ، هەڵووژە | aprikos |
| ٧- تام ، چێژ | aptit |
| ٨- کارمەند ، کرێکاری کارامە | arbetsför |
| ٩- کۆپی کردن ، لەبەر نووسینەوە | avskrift |
| ١٠- پەسەند دەکا | avslå |
| ١١- سەرەوژێر ، سەرەوخوار | bakfram |
| ١٢- درۆ کردن | bejuga |
| ١٣- شەکەت ، ماندوو | besvärlig |
| ١٤- دەدرەوشێتەوە ، دەبریسکێتەوە | blinka |
| ١٥- درۆ | bluff |

گەر جارێکی دی سەرنجی ئەو ووشانەی سەرەوە بدەن بۆتان دەردەکەوێت کە نەک تەنیا بە هەڵە وەرگێڕدراون بەڵکو هەندێکیان بەتەواوی لنگەو قووچ کراون بۆیە لێرەدا مانا راستەکانیان دەنووسین هەتا گەر دانەریش سوور بێت لەسەر ماناکانی فەرهەنگکەی با خوێنەر بەهەڵەدا نەچن .

١- أ- بێ گومان . ب- بەتەواوی . ئەوەی دانەر نووسیوویە بەرامبەرەکەی لەسویدی دا " absolut inte " یە .
٢- نابەجێ ، ناماقوڵ .
٣- هاوتا ، پڕ بە پڕ .
٤- وەرگر ، وەرگری نامە " ئەو کەسەی نامەکەی بۆ دەچێت .
٥- هەرە . " هەرە باش ، باشترین " لە سویدی دا " allra bäst " ە وە " allra " دەشێت لەگەڵ " värst " یش دا بێت و ئەو دەم بە کوردی دەبێت بە "هەرەخراپ ، خراپترین " .
٦- " aprikos " تامی قەیسی زێتر دەدات وەک لە هەڵووژە .
٧- ئارەزووی خواردن ، دڵبردن " بۆ خواردن " .
٨- کەسێک توانای کار کردنی هەبێت " واتە لە بارێک دا نەبێت کە نەتوانێت کاربکات جا لەبەر هەر هۆیەک بێت " .
٩- " کۆپیێ کردن ، لەبەر نووسینەوە" بە " avskrivning " دەڵێن " avskrift "بە مانای " کۆپی " دێت .
١٠- " avslå " بەتەواوی پێچەوانەی " پەسەند دەکات " ە و مانای ڕاستی ، "avslå" " پەسەند ناکات یان رازی نابێت " ە .
١١- بەروپشت نەک سەرەو خوارو لنگەو قوچ
١٢- بەدرۆ باسی دەکات .
١٣- سەخت ، گران ، قورس ، ماندوکەر .
١٤- دەدرەوشێتەوە ، دەبریسکێتەوە" مانای " blänka "یە نەک " blinka ". هەرچی " blinka"یە دوومانای هەیە (١) چاوەترووکێنێن یا خوو چاو دادەگرێت . (٢)هەڵ دەبێت و دەکوژێتەوە یاخود دادەگیرسێت و دەکوژێتەوە" بۆ رووناکی بەکار دێت .
١٥- " bluff " بە مانای فێڵ و گزی دێت نەک درۆ .



شوێن دا وا لە مرۆڤ دەکات ناز ناوی فەرهەنگی لێ بکاتەوە . زۆربەی ئەو هەڵانە کە بە بۆ چوونی ئێمە لە ئەنجامی کەم شارەزایی دانەرەوە لە دوو زمانی سوێدی و کوردی دا سەری هەڵداوە ، زۆر بە ئاسانی چارە سەر دەکران گەر بهاتباو دانەر پێش چاپ- کردنی بەرهەمەکەی پیشانی هەندێ کەسی بدایە کە شارەزاییان لە خۆی پترە ، بەڵام بە داخەوە وا پێ دەچێت کە دانەر زێتر بە تەنگ ئەوەوە هاتبێت کە زووتر بەرهەمەکەی بکەوێتە بازاڕەوە بەو هیوایەی مەدالیای رووخاندنی ئەو کێوە زلەی پێ ببڕێت نەک چۆنێتی بەرهەمەکە .

ڕەنگە هەندێک لەو خوێنەرانەی بەم ووتارەدا دەچنەوە ئەو رەخنەیەبگرن کەهیچمان دەسەڵات نی‌یەو خەریکی رەخنەو قسەی زلین، ئەو رەخنەیە گەر هەبێت سەرچاوان لەوەڵامدا دیسانەوە دەڵێین پێویستی بوونی فەرهەنگ نابێت وامان لێ بکات بە هەر جۆرە فەرهەنگێک بێت رازی بین و سەرنجی خۆمان دەربارەی نەنووسین،چونکە هەر ئەم جۆرە لێ دووانانەیە کە دەبێتە هۆی دووبارە نەبوونەوەی هەڵەو وەدەست هێنانی بەرهەمی رێک و پێک و پوختە .

بەداخەوە نموونەی هەڵەو کەم و کوڕی‌یەکانی فەرهەنگەکە زۆرلەوە زێترن کە گشتیان لە باسێکی ئاوادا جێ بکرێنەوە ، بۆیە ناچارین کە تەنیا دوو پیتی " A و B " وەکو مشتێک بکەینە نموونەی ئەو خەروارەی کاک سەلاح .

هەڵەو کەم و کورتی‌یەکان چەند جۆرێکن ، جۆری یەکەمیان لە ئەنجامی کەم شارەزایی دانەرەوە لە زمانی کوردی‌دا سەری هەڵداوە ، هەر وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

| | |
|---|---|
| ١- باری گۆڕینی خێرایی | acceleration |
| ٢- گرێی قوڕگ | Adamsäpple |
| ٣- ژیان ناس ، پسپۆری ژیان | biolog |
| ٤- رستەی ناسەرەکی | bisats |
| ٥- گەرماوی خوێن | blodbad |
| ٦- دەزگای سوڕاندنەوەی خوێن | blodkärl |

گەر بهاتبایەو کاک سەلاح کەمێک شارەزای کتێبە کوردی‌یەکانی قوتابخانە بایە دەکرا لەبری ئەو ووشانە (تاودان - سێوی ئادەم - زیندەوەرزان - رستەی شوێن کەوتوو - قەسابخانە یان گۆمی خوێن - بۆری یان دەماری خوێن) ی بەکار بهێنایە کە گشتیان ووشەی ناسراون و خوێنەر ئاشنایە پێیان و پڕبە پڕی بەرامبەرەکانیانن لە سوێدی دا بەمەش نەدەکەوتە ئەو هەڵەیەوەی کە " blodbad " بە گەرماوی خوێن و " blodkärl "بەدەزگای سوڕاندنەوەی خوێن وەربگێڕێت کە نەک هەر پڕ بە پڕی بەرامبەرەکانیان نین بەڵکو هەر بەتەواوی هەڵەن .

کەم شارەزایی دانەر لە زمانی دووەمی فەرهەنگەکەداکەسوێدی‌یە بۆتە هۆی سەر- هەڵدانی جۆری دووەم لە هەڵەکان وەک لەم نموونانەدا دەردەکەوێت :

| | |
|---|---|
| ١- بە هیچ جۆرێ ، هەرگیز | absolut |
| ٢- ناکرێ ، ناڕەوایە | absurd |

| | | |
|---|---|---|
| بێ بەش بوون | " چاووگە " | betaga |
| چاو قوچاندن ، چاو بەستن | = | blunda |

ئیدی نازانم گەر دانەر گشت ئەمانە بەرانەبووردوو تێ گەیشتبێ ئەوەیان باسێکی دیکەیە .

کە باس هەر باسی کردارە جێی خۆیەتی کە سەرنجی خوێنەر راکێشرێت بۆ ئەوەی کە دانەر جیاوازی نەکردووە لە نێوان کرداری تێپەڕ و تێنەپەڕ دا و بە تەواوی تێکەڵی کردوون ، بەمەش کەوتۆتە هەڵەوە لە مانا کوردییەکان دا . بۆ نموونە دەبینین دانەر بەرامبەر بە سێ کرداری " ackomodera " و " aktivera " و " besvära" کە هەر سێ کرداری تێپەڕن ، سێ کرداری " دەگونجێ " و چالاک دەبێت " و ناڕەحەت دەبێت"ی داناوە کە هەرسێکیان کرداری تێنەپەڕن کە دەبا " دەگونجێنێ" و " چالاک دەکات "و ناڕەحەتی دەکات " ی دابنابایە .

هەرچی بۆ دوو کرداری " ansvara " و " beväpna " شە لەوە دەچێت دانەر خوێنەری سەرپشک کردبێت کە بۆ هەریەک لەو دووانە یەک لەم دوو مانایە هەڵبژێرێت .

" بەر پرسیار دەبێت " ، " بەرپرسیار دەکات " بەرامبەر " ansvara "

"چەکدار دەکات " ، چەک هەڵ دەگرێت " بەرامبەر " beväpna "

کە یەکێکیان کرداری تێپەڕەو ئەوی دی تێنەپەڕە بەڵام مانای راستی ئەو دووووشەیە " بەرپرسیار دەبێت" و " چەکدار دەکات " ە،یەک لە دوای یەک .

دانەر دەبا لە بەرامبەر کرداری " beta " دا خوێنەری سەرپشک بکردایە کە یەک لە دوو ووشەی " دەلەوەڕێنێ " یان " دەلەوەڕێت "ی هەڵبژاردایە ، چون ئەم کردارە لە سوێدی دا لە هەر دوو بارەکەدا " واتە تێپەڕو تێنەپەڕ" بەکار دەهێنرێت بەڵام بەداخەوە دانەر تەنیا بە " دەلەوەڕێنێ" بردووە .

هەڵەیەکی دی بەرچاوی فەرهەنگەکە ئەوەیە کەدانەر لە زۆر شوێن دا ماناکوردییەکانی لە فۆرمی هەڵەدا نووسیوە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوە کەمانای تەواوی ئەو ووشە سوێدییانە نادەن کە بەرامبەریان دانراون . هەروەک :

لە بەرامبەر ووشەی " ackuratess "ی سوێدی کە " ناوە " دانەرووشەی"بەووردی" داناوە کە ئاوەڵکردارە "،لە بری ووشەی " ووردەکاری " کە فۆرم و مانای راستی ئەو ووشەیە لە کوردی دا و زۆر نموونەی دی لەم چەشنە کە لێرە دا تەنیا پەنجەیان بۆ رادەکێشین .

" allmänhet " ناوە" کەچی یەکێک لە بەرامبەرەکانی ئاوەڵکردارە " بە گشتی"

" allvar " ناوە بەرامبەرەکەی ئاوەڵکردارە" بەڕاستی "" akt " ناوە بەرامبەرەکەی ئاوەڵناوە." ئاگادار، ووشیار" لێرە دا سەرنجی خوێنەر رادەکێشین بۆ بەراووردێک لە نێوان دوو ووشەی سوێدی " akt " " کە ناوە " و " aktsam " کەئاوەڵناوە" لە فەرهەنگەکەدا . بەم بەراوورد کردنە خوێنەر بە ئاسانی ئەم جۆرە هەڵەیەی بەرچاو دەکەوێت .



گەلێک گرنگە کە ئەو نووسەرو خامە بەدەستانەی لە دەرەوەی وولاتن بەلایەنی کەمەوە خۆیان لەرەوتی پێشکەوتنی بزووتنەوەی ئەدەبی کوردستان " بە تایبەتی کوردستانی خواروو " دانەبڕن و هەوڵ بدەن سوود لەو پێشکەوتنە ببینن کە زمانی کوردی لەو بەشەدا بە خۆیەوە دیوە . داتاشینی ووشەی دزێو، نەک تەنیا شتێکی کاڵ وکرچ و وەرنەگیراو دەبێت بەڵکو زۆریش لەو بزوتنەوەیە دوور دەکەوێتەوە .

بەداخەوە دانەر هەستی بەمانە نەکردووە،بەڵکو بێ بەزەیییانە هاتووە وکەوتۆتە سەروگوێلاکی ووشەو هەندێ ووشەی نوێی دزێوی داتاشیوە کە نەک هەر تەنیا خوێنەر لێی حاڵی نابێت بەڵکو بە گومانم لەوەی کە دانەر خۆشی لە نووسینێکی دیکەدا بەرچاوی بکەوێت لێ یانە حاڵی ببێت . وەکو :

١ـ باجی دەستکردەکانی خۆجێی " بەرامبەر ووشەی " accis "ی سوێدی داناوە کە بەو باجە دەگووترێت کە لە سەر بەرهەم هێنان و فرۆشتنی کەرەستەیەک لە ناوەوەی وولات دا دادەنرێت .

٢ـ"کتێبخانەی کۆنەفرۆشی" بەرامبەر ووشەی " antikvariat "ی سوێدی کە بەو شوێنە دەگووترێت کە کتێبی کۆنی لێ دەفرۆشن .

٣ـ "کۆگای مردووان" بەرامبەر " bårhus " کە بەمانای مردووخانە دێتە نەک ئەو جێگایەی مردووی تێدا دەفرۆشن .

دانەر هەر زوو ئەو تێبینییەی لە یاد کردووە کە خۆی لە لاپەڕە" ٥ "ی فەرهەنگەکەدا نووسیوویەو دەڵێت " کردارەکانی ئەم فەرهەنگەم بە گشتی لە باری رانەبوردوودا بە کار هێناون ، ئەوەش بۆ ئەوەی خوێنەر بە ئاسانی بۆی جیا بکرێتەوە". کەچی هەر لە سەرەتای فەرهەنگەکەوە خۆی لە هەندێ شوێن دا کرداری رابووردوو و لە هەندێ شوێنی دیش دا چاووگی بە کار هێناوە کە ئەمەی دوایییان هەر بەتەواوی دەبێتە هۆی سەر لێشێواندنی خوێنەر چونکە لە زمانی کوردی دا چاووگ زۆر جار وەکو ناو بە کار دەهێنرێت . هەر وەک :

| | | |
|---|---|---|
| ئاخنی ، کۆی کردەوە | "رابووردوو " | ackumulera |
| کۆی کردەوە | = | adderas |
| سزای دا | = | aga |
| دوای خست | = | ajournera |
| دەری خست | = | anföra |
| زامنی کرد | = | assurera |

| | | |
|---|---|---|
| یەک بوون | " چاووگە " | alliera |
| نیشاندان | = | ange |
| پەیوەندی پێوەگرتن | = | anknyta |
| بۆ چوون | = | anse |
| سووتاندن ، گڕ تێ بەردان | = | antända |
| بەکارهێنان | = | använda |
| ناردن | = | avsända |
| هەڵاتن ، گۆڕان | = | avvika |
| چەسپ یا توند کردن | = | befästa |
| حاڵی بوون ، تێگەیشتن | = | begripa |

" anspråksfull " ئاوەڵناوە" بەرامبەرەکەی ناوە" داواکاری زۆر" beröm "
ناوە" بەرامبەرەکەی ئاوەڵناوە" ناسراو ، بەناوبانگ " " bilaga " ناوەبەرامبەرە-
کەی کرداره" لێی زیاد دەکات " blota" کرداره" بەرامبەرەکەی ناوە"قوربانی"٠

هەندێ ووشەی سویدی هەیە کەتەنیا بە ووشەیەکی کوردی ناتوانرێت مانای تەواوی، بدرێت بە دەستەوەو پێویستی بە روون کردنەوە هەیە ، نەبوونی ئەم روون کردنەوانەش لە هەندێک شوێن دا کەم و کورتی‌یەکی دی فەرهەنگەکەیە ، هەر وەک لەم دوو نموونەیەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت :

" aga " جۆرێکە لە سزادان کە ئەویش سزادانی منداڵە لە لایەن کەسانێکی لە خۆی گەورەترەوە. بۆ ئەوەی " aga " لە " straffa " جوێ بکرێتەوە کە هەر دووک بە مانای "سزادەدات" هاتووە لە فەرهەنگەکە دا دەبا کاک سەلاح روونی بکردبایەوە کە " aga " چ جۆرە سزادانێکە .

بە هەمان شێوە " amputation " بە مانای بڕینەوەی ئەندامێکی لەش دێت" وەک دەست نەک هەموو جۆرە بڕینەوەیەک، پێویست بوو دانەر پەنجەی بۆ رابکێشایە .

گەر بهاتایەو فەرهەنگەکە یەکەم بەرهەم نەبایە لەم بوارەدا ، دەکرا مرۆڤ زێتر بچوایەتە قوڵایی باسەکەوە و باری سەرنجی خۆی دەربارەی زۆر شتی دیکەش بخستایە روو. ئەو خاڵانەی لە سەرەوە دەست نیشان کران جۆرە کەم و کورتی‌یەکن کە رەوا نی‌یە بە هیچ جۆرێک لە فەرهەنگ دا بن و زۆر لە نرخی فەرهەنگ دادەگرن .

ڕێبوار و هێمن



# ئێمە چ تەگەرەیەکی دەستکرد لە پێش پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی دانانێین ... بەلام..

## گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک «عەزیز محەمەد»ی سکرتێری یەکەمی کۆمیتەی نێوەندیی پارتی کۆمونیستی عێراق

**ئامادەکردنی: فەرهاد شاکەلی**

هێندێ روونکردنەوەی پێویست :

---

* بەهاری ساڵی ١٩٨٦ کە بەسەردان چووبوومە یەکێتی سۆڤییەت دەرفەتێکی باشم بەدەستەوە بوو بۆ چاوپێکەوتنی کۆمەڵێ دۆست و ئاشنای کورد و هێندێ لە دۆستانی گەلی کورد. یەکێ لەو برایانەی کە پێم خۆش بوو چاوم پێ بکەوێ و گفت و گۆیەکی کوردانە و دۆستانەی لەگەڵ بکەم کاک عەزیز محەمەد بوو. رۆژی ٢٦ـ٤ـ١٩٨٦، لە مۆسکۆ، چاوم پێ کەوت وئەم گفتوگۆیەمان کرد.

* گفتوگۆکە هەر راستەوخۆ لەسەر کاسێت تۆمار کراوە. پاشان هەر وەکوو خۆی هێنامە سەر کاغەز و، تەنیا بایی ئەوەی کە نووسین لە قسەکردن و دەمەتەقێی ئاسایی جیا بکرێتەوە لە رووی زمان و دارشتنی رستەکانەوە دەسکاریم کرد و، وەک بەڵێنم دابوو، ناردمەوە بۆ کاک عەزیز، تا چاوێکی لێ بکات و ناوەرۆکەکەی، بەو شێوەیەی کە خۆی دەیەوێ و پێی باشە، دابرێژێتەوە. لەوەوپاشیش بە نامە و بە تەلەفۆن هەر پەیوەندیمان هەبووە، تا ئەنجامەکەی ئەم گفتوگۆیەی لێ دەرچوو کە لەو لاپەرانەی داهاتوودا دەخوێنرێتەوە. هەرچی ژیان و بیرورا ئەدەبییەکانی کاک عەزیزە، وام بە باش زانی ئەو دەرفەتە بەجێ بهێڵم کە خۆی خۆی پێشکێش بکات. ئەویش، کاری راست بێ، بەو شێوە جوانەی کە دەیخوێننەوە، کارەکەی ئەنجام دا.

* باسی هەرە گرنگ، بەلای منەوە، لەم گفتوگۆیەدا ئەوەیە کە بزانین سکرتێری پارتێکی کۆمونیست لە وڵاتێکدا کە بەشێکی کوردستانی داگیر کردووە، چۆن بیر لە مەسەلەی کوردستان و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد دەکاتەوە.
لەوەیە پیاو پێویستی بە زیرەکییەکی زۆریش نەبێ بۆ ئەوەی تێ بگا کە بیروڕا و بۆچوونی حیزبە کۆمونیستەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، و رەنگە گەلێ وڵاتی دیکەی جیهانیش، تاڕادەیەکی زۆر وێنەیەکن لە سیاسەت و بۆچوونی یەکێتی سۆڤییەت.

* کۆمەڵێ باس و خواسی دیکە هەن، دڵنیام بەشێکی زۆری خوێنەران پێیان خۆش بوو، وەک پاشخانێک، لەگەڵ ئەم گفتوگۆیەدا بخرانایەتە روو، وەکوو:

- مێژووی دامەزران و گەشەکردنی «یا نەکردنی» پارتی کۆمونیستی عێراق.
- هەڵسەنگاندنێکی مێژوویی ئەم پارتییە و رۆڵی لە سیاسەت و رووداوەکانی عێراق و کوردستاندا.
- جێگەی پارتی کۆمونیستی عێراق لە چوارچێوەی ئەو شەڕەدەنووکە ئیدۆلۆژییەی لە نێو بزووتنەوە کرێکاری و کۆمونیستەکانی دنیادا هەیە.
ئەوی راستی بێ، وەکوو نووسەرێکی کورد و مرۆڤێکی سەربەخۆ، من بەخۆما رانابینم، هیچ یەکێ لەو باسانەم پێ ساخ بکرێتەوە و دەرۆستی بێم.
ئەوە بۆ کەسانێ، کە لەو بوارەدا شارەزا و لێزان بن، بەجێ دەهێڵم. کارەکەی من هەر ئەوەندەیە کە لەگەڵ کاک عەزیزدا گفتوگۆیەکی گشتلایەنەی کوردانەمان کردووە.

* ئەم گفتوگۆیە و ئەوەی کە لەگەڵ خوالێخۆشبوو کاک ئیدریس بارزانیدا کردوومە بەشێکن لە کۆمەڵێ گفتوگۆی سیاسی و فەرهەنگی، لەگەڵ کەسانی جیاوازدا، کورد و نا کورد. شتی ناو کۆ و هاوبەش لە هەموو گفتوگۆکاندا بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد، کۆمەڵی کوردەواری، مێژووی کوردستان، زمان و فەرهەنگی کوردن. هیوادارم لە دەرفەت و جێگەی جیاوازدا هەموویان بڵاوبکەمەوە. رەنگە پێویست بە گوتن بکات کە، بەبێ پرس پێکردنی نووسەر، هیچ کەسێ بۆی نییە گفتوگۆکان، یا بەشێکیان وەربگێڕێ، بەکار بێنێ یا بڵاوبکاتەوە.

«ف»



دایک و باوکم کە باسی تەمەنیان دەکرد جیاوازیان لە نێواندا هەبوو، چونکە بە حیسابی جۆخین واتە بە خەرمان ئەیانژمارد، بەڵام بە بەراورد کردن لەگەڵ ئەوانەی کە گوایا هاوساڵین واتە لە ساڵێکدا لەدایک بووین و کە تیایاندایە رۆژ و مانگ و ساڵی لەدایک بوونیان نووسراوە، دیارە کە لە ساڵی ١٩٢٤ دا لە دایک بووم، خۆشتان دەزانن نیوەی ئەو عێراقیانەی رۆژی لە دایک بوونیان روون نی یە، یەکی تەموزیان بۆ کراوە بە رۆژی لەدایک بوون، جا بەم جۆرە رۆژی لەدایک بوونی من یەکی تەموزە، واتە یەکی تەموزی ١٩٢٤.
- خێزانەکەمان زۆر هەژار بووە باوکم زۆربەی کات سەپانی کردووە، جار جارەش کە بۆی رێککەوتبێت جووتە گوێدرێژێکی پێکەوەناوە و فەلاحی کردووە، بەڵام کەم وا رێککەوتووە.
- باوکم خەڵکی گەردی‌یاتی بن هەولێر بووە، بەڵام دایکم دەربەدەر کراوی هەرێمی وان و پاش قلعە بووە، واتە لە کوردەکانی ژووروە. رەنگە لە دواساڵەکانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا گەیشتبێتە دەوروبەری هەولێر و لەوێ مێردی بە باوکم کردووە. لە دیوی عێراق کەسی نەبووە.
- گوندی بێرکۆت کە ئەوکات نزیکی هەولێر بووە و ئێستا کەوتۆتە ناو هەولێر شوێنی لە دایکبوونمە.
هەر چەند منداڵیی خۆم لەوێ وەبیرنایەت چونکە باوکم گواستنەوەی ئەم دێ و ئەو دێی کردووە، بەڵام لەم بەزموڕەزمی گواستنەوەیە ئەوەم لە بیرناچێت کە گەلێک جار دەخرامە لاتێرێکەوە.
- هەر لە منداڵیەوە لەبەر خوێندن دانرام، بەڵام ئەمە بەزۆری بەخواستی دایکم بووە، رەنگە سەبارەت بەوە بووبێت کەدایکم خۆی کچە مەلابووە، بۆیە زۆر حەزی دەکرد کەببمە خوێندەوار.
زۆری پێ نەچوو هێشتا تەمەنم بچوک بوو کە دایکم وەدووی خۆی دام بەرەو هەولێر و بۆ یەکجاری ماڵی بابم واتە ماڵی مێردی بەجێ هێشت، ئەویش لەبەر ئەوەی باوکم ژنێکی تری هەبوو.
دایکیشم وەک باسم کرد بێکەس بوو، هەرچەندە کەس و کاری ژن باوکم و باوکم بەچاوی رێز و خۆشەویستی تەماشایان دەکرد، بەڵام ئەمە توند و تیژی ناو ماڵی هێور نەدەکردەوە وباری گرانی دایکی بێکەسمی سووک نەکرد، ئەو بێکەسی و تەنیاییەی دایکم منی منداڵیشی دەگرتەوە و پڕوشکی ئەم ناکۆکیەم دەگەیشتێ کە ئێستا جێگای باس نیە.
- لە هەولێر دایکم ئیشی دەکرد، منیش لە مزگەوتی شێخ ئەبوبەکر قورئانم دەخوێند.
- ماوەیەکیش چوومە ناو فەقێیان، پیرزین و شاوەیس و بەحرکەم کرد، دوا قۆناخی خوێندنی ناو فەقێیانم بەحرکەی رەنگین بوو.
- گەڕامەوە هەولێر، خوێندنی ناو فەقێیانم بەجێ هێشت، ئەمە پێش ئەوەی بگەمە پلەیەک هێشتا هەر نیمچە سوختە بووم و ٣-٤ کتێبی وردەم خوێندبوون.

ـ کە گەڕامەوە هەولێر بۆلای دایکم، چەند ڕۆژێک چوومە مەیدانی کرێکاران بۆکار، بەڵام هیچ وەستا، یان سەرپاڵەیەک منیان نەدەبرد بۆ سەرکار، تۆ بڵێی لەبەر منداڵیم بووبێ، ئەوسا تەمەنم ١٢ـ١٤ساڵ دەبوو. یانی لە دەورووبەری ١٩٢٧ـ١٩٢٨ دا، یان دەبێ هۆی تری هەبووبێت، دیارە لەم سەیوبەیەنە هێندێ خێرخواز بە گوێی دایکمیاندا چرپاند کە بۆ دەبێ نەچم بۆ قوتابخانە، هۆیەکەش هەر ئەوەندە بوو کە دایکم هیچی نەبوو بەنان و زگ لە ماڵان کاری دەکرد، هەر هەمان ئەو خێرخوازانەش هەنگاوی یەکەمیان بەرەو قوتابخانە پێ هاویشتم و هەندێک پێویستی ئەم کارەیان بۆ جێبەجێ کردم.

ـ چوومە قوتابخانە، چونکە «ضرب زیدون عمراً» م دەزانی لە پۆلی سێیەم دایان نام، هەرچەندە هیچی ترم نەدەزانی. لە خوێندن هەر شەشی سەرەتاییم تەواو کردووە. پاش ئەوە بیرم کردەوە کەبچمە «صناعە»، یان «دارالمعلمین الريفية». بەڵام ئەبوایە تەمەنم لە «دائرەی نفوس» دووساڵ کەم بکەمەوە چونکە بە گەورە نووسرابووم، ئەمە هەر چەندە ئەو کاتە شتێکی ئاسایی و ئاسان بوو بەڵام بۆمن نەکرا.

ـ تاوێک بێ ئیش مامەوە، پاشان بە یارمەتی هێندێ دۆستان بە ڕۆژانە و بە مانگانە لە «تموین و داخلية» دامەزرام نزیکەی سێ ساڵ کارم کرد.

ـ پاشی راپەرینی کانون واتە لە بەهاری ١٩٤٨دا بە یەکجاری پەیوەندی ئیش و ژیانم هەمووی بە حیزبەوە بەسترا و بوومە محترفی حیزبی.

ـ دەربارەی زمان، کوردیەکەم ئەوەیە کە بیستووتە جا ئەگەر خوانەخواستە ئەمە کوردی زانین بێت، ئەوا کوردی دەزانم، عەرەبیش هەر بە خوێندنەوە فێربووم، قوتابخانەی یەکەمی فێربونی عەرەبیم بەندیخانە بوو، کەمێکیش ڕووسی سەرپێیی دەزانم، کە زۆربەی زۆری ئەم کەمەش بەبیستن فێربووم، ئەگەر زێدە ناچاربم ئەوا هێندێکیش تورکی خاپەڕۆک بەکاردەهێنم ئەویش تورکیەکەی هەولێر و کەرکوکە.

ـ ساڵانی ١٩٤٠ـ١٩٤١ بوو کە هەستم بە جموجۆڵی سیاسی کرد و هەر لەو ماوەیەش بوو کە هەندێک لە لاوانی خورتی خوێن گەرم خۆیان لە قەرە ئەدام و داویان بۆ ئەنامەوە بۆ ئەوەی بخەنە بن باری سیاسەت، یەکێک لەوانەی ئەم دەورەیان ئەبینی مامۆستای ناسراوی بەڕێز «عزالدین فیضی» بوو، وەک لەیادم بێت ساڵی ١٩٤٠ کە قوتابیانی پۆلەکانی ٤، ٥، ٦ یان بردە دەرەوە بەناوی گەڕیدە «جوالە»، بەهار بوو گیا لەچۆکان بوو، دیاربوو نەوروز بوو، بەو بۆنەیەوە مامۆستای بەڕێز هەستا وتارێکی کورتی ئاراستە کردین، هانی داین، دەروونی جۆش داین، مەستی کردین، لەو کاتەوە خۆمان گرانتر و گەورەتر هاتە بەرچاو خۆشەویستی گەل و نیشتمان دڵی پڕ و سەرڕێژ کردین، ئەم ڕۆژە تامی خۆی هەبوو. ئەم هەنگاوە بوو کە منی بەرەبەرە خستەسەر ڕێی خەبات. بە چەند قۆناغێکدا تێپەڕیم بەڵام هەر قۆناغێکی تام و چێژی خۆی هەیە.

ـ هەر لەو ڕۆژانەدا بوو یان هێندی پێ نەچوو، پەیوەندیم لەگەڵ «هیوا» بەست بووم بە ئەندامی، ئەوەی کە باشم لەبیربێت ئەوەیە کە لە مایسی ١٩٤١دا ئەندام بووم لە «هیوا» دا. مەراسیمی بوون بە ئەندام لە «هیوا» خۆی لە خۆیدا شتێک بوو، تەزووی خۆشی بە گیاندا دەهێنا، دەروونی پیاوی پڕ لە شانازی دەکرد، هەرچەندە زانینی ئەوسام هەرچەند وشەیەک بوو، بەڵام خورت بووین.



ـ وەکو دەزانین لە هاوینی ١٩٤١ دا ئەڵمانیا هێرشی بردەسەر یەکیەتی سۆڤیەت، هەرچەندە شەڕی دووەمی جیهانی پێش ئەوە دەستی پێ کردبوو بەڵام ئەو هێرشەی ئەڵمانیا بۆ سەر سۆڤیەت ڕووی شەڕی گۆڕی ناوەرۆکێکی تری دایە، ئەم ڕووداوە بەتایبەتی پاش شەڕی ستالینگراد و سەرکەوتنەکانی تر، ئاوەهەوای گشتی گۆڕی وشنەبای ئازادی و سەربەستی و دیموکراسی وڵاتانی ناوچەی ئێمەشیان گرتەوە، سەرودڵی سەدەها، هەزارەها لاوی تازە پێگەیشتووی زاخاودا، بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی بڵاوبووەوە، لەژێر تەئسیری ئەم بارەدا لە ١٩٤٢ دا بووم بەئەندامی «کۆمەڵی میللەت» کە ڕۆژنامەیەکی بەناوی «بڵێسە» دەردەکرد و خۆی بە مارکسی دادەنا.

ـ پاش ئەمە بە دوو قۆناغی تر کە ئێستا جێگای باسیان نیە واتە لەدوای کۆنگرەی یەکەمی حیزبی شیوعی عیراق لە دوادوای زستانی ١٩٤٥ دا گەیشتم بەو قۆناغەی کە ئەبوایە بیگەمێ، بووم بە ئەندامی «حیزبی شیوعی عێراق».

ـ لە ١٢/١٠/١٩٤٨ دا گیرام هەتا مانگی ئابی/ ١٩٥٨ واتە دەساڵ لە بەندیخانە بووم.

ـ دەربارەی خوێندنەوەم، وەک عەرزم کردی من عەرەبی بەخوێندنەوە فێربووم بەتایبەتی لە ساڵانی بەندیخانە، جا بۆیە هەرچی کەوتبێتە بەردەستم خوێندومەتەوە، بەتایبەتی ڕۆمان و چیرۆک و بابەتی تری ئەدەب، جگە لە کتێبی جۆراوجۆری سیاسی.

ـ جا بەشێکی باشی ئەو شاکارانەی ڕووسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی و هیتر کە وەرگێراون بۆ عەرەبی خوێندومەتەوە دیارە پێش ئەمانەش نووسینەکانی طه حسین و نجیب محفوظ و زۆربەی نووسەرە عەرەبەکانم خوێندۆتەوە، ئێستاش بەردەوامم لەخوێندنەوەی بەرهەمی تازە. بەڵام بەداخەوە لە دەورانی لاویی ئێمەدا نووسینی کوردی زۆر کەم بوو هەر ئەوەش بۆ خۆی کۆسپێکی گەلێک گەورەبوو لەپێش فێربوونی مێرد منداڵێک بۆیە زۆرکەم خوێندۆتەوە، بەڵێ ئێستا شت هەیە بۆ خوێندنەوە، ئەوەندەی بۆم بکرێ دریغی ناکەم، بەڵام چونکە سیاسەت بە عەرەبی فێربووم، ئێستاش ناخێویمە سەر کتێبی سیاسی بە کوردی خۆ ئەگەر لە زمانێکی تر وەرگێڕابێتە سەر کوردی ئەوە دەها زەحمەتترە، هەرچەندە ڕۆژ بەڕۆژ خەریکە ئەم کارە زیاتر ڕەوان بێت وخوێندەواریش زیاتر لێی ڕابێت. زمانی ئەدەبی کوردی پلەیەکی باشی بڕیوە ورۆژ بەرۆژ دەڕسکێ، دەوڵەمەند دەبێ، حەز بەخوێندنەوەی دەکەم بەتایبەتی پەخشان بابەتی نووسینی ئەو دیویم پێخۆشە نووسینی مامۆستا هێمنی نەمرم پێخۆشترە لە شیعرەکەی ڕەوانە، پاراوە، هەرچەندە شیعری زۆر جوانیشی هەیە، خۆزیا هەر خەریکی نووسین بوایە، مامۆستا قزلجی نەمریش شۆرە سوارێکی ئەم مەیدانەیە. نووسینی مامۆستا گۆران شیرینە، گۆران دوڕناسە، مامۆستای وشەیە، هەرچەندە زۆربەی شیعرە سیاسیەکانیم پێخۆش نیە، شوێن پەنجەی بنەماڵەی مامۆستا مەلا عەبدولکەریمی مدرس لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا لە سەرووی سەرەوەیە، مامۆستا برایم ئەحمەد کوردیزانی چاکە، باش بە کوردی دەنووسێ، بێ گری دەنووسێ، خۆزیا زیاتر خۆی بۆ نووسین تەرخان بکردبایە، مامۆستا مەسعودی مەلا گەورە هەرچەندە زۆری دژ نووسیوین، زۆر لە دژمان دواوە و ئەدوێ، خوا کاری ڕاست بێنێت، بەڵام هەرچی نووسینیم پێگەیشتبێت خوێندومەتەوە، ڕەمەکی بۆی ئەچێتە ناو وەئەگەر «حاجی قادر» ەکەی هەر بۆ حاجی قادر تەرخان بکردایە وا بزانم هاوتای کەم دەبوو، چیرۆکەکانی مصطفی صالح کەریم وەک چیرۆک لا پەسەندە کەرەسەی چیرۆک باش بەکار دەهێنێ، باش ئەچێتە ناو چیرۆک، هەر لە سەرەتاوە خوێنەر بۆلای خۆی ڕادەکێشێ، زمانەکەی ڕەوانە، خۆشە.

**کاک عەزیز، پێم وایە ئەوساڵ میدالی لینینت لەلایەن پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەتیەوە پێ درابوو...**

* بەڵێ وابوو...

**بێگومان، وەکوو کوردێک، شانازییەکی گەورەیە، چ بۆ شەخسی خۆت و چ بۆ نەتەوەی کوردیش کەیەکێکی تیاهەڵکەوێ میدالی لینین وەربگرێ.. نازانم تۆ بۆخۆت، چۆنی دەبینی؟**

* بەش بەحاڵی خۆم، بێگومان، ویسامی لینین لە رابوردووی ئێمە، لە رابوردووی حیزبی ئێمە و هاورێیانی ئێمە و مێژووی ئێمە جیاناکەمەوە، ئەوەی پەیوەندی بەمنەوە هەبێ، هەر ئەوەندەی لێ تێئەگەم کە من خۆم بووم بەعینوانێک بۆ بایەخدان بە رابوردووی حیزبمان و قوربانیدانی حیزب و هاورێیانی، ئەو هاورێیانەی کە لەسەرەتاوە رێگایان بۆ خۆش کردین، رێگایان بۆ کردینەوە و هەنگاوی یەکەمیان هاویشت. بەتەقدیری خۆم ئەوساش کە میدالیم وەرگرت و ئەوساش کە هەواڵەکەم زانی بەدڵ هەستم بەوەکرد کە ئەم ویسامە پێشکێشی ئەوانە کرا. گومانی تێدانییە کە مرۆڤێک، مرۆڤێکی وەکوو من ئەوە لە شانازی کەم ناکاتەوە بەم مێدالیە، بەڵام ئێستاش و لە داهاتووشدا ئەمە تەنیا بە جێگەی رێزلێنانی حیزبمان و بایەخدان بە کۆشش و خەباتی حیزبمانەوە دەبەستمەوە. بەم چاوە تەماشای ئەم باسە دەکەم.

**دۆستێکم، کوردۆلۆگێکی ئەوروپایی، ماوەیەک لەمەوپێش نامەیەکی بۆ نووسیبووم دەڵێ:**
**پێم وایە لەم سەدەیەدا بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کورد هەرگیز رەوشێکی لەمەخراپتری بەخۆیەوە نەبینیوە... تۆ بڵێی باشی بۆ چووبێ؟!**

* من بەش بەحاڵی خۆم لەبارێکی وادانیم راستەوخۆ ئەو سنوورە بۆ ئەو مەسەلەیە دابنێم، بڵێم کێشەی کورد، جووڵانەوەی رزگاریخوازی کورد، هەتا ئێستا شتێکی ئاوا زەحمەتی بە خۆیەوە نەدیبێ. لەو باوەڕەدام پاش ٧٤ و پاش تێکشکانەکەی شۆڕشی ئەیلوول، لە راستیدا مەسەلەی کورد خۆی لە وەزعێکی زۆر زۆر زەحمەتدا دیتەوە. بەڵێ، پاش چەند ساڵێک دیسانەوە لەلایەن هەندێ تیرە و تایەفە و حیزبی سیاسییەوە دەستی پێکردەوە، بەڵام ئەوەی راستی بێ تا ئێستا نەیتوانیوە بەراستی ئەو شەنگ و تاقەتە بە خۆیەوە ببینێ، بتوانێ بە تەواوەتی لەسەرقاچی راستەقینەی خۆی بوەستێ. بێگومان هەندێ هۆ هەن، هەندێ مەسەلەی



شتی تری نووسەر و شاعیری تریشم زۆر خوێندۆتەوە گەلێکم لەوانە لاخۆش و پەسەندە، من لێرە تەنها چەند نموونەیەکم بەسەر زماندا هاتووە.
دەبێ ئەوەش بڵێم من لێرە نووسەر و نووسین هەڵناسەنگێنم، بۆ ئەمە ناشێم، پشت بە هەڵسەنگاندنی من بۆ نووسەر و نووسین نابەسترێت تەنها هەستی خوێندەوارێک وەک خوێندەوار دەردەبڕم.

**عەزیز محەممەد**

خودی مەسەلەی کوردیدا هەن، هەندێ کەس ناچار دەکەن کە بەرامبەر بەو مەسەلانە نەختێک لاوازی بنوێنن، بەلام خۆ دەبێ ئینسان بەرچاوی فراوان بێ، ئەو راستییە بزانێ کە بەیانی، دووبەیانی ئەمە مەرگی بزووتنەوەی کوردییە. ئەگەر، بۆ نموونە، تەماشای قەزییەی خودی پیاوێکی وەکوو بارزانی بکەین، کە دەورێکی بالای هەبوو لە پەرەپێسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد، من نامەوێ باسی وردەکاریش بکەم، بەلام رۆژێکی هاتە پێش کە تەنها ئێرانی لەپشت مابوو. ئێرانیشی هەرهێندە لە پشت مابوو بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرێ. کە ئێران خۆی کێشایەوە بزووتنەوەکە لە رووی مەعنەوییەوە رووخا، چونکە هەموو پشت بەستنەکەی بە نێوەندەکانی ئێران و ئەوانەی کە لە پشتی ئێرانەوە وەستابوون بوو، پشت بەستنی بنەڕەتییان بەوانەبوو.

خۆ دەبێ دەرسێک لەمە وەرگرین، نامەوێ بڵێم سەختی و گیروگرفتی جیددی نییە. بەلام خۆ دەبێ حیسابێک بۆ ئەوە بکەین کە بەیانی دووبەیانی بەڕاستی لەم وەزعە رزگارمان ببێ، ئەگینا هەرچەندە پێویستە سوود لەناکۆکیی وەربگیرێ، لە ناکۆکیی تێوان ئەو رژێم و ئەولایەنە سیاسییانەی کە هەموویان دژی کوردن، بەلام نابێ ئەمە بۆ بزوتنەوەکە ببێتە ستراتیژ و نابێ ئەم سوود وەرگرتنە بگاتە رادەیەکی ئەوتۆ کە حیسابی ئەوە نەکەین کە بەیانی دووبەیانی لەوانەیە بەراستی ببێتە هۆی مەرگی جوولانەوەکە، ببێتە هۆی هەرەسهێنانی. ئەوەم مەبەستە کە دەڵێم نابێ ببینە سەربازی شەڕی خەڵکی تر، هەرچەندە ناشمەوێ حیساب بۆ وەزع و هەلومەرج نەکەم، بۆ ئەو سەختی و گیروگرفتانەی کە دێنە رێی قەزییەی کورد.

**پارتی کۆمۆنیستی عێراق، خۆشبەختانە، کۆمەڵێ لە کادرەکانی، کۆمەڵێ لە خەباتکارانی، کوردن. ئەمەش بێگومان کارێکی وایکردوە کە مەسەلەی کورد، هەر نەبێ مەسەلەی کورد لە کوردستانی عێراقدا، یەکێک بێ لە ئەرکەکانی و بەشێکی گرنگ بێ لە پرۆگرامەکەی. ئایا پارتی کۆمۆنیستی عێراق تا چ رادەیەک توانیویەتی کاربکاتە سەر پارتیە کۆمۆنیستەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ پێشخستنی مەسەلەی کورد؟!**

* پێشەکی دەمەوێ بڵێم هەڵوێستی حزبمان لە مەسەلەی کورد لە بیروباوەڕ و سیاسەتی حزبمانەوە هەڵقوڵاوە و ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان و حیزبی ئێمە لەو قەناعەتەشداین دەبێ حیزبی شیوعی تورکیاوحیزبی توودەی ئێرانیش، لەگەڵ قەزییەیکوردیدا وەکوو قەزییەیەکی خۆیان رەفتار بکەن. ئێمە لێرەدا باسی هاوکاری و هاودەردی لەگەڵ قەزییەی میللەتێک کە هەزاران کیلۆمەتر لەئێمەوە دوورە ناکەین. ئێمە باسی قەزییەی میللەتێک لە ناو چوارچێوەی سنووری وڵاتی خۆماندا، باسی عێراق دەکەین. وەکو دەستووری عێراقی دەڵێ، عێراق لە دوو میللەتی ئەساسی پێک دێت: عەرەب وکورد. باسی تورکیا دەکەین، ئەگەر پەنجا ملیۆن بێ، لەوانەیە بەلایەنی کەمیەوە دە ملیۆن کوردی تێدایە. ئێران پێنج ـ شەش ملیۆن کوردی تێدایە، هەرحیزبێک لەوحیزبانە ئەبێ لەگەڵ ئەم قەزییەیە وەکوو قەزییەیخۆی رەفتار بکات. حیزبی تودەی ئێران کەحیزبێکی ئێرانییە، هەروەکوو حیزبی فارس و ئازەربایجان و ئیدی و ئیدیشە حیزبی کوردیشە، بەو رادەیەی کە نوێنەری چین و کۆڕ و کۆمەڵێکی کارگەر و رەنجدەری کورد دەکا. بێگومان من لە روانگەی خۆمەوە ئەم شتە باس دەکەم. ئێمەمانان کە باسی ئەو مەسەلەیەدەکەین لەو روانگەوە بۆ ئەومەسەلەیە دەڕوانین، هەرواش دەبێ لە تورکیا



ئۆبجەکتیڤی هەن کە بوونە تەگەرە بۆ ئەمە، هەندێ مەسەلەی سوبجەکتیڤیشی تێدا هەیە، بەلام لە پێشی ئەو هەموانە، بێ ئەوەی مرۆڤ خۆی زۆر بە وردبوونەوەوە خەریک بکات، پێوەندی بە هەرەسەکەوە هەیە، کە خودی هەرەسەکە، بە کردەوە، لە هەموو کوردستانا لە دڵێ هەموو ئینساتێکی کوردا، لەدڵێ هەموو شۆڕشگێرێکی کوردا، وەزعێکی تایبەتی درووست کرد.

جا ناکرێ ئەو مەسەلەیە کە رووی‌دا، لەو هەموو بەرزاییەی کە هاتە خوارێ، ئەمە شوێن دەستێک وکارتێکردنێک لەسەر جوولانەوەی کورد بەجێ نەهێڵێ. پێموایە مەسەلە ئەوەیە: هەر چۆتێک بێ ئەوە بە شتێکی موەقەت دادەنێم، بەڵێ، پێویستی بەکۆشش و خەباتێکی زۆر هەیە تاوەکو جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد بتوانێ شەنگ و تاقەت بێنێتەوە بەرخۆی، بێگومان، قەناعەتێکی ئاوام هەیە و قەناعەتێکی قووڵم هەیە، مەرج نییە ئەوە زۆر زۆر درێژخایەن بێ. لەو رووەوە، بێگومان، بەپێی بۆ چوونی من، پێویستە چارەسەری هەندێ مەسەلەی ناوخۆ بکرێ. ئەو شتە وەنەبێ، هەلومەرجی ئۆبجەکتیڤی تێک هەڵوەشێنێ، بەلام یاریدەدەرێکی باش دەبێ بۆ ئەوەی‌پیاو بەسەر ئەو سەختیانەدا زاڵ‌بێ. بەداخەوە ئێستا پەیوەندی تێوان پارتییە کوردییەکان، پارتییەکانی کوردستانی، جا لە چوارچێوەی کوردستانی عێراق بێ یا لە شوێنی ترا بێ، من ئێستا باسی عێراق دەکەم، هەستێکی ئەوتۆم نییە کە ئێمە لەوەزعێکی ئەوتۆین، کە پێویستە وابێ. زۆر دوورین لەوە کە بەپێی پێویست ئێمە هەڵستابین، دەوری ئەوتۆمان دیاری کردبێ بتوانین کەلێنێکی ئەو وەزعە پڕبکەینەوە، نەختێک تیماری ئەو کێشانە و ئەو دەرد و گرانییەبکەین کە بەڕاستی جوولانەوەی رزگاریخوازی کورد تووشی هاتووە.

جابۆیە ناتوانم ئێستا ئەم مەسەلەیە بەستمەوە بە کۆتایی سەدەوە، جگە لەوەش هەندێ هەلومەرجی ئەوتۆ هەڵدەکەوێ کە رەنگبێ ئینسان ئێستا ئاسۆیەکەی بەدی نەکا، بە تەواوەتی نەیبینێ، بەلام رەنگە هەندێ زرووفی ئەوتۆ هەڵکەوێ ـ بێگومان بە بێ کۆششی ئێمە، بە بێ کۆششی جوولانەوەی رزگاریخوازی دیموکرات لەعێراقا، لە تورکیا، لە ئێران، مەبەستم ئەوەیە لەو ناوچەیەدا بەبێ ئەمە ئەوهەول و مەرجە هەڵناکەوێ ـ لەوانەیە چەند رۆژێکی بە چەند ساڵێک بێ، ئیحتمالاتی ئاوا دوور نییە، بەلام پێویستە ئێمە لە رووی وەزعی زاتی و ناوخۆمانەوە، هەنگاوی ئەوتۆ باوێین لە ئاستی ئەو وەزعەدا بێ کە تێیداین، لە ئاستی ئەو کێشە و سەختییانەدا بێ کەئێمە ئێستا دووچاریان بووین، رووەو ئەوگیروگرفتانە وەستاوین بۆ ئەوەی بتوانین بەسەریاندا زاڵبین. پێم وایە یەک لەو مەسەلە هەرە بنەڕەتییانە ئەوەیەپێویستە ئەگەر ئێستا نەتوانین، یانی ئەو تایەفە و ئەو پارتییە کوردییانەی لە کوردستانی عێراقن، ئەگەر باسی کوردستانی عێراق بکەم، کە بتوانن هەموو ئەوانەی کە بیروباوەڕیان لە یەکەوە تێزیکە ببن بە حیزبێک، بەلام ئەگەر هەر چ نەبێ، جۆرە هاوئاهەنگییەکی ئەوتۆ لە تێوانیاندا هەبێ، جۆرە هاوکارییەکی ئەوتۆیان لە تێواندا هەبێ. کە رێگە خۆشکەر بێ بۆ رۆژێکی ئاوا.

ئەمە یەک، دووەمینیشیان، لەوانەیە بەشێکی زۆری لەوەوە هاتبێ گەلێ جار جوولانەوەی گەلی کورد دەبێتە سەربازی شەڕی خەڵکی تر، واتە دەبێتە سەربازێکی ون بۆ شەڕی ئەملاو ئەولا. کە هیچ گومان لەوەدا نییە، ئەوانە بیر لە مەسەلەی کورد ناکەنەوە، ئەگەر رۆژێ لە رۆژان شتێکیش بۆ کورد بکەن، ئەگەر ئاوڕێکیشی لێ بدەنەوە، هەرگیز بۆ ئەوە نییە، کە ئەو ئاوڕلێدانەوەیە جیددی بێ یان هەتاسەربێ. نەخێر، هەر بۆ ئەوەیە تاوەکو رۆژێ ـ دوو رۆژ بەسەریا برۆن و لۆفەیەکی لێ بدەن و، لێی وەرگەڕێنەوە. بێگومان نامەوێ بۆچوونی ئەو مەسەلەیە هەر لەخۆیەوە وەرگرم، بەتەواوەتی لە وەزعە زاتییەکە وەرگرم، لە ئارەزووی فلان و فیسارەوە وەربگرم. هەندێ سەختی هەیە، هەندێ تەنگ و چەڵەمە لە مەسەلەی کوردیدا،

سەردەمی رابوردووش، تەنانەت سەردەمی شۆڕشی ئەیلوول، بکەین، بەڵێ ئێمە بارستاییمان موتەوازیع بوو، بەڵام دیسان توانیمان لە زۆر چشتدا تەئسیرێکی کەم یان زۆرمان ببێ.
ئێستا دەتوانم بڵێم لەو بابەتە، نەختێک لەوە زیاترمان هەیە. دوو بەرە پێک هاتووە، وەکوو خۆت بیستت، هەر چۆن بێ سروشتی ئەو بەرەیانە، لە هەردوو بەرە ئێمە خۆمان لە بناخە و بناوانەکەی بووین، لە پێکهێنانی پرۆگرامیانا، بیروباوەڕیانا، داڕشتنی باس و خواسی دیموکراسی و مەسەلەی کوردا، دەورێکی باشمان بووە. ئەو بەرەیەی کەئێستا لە چوارچێوەی «جود» دایە، کە بەشی زۆری کۆڕ و کۆمەڵی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورد کۆ ئەکاتەوە، بێجگە لە یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، دروشمی دیموکراسی بۆ عێراق و ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە بۆ کوردستانی عێراقی هەڵگرتووە. بەپێی بۆچوونی ئێمە حیزبی ئێمە دەورێکی زۆرگەورەی هەبووە بۆ چەسپاندنی ئەم دیتنە تەنانەت لەرێی پەیوەندی کەسیشەوە، پێوەندیی هاوڕێیانی سەرکردایەتیمان لەگەڵ هاوڕێیانی سەرکردایەتیی پارتییەکانی تریشدا. لایەتیکی تر هەیە ئەتوانم بیخەمە روو، ئەویش ئەوەیە کە هەندێ خەڵکی نەتەوە پەروەری کوردلە سەرکردایەتی ئەو پارتیانە، بەشێکی زۆریان، هەرچەندە دواش کەوتبن، بەڵام ئاخری هەستیان بەوە کردووە بوونی حیزبی شیوعی لەم پەیوەندییەدا، لە بناخەی جەبهە و پێکهێنانی بەرەو ئەوانەدا شتێکی بنەڕەتیە. نەبوونی حیزبی شیوعی ناتەواوییەکی گەلەک گەورەیە بۆ ئەم جۆرە هاوکارییە لەتیوان حیزب و تیرە سیاسییەکانی عێراقیدا. خۆ لەودواییەدا، ئەگەرچی ئاگرەکە خۆشمانی گرتەوە، دیسانەوە هەوڵێکی زۆرمان‌دا کە ئەمانەی لێک ترازابوون، لێک دوور کەوتبوونەوە، سیاسەتیان بەچاوی رەش و سپی دەکرد، وەکوو لەنێوان رەش و سپیدا هیچی تر نەبێ، هەوڵێکی زۆرمان‌دا، کاتێکی زۆرمان سەرف کرد، لێی پەشیمان نین، بۆ ئەوەی ئەمانە هەموومان لەسەر خواتێکی هاوبەش کۆبکەینەوە بتوانین زماتێکی هاوبەش بدۆزینەوە.
ئێستا ئەگەر چاوێ بە دروشمی حیزبە سیاسییەکانی کوردستاندا بگێڕین، بەڵکە تا رادەیەک دروشمی حیزبەکانی عێراقیش، تەماشا دەکەین چ ناکۆکییەکی بنەڕەتی لەسەر ئەو مەسەلانە نییە. نە لەسەر مەسەلەی دیموکراسی بۆ عێراق، نە لەسەر مەسەلەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق، نەلەسەر رووخاندنی ئەو رژێمە و کۆمەڵێ مەسەلەی تریش کەخۆت دەزانی‌لە پرۆگرامی ئەو حیزبانەدا روون کراوەتەوە.
چاکەواتە ئەو هەموو بناخە ناوکۆییە لەتیوان ئەو حیزبانەدا هەبێ، هەرچەندە دوژمنی ئێمەش بێ دەسەڵات نەوەستاوە، بەتەدیری من ماڵوێرانییە کە ئێمە نەتوانین ئەورێیە، کابرا گوتەنی، نەختێ کورت بکەینەوە، بۆ ئەوەی بگەینە یەک، بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کۆڵەمستە بچکۆڵانەی هەنە، هەموویان بکەینە یەک کۆڵەمستی چاک و بەهێز، بتوانین هەموو شان بدەینە شانی یەک بۆ پێکهێنانی راستەقینەی ئاوات و دروشمەکانی میللەتەکەمان.

**ئەم پرسیارەش دیسان رەنگە هەرپەیوەندی بەوەی پێشووەوە هەبێ. تا چ رادەیەک توانیوتانە مەسەلەی کورد لای پارتیە کۆمۆنیستەکانی دنیا ببەنە پێشەوە، بۆئەوەی، بابڵێین، دیدێکی روونیان لەسەر مەسەلەی کورد لەلا پەیدا ببێ؟، بەتایبەتی وەک دەزانین ئێستا، لەم‌رۆژانەدا، لەم مانگەدا کە ئەم چاوپێکەوتنەی تیا تۆماردەکەین، کۆنگرەی زۆربەی پارتییە کۆمۆنیستەکانی ئەوروپا پێک دێت؟!**



بەم چاوە تەماشای ئەم قەزیەیە بکرێ. پێویستە ئێمە ئەم قەزییەیە بەهی خۆمان دابنێین. ئێمە کە حیزبێکی عێراقین و عێراق قەزییەی کوردی تیایە، ئێمە قەزییەی کورد بە قەزییەیەکی خۆمان دەزانین، بۆیەش کە دەڵێین گەلی عێراقمان یا گەلی عەرەبمان لە عێراق، یا گەلی کوردمان لە عیراق، بەتەواوی مەبەستمان ئەوەیە ئەو قەزییەیە پێوەندیەکی راستەوخۆی بە ئێمەوە هەیە. ئێمە کە هەقێکی ئەوتۆمان داوەتە خۆمان رێکخستن لە هەموو شوێنێکی عێراق پێک بێنین، بۆ دەبێ ئەو هەقە نەدەینە خۆمان کە رێکخستن لە کوردستانی عێراقیشا پێک بێنین. هەروەهاش حیزبی ئێمە لە سەرەتاوە، لەسەر ئەم رێ و رەوشتە رۆیشتووە، لەو قەناعەتەداین، ئێمە لەو بابەتەوە نەختێک، وەکوو ئەڵێن، دەست پێشخەریمان هەیە، بەپێی هەندێ لەو مەسەلانەی لە ناوچەکەدا رووی داوە. پێم وایە پێوەندی ئێمە لەگەڵ بزووتنەوەی کوردیدا، لە دوولایەنەوە تەئسیری باشی بوبێ. جارێ پێش هەموو شتێ لەبەر ئەوەی ئێمە حیزبێکین پێوەندییەکی قووڵمان هەبووە لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی عێراقی، توانیومانە، بەپێی توانا، بەپێی دەست رۆیشتن بەپێی بۆچوونی راست، ئەو دروشمانەی کە هەمانە، کەم یا زۆر، بەسەر بزووتنەوەی دیموکراتیدا بڵاوبکەینەوە و تا رادەیەکیش باش هەڵبگیرێ.
ئەگەر پیاو چاوێ بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی عێراق، بزووتنەوەی دیموکراتیکی عێراق لەم سی چل ساڵەی ئەو دواییەدا بگێڕێ، رەنگە ئەو شتانەی بۆ روون ببێتەوە، کۆمەڵێ حیزب و هێزی سیاسی و کەسانی تر، هەر لە زووەوە بە چاوی رێزەوە تەماشای مەسەلەی کوردیان دەکرد. ناشمەوێ بڵێم ئەوە بەبێ خەباتی سیاسی میللەتی کورد بوو. بەڵام هەر لەو کاتەشدا هێزەکانی دیموکرات و بۆیە رێی ئەوەم هەیە بڵێم لە پێشیانا حیزبی ئێمە،دەورێکی باڵای هەبووە بۆ ئەوەی مەسەلەی کورد رۆژ بە رۆژ، لەگەڵ گەشە کردنی بزووتنەوەکەدا، لەگەڵ پێشکەوتنی بزووتنەوەی کورددا، ئەم قەزییەیە زیاتر و زیاتر روون ببێتەوە. لەو رووەوە ئێمە تەئسیرمان هەبووە. ئەگەر تەماشای کۆمەڵێ دروشم بکرێ، ئەگەر نەشڵێین ئێمە پێشەنگیمان تیدا کردووە، بەڵام دەستمان تیداهەبووە، دەورمان تیدا یاری کردووە، لەگەڵ حیزبی تردا لەبەر رۆشنایی ئەم دروشم و مەسەلانە یەکترمان گرتووە. بۆ نموونە، تەنانەت بەرەی یەکیەتی نیشتمانی کە لە ١٩٥٧ دا پێک هات ئێمە تاکە حیزب بووین توانیمان ببینە «هەمزەی وەسڵ» لە نێوان جەبهە و بزووتنەوەی نەتەوایەتی کورددا، مەبەستم ئەوەیە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کە نوێنەری کۆڕ و کۆمەڵێکی زۆری بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردییە. کۆڕ و کۆمەڵی تر ئەوساکە ئامادە نەبوو ئەو پەیوەندییە لەگەڵ بزووتنەوەی کورد ببەستێ. ئەمە لە لایەتیک، لایەتیکی تریش لە رێی رێکخستنمانەوە لە کوردستانا، لە رێی پەیوەندیمانەوە لەگەڵ رێکخستنەکانی کوردستانی لە کوردستانی عێراق، بێگومان، دیسانەکە تەئسیرێکی زۆرمان بووە، جیاوازی زۆرە لە تیوان ئەوەی تۆشتێک هەبێ لە شوێنێکا بۆ رێکخستن و رێخۆش کردنی هاوکاریی تیوان ئەولایەنە و لایەنی‌تر و ئەوەی کە تۆ هیچت نەبێ. ئەوە ناڵێم لە هەندێ بارو هەلومەرجدا رەنگە هەندێ گیروگرفتمان بۆ هەڵکەوتبێ، ئەوە خۆت دەزانی، لەوانەیە بیستبێتت کە سەردەمی ئەوتۆ رووی داوە رەنگە هەندێ رێکخراوی کوردستانی، رەئیان لەسەر ئەوە نەبووە حیزبی شیوعی عێراق رێکخستنی لەکوردستان هەبێ، بەڵام بە قەناعەتی خۆم، ئێستا، لە ژێر کارتیکردنی زۆری بیروڕای سیاسی، بە تایبەتی لە عێراقا، دەمێکە ئەو قەناعەتە نەماوە، جا توانیومانە تەئسیرمان هەبێ. خۆ ئەگەر باسی

بەس ئێستا بە هەموو داخەوە لە کوردستانی عێراقا، لە کوردستانی تورکیا، نامەوێ بڵێم هەمان چشت لە کوردستانی ئێراندا، گەلێک حیزبی زۆر هەیە، خەڵکیش ناتوانێ هەڵس و کەوت لەگەڵ ئەو هەموو حیزبانە بکا، جا دێمەوە سەر ئەو خاڵە، لەو باوەڕەدام، پێش ئەوەی داوا لە خەڵک بکەین کە یارمەتیمان بدەن، هاوکاریمان لەگەڵ بکەن، کۆمەکمان پێ بکەن، پێویستە ئەوە خۆمان هەبین. لەوەیە یەکێ بڵێ ئێمە هەین. بەڵێ هەین، بەڵام چۆن هەین، نموودمان چەندە، ئەندازەمان چەندە، ئەو ئیمکاناتەی کە بۆسبەی و دووسبەی هەمانە چەندە؟ چونکە داوای شتێکی زۆر دەکەین. پەیوەندی لەگەڵ قەزییەی کوردا، ئێستا، ئاڵۆزکاتێکی سیاسی زۆری تیایە. جا بەرامبەر بەو ئاڵۆزکانە سیاسییە دەبێ تۆ هەبی، دەبێ ئاسۆیەکی روونت لەپێش بێ، تاوەکوو ئەوانەی تریش بتوانن یارمەتیت بدەن. بەهەرحاڵ حیزبمان لەو رووەوە دەستێکی دیاری هەبووە، نەک ئەوەندە، دەتوانم بڵێم دەستمان لەپێش بووە، ئێمە تا رادەیەک لەپێشەوەین.

**ئایا ئیمکانی ئەوە هەیە کە مەسەلەی کورد لە پلەیەکی نێونەتەوەیی بەرزدا بخرێتە پێش خەڵک، پێش رای گشتی، بۆ نموونە لە نەتەوە یەککرتووەکان، یا هەر پلەیەکی دیکەی نێونەتەوەییدا؟!**

بەڵێ، لەو باوەڕەدام توانا هەیە، بەڵام پێش ئەوە دەبێ بتوانین مەسەلەی کورد بەو جۆرەی کە دەمانەوێ، بیخەینە پێش چاوی خەڵک. ئێمە بیرێکی وامان هەبوو، کۆنفرانسێک پێک بێنین، لەو کۆنفرانسەدا هەموو حیزب و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەشداربێ، هی عێراق و هی تورکیا و هی ئێران، هی تریش. بتوانین لەم رێیەوە بەراستی قەزییەی کورد بە جۆرێکی‌تر پێشکەشی رای گشتی جیهانی بکەین، بەشێوەیەکی لەیەک تێزیک. ناڵێم ئەمە خەت بەسەر حیزبەکان و بەرنامەی حیزبەکاندا دەهێنێ، بەڵام شتێکی مام ناوەندی، شتێکی ناوکۆمان دەدۆزییەوە، دیتنی خۆمان لەسەر ئەم بناخەیە دەخستە پێشی ئەو عالەمە. ئەوسا هەموو هێزێکی سیاسی، لەهەموو بوارێکدا، بەرامبەر بەم مەسەلەیە خۆی بەجۆرە مولتەزیمێک دەزانی، چونکە هەموومان ئیمزامان کردووە. بەڵام بەداخەوە پاش ئەو گۆرانکارییانەی لە کوردستانی عێراقدا رووی‌دا، پاش ئەوەی هێندێ گیروگرفت لە کوردستانی تورکیا روی‌دا، بە شێوەیەکی تایبەتی ئەم قەزییەیە تەگەرەی هاتە پێش.

ئێمە لەو قەناعەتەداین کە دەتوانرێ ئەم قەزییەیە بخرێتە پێش‌چاوی رای گشتی جیهان. ئەوەتە عێراق و تورکیا و ئێران، ئەگەر مەسەلەیەک پێوەندی بەمەسەلەی کوردەوە هەبێ خێرا هەوڵی خۆیان دەخە نەناوەوە، جا لەبەرئەوە کۆمەڵێک گرێی سیاسی پەیدا دەکرێ، خۆ دەبێ ئێمە لە بارێکی ئەوتۆدا بین بتوانین لە ئاستی ئەو هەموو ئاڵۆزکانە سیاسییەدا بین، تاوەکو بتوانین قەزییەی‌خۆمان پێش چاوی خەڵک بخەین وخەڵکەکەش نەختێک لای بوەستێ. بەڵام نەخێر، هەر حیسابی ئەوە بکەین چونکە ئەمە هەقە، چونکە ئەمە رەوایە، لەبەرئەوە دەبێ خەڵکەکە سەری بۆدانەوێنێ. بەڵێ هەقە، بەڵێ رەوایە. پێش پەنجا سالیش هەق بوو، ئێستاش هەقە، وەکوو دەڵێن، خوانەخواستە ئەگەرئەم قەزییەیە بمێنێ و چارەسەر نەبێ، چەندین سالی تریش هەر هەق دەبێ، بەڵام خۆ دەبێ بزانین چۆن دەگەینە ئەو هەقە. دەبێ بزانین چۆن ئەم رێیە دەبڕین، بۆ ئەوەی ئەم هەقە نەک هەر بە شێوەیەکی وەها «مطلق» و ئابستراکت



لام وایە خۆهەڵکێشان نییە ئەگەر بڵێین ئێمە لەو رووەوە دەورێکی باشمان بینیوە. نامەوێ بڵێم بە کارتێکردنی ئێمە، بەڵام بە پێخۆشحاڵیەوە دەتوانم بڵێم ئێستا حیزبی شیوعی تورکی و حیزبی تودەی ئێران هەڵوێستیان وەکو هەڵوێستی ئێمەیە، یان زۆر نزیکە لەهی ئێمەوە. ئەمە تەقدیری خۆمە. ئەمە بە سەرکەوتنێکی گەورە دادەنێم. ئەمە لایەنێکیان. ئێمە بێگومان، بێدەنگ نەبووین، دەنگمان هەبوو، هەرچ نەبێ، ئێمە لەکاتی خۆیدا لە بنج و بنەوانی باوەڕێک بووین کە کۆنفرانسێکی کوردی ببەسترێ. حیزبی ئێمە، دەورێکی زۆر باڵای لەو مەسەلەیەدا یاری کرد، لەگەڵ هێندێ لایەنی تریشدا بناخەمان بۆ روون کردەوە و دامان نا. لەو رووەوە ئێمە هەوڵمان‌دا کە هەندێ پارتیی ناوچەکە، ئەو وڵاتانەی کە کوردی تیایە، ئەوانیش لەمە بەشداری بکەن رەنگ بوو ئەو کاتەی کە من باسی لێ دەکەم، لای هەندێ لەو حیزبانە ئەم قەزییەیە نەگەییبوو، بەتەواوەتی لایان روون نەبوو، بەڵام لەو باوەڕەدام، دوای گۆڕان و گەشە کردنی کۆمەڵێ راستی، کۆمەڵێ لەو حیزبانەی ئێمە، حیزبەکانی برای ئێمە، لە ناوچەکە، ئێستا شوێنپامان یەک شوێنپایە. توانیومانە بگەینە دیتنێکی ناوکۆ، ئەگەرچی جیاوازیش لێرە و لەوێ هەبێ، کە رەنگ‌بێ مەسەلەکە پێوەندی بەهەندێ هەلومەرجی ترەوە هەیە و لە دەرەوەی ئارەزووی فلان وفیسارە. ئەمەش لایەنێکی تریان. لەراستیدا ئێمە بەبێ حەساسییەت ئەوە ساڵەهای ساڵە هەوڵ دەدەین ئەوەندەی‌دەستمان بڕوا قەزییەی کورد بە رای گشتی پێشکەوتنخواز رابگەیەنین، جا ئەمە لە نووسیندا بێ، بە بڵاوکردنەوە بێ، بە گفتوگۆی راستەو خۆ، رووەو خۆ لەگەڵ هەندێ حیزبی دۆستی ئەورووپایی بێ، توانیومانە لەو رووەوە هەست بە پێشکەوتنێکی باشیش بکەین.

راستە ناتوانم بڵێم ئەو شتانە دیتراون، یان لەوانەن کە پیاو بتوانێ بیانبینێ، بەڵام ئەوەی کە نەختێ هەڵس وکەوت لەگەڵ ئەولاو ئەولا دەکا دەچێتە بنج و بنەوانی قەزییەکە، هەست بەوە دەکا جووڵانەوەیەکی لەو بابەتە هەیە. جگە لەوەش هەندێکیان هەر راستەوخۆ باسی ئەو مەوزووعە دەکەن و تەقدیری دیتنی ئێمە دەکەن. ئەگەر لە چوارچێوەی ئەورووپا وەرگری، رەنگە ئەوە نیمچە ئاشکرایێ بێ، کە لە راستیدا ئێمە توانیومانە بگەینە ئەو ئەنجامەی کە هەندێکیان تەنانەت تا رادەیەک ئەم مەسەلەیە بجووڵێنێتەوە. بەڵێ لەو پلەیەدا نییە کە ئێمە دەمانەوێ، لە پلەی خواست و ئاواتی ئێمەدا نییە. بۆ نموونە لەو دواییەدا برادەرانی بولگاریا بەمنیان گوت لە رۆژنامەکانماندا ئێستا زۆرچشت دەنووسین، کە رەنگە هەندێ مەسەلەی دیکە هەبێ هاندەربێ بۆ ئەمە، کە ئێمە هەستی پێ نەکەین، بەڵام بەهەر حاڵ ئێستا باس دەکرێ وباسێکی فراوانیش دەکرێ، رەنگە هەر باسی کوردستانی تورکیا بکرێ، بەڵام خۆی لە خۆیدا ئێمە بە هەنگاوێکی دادەنێین بەرەوپێشەوە و زۆر زۆر باشە.

لێرەدا شتێک هەیە، دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێ. پێش ئەوەی بەژنێکی ئەوتۆمان هەبێ کە خەڵک لە دوورەوە بمانبینێ، پێش ئەوەی شەنگ و تاقەتێکی تایبەتیمان هەبێ کە لەلایەن خەڵکی ترەوە، لەلایەن دۆستانی‌ئێمەوە جێی ئومێد بێ، جێی هیوابێ، ناکرێ داوا لە خەڵکی تر بکەین بمانبینن، دەبێ پێشەکی بزوتنەوەی رزگاریخوازی کورد بەژنی خۆی هەبێ، توانای خۆی هەبێ. بارزانی لەکاتی خۆیدا کە توانی هێز و دەستە و دایەرەی ئەوبارە کۆبکاتەوە، تەنانەت لە هەلومەرجێکا کە جیاوازی لە تیوانیاندا کەم نەبوو، زۆربوو، توانی ببێتە نوێنەری میللەتی کورد و رۆڵێکی گەورە لە بەرەو پێشخستنی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردا بگێڕێت، بۆیە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی تر، هی دۆست، هی‌دەرەوە، پەیوەندییان لەگەڵ بارزانیدا بەست.

لێرەش، لەو موناسەبەتەش، دەمەوێ تەئکیدی بکەم، هەر وەکوو لە کاتی خۆیا تەئکیدیشمان کردووە. ئێمە بەئاشکرا باسمان کرد، وتمان گۆڕەپانی حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بەو ئەندازەیەی کە هەیە، بایی ئەوە نییە چەپ و راستی تیابێ، لەگەڵ ئەو هەموو چەپ و راستەی کە لە گۆڕەپانی کوردستاندا هەیە. ئەمە بایی ئەوە نییە هێندە لێک ترازابن، بایی ئەوەندە بێ ببێتە هۆی دابەش بوون و لێکدابڕان و شتی وا. ئەگەر ئەم هەموو دروشمانەی کە لە کوردستاندا هەن هەڵبسەنگێنی، بەشێکی زۆریان یەکتر دەگرنەوە، یان جارجارە دەگاتە پلەیەکی ئەوتۆ کە جیاوازی لە تێواندا نییە. بەڵام شتیتر هەیە نابێ ببنە سەربازی شەڕی خەڵکی دی. دوژمنانی ئێمە دەوری تیا یاری دەکەن. باشە بۆ دەبێ چاوەڕێی شتێکی تر بکەین، بۆ دەبێ ئەوانەی دوژمنی قەزییەی کوردین لەباتی ئەوەی لەشکر بێنن و پارە و پوولێکی زۆر سەرف بکەن، بەسێ چوار دەسیسە و پلان و فلان ئەم لایەنانە پارچە پارچە نەکەن. تکاشم ئەوەیە واتێ نەگەی کە مەبەستم ئەوەیە فلان و فیسار تیخ تیخە دراون یان بزوێنراون ئەم کارە بکەن، بەڵام کاردەکەنە سەر ئەم وەزعە.

جا لە راستیدا مەسەلەی ئەم پارچە پارچیینە، بە پێی بۆچوونی خۆم، بناخەیەکی ئۆبژەکتیڤی بۆ ئەمە نییە، بناخەیەکی چینایەتیی روونی نییە، بناخەیەکی فیکری قووڵێ نییە. ئەمە بەروبوومی هەرەسە. لەو باوەڕەشم بەیانی ـ دووبەیانی بزووتنەوەکە نەختێ ملێ و مۆ بکات، نەختێ ببووژێتەوە، بەرەو بەرزبوونەوە بێ، ئەم دیاردەیە نامێنێ. ئەگەر چ نەبێ، دەچێتەوە پالی یەک، دەچێتەوە ناوی یەک، بەرەبەرە لەوانەیە ئەوسا تەبەلور «تبلور» بکات، دوو حیزب، سێ حیزب لە کوردستانا بمێنێ. ئەوسا شتێکی ترە. با بڵێین پێشەنگە سیاسییەکانی ئێمە نوێنەرایەتیی ئەم چینە کۆمەڵایەتییە و ئەو چینە کۆمەڵایەتییە دەکەن. ئەمە لایەتێک، مەسەلەی جەبهەی کوردستانی زۆر زۆر مومکینە. ئێستا باش ئەبێ مرۆڤ باسی ئەم نوختەیە بکات. بەیانی حوکمێکی زانستی راستەقینە لە کوردستانی عێراقا دەست بخرێ، خۆ دەبێ جەبهەیەک هەبێ ئەو حوکمە زاتییە بەڕێوە ببا. بۆ دەبێ ئەم جەبهەیە نەبێ؟! بۆ لەکاتی خۆیا ئەگەر هەبایە، تۆبڵێی ئەوحوکمە زاتییەی کە لە ئەنجامی بەیانی ئازار هاتەدی شتێکیان لێ هەڵنەکڕاندبایە؟! من پێم وایە، هەلومەرجێکی زۆر لەباربوو، هەلێکی زێدە مێژوویی بوو، ئەگەر ئەو مەسەلەیە رووی بدابایە، ئەگەر جەبهەیەکی کوردستانی هەبایە لە تێوان پارتی دیموکراتی کوردستان، لە تێوان ئەو لایەنانەی، با بڵێین، پەیوەندیان بە قەزییەی کوردییەوە هەیە، هەر لەو کاتەشدا پەیوەندییان بە قەزییەی دیموکراسییەوە هەیە بەتایبەتی حیزبی شیوعی واتە رێکخراوەکەی لە کوردستان، ئەوسا ئیمکانیەت نەبوو، ئەمە چارەنووس نەبوو ئەوڕۆ ئەمە خۆمان لەو حاڵەی ببینین کە ئێستا ئێمە لە کوردستانی عێراقدا تێیداین. با بێینە سەر مەسەلەی ئێستا. ئێمە داوای حوکمیزاتی راستەقینە دەکەین، خۆ دەبێ لاکانی کوردستانی سەرکردایەتی ئەم حوکمەزاتییە بکەن. بۆ دەبێ لە ئێستاوە دەستی پێ نەکەین؟! راستیەک هەیە، ناکرێ ئەوە بەناکۆکی لەگەڵ بەرە دیموکراتییەکەی عێراق دابنرێ. بەڵام لە ناوخۆی، لە چوارچێوەی جەبهەیەکی گشتی عێراقدا، جەبهەیەکی کوردستانی پێک بێ، بۆ بایەخدان بە کاروباری کوردی، وابزانم شتێکیوا زۆر راستە بیری لێ بکرێتەوە وحسابێکی باشی بۆ بکرێ.

**کوردستانی، من مەبەستم پارچەکانی دیکەی کوردستانیش بوو نەک تەنها کوردستانی عیراق...**



هەق بێ، بەڵکو پێویستە نەختێک گەییو بێ، نەختێک لەبار بێ بۆ ئەوەی مرۆڤ دەستی بۆ درێژ بکاو بگا بە ئەنجامێ.

لە راستیدا بەشێکی هەرە زۆری ئەو مەسەلەیە پێوەندیی بەخودی بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردەوە هەیە. با دوور نەڕۆین، ئەگەرچی باسەکە پێوەندی بەسەر ئەوەشەوە نییە، چەند سەد، یا چەند هەزار خوێندکاری کوردستان هەنە لە دەرەوە، لە ئەورووپا؟! باشە ئەمە هەمووی دەنگی بکاتە یەک دەنگ، توخوا تۆ بڵێیی دەنگی چەند بەرزبێتەوە. ئەوەی دووریشە گوێی لێ دەبێ. بەڵام ئەگەر ئێمەمانان، وەکوو بیستوومە، کە هەندێ جار لە شوێنێکا کۆدەبینەوە ئەوەی کە هەموو شتی تیا نەبێ ئێمە لەسەری رێک ناکەوین، یان هەموو شتێک، یان هیچ. گەلێ جار شت ئاوا دێتە بەرچاو.

جا ئێمەمانان لێرە ئیمکانیاتێکی گەلێ زۆرمان هەیە سوودمان لێ وەرنەگرتووە. دەمانەوێ تەنها بۆ ئەوەی بگەینە یەک، دەنگمان بکەینە یەک دەنگ، بەرزی بکەینەوە تا خەڵک باشتر گوێی لێ بێ، بەچاوپۆشین لە مەسەلەی حیزبی فلان وحیزبی فیسار، مادام ئەوشتەی کەدەنگی بۆ بەرز دەکەینەوە راستە، رەوایە، خۆ ئەوە بەسە.

ئەو تایبەتییانەی من و هینی تۆ دەمێنێتەوە. هەریەک لەماڵی خۆی، هەریەک لە کاروباری حیزبایەتیی خۆی. بەڵام ئەو دەنگە دەبێ بەرز بکەینەوە. پێش ئەوەی ئێمە بتوانین ئەوە بکەین دەبێ هەقی چیمان هەبێ لە خەڵکی تر داوابکەین پاڵپشتمان بگرن و یارمەتیمان بدەن... داوای دەکەین، بەڵام من لەگەڵ تۆی باس دەکەم، دەبێ هەقی چیمان هەبێ. دەڵێ پێش هەموو شتێ تۆ ببە، ئەوسا وەرە داوای شتیشم لێ بکە.

**یەکێ لەو دیاردانەی کە ئەوڕۆ لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورددا بەدی دەکرێ پارچە پارچە بوونی بزووتنەوەکە و پەیدابوونی کۆمەڵێ پارتی و، وەکوو خۆیشت گوتت، تایەفە و خەڵک و گرووپی جیاجیایە. لە لایەکەوە تەفسیری ئێوە بۆ ئەوە چییە و لەلایەکی کەشەوە ئێوە پەیدا بوونی جەبهەیەکی کوردستانیتان پێ چۆنە و تا چ رادەیەکیش دەتوانن رۆڵی تێدا ببینن؟!**

یەکەمینیان من بەش بە حاڵی خۆم، لە راستیدا ئەو بەش بەشێنە و پارچە پارچەیی یەی کوردستان بە بەروبوومی هەرەسهێنان دادەنێم و دیاردەیەکی تەندروستانەش نییە و، نەمریش نییە؛ هەروا نامێنێ. بە قەناعەتی من ئەمە شتێکی کاتییە، بناخەیەکی ئۆبژەکتیڤی ئەوتۆی نییە. دەلیلیشم ئەوەیە کۆمەڵێ لەسەر ساحەکە هەن باسی سۆسیالیزمی زانستی دەکەن، بەڵام سێچوار کۆمەڵیشن بۆ نابنەیەک.

جا تەماشاش بکەین، کە پارتی دیموکراتی کوردستان، کە حیزبی دایکە، بناخەی جیا بوونەوەی ئەو هەموو حیزبانەیە. ئەمە بەروبوومی هەرەسهێنانە. جووڵانەوەی کورد کە دەست بە بەرزبوونەوە بکات، من پێم وایە، دەورێکی زۆر زۆر باڵای دەبێ بۆ هەژاندنی ئەم وەزعە، بۆ ئەوەی هەر کەسێ بچێتەوە خانەی خۆی. وەک شتێک راشڵەقێنی، هەر کەسێک دەچێتەوە خانەی خۆی.

من پێم وایە شتێکی تەندروستانە نییە، بەڵام ناشکرێ بە دەسکرد، بەبێ دیموکراتییانە ئەمانە لێک نزیک بکەینەوە. بابچین تەماشایەکی تر بکەین، دوێنێ ـ پێرێ لە حیزبی سۆسیالیستی کوردستانی عێراقا دابەشبووتێک بوو. لەوەیا گلەییەکی زۆریشمان لێ ئەکرێ،

بەسنووردا ناتیین. بەڵێ دەیکەن یا نایکەن، بەڵام هەندێ چشت هەنە بەسەرمانا سەپاون دەبێ حیسابیان بۆ بکەین.

**یەکێ لەو باسانەی کە زۆرجار قسەی لەسەر دەکرێ جیاوازی و جۆری بیرکردنەوەیە لە رووی پۆلیتیکی، لە رووی دیبلۆماسییەوە لەنێو بزووتنەوەی کوردیدا. ئەمە زیاتر لای کوردە مارکسیستەکان، بە زۆریش لە کوردستانی تورکیا، بەدی دەکرێ. ئەوانە پێیان وایە پۆلیتیک و دیبلۆماسیی بزووتنەوەی کورد دەبێ هەر یەک شت بێ و دەبێ بزووتنەوەی کورد خۆی ساغ بکاتەوە و ئیتر هیچ رێگەیەک لەبەردەم مەسەلەی کورددا نییە، ئەوە نەبێ کە تەنیا دەبێ دۆستی سۆڤیەت بێ. ئێوە وەکوو کۆمۆنیستێکی عێراقی چۆن دەبینن؟!**

لەراستیدا دووسێ مەسەلە هەنە، پێم وایە دەبێ روون بکرێنەوە. بێگومان من کابرایەکی کۆمۆنیستم، ناکرێ دەری نەبڕم کە حەز دەکەم هەموو عالەم سبەینێ ببێتە کۆمۆنیست، ئەوە باسێکی ترە.. خەڵک پێی خۆشە، پێی ناخۆشە ئەوە باسێکی ترە، بەس دەبێ بە چاوێکی واقعی تەماشای وەزع بکەین. ئەم کوردستانەی کە ئێستا دەبینین، ئەم چین و باری کۆمەڵایەتییە و ئەو دواکەوتنە وئەو فلانە و ئەوانەی کە هەیە بەبڕیارێک نابنە کۆمۆنیست، نابنە مارکسیش. ئێمە پێمان وایە ئەم گۆڕەپانە هێشتا ئیمکانییاتێکی زۆر زۆری لەناو هەیە. لە کاتی خۆشیا کە شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنا، هەندێک هاتنە لای ئێمە، دەیانویست دەرس لەوەوە وەربگرن، بچن حیزبێکی مارکسی پێک بێنن، بە ئێمەیان گوت... گوتمان بابە ئەوانەی کە ئێستا دەبنە حیزبی مارکسی، لەوەیە خەڵکێکی زۆر کۆناکەنەوە. ئێوە پێویستتان بە بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتیی کورد هەیە، بزووتنەوەیەکی نەتەوایەتی. گۆڕەپانەکە چۆڵە، ئەمەی ئێوە هەوڵی بۆ دەدەن کۆڕ و کۆمەڵێ کورد کۆناکاتەوە. دەبێ هەوڵ بۆ شتێکی تر بدەن. ئەوە حیزبی شیوعی هەیە، رێکخستنی کوردستانیش هەیە. ئەوەی پێشمان ناڕازییە دەچێ شتێکی تر دەکا، موشکیلە نییە. بەڵام ئێوە بڵێن سەبارەت بەوەی کە ئێستا بزووتنەوە هەرەسی هێناو سەرنەکەوتووە و کاردانەوەکە «ردالفعل» وابێ بچن حیزبێکی مارکسی لینینی پێک بێنن، ئێمە وای بۆ دەچین هەلومەرجەکە ئێستا هی ئەوە نییە. ئەمە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە، مەسەلەی یەکیەتی سۆڤیەت، لام وایە تۆ باسی ئەوەت کرد، پێوەندی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت..

**مەبەستم خۆ ساخکردنەوەیە...**

بەڵێ، بەڵێ.. ئاخر خۆساخکردنەوە دوو جۆرە. خۆساخکردنەوە هەیە، کابرایەکی زانا، لەوەیە دیندارە و بڕوای بەخوا و پێغەمبەرە.. لەوەیە پێی وابێ ئێستا ئەگەر دۆستێک هەبێ لەو دونیایە کە یارمەتیی میللەتانی زۆرلێکراو بدات ئەمە یەکیەتی سۆڤیەتە، ئەمە شتێکە، کابرایەکی شیوعی بە چاوێکی تر تەماشای ئەم قەزییەیە دەکات. ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ، هەر دەرز لە مەسەلەی کورد هەڵێنجێنین، هین دوێنێ، هین پێرێ نە،وەکوو دەڵێن، کە هەمووی دەکاتە تەمەنی نزیکەی دە ساڵ یا دوانزە ساڵ، تەماشای دەکەین هەتا ئێستا لەبەر هێندێ هۆی ئۆبژەکتیڤی ئەو لێدانانەی کە میللەتی کورد دووچاری هاتبێ، هەمووی لە غەربەوە هاتووە، لە دۆستانی غەربەوە هاتووە. غەربیش ئامادە نییە گیروگرفت



ئەمە پێوەندی بە دوو سێ شتەوە هەیە. بێگومان، پێشەکی، ئەگەر چی پەیوەندیی بە پرسیارەکەی تۆوە نییە من لەو رووەوە بۆچوونێکی ترم هەیە، رەنگە لەو بۆچوونەی تۆ هەتە نەترازێ، لەو باوەڕەدام دەبێ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان کوردستانی عێراق و کوردستانی تورکیا و کوردستانی ئێران هەبێ. بەڵام دەبێ ئەو جەبهەیە ناوەڕۆکێکی تایبەتی هەبێ، ئەو ناوەڕۆکەی نەبێ کە لە وڵاتێکی سیاسی، لە شوێنێکی تایبەتیدا پێک دێ. دەبێ سنوورێکی بۆ دابنرێ، یانی بۆنی ئەوەی لێ نەیە بەرەیەکی نێوەندییە، سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد لە هەموو کوردستانا دەکا. بۆ ئەمە دەڵێم؟
چونکە هەلومەرجی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جیاوازییەکی زۆری هەیە. لەو باوەڕەدام زەحمەتە سەرکردایەتییەکی سیاسی بتوانێ لە هەموو کوردستانا، ئەم کارە ئەنجام بدات. پێش نەختێک باسی ئەو کۆنفرانسەم دەکرد کە ئێمە بەرەو ئەوە بووین بیبەستین، کە هەموو حیزبە کوردستانییەکانی تێدا بەشدار بن، بەڵگەنامەیەک لەم کۆنفرانسەوە دەرچێ کە ئیلتزامێکی ئەدەبی بێ بۆ هەموو ئەو حیزبە کوردستانییانە و لەگەڵ هەندێ مەسەلەی هاوئاهەنگی ترا حسابێکی باشی بۆ بکرێ. من لەگەڵ ئەوەم، بەڵام ناکرێ وا حیساب بکەین کە ئەم جەبهەیەی لە نێوان ئەو کۆڕ و کۆمەڵە کوردستانیانەی کوردستانی عێراق و ئێران و تورکیادا پێک دێ، بەو چاوە تەماشا بکرێ وەکوو جەبهەیێ کە لە کوردستانی عێراقا پێک دێ. هەرچی مەسەلەی یەکەمینە کە جەبهەیەکی کوردستانی بێ، بێگومان، لەو قەناعەتەدام پێویستە ئەو جەبهە کوردستانییە و هەر بزوتنەوەی کوردی لە عێراقا، لە ئێرانا، لە تورکیا پەیوەندییەکی زۆر بەتینی هەبێ لەگەڵ بزووتنەوەی دیموکراتی لەو وڵاتانەدا، ئەگەر لەبەر هیچ نەبێ سەبارەت بەوەیە کە ئەو هێزانەی میللەتی کورد دەچەوسێننەوە، هەر ئەو هێزانەن کە میللەتانی تریش لەو وڵاتانەدا دەچەوسێننەوە؛ ئازەرە، بەلووچە، عەرەبە، بزانە فارسە، کێی ترە....هتد.

هەرچی ئێمەین لە عێراقا رژێمی دیکتاتۆری فاشست رەوشت هەتا ئێستا هەر میللەتی کورد ناچەوسێنێتەوە، بەڵێ چەوساندنەوەیەکی دوولایەنە لەسەر میللەتی کورد هەیە، بەڵام میللەتی عێراق بەتێکڕایی دەچەوسێنێتەوە، بۆیە پەیوەندی و هاوکاری خەبات لە نێوان بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە عێراقا و لەنێوان بەرەی دیموکرات و لایەنەکانی دیموکراتی هێزەکانی دیموکراتی عێراقیدا بەلای ئێمەوە مەسەلەیەکی ژیانە، چونکە ئەمە بەراستی رێ خۆش دەکا بۆ ئەوەی لە داهاتودا مەسەلەی کورد لەم وڵاتەشا ئاسۆیەکی روونی هەبێ. بەڵام لە ئاستی هەموو کوردستاندا، بەڵێ ئێمە لەو قەناعەتەین پێویستە جۆرە گونجاندنێک هەبێ.
لام وایە لە ساڵانی ١٩٨١ـ١٩٨٢ دا بوو وتووێژ و رێکەوتنێکی باشمان هەبوو لەسەر ئەم مەسەلەیە. دوا کۆبوونەوەمان بۆ ئەو مەبەستە لە تووژەڵە کرد. وابزانم لەنێوان ئێمە و یەکیەتی نیشتمانی کوردستان وحیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وحیزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیادا بوو، بەڵام بەداخەوە، وەکوو خۆت دەزانی، هەنگینێ، کۆمەڵێ شت رووی‌دا ئاداری لەسەر پادار نەهێشتەوە. بەرەو ئەوە بووین کۆمەڵێ مەسەلە بکەینە بناخە بۆ ئێستا و دوارۆژی قەزییەی کورد و لەنێوان ئەوانەشا جۆرە گونجاندنێک هەبێ کە لە هەموو ناوچەکانی کوردستان رێککەوتنی لەسەر بکرێ، بەس چی ناو لێ دەنێی؟ نەبێتە جەبهە، سەرۆکایەتی ئەو جەبهەیە چۆن دەبێ؟! ئەو شتانە دەبێ حیسابێکی باشی بۆبکرێ. لەوەیە هەندێک هەنە دەڵێن ئێمە دان

**بەڵام پێت وانییە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بۆی هەیە بتوانێ لە رووی دیپلۆماسیەوە لە سیاسەتی جیهانیدا مانۆڤر بکات ، ئەگەر بەراستی دپلۆماسیی کوردی هەبێ؟!**

بۆ نەبێ. وەک دیپلۆماسیەت دەکرێ. بەڵام شتێک هەیە. هەموو تەکتیکێک، باوای ناو لێ بنێم، پاساودراوە، کە ئامانجت لەپێش چاو لانەچێ. هەموو هەڵوێستێک کە لەسەر رێی ئامانج بێ، بۆ ئەم ئامانجەت ببا، ئەمە پاساو دراوە «مبرر». بێگومان نامەوێ بڵێم ئامانج رێگە و هۆ پاساو دەدا «الغاية تبرر الوسيلة»، پاشتی لەم بابەتە، پێشتر باسم کرد ، وتم جیاوازی زۆرە لە نێوان ئەوەی ئێمە سوود لە ناکۆکیی ئەو وڵاتانە وەربگرین کە دژی مافی نەتەوەی کوردن و ئەوەی کارێکی ئەوتۆ بکەین لە پاشەرۆژدا، لە ئەنجاما ببینە دیلی ئەو وڵاتانە، کە بشزانین خۆیان دوژمنی کوردن. لە کاتی خۆیا لەگەڵ سەرکردایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستاندا، سەردەمی بارزانی، باسی ئەو شتانەمان زۆر کردووە. ئەوان پێیان وابوو حوکمەتی ئێران، حوکمەتی شا، دوژمنی مەسەلەی کوردە، بەڵام رەنگە دوژمنێکی دواخراو بێ کەچی لە رووەوە دوژمنێکی تازە هەیە، ئێستا دەیەوێ بتخنکێنێ. باشە ئەوە پاساو دەدرێ تا حیسابێ بۆ ئەم باسە بکەین، بەڵام نابێ بگاتە ئەو ئەنجامە، نابێ بگاتە ئەو مەیدانە، بەیانی، دووبەیانی حوکمەتی ئێران خۆی بکێشێتەوە، بزووتنەوەکە بڕووخێ ئەگەر گەیشتە ئەوە تۆ هەموو شتێکت بەکارهێنا بەبێ ئەوەی کە ئاسۆیەکی بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێ. نەرمی لە سیاسەتا لەرێی ئامانجا رێگەدراوە، بەڵام پاشانێ هەموو ئاکارت و سیاسەتت ببێتە نەرمی، بەبێ ئەوەی ئامانجەکەت لە پێشچاو بمێنێ، ئەمە رێگەی پێ نەدراوە، چونکە ئەوساکە پیاو خۆی لەبیر دەکا. هەر شەڕێکی بچووکیش، یان گەورە، هەرچەندە سەرکەوتووبێ، ئەگەر لەسەر رێی هەدەفا نەبێ، ئەمە بەسەرکەوتوو ناژمێردرێ. بەڵام شەڕی بچووک بچووک مادام لەسەر رێی ئامانج بێ، دڵۆپ دڵۆپ کۆی دەکەیتەوە. بەڵێ ئەوە ئیمکانییاتی زیاترت دەداتێ بۆ ئەوەی بەرەو ئامانج برۆی، چونکە لە راستیدا مەسەلەی دیاریکردنی ئامانج، رێگە بەرەو ئامانج، ئەمە ناوی لێ دەنێین سیاسەت، جەنابت گوتت دیپلۆماسیەت، یان تەکتیک، ئەگەر نەزانین چۆن دەبێ بگەینە ئەو ئامانجە، وەکوو پەندی کوردی دەڵێ ئەو نانە بەو دۆشاوە. نانە وشکەکە بە دەستتەوە دەمێنێتەوە دۆشاوەکەش هەر لەجێی خۆی دەمێنێ. بەڵام خۆدەبێ بزانین نانەکە بگەیەنینە دۆشاوەکە. دەبێ بزانین چۆن سیاسەتێک دەگرینە بەر، کە سروشتێکی زیکزاکی و رەنگاو رەنگ و گۆڕانکاریی تێدایە. دەبێ ئەم سیاسەتە بگرین بەڵام لەسەر رێی ئامانج، نەک لە دەرەوەی.

**چاک بوو باسی ئامانجی بزووتنەوەکەت کرد. یەکێ لەو باسانەی کە هەیە و دەکرێ ئەوەیە، ئایا باشترین دروشمی ئەورۆ ئۆتۆنۆمییە یا داواکردنی دەوڵەتی کوردستانییە. ئێوە چۆنی دەبینن؟!**



بۆ خۆی دروست بکات لەگەڵ ئەو رژێمە کۆنەپەرست و دیکتاتۆریانەی لە ناوچەکەدا، کە کوردیان بەسەردا دابەش کراوە... تەنانەت لەبابەت تورکیاشەوە لە روویەکەوە بە دیاردەیەکی تەندروستانەی دادەنێم. لە چ روویەکەوە؟! خەڵکە گەیشتۆتە ئەنجامێک، لەوەگەڕێ چەند قووڵ گەیشتبنە ئەو نەتیجەیە. هەست دەکەن ئەگەر دۆستایەتیەک ببێ، ئەگەر یارمەتیداتێک بێ، ئەوا لە رۆژهەڵاتەوە دێ، لە رۆژاواوە نایێ. لەو رووەوە ناتوانم بڵێم وانییە.

لەو رووەوە دەتوانم بڵێم لەگەڵ ئەمەم. بەڵام ناکرێ ئێمە بچینە ناو وردەکاریی مەسەلەی کوردەوە. هەموو مەسەلەی کورد ئێستا ئەو رەنگەی بدەینێ وەکوو بڵێی مارکسی لێنینیە. نەخێر لەگەڵ ئەوەنیم. دەمەوێ وابێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەنیم ئێستا هەلومەرج بۆ ئەمە رسکاوە و ئامادەیە، لەو قەناعەتەدام ئێستا لە هەندێ شوێنی کوردستانا کە نامەوێ ناوی بێنم، هەشت، نۆ، دە، پانزە ساڵ دوای ئێمە کەوتوون، ئەو شتانەی کە ئێمە پێشی پازدە- بیست ساڵ موناقەشەمان دەکرد، لە هەندێ شوێنا ئێستا موناقەشەی لێ دەکرێ. جا بۆدەبێ ئێستا باسی ئەوە بکەم. چ پێویستە، کابرا گوتەنی، ئەو هەموو رێیە ببڕم، راستەوخۆ بگەمە ئەولا کە رەنگە پاش بیست ساڵ، سی ساڵی تر، چلی‌تر مرۆڤ بیری لێ بکاتەوە.

بەڵام دۆستایەتی لەگەڵ یەکیێتی سۆڤێتی، من گەلێ جار لەگەڵ برادەرانی وڵاتانی سۆسیالستیش باسم کردوە، کە کۆمەڵێک حیزب لە کوردستانی تورکیا هەنە، هەموویان دۆستایەتی یەکیەتی سۆڤێتیو وڵاتانی سۆسیالیستیان دەوێ. وتم با نەڵێن هەموو لەبەرئەوەیە کە ئێوەیان خۆش دەوێت، کە رەنگە ئەوەشی تیابێ، بەڵام لەبەرئەوەی ئازموونیان لەگەڵ رۆژاوا، لەگەڵ هێزە کۆنەپەرستەکانی کە لەلایەن رۆژاواوە پشتگیری دەکرێن تاڵە.لەبەر ئەوە دەستیان لەو مەسەلەیە شۆردووە، ئێستاش هەندێ هێزی سیاسی هەیە ئەگەر دەرس لەوە وەرنەگرێ، ئەو دەرزە تاڵانەی کە لەرابوردوودا رووی داوە، هەموویان دووبارە دەکەنەوە.

بۆیە کە بیرمان کردەوە ئەو کۆنفرانسە ببەسترێ، حیسابێکیشمان بۆ ئەوە کردبوو کە ئەبێ میللەتی کورد باش بە دۆست و دوژمنی خۆی بناسرێ، بۆ ئەوەی رێگا لەم مەسەلانە ببڕین.

ئەوە نییە کە کابرا سۆڤیەت بە دۆستی خۆی دەزانێ، ئەبێ ئیللاو بیللا مارکسی- لینینی بێ. نەخێر، وڵاتێکە یارمەتیی گەلان ئەدا. لەوەیە دەیەها دەوڵەت و بزوتنەوە هەیە ئێستا چەکی سۆڤێتی بەدەستەوەیە و بۆ سەربەخۆیی خۆی شەڕی پێ دەکا، با میللەتی کوردیش یەک لەوانەبێ. کە رۆژی خۆی گەیشت یەکێ لەوانەبێ. من پێم وایە دوو مەسەلە هەیە: بێین هەموو شتەکە کشت کەین، کشتی کەین، وەکوو دەڵێ، دەبچڕێ، پەندی کوردی دەڵێ، شت زۆر کشت کەی، واتە بای بدەی، دەپچڕێ. جامن ئەمە بەبادانی دادەنێم. بۆ نموونە بەیانی، دووبەیانی دەچین بەیانێ دەردێنین لەسەر مەسەلەی کورد. وەڵڵا ئەگەر دژی ماوییەتی تیا نەبێ، نابێ دەری بێنین. بۆ دەبێ دژی ماوییەت بێ؟ پەیوەندیی بە باسەکەوە نییە.

من ئێستا با دەنگی خۆم بەرز کەمەوە، هاوکاری لەگەل مەسەلەی کورد داوا بکەین، ئەوسا ئەگەر تۆ دژی ماوییەتی، تۆ بڕۆ دژی ماوییەت قسە بکە، من نامەوێ ئێستا لە بەیانەکەدا بێ لە شوێنێکی تردا کە بەیانم دەرهێنا ئەوەی تیا دەنووسم، ئەمە شتێکی ترە، ئەمە تایبەتە بە من، ئەگەرنا خۆ دەبووینە یەک حیزب. لە راستیدا پێویستە ئێمە لەوە گەڕێین. چ کۆمان دەکاتەوە، بەڕاستی چ ناوکۆیە لە نێوانمانا،پێ لەسەر ئەمە دابگرین، لەوباوەڕەدام بۆ پێشەوە بڕۆین.

ئەمانە کە بابەتی جیاوازیشن، رەنگە هەندێکیان چارەسەر بکرێن، بگەینە ئەنجامێک کە ئەوانیش چاربکرێن. جا من لەو رووەوە دیتنم بەو شێوەیەیە.

ئێستائەگەر بمانەوێ رایگشتی بۆلای مەسەلەی خۆمان وەدەست بێنین، لام وایە بەو دروشمەی لەدیوی عێراق هەڵمان گرتووە، بەلای کەمەوە ئێستا، بەناوی دروشمی ئۆتۆنۆمییەوە ئەم رای گشتی یە زیاتر بۆلای ئێمە وەدەست دەهێنێ، لەوەی کە ئێمە بتوانین بە ناوی پێک هێنانی دەوڵەتێک وەدەستی بهێنین، چونکو، وەکو عەرزم کردیت، پێکهێنانی دەوڵەتێک یەعنی لە نووژەنەوە نەخشەی ناوچەکە بکێشین و مەسەلەکە راستەوخۆ پێوەندیی بەچەند وڵاتەوە هەیە. دوێنێ- پێری ئۆگادین، گومان لەوە دانییە ئۆگادین، ناوچەیەکی «سۆمالیە» و لە خودی چوارچێوەیسنووری سیاسی «ئەسیووپیا»دا، لەوەیە کۆمەڵێ نەتەوەی تریش هەنە، مەسەلەکە وا دەستی پێکرد، بڕبڕەی پشتی «سیادبەڕی» و سۆماڵ و رێڕەوشتی پێشکەوتنخواز و فلان ئەلەوەدا شکا، کە بەڕاستی ئەم لایەنەیان تیا بزواند، کە گوایە بەرەو ئامانجی سۆمالی گەورە بڕوا، هەر لەو کاتەشدا سۆسیالیزم دامەزرێنێ. بەداخەوە نەیتوانی سۆسیالیزم دامەزرێنێ، بەلای کەمەوە تا ئێستا، نەیتوانی سۆمالی گەورەش پێک بێنێ. چونکە هەلومەرجێکی ناوکۆییش هەیە لە هەندێ وڵاتی ئەفریقی، هەموو ئەفریقاش لەگەڵ ئەسیوپیادا بوو، نەک لەگەڵ سۆمالا، سەبارەت بەوەی پێویستی بە سەرلەنوێ نەخشە کێشانەوەی ناوچەکە هەیە. بەڵام با بێینە سەر مەسەلەیەکی تر.

بابێین لە دیوی عێراق، لە ڕاستیدا ئۆتۆنۆمی هەبێ، ئەم شتە بە چ ئەندازەیەک، ئەم پێکهێنانی ئۆتۆنۆمیە بەچ ئیمکانیاتێک دەتوانێ ئەمەسەلەیە پێش بخا. ئێمە لەوقەناعەتەداین زۆری پێش دەخات، دەبێتە هێزێکی نموونە، دەبێتە قزگەیەک، بنکەیەک بۆ پەرەسەندنی مەسەلەی کورد لە هەموو ناوچەکەدا، بیانەوێ و نەیانەوێ تۆ ئۆتۆنۆمیەکی راستەقینەت هەبێ لە کوردستانی عێراقا، بەڵام راستی بێ، نەک بۆ وەڕنیش. ئەمە کۆکردنەوەیەکی گەلەک زۆرە زەخیرەیەکی گەلەک باشە، بایەخدارە بۆ ئەوەی لەم رێیە پێت بێ، بۆ رێی پێکهێنانی دەوڵەتی کورد. جالەو رووەوە ئێمە، هەرچەندە شوورایەک یان تەگەرەیەکی دەسکرد لە پێش پێکهێنانی کیاتێکی یەکگرتووی میللەتی کورد داناتێین بەڵام لەو باوەڕەداین، لە رووی بۆچوونەوە، رێگا بۆ ئەمە، ئێستا، ئۆتۆنۆمییە لە کوردستانا. ئەمەش دروشمی ئێستای هەموو حیزب و هێزە نیشتمان پەروەرەکانی عێراق وکوردستانە کە لە «جود»دا هاوکاری دەکەن. یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش ئۆتۆنۆمی دەوێ، لەم دوایی یەدا شتێکی هێنایە ناوەوە کە چووە ناو وتووێژ لەگەڵ حوکمەتا، بەڵام ئێستاش لام وایە هەر دەگەڕێتەوە سەر ئەولا، رابەری یەکێک لە حیزبەکان دروشمەکەی دەسکاری کرد، لەگەڵ ئێمە بە دوور و درێژی باسی کرد، وتم پێم وایە ئێستاکە راست نییە، وتی لەو باوەڕەدام کە ئۆتۆنۆمی کوردستان شیاوی ئەوە نییە چەکی بۆ هەڵگیرێ و خوێنی پێشمەرگەی بۆ بڕێژرێ. بۆ؟

وتی حوکمیزاتی زۆر شێوێندراوە، ووتم سۆسیالیزم لە عێراقدا شێوێنرا، کەواتە دەبێ داوای شتێکی تر بکەین. ناکرێ ئەمە، بە تەقدیری ئێمە، نەخێر شێوێندراوە و زیاتریش دەشێوێندرێ، بەڵام ئێمە دەبێ هەوڵی بۆ بدەین.

بگەینە ئەو ئەنجامە. جا مەسەلەکە بەم شێوەیە، ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان لەپێش برادەرانی تریشا وتوومانە، نامانەوێ بڵێین ئۆتۆنۆمی لەجێگەی مافی چارەنووسە، لەو باوەڕەداین ئەمە رێگایەکە بۆ ئەوەی، جا چەند راستە، ئەوە دەمێنێتەوە سەر ئەنجام.



لەو باوەڕەدام حیزبی ئێمە، بەناوی حیزبی ئێمە، چ تەگەرەیەکی دەسکرد لەپێش پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی داناتێین. نەخێر ئێمە کە باسی مافی چارەنووس دەکەین، بێگومان تۆ خۆت دەزانی بڕیاردانی چارەنووس دوورووی هەیە.

کە دەڵێین لەگەڵ مافی چارەنووسین ئەوە مەبەستمان هەردوو رووەکەیەتی. جا ئەوە دەمێنێتەوە سەر هەلومەرجی ئەوسا، لاموایە ئێمە دوێنێ و پێرێش، تەنانەت لەگەڵ برادەرانی هەندێ حیزبی شیوعی کە پەیوەندییان بە مەسەلەی کوردەوە هەیە، باسمان کرد، ئێمە پێمان وایە لە کاتێکا باوەڕمان بەوەیە میللەتی کورد مافی تایبەتی هەیە کە کیاتێکی سەربەخۆ بۆ خۆی پێک بێنێ، کە تاکە میللەتە بە گەورەیی میللەتی کورد، بە رابوردووی میللەتی کورد، بەو دەورەی کە میللەتی کورد لە پێکهێنانی شارستانێتی و ئەوانەدا هەیبووە... تاکە میللەتە لە جیهانا کە تائێستا، بەبێ هیچ جۆرە مافێک مابێتەوە. بەڵێ «نامیبیا» هەیە، هیتر هەیە، بەڵام لە راستیدا بەشێکی زۆریان ئەو ئەندازەیە و ئەو گرانییەیان نییە کە میللەتی کورد هەیەتی. جا لەو رووەوە، بەراستی، شتێکی زۆر زۆر سروشتییە دان بەو راستییەدا بنێین.

نەک هەر دانی پیابنێین، بەڵکو هەوڵیشی بۆبدەین کە میللەتی کورد بتوانێ لە هەلومەرجی لەباردا ئەم ئاواتە بێنێتە دی. بەڵام تەقدیری ئێمە لەو رووەوە چییە؟! ئێمە پێمان وایە کە بەشێوەیەکی بەرچاو بۆ ئەو مەسەلەیە بچین. بەپێی باری ئێستای کوردستان، بەپێی باری پچڕپچڕی کوردستان، بەشێکی لەگەڵ تورکیا «بەشی زۆری، هەرەزۆری»، بەشێکی لەگەڵ ئێرانا، بەشێ لە عێراقا لە جێگای تریش هەیە بەپێی ئەو ئاڵۆزکانە سیاسییەی کە هەیە، بەپێی ئەوەی کە زەحمەتە ئێستا بیر لە پێکهێنانی کیاتێکی کوردی بکەینەوە، بەبێ ئەوەی بە جیددی چاو بە نەخشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بگێڕێتەوە، بەبێ ئەو هەموانە، پێمان وایە ئێستا هەڵگرتنی دروشمی پێکهێنانی دەوڵەتێک مافی بڕیاری چارەنووس و جیابوونەوە ئاڵۆزکاتێکی زۆر دێنێتە رێی مەسەلەی کورد. با لێرەدا ناکۆکیمان نەبێ. لەوەیە ناکۆکیمان هەر لەسەر ئەوەندە بێ، ئێمە لەسەر ئامانج ناکۆک نین. جا چی دەمێنێتەوە؟! هی وا هەیە دەڵێ ئۆتۆنۆمی بایی ئەوە نییە شۆڕشی بۆ بکرێ. ئێمە لەو باوەڕەداین ئۆتۆنۆمییەکی راستەقینە بایی ئەوەندەیە شۆڕشی بۆ بکرێ. با حیسابی ئەوە بکەین، کۆماری مەهاباد تا ئێستا بمابایەوە، کە لەسەر زەوییەکی بچووک بوو، دانیشتووانی ئەوەندە زۆر نەبوو. ئەم چل ساڵە بمابایەوە، کە ئێستا، ئەم ساڵ، چل ساڵەیەتی، دەبوایە چ کارتێکردن و چ دەورێکی ببینیایە بۆ پێشخستنی مەسەلەی کورد، لە رووی فیکرییەوە، لە رووی کولتوورییەوە. وەکوو هێزی نموونە «قوة المثل»، بۆ ئەوەی خەڵکی تریش بیر لەوە بکاتەوە، کارێکی ئەوتۆ بکا وەکوو ئەوەی لە مەهابادا کراوە. ئۆتۆنۆمی لە کوردستانی عێراقا، بەهۆی میللەتی کوردەوە و بۆ بەرژەوەندی میللەتی کورد و بۆ بەرژەوەندی دیموکراسی لە عێراقا بکرابایە دەبوایە چ هەنگاوێک بێ بۆ پێشخستن و بۆ نیزیک خستنەوەی ئاسۆی پێکهێنانی کیاتێک بۆ میللەتی کورد. ئێمە لەو قەناعەتەداین ئۆتۆنۆمی ئەو دەورە دەبینێ، هەنگاوێکی گەلەک گەلەک گەورەیە بەرەو ئەو ئاسۆیە. ئەوە یەکیان، دووەمیان، هەرچەندە ئێمە نامانەوێ بڵێین لەوەیە کۆنەپەرستی هەڵبخەڵەتێنرێ، بەڵام ئێمە دروشمی پێکهێنانی دەوڵەتێک بۆ کورد، ئێستا، هەڵگرین، بمانەوێ و نەمانەوێ، لە هەر شوێنێکا، هەر جووڵانەوەیەک لە کوردستانا ببێ، ئێستا راستەوخۆ دەبێتە نیشانی سێ دەوڵەت، ئەگەر هەرچیتر نەڵێم: تورکیا و عێراق و ئێران. بەڵێ لەوەیە ئێستاش هەروایە بەڵام ئەوسا دەها زیاتر دەبێ. لێتیشی ناشێرمەوە،

لەو قەناعەتەدام ئێستا هەلومەرج لە هەموو بەشەکانی کوردستانا هەڵنەکەوتووە بۆ پێکهێنانی حیزبێکی مەرکەزی کە بتوانێ بە کردەوە سەرکردایەتیی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی بکا، لە مەرکەزێکەوە سەرکردایەتی بکا. ئەمە یەک، دووەمین من باسی نوختەیەکم «خاڵێکم» کرد پێشتر، من لەو قەناعەتەدام ئێستا پەیوەندی لە نێوان هەر بەشێک لەبەشەکانی کوردستان، لە سەر بناغەی یەککگرتن، یەککگرتنی ئەو بەشە لەگەڵ هێزی دیموکراتی، ئەمە شتێکی حەیاتییە، بەبڕوای ئێمە، ئەمە ڕێگای زۆر فراوان و ئەنجامدار و بەرهەمدارە و دوارۆژی هەیە، بۆئەوەی بەراستی قەزییەی کورد بەتەواوەتی، بە جۆرێکی ڕەوا پێشکەشی ڕای گشتیجیهان بکرێ، میللەتی کورد ئەمەی پێویستە. گەلێ جار لەگەڵ هەندێ لە برادەرانا باسم کردوە، ئێمە لەو قەناعەتەداین قەزییەی کورد لەعێراقا بمانەوێ و نەمانەوێ زیاتر پەیوەندی بە هاوکاری و هاریکاری لەگەڵ قەزییەی عەرەبیدا هەیە. بۆ...؟! ئێمە ڕەفتار لەگەڵ حکومەتێک دەکەین، حکومەتێکی عەرەبییە و بمانەوێ و نەمانەوێ، پەیوەندی لەگەڵ عالەمی عەرەبی هەیە. قەزییەی کورد دەبێ «قاعدة» بنکەیەک، قزگەیەک لە ناوچەی عەرەبیدا، لەناو هێزە نیشتمان پەروەرەکانی عەرەبیدا، لەناو هێزە پێشکەوتن‌ـخوازەکانی عەرەبیدا، لەناو ڕژێمە ڕزگاریخوازەکانی عەرەبیدا هەبێ، زیاتر ئامادە دەبێ بۆ ئەوەی بەرهەڵستی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بکا، لەوەی بچێ پشت بەلایەکی تری بێگانە ببەستێ. هێزی شۆڕشگێڕی کورد لە ئێرانا پشت ببەستێ بە گەلانی ئێران زیاتر بۆی دەچێتە سەر لەوەی پشت بە سەددام ببەستێ. هێزەکانی شۆڕشگێڕی تورکیا پشت ببەستێ بە بزووتنەوەی دیموکراتی تورکی زیاتر بۆی دەچێتە سەر. قەناعەتێکی ئاوام هەیە، جا لەو بابەتەوە باسم کرد و وتم کە ئەمە بە مەسەلەیەکی گرنگ و بایەخدار دائەنێم. پێکهاتنی مەرکەزێک بۆ حیزبێکی مارکسی‌ـ لینینی، بابڵێین بۆ حیزبێکی شیوعی، لەو باوەڕەدام ئێستا دوورەگایە، وەکو فەلاحی خۆمان دەڵێن، هێشتا هەلومەرجی وای بۆ هەڵنەکەوتووە و ڕاستیش نی یە.

**لەوانەیە زرووفێک بێتە پێشەوە و یەک بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەبێ و پارتێکی کۆمۆنیستیش بتوانێ سەرۆکایەتی بکا، سەرەنجامی پارتە کۆمۆنیستەکانی ئێستای عێراق و ئێران و تورکیا و سووریا چ دەبێ؟!**

* ئەو زرووفە پیاو دەبێ بە مەلووس تەماشای بکا. بابێین و قسەیەکی بچکۆلانە بکەین، بۆ نموونە حیزبی شیوعی فەلەستین نەبوو. حیزبی شیوعی ئەردەنی، حیزبی شیوعی زەفەی غەربی هەبوو، فەرعێکی هەبوو لەوێ. لەگەڵ پەرەسەندنی قەزییەی فەلەستین یەک لەو ڕایانەی کە ئێمە دامان، ڕاکەمان وەرگیرا و قسەیەکی لێ کرا، ئێمە گوتمان پێویستە حزبی شیوعی فەلەستینی ببێ بۆ ئەوەی دەوری باڵای خۆی ببینێ، بۆ ئەوەی وەلیدێکی سروشتی بێ بۆ دوارۆژی گەلی فەلەستینی، کە نەڵێن ئەوا حکومەتمان پێک هێنا، ئەوجا ئێوە حیزبی شیوعیتان پێکهێنا. نەخێر ئێستا هەین و ئێستا دەوری تیا ئەبینین. ئەگەر قەزییەی کورد بەرەو ئەوەبڕوا، بەرەو ئەو ئاسۆیە بڕوا، ئەوە دیارە دەبێ ئینسان بیر لەومەسەلەیە بکاتەوە، بەڵام پێش ئەوە لام وایە پەرت و بڵاوکردنەوەی کۆششە، ونکردنی کۆششە، لەو باوەڕەدا



**دەست پێ کردنی شەڕێکی چەکدار لە کوردستانی تورکیادا، ئێوە ئاسۆی پێشکەوتنی چۆن دەبینن؟**

ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان وای دەبینین کە قەزییەکە لەڕاستیدا پەیوەندی بە کوردستانی تورکیاوە هەیە. گەلێ جار لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی تورکیا وتووێژمان لەو بابەتەوە کردووە، لەگەڵ زۆر لەو حیزبانە پەیوەندیمان باشە. لە ڕاستیشدا دەزانی لە زەمانی کودەتا عەسکەرییەکەشدا سەرکردایەتی ئەو حیزب و ڕێکخراوانە بەزۆری ناچار بوون بچنە دەرەوەی وڵات، ئەساسێک مایەوە لە ناوەوە، جۆرە چالاکی و جموجۆڵێک هەبوو لەناوەوە، بەڵام لە ڕاستیدا لام وایە توانیان تارادەیەک ئازار بەجووڵانەوەی شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی تورکیا بگەیەنن. جا لەبەرئەوەی مەسەلەکە پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆی بەهێزە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی تورکیا و هێزە شۆڕشگێڕەکانی تورکیاوە هەیە و ئەوان دەتوانن بڕیاری لەسەر بدەن.

**دامەزراندنی پارتێکی کۆمۆنیستی کوردستانیتان پێ چۆنە؟! کە خەڵک زۆر جار ئەمە دەپرسن بۆچی حیزبێکی شیوعی تایبەتی بۆ کوردستان نەبێت؟!**

لەو باوەڕەدام ئەم مەبەستە بەستراوە بە پەرەسەندنی مەسەلەی کورد خۆیەوە، لە کاتێکدا کە ئیدارەیکوردستان لە مەرکەزێکەوە بکرێ و ستراتیژێکی یەککگرتوو بەهەموو «تەفاسیلەوە» بۆ کوردستان دابنرێ، ئەوکاتە توانا دەبێ بەو پێیە ڕەفتار لەگەڵ وەزعەکە بکرێ. ئەم مەسەلەیە بەستراوە بە ئاسۆی دوارۆژی پێشکەوتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردەوە. ئێستا ئێمە بیر لەوە ناکەینەوە حیزبێکی تری کوردستانی دابنێین، هەر جۆرە حیزبێکی کوردستانی، پێشتر باسی ئەوەمان کرد کە ئایا دەتوانرێ ئێستا جەبهەیەکی کوردستانی پێک بێ. من لەگەڵیم، جۆرە جەبهەیەک پێک بێ، بەڵام ببڕای ببڕ ناکرێ ئەو جەبهەیە مەرکەزی بێ کە بریارێک دەرئەکا «ملزم» بێ بەنیسبەت هەموو لاکانی تر... بۆ؟

چونکە هەلومەرج لە عێراق و لە ئێران و لە تورکیادا لێک جیاوازن، حیزبی شیوعی لەسەر بناخەی چینایەتی و قەبارەی سیاسی هەر وڵاتێک دادەمەزرێ نەک نەتەوایەتی، بەڵام پێ بەپێ پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورد دەتوانرێ بیر لەو مەسەلەیەش بکرێتەوە. کە ئێمە بیر لەوە بکەینەوە بڵێین میللەتی کورد مافی ئەوەی هەیە کیانێک پێک بێنێ، بۆ دەبێ ئەو کیانەش حیزبی خۆی نەبێ، جا ئەم حیزبە بێ یان ئەو حیزبەیتر بێ، بەڵام لەو باوەڕەدام ئێستا ئەوە شتێکی لەبار نییە، تەنها نوعە ڕەدفیعلێکە. ئەوانەی کە تووشی ئەو ڕەدفیعلە دێن لایان وایە بەم قەزییەیە هەموو گیروگرفتێکی کوردستان چارەسەر دەکەن. لەوانەیە تەنها خۆیان تووشی تاقی کردنەوەیەک بکەن و هیچی تریش. جارجارە باسی ئەوە دەکرێ، دەفەرموون با ئێمە بتوانین بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە هەربەشێک لە بەشەکانی کوردستاندا یەک بخەین لەرووی بەرەپێکهێنان و چەشنە ڕێکخستنێکی کاروبارەوە، ئەگەر ئەوەمان پێ نەکرێ،کە زۆر عەمەلیە، بۆ دەبێ ئینسان بەردێکی ئەوتۆ گەورە هەڵگرێ کە دەلیلی ئەوەبێ پیاو نەیەوێ ڕایوەشێنێ.

ئێمە لەگەڵ ئەو باوەڕە نین، ئێمە دەگەڵ ئەو رایە داین کە ئەمە بە هەنگاوێکی گەلێک باش دائەنێ و هەنگاوێکی باشە بۆ پێشەوە. بەڵام بەمەرجێ هاوکاری بێ، تەعاون بێ لە بەینماندا، ئیتر لەو بابەتە شتمان زۆر لەسەر باسکرد. لەم دوا دواییەدا کۆمەڵێکی زۆر لەو سیاسیانە رەنگە گەیشتبنە ئەو قەناعەتەکە بەڕەفز کردنی حوکمیزاتی هەڵەیەکی گەورە کراوە.

من لەو باوەڕەدانیم کەم یان زۆر دەستی ئەم لاو ئەولای تیانەبێ. کەم یان زۆر دەستی دوژمنانی کوردی تیانەبێ، چونکە دوژمنان لەوە دەترسان رۆژێ لە رۆژان میللەتی کورد لە کوردستانی عێراقا بەکردەوە دەسەلاتێکی ئەوتۆی هەبێ. جا ئەو قۆناخە ناوەڕۆکی چۆنە، چۆن دەبێ ناوی لێنێین، قۆناخێ پێش بارزانی یان کاتی پاش بارزانی، بەش بەحاڵی خۆم بیرم لێ نەکردۆتەوە، ئەبێ ئینسان بیر لەوە بکاتەوە دەبێ ناوەڕۆکی ئەو قۆناخە چیبێ. لەوانەیە کەسانی وا هەبن بڵێن پاش بارزانی لە نوژەنەوە لەسەر ئەساسێکی نوێ و روونتر دەستی پێ کردۆتەوە. من تصور دەکەم وەکوو عەرەب ئەڵێ «بدءوا من حیث انتهی البارزانی».

ئەمە کەی دەبێ بەشتێکی نوێ دابنرێ. دیارە تا ئێستا لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ و زانستانەی تێر و پڕ لەسەر شۆڕشەکەی ئەیلوول لەبەردەستا نییە. بەڵام باشە کە باسی بارزانی دەکرێ ئەو دەورە گەورەیەی نەکرێ بەژێرەوە کە لە بزووتنەوەی گەلی کورددا گێڕاویەتی وکاتێکیش باسی هەڵە و ناتەواوییەکانی پارتی و بارزانی دەکرێ نابێ دوور لە مەسەلە و گیروگرفتەکانی بزووتنەوەی کورد تەماشایان بکرێت و ناکرێ لەئاڵۆزکاویەکانی ناو مەسەلەکە جودا بکرێتەوە و نابێ سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوول فەرامۆش بکرێت و گشت هەڵەکانی بخرێتە سەر ئەستۆی ئەو رابەرەی گەلێکی راپەڕاند و چەندان ساڵ سەرکردایەتیی جوڵانەوەی کرد.

بارزانی بەو هەموو ساڵە گەیشتە ئێرە، هەندێک لە ئێمەمانان لەوێ دەستمان پێکرد کە بارزانی تیایدا کۆتایی هێنا، هی تریش هەتا ئێستا دەلیلێکی زۆر روون نییە لە راستیدا کە بیر لەوە بکەینەوە ئێمە حیسابی دۆست و دوژمنانی قەزییەی کورد بکەین بەتەواوەتی.

رۆژگار و زەختی ئەمڕۆ دیارە جارجارە کارێکی ئەوتۆ دەکا کە زیاتێکی زۆر زۆر گەورەی هەبێ بۆ ستراتیجی قەزییەی کورد.

**لەو وەرامەی ئێستا مەسەلەی ٩٧٤ت هێنایە پێشەوە. پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ئەوسا تەجرەبەیەکی تاڵی تووش هات، تەجربەیەکی زۆریش تاڵ بوو، نەتەنها بۆ ئەوان، بەڵکە بۆ میللەتی کورد هەموو، بەڵام پێم وایە تەجروبەی ئێوە لە هی ئەوان کەمتر تاڵ نەبوو... وایە یان نا؟!**

* تاڵ خۆی جۆربەجۆرە، هەردوکی تاڵە، راستە، نازانم کەمترە یان زۆرترە. بەڵام لەراستیدا وەکو فەرمووت تاڵ بوو. دیارە لایەتێک هەیە لەراستیدا نابێ بیشارینەوە. ئێمە لەسەرەتای نوشوستی بزووتنەوەی کوردیدا، هەستمان بەوەکرد توانای لێدانی حیزبی شیوعی رۆژ بە رۆژ دەبێتە شتێکی واقیعی، چونکە بوونی شۆڕش لە کوردستانا، تەنیا بوونی خۆی،



نیم هەلومەرجێکی وا هەڵکەوتبێ. دەمێنینەوە سەر ئەو هەلومەرجەی هەڵدەکەوێ. مەسەلەی وا پەیوەندی هەیە بە پەرەسەندنی «ملموس» بەشتێکی ملموس، پیاو ناتوانێ حوکمێک بدا لە فلانە تاریخ یان لە فلانە وەزعەوە دەبێ یان نا، رەنگە کۆمەڵێک هۆکار هەبن ئەوسا دەبێ دیراسەت بکرێن، لەسەر رۆشنایی ئەمە بڕیار لەسەر شتی وا بدرێ.

**دەگوترێ گوایە لە ساڵی ٩٧٥ بەدواوە قۆناخێکی تازە لە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردا دەستی پێ کردووە، کە دەکرێ پێی بگوترێ قۆناخێ پاش بارزانی، ئێوە قۆناخێکی ئاوا دەبینن ؟!**

* دەبێ ئینسان بزانێ ناوەڕۆکی ئەو قۆناخە چییە. ئەوانەی کە بیر لەوە دەکەنەوە، دەبێ بزانن ناوەڕۆکەکەی چ بێ. من لای خۆمەوە، ئاوا بۆ مەسەلەکە دەچم، هەلومەرجێکی تایبەتی هەبوو لە عێراقا، ئەو کاتە چەشنە پەرەسەندنێک لە عێراقدا هەبوو، لە زەمانی «عەبدولکەریم قاسمە»وە وەربگرە تاوەکوو دووبرا «عبدالرحمن و عبدالسلام عارف» و کاتی بەززاز و... هتد، شۆڕشی کورد توانی لە قۆناخ تا قۆناخ، لە شوێن تا شوێن، رۆژ بە رۆژ خۆی بچەسپێنێ، بەم وەزعەی کە هەیبوو توانی خۆی بچەسپێنێ، ببێتە هێزێک، وەکو ئەڵێن دڵۆپ ـ دڵۆپ چشت کۆبکاتەوە، بووە هێزێک نەئەکرا ئینکاری بکرێ. بەداخەوە ئەم هێزە باش رەفتاری لەگەڵ نەکرا، بەهەندێ لایەنەوە بەسترایەوە کە ببڕای بیر لە مەسەلە و بەرژەوەندی کورد ناکەمەوە. «تصور» ێکی کەمبین بوو، لەو رووەوە بزووتنەوەکە وەکوخۆت ئەزانی، رووخا.

ئەبێ ناوەڕۆکی ئەو وەزعەی ئێستا چیبێ؟ من ناوم نا قۆناخی تێشکان «انتکاسة» و ئەم تێشکان و نوشوستییە هەر لەمەسەلەی شۆڕشگێڕی دارووی نەدا، بەڵکو لە گەلێ رووی تریشەوە بوو وەکو ـ مەسەلەی نەفسی، بڕوا، و لە مەسەلەی قەناعەتدا بوو. بۆیە هەرکەسێک ئێستا یان هەرلایەتێک بیر لەوە دەکاتەوە کەم یا زۆر خۆی تاقی بکاتەوە، یان بیروباوەڕ بگۆڕێ، حیسابێکی ورد بۆ ئەو مەسەلەیە نەکراوە. مەسەلەی هەڵسەنگاندنی رووداوەکانی ئەم وەزعەی کە لەزەمانی بارزانیدا بوو، ئەو فەترەیەی کە روویدا...هتد، ئەو مەسەلانە و گەلێکی تریش پێویستە زۆرباش دیراسەت بکرێن و بەوردی سەرنج بدرێن و شی بکرێنەوە.

بۆ نموونە لەکاتی خۆیدا لە قۆناخی لێکجودا بوونەوەدا ئێمە وەفدێکمان بەپێنج قۆڵی لەگەل برادەرانی پارتی دیموکراتی کوردستان دانیشتن، لە مانگی ئازاری ١٩٧٤ دا بوو، ئەو پێنج هاورێیەی ئێمە کە بەشداربوون هەموویان زیندوون و بەشێک لە هاورێیانی پارتیش هێشتا ماون کە بەشداریان کرد لەو دانیشتنەدا. ئێمە لەکاتیخۆیدا باسی ئەو قەزییەمان کرد، وتمان ئەو حوکمەزاتییەی کە ئێستا بڕیاری لەسەردراوە، نموزجی نیە، کەم و کووڕی زۆری تیایە، لەسەر ئێوە تفصال کراوە، بۆ ئێوە بە باڵا بڕاوە و بۆ حوکمڕانی ئێوە دانراوە.

لەو قەناعەتەین پێویستە پەسەند بکرێ، ئەگەر هاوکاری و هاریکاری لەبەینی ئێمەو ئێوەدا ببێ ئەو کاتە ڕەنگە شتێکی لێ هەڵبکرێنین، هەرچەندە ئەمە شتێکی نموزەجی نییە، خۆ ئەگەر وا دەبینن ئەمە قەزییەی کوردی هەڵدەبەستێ «تکلیس» یانی بەکردەوە تەجمیدی دەکا، نایەوێ پەرەبسێنێ، پێش کەوێ، ئەوا دەسمان دامێنتان رەفزی کەنەوە.

و نوسەرانی کوردەوە دەستی یارمەتیی بۆ درێژ بکرێ. لێتی ناشێرمەوە بەرنامەیەکمان بەدەستەوەیە گۆڤارێکی کوردیش دەربێنین. هەوڵێکی زۆرمان بۆ ئەو مەسەلەیەداوە و بیرمان لێ کردۆتەوە و دەشمانەوێ بەجۆر و تەرزێ بێ حیسابێکی جیددیی بۆ بکەین.

ئێمە لەو قەناعەتەداین ئەم گۆڤارەی کەئێمە دەمانەوێ و بیرمان لێ کردۆتەوە دەری بێنین دەورێکی باش باش ببینێ. ئەو کاتە رەنگە داوای یارمەتی لە زۆر کەس بکەین کە توانای نووسینیان هەبێ، هەتا ئێستا بۆمان نەلواوە، حیساب بۆ ئەوەش دەکەین.

جگە لە مەسائلی گۆڕین و ئیزگە و بیری نوێ کە ئێستا لە کوردستان بەکوردی دەرئەچن و بڵاو ئەکرێنەوە، ناوە ناوە نامیلکە وشتی وا دەنووسرێن ودەکرێن بە کوردی، حیسابێکمان بۆ ئەو مەسەلانە کردووە و دەورمان تێدا یاری کردووە، بەتایبەتی لە کۆمەڵەی نووسەران و رۆژنامەی نوێ و هونەرمەندانی پێشمەرگەدا کە لە کوردستان گۆڤاری رۆشنبیری پێشمەرگە دەردەکەن.

بەڵام لە راستیدا نامەوێ بڵێم ئەوە شتێکی گەلێک زۆرە، نەخێر هێشتا پێویستی بەزۆرتر لەمە هەیە. بەتایبەتی بە زاراوەی سۆرانی، شێوەی کوردستانی خواروو، ئێستا گۆڤار و شتی بڵاوکردنەوە و کتێب زۆرە. بەشی ئێمە لەو بابەتە تاڕادەیەک کەمە. بەڵام هەوڵ دەدەین لەم رووەوە دوانەکەوین و بەڕای ئێمە ئەم جۆرە هەوڵدانە دەورێکی زۆر دەبینێ بەتایبەتی بۆ نەوەی ئێستا، نەوەی ئێستامان وەکو نەوەی ئێمە نی یە، ئەوانەی ئێستا کوردییەکی باش دەزانن، بە کوردی دەخوێنن و دەنووسن، کوردییەکی پەتی ئەزانن و باش قسەی پێ ئەکەن . لەو بابەتە ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ ئەبێ رۆژنامە و گۆڤاری شتی وامان هەبێ کە گەنجی ئێستای کوردستان باش بتوانێ بیخوێنێتەوە و تێی بگات. خۆت دەزانی ئێستا زمانی کوردی گەیشتۆتە قۆناخێک تاڕادەیەکی زۆر «استیعابی» بیروباوەڕ دەکات. لە قۆناخی یەکەما، پێش ٤٠-٥٠ ساڵ ئەم مەسەلەیە بەم رادەیە نەبووە، بەڵام، ئێستا دەورێکی تری هەیە. لەو باوەڕەدام کۆمەڵێکی باش لە برادەرانی ئێمە دەورێکی باشیان هەیە لەو بارەیەوە، ئێستا مەسەلەی فەرهەنگی پلەیەکی نوێی گرتۆتەبەر و لە راستیدا دەورێکی باڵای وەرگرتووە. ئێستا لە عێراق چەندان گۆڤار و نامیلکە و شتی باش دەردێن، من چاویان پیا ئەخشێنم و پیایاندا ئەڕوانم، گەلێ بابەت و شتی باشیان تیا بڵاوئەکرێنەوە کە خزمەتێکی باشی کولتوری کوردی ئەکەن.



لەراستیدا، بنکەیەکە بۆ بزووتنەوەی دیموکراتی. نامەوێ بڵێم بەهەموو وەزعێک و لە هەموو زرووفێکا، بەڵام تەنیا بوونی ئەم قەزییەیە، حوکمی مەرکەزی وا لێ ئەکا حیسابێ بۆ ئەم هێزە سیاسیە و ئەو هێزە بکا، لەسەر ئەساسی نزیکبوونەوە و دووربوونەوەی لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی لە کوردستانا. ئەمە لەوکاتەی کە بزووتنەوەکە هەرەسی هێنا، هەستێکی وامان کرد کە ئێمە بەتەنێ ماینەوە. تواناش و هەلومەرجیش بەرامبەر و یەکسان نی یە .ئەوسا رەنگە گران بوو بیر لەوە بکەینەوە دەبێ هەر لە ئێستاوە «تەحدیدی» هەڵوێست بکەین. ئێمە باسی ئەوەمان کردووە، هەڵسەنگاندنی «تقییم»مان بڕیارداوە، نازانم دیوتە یانە؟! تەقییمێکیان هەیە باسی ئەو تاڵییەمان کردووە، نەمانشاردۆتەوە، هەوڵمان داوە، ئەوبەڵگە نامەیە لە کۆنگرەی چوارەمی حزبیشماندا بڕیاری لەسەر دراوە... بەڵێ تاڵ بوو.

**با بێینە سەر باسێکی تر، تا ئێستا هەر سیاسی بوو، ئەوجا لەسەر فەرهەنگی کورد «کولتوری کورد» تۆزێک باس بکەین. پارتی کۆمۆنیستی عێراق، چ ئێستا، با بڵێین لەکاتی شەڕاکەخەباتی سیاسی و خەباتی چەکدارانەش دەکات وچ بۆ پاشەرۆژیش، پرۆگرامێکی چۆنێتی هەیە لەمەڕ فەرهەنگی کورد؟!**

* لەراستیدا بۆ ئێمە باسی ئەو مەسەلەیە کارێکی ئاسان نی یە. ئێمە زۆر لەمێژەوە هەوڵمان داوە بە گوێرەی توانا دەستیشمان لەوەدا هەبێ، وەکو خۆت باست کرد، ئێمە هەر حیزبێکی عەرەبی نین و حیزبێکی کوردیش نین، حیزبێکی عێراقین، لە چوارچێوەی عێراقدا، دەستی ئەدەبی کوردی و نووسین و ترجمە و رۆژنامە دەرهێنان بە کوردی دەورێکی وامان بێ، حزبمان لەو ڕووەوە دەورێکی باشی گێڕاوە. خەباتی حیزبمان وەک لەمەوبەر و ئێستا و لەمە ولاش لە پێناوی کۆمەڵێک ئەرکی رۆشەنبیریدا ئاڕاستەیەکە بە نیسبەت گەلی عێراقمانەوەیە و بێ گومان گەلی کوردیش دەگرێتەوە، سەرەڕای هەوڵدان بۆ بوژاندنەوەی کەلەپوری فۆلکلۆری گەلی کورد و کەمایەتیەکانیش دەمانەوێ بەرنامەیەکی تایبەتی لە هەرێمی کوردستاندا بۆ بوژاندنەوەی باری کولتوری گەلی کورد بخرێتە کار و زمانی کوردی لە هەرێمەکەدا زمانێکی رەسمی بێ و خوێندن لە پلە جۆربەجۆرەکاندا بە کوردی بێت و بایەخ بدرێتە دام و دەزگای راگەیاندن و رۆژنامەگەری و ئیزگە و شانۆگەری و تەلەفزیۆن و سینەمای کوردی.

شایانی باسە چ هاوڕێیانی ئێمە یان ئەو برادەرانەی وەکو ئەڵێن دروشمی ئێمەیان پێوەیە، لەگەڵ ئێمەن، یارمەتیمان ئەدەن لەسەر میلاکی فکری مارکسی و حزبی شیوعین ، دەورێکمان بووە. بەڵام لێتی ناشێرمەوە لەو بابەتەوە زەحمەتە من بڵێم ئێمە بایەخێکی زۆر یان دەورێکی زۆرمان بەو مەسەلەیە دابێ، وەکوو بڵێین بەرنامەیەکی سەربەخۆمان بۆ ئەو مەسەلەیە هەبێ.

بۆ نمونە ئێستا گۆڤاری رێگای ئاشتی و سۆسیالیزممان دەرهێناوە وەکو گۆڤاری «الـثقافة الجديدة» بە زمانی کوردی، دیارە ئەمە هەنگاوێکە، چەند وتار و بەرهەم و تۆژینەوە و فلان و ئەوانەی خۆماڵیی تیابێ، لە عەینی کاتیشدا چەند وتارێکی تیئۆری گۆڤاری مەسەلەکانی ئاشتی و سۆسیالیزمی تیابێ، وەکو سەقافەی جەدیدە بەگوێرەی توانا لەلایەن خوێندەواران

# یەکگرتنی هێزە کوردستانییەکان ئاواتێکی پیرۆزە

گفتوگۆیەک لەگەڵ کاک **ئیدریس بارزانی**

**ئامادەکردنی:**
**فەرهاد شاکەلی**

● ئێوارەی رۆژی ١٩٨٧/١/٣١ کاک ئیدریس بارزانی، ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتیی دیوکراتی کوردستانی عیراق و کوڕی سەرکردەی مەزنی کورد مەلا مستەفای بارزانی، لە تەمەنی چل و دووساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

● ئەم گفتوگۆیەم لە رۆژانی ٢٢ تا ١٩٨٥/٧/٢٤،لە کوردستان،لەگەڵ کاک ئیدریسدا کرد. پرسیارەکانی من و وەرامەکانی ئەویش بە نووسین بوون. سەرەڕای ئەوەش لە ماوەی ئەو دووسێ رۆژەدا ،بە دوورودرێژی،سەبارەت بە گەلێ باس و خواسی دیکەش دواین.

کاک ئیدریس لە وەرامەکانیدا بە پەرۆشەوە باسی یەکگرتنی هێزەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد دەکات. هەر بەم باوەڕە کوردپەروەرانەشەوە بوو کە خوالێخۆشبوو لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦ دا بە ناوی پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە، لەگەڵ کاک جەلال تالەبانیدا ، بەناوی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانەوە، لە تاران، پەیماننامەی ئاشتبوونەوەو هاوکارییان مۆرکرد.

● ئەم گفتوگۆیەم پێشتر بەزمانی سوێدی لە گۆڤاری Svensk-Kurdisk Journal ی ژمارە ٨ ی ساڵی ١٩٨٧ دا بڵاوکردۆتەوە.



( ف )

**لە ئەوروپای رۆژاوا لەم سێ چوار ساڵەی دواییە، کۆمەڵێ شت دروست کراوە، شتی فەرهەنگی، وەکو ئەنیستیتوتی کورد لە پاریس، ئەنیستیتوتی کورد لە بۆن، کۆمەڵێ کۆمەڵ و رێکخراوی دیکەی فەرهەنگی لە وڵاتەکانی دیکەی سکەندیناڤی، بۆ نمونە. ئێوە چۆنە هەوڵ نادەن لەو بابەتە لە ئەوروپای رۆژهەڵاتیش، لە وڵاتە سۆسیالیستەکانیش دروست بکرێ؟!**

* ئەمە پەیوەندی بە زرووفی هەریەک لەو وڵاتانەوە هەیە. لە وڵاتە سۆسیالیستەکان خۆت دەزانی حوکم و شت مەرکەزییە و ئەو مەسەلانە بڕیاری مەرکەزییان دەوێ، واتە بڕیاری هەیئاتی سەروو و سەکردایەتی، لەو رووەشەوە رەنگە ئەو مبڕراتە تەواوەمان نەبێ، بێین داوا بکەین لەباتی ئەوەی سبەی دووسبەی گۆڤارێک لە بێروت یان لەشام دەربێنین، یان لەکوردستان ، لە مۆسکۆ دەری بێنین.

ئەوەی سەبارەت بە وڵاتانی ئەورووپای رۆژاوا باست کرد جیا ناکرێتەوە لەپەناهەندەیی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی هەموو بەشەکانی کوردستان و پێداویستی و گەلێک هۆکاری تر.

بەڵام لە وڵاتانی سۆسیالیست کارەکە جیاوازە. بۆ نموونە تەنیا لە یەکیەتی سۆڤیەت کورد دەژین کە ئەوانیش رۆژنامە و ئەنیستیتوتی خۆیان هەیە. گۆڤاری ریاتازە بە کرمانجی ژووروو دەردەچێ و بەرنامەی رادیۆ بە کوردی هەیە و بەشی کوردی لە لینینگراد ساڵ لەدوای ساڵ بەرەو پێشتر دەچێ و زاناو نووسەرانی سۆڤیەت بایەخی زۆرتر بەزمان و مێژوو و کلتوری کورد دەدەن، دیارە لە یەکیەتی سۆڤیەت جگە لە کوردەکانی خۆیان نیشتەجێی تر نین و تەنیا خوێنکاران هەن، ئەوانیش کە خوێندنیان تەواو کرد دەبێ بگەڕێنەوە، چونکە بوونیان لێرە تەنیا بۆ ئەو مەبەستەیە، بۆیە جیاوازی هەیە لە نێوان سوێد و یەکیەتی سۆڤیەت.

ئێستا لە سوێد ژمارەیەکی زۆر کورد هەن و چەسپاو و جێگیر بوون. لەم رووەوە ئەتوانن کارێکی وابکەن، زرووف و یاساو دەستوری ئەو شوێنانەش یارمەتی ئەوە ئەدەن.

**دیاردەیەکی بەرچاو لە بزووتنەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورددا، ئەمڕۆ، ئەوەیەکە لە کۆمەڵێ ڕێکخراو و پارتی پێک دێ. ناکۆکی نێوان ئەم ڕێکخراوانە هێندێجار دەگاتە ڕادەی شەڕی براکوژی بێگومان هەلومەرجێکی ئاوا جێگەی داخە و دەبێ ئامانج ئەوە بێ ئەم ناکۆکیانە بخرێنە لاوە، ئێوە چۆن تەماشای ئەم هەلومەرجە دەکەن و چ هەنگاوێکتان ناوە بۆ هاوکاری وخەباتی نێوان هێزەکانی بەشە جیاوازەکانی کوردستانی گەورە؟**

* بەش‌بەش بوونی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، لە ڕیشەدا، مەوزوعی یە (بابەتی/ عەینی)، چونکە دابەش کردنی کوردستان هۆیەکی سەرەکی جیاوازی ئاستی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی نێوان پارچەکانە، کە دەبێتە هۆی بەش‌بەش بوونی بزووتنەوەکە بەسەر چەند حیزب و ڕێکخراودا، ئەمە سەرەڕای باری کۆمەڵایەتی کورد لە هەر پارچەیەک «کە چەند چین و توێژی کۆمەڵایەتی و چەند بیروڕاو و دەزگای سیاسی هەڵدەگرێ». بێگومان نەزانین و دواکەوتن و دەس تێوەردانی دوژمنانیش باری سەربارن کە تەشەنە بەو پچڕپچڕبوونە ئەدەن.

ئەمە ئەساسی وەزعەکەیە.....

لەهەمان کاتیشدا، وەک لە ڕواڵەتدا دیارە، هیچ وەختێک بزووتنەوەکە وەک ئەمڕۆ بەش‌بەش نەبووە، بەتایبەتی ئەگەر بڕوانیتە ئاماری ئەو هەموو حیزب و ڕێکخراوە سیاسیە کوردستانیانە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە زیاد بووندان.

بەڵام ئەم دیاردەیەش «دیاردەی زیاد بوونی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانیەکان» هۆی مەوزوعی و زاتی هەیە. لایەنی چاکیشی هەیە. زیاد بوونی پارتە کوردستانیەکان نیشانەی گەشەسەندن و بڵاوبوونەوەی هۆشیاری سیاسی ـ کۆمەڵایەتی گەلی کوردە، نیشانەی بەرەو پتەوچوونی بزووتنەوەکەیە. واتە نیشانەی هێزی بزووتنەوەکەیە نەک لاوازی. ئەگەر نەتوانراوە بە چاکی یەک بخرێن ئەوە لە کەموکوڕی زاتی بزووتنەوەکەیە. بێگومان ـ وەک وتمان ـ دەبێ ئەو دەستە و ڕێکخراوە داتاشراوانە، کە دوژمنانی کورد دروستیان ئەکەن، لە حیسابی بزووتنەوەی گەلەکەمان جیا بکەینەوە.

چارەسەری ئێمە بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی بزووتنەوەکە و ڕیشەکێش کردنی شەڕی براکوژی ڕوون و ئاشکرایە و ئەوەیە کە بەکردەوە لەسەری ئەڕۆین ـ ئەمڕۆ لە چوارچێوەی بەرەی نیشتمانی دیموکراتی «جود»دا چوارحیزبی کوردستانی لەسەر یەک پەیمان و ئامانجی هاوبەش پێک هاتووین. تاقیکردنەوەی ئەم چەند ساڵە سەلاندوویەتی کە چاکترین شێوەی یەکخستن ویەکبوونی بزووتنەوەی کورد ئەوەیە، کە پارت و ڕێکخراوە جیاوازەکان بتوانن پێکەوە خەبات بکەن، گیروگرفتیان برایانە و دیموکراتیانە چارەسەر بکەن و لەسەر مەسەلە سەرەکیەکان یەکبگرن و ئیتر هەر کەس بە پێی بیروباوەڕی خۆی و ڕێکخستنی سەربەخۆی و توانا و کارامەیی و چالاکی خۆی.

لەبەرەی «جود»دا، کە لەسەر بنچینەی یەک بوونی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقدا دامەزراوە، توانیومانە ئەو سەرەتا گرنگە بچەسپێنین، ڕێز لە بیروراو هەبوون و سەربەخۆیی یەکتر بنێین بێ ئەوەی لە داخوازیە هەرە ئەساسیەکانی گەل واز بهێنین.



بۆ نەهێشتنی شەڕی براکوژیش هەر هەمان هەڵوێستمان هەیە. با بیروباوەڕ ڕێکخستنی سیاسی کوردستانی جیاواز هەبن، بەڵام با هەوڵ بدەین ناکۆکی نێوانیان ـ وەک لە «جود» ئەیکەین ـ بە گفتوگۆ و پەیوەندی دیموکراتیانە چارەسەر بکەین.

ئەم تاقیکردنەوەیە لە کوردستانی عێراقدا ڕەنگە بۆ گشت بزووتنەوەی کوردایەتی سوودمەند بێت. هەر لەم ڕوانگەوە ـ وەک پارتی ـ هەوڵمان داوە گیانی هاوکاری و هاوخەباتی نێوان پارتیمان و هێزەکانی بەشەکانی تری کوردستان بچەسپێنین. دەتوانین ناوی چەندین پارت و ڕێکخراوی کاریگەری پارچەکانی تر بهێنین کە پەیوەندی پتەویان بەپارتیمانەوە هەیە.

بڕوامان وایە کە بازدانی کوتوپڕ بەسەر هەموو بارو زروفی مەوزوعی وجیۆ ـ پۆلیتیکی ناوچەکە و باری کۆمەڵایەتی کورد لە زانیاری و هۆشیاری سیاسیەوە دوورە.

**پارتی دیموکراتی کوردستان سەردەمێکی دوور و درێژ پێشەنگی خەباتی ڕزگاریخوازانە و جێگەی هومێدی نەتەوەی کورد بوو لە کوردستانی گەورەدا. ئایا پێتان وایە کە پارتی دەیەوێ و دەتوانێ هەر ئەو ڕۆڵە گرنگەی هەبێت؟!**

ئومێدی پارتیمان ئەوەیە کە هەر جێگەی بڕوا و متمانەی گەلەکەمان بێ. لەو فیداکاری و قوربانیدانە کە پارتیمان تا بە ئەمڕۆ ئەیدا ئاشکرایە کە سوورە لەسەر خزمەت کردنی مەسەلە ڕەواکەمان.

بارزانیی نەمر فێری کردین کە هەمیشە خۆمان بە خزمەتکاری گەل بزانین و بە هیچ سەرکەوتنێک لەخۆ بایی نەبین. هەر بۆیەش ئەوەمان بەلاوە گرنگ نیە کە ڕۆڵێ ئێمە چ ناوێکی لێ دەنرێت، بەڵکو ئەوەمان بەسە کە بتوانین ئەمانەتی گەلی کورد و بەرگری لە مافەکانی تا دواهەناسە و دواتینی هێز و توانامان هەڵبگرین.

**ئەز وەکو کوردێک وا هەست دەکەم کە هێزەکانی کوردستانی عێراق زۆر بە پەرۆشەوەن بۆپێکهێنانی بەرەیەکی «عێراقی» ئەی هیچ بیر لەوە دەکەنەوە بەرەیەکی کوردستانی پێک بهێنن؟!**

* یەک گرتنی هێزە کوردستانیەکان ئاواتێکی پیرۆزە. ئێمە لە چوارچێوەی ڕێبازی خۆماندا هەوڵمان داوە کە هێزە کوردستانیەکانی کوردستانی عێراق یەک بگرن. وەک ووتمان، لەناو بەرەی «جود»دا چوار حزبی کوردستانی یەکمان گرتووە، ئامادەین بۆ هاوکاری و یەکیەتی لەگەڵ هەر هێزو ڕێکخراوێکی‌تر کە ئامادە بێت دژی ڕژێمی صەدام و لە پێناوی ئامانجە سەرەکیەکانی گەلەکەماندا «دیموکراتی بۆ عێراق وئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بۆ کوردستان» خەبات بکەین.

و دامودەزگاکانی راگەیاندنی لە خزمەتی پێشکەوتن و گەشە کردن و پاراستنی رۆشنبیریی کورد بووە. ئەگەر بەو هەموو گۆڤار و رۆژنامانەی کە پارتیمان لە ماوەی ٤٠ ساڵدا ـ دەری کردووە، یا بەشداری تیا کردووە، چاوبخشێنین، دەبینین کە کەم نووسەر و هونەرمەندێکی کورد هەیە لەتوانای مادی وهوونەری ودەزگای راگەیاندنی پارتی کەڵکی وەرنەگرتبێت، ئێمە ئەوەمان بە ئەرکێکی بنچینەیی زانیوە ودەزانین. چونکە مافی رۆشنبیری کورد بەشێکی هەرە گرنگی مافی نەتەوایەتی کوردە. ئەمڕۆ ـ ئەگەر ـ لەبەر توند و قووڵبوونی خەباتی سیاسی نەمانتوانیوە وەک پێویست پشتی چالاکی رۆشنبیری «بە مانای فراوانی روشنبیری» روناکبیرانی کورد بگرین، ئەمەنەک لەبەر نەویستن یا کەمتەرخەمیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە ئەو توانا هونەری و تەکنیکی و مادیە روشنبیرییەی ئەمڕۆی پارتیمان ـ بەناچار ـ زیاتر بۆ ئەرکی راگەیاندنی سیاسی و جەماوەری رۆژانە بەکاردێنن. پڕبەدڵ حەز ئەکەین کە هێزە کوردستانیەکان، لە جێگەیەکی وەک ئەوروپا، بتوانن بە پلاتێکی راگەیاندنی هاوبەش رێک و پێک بکەن، بۆ ناساندنی مەسەلەی کورد لە هەموو روویەکەوە و ریسوا کردنی ئەو ستەم وزۆرداریەی کە رۆژانە دەرهەق رۆڵەکانی کوردستان ئەکرێ و پەیداکردنی دۆستی زیاتر بۆ بزووتنەوەی کورد. لەم بارەشەوە ـ لە چوارچێوەی رێبازی هاوپەیمانیەتی «تحالفات» خۆماندا ـ درێغیمان نەکردووە و نایکەین. بەڵام ئەبێ وریای ئەوەبین ـ نەوەک هەندێ لایەن هەوڵ بدەن، بەرگری لە رۆشنبیری کورد بکەنە «روو» یەک «واجهە» بۆ دەس تێ وەردان لە کاروباری بزووتنەوەی کورد.

**پارتی ئێوەش، وەکوو گەلێ هێزی دیکەی نێو بزووتنەوەی گەلی کورد، دروشمی ئۆتۆنۆمی راستەقینەی هەڵگرتووە. گەلێ کەس پێی سەیرە کە بۆچی لە باتی ئۆتۆنۆمی داوای دەوڵەتێکی کوردیی سەربەخۆ ناکەن. ئایا ئەم داوای ئۆتۆنۆمی هەر تاکتیکە؟!**

* کورد وتەنی: بەردی زل هەڵگرتن، نیشانەی نەهاویژتنە! وەک لە وەڵامەکانی پێشوودا گوتمان: رێبازی پارتیمان ئەوەیە کە ئۆتۆنۆمی راستەقینەی کوردستان لە چوارچێوەی عێراقدا جێبەجێ بکرێت. ئەمەش پێویستی بە خەباتی هاوبەشی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی عێراقدا «بەگشت حیزبە کوردستانیەکانەوە» لەلایەک و هێز و حیزبە نیشتمان پەروەرەکانی عێراق لە لایەکی ترەوە. ئەگەر ئەو خەباتە هاوبەشە سەرکەوت و ئۆتۆنۆمی راستەقینە هاتەدی، ئەوە خۆمان بەسەرکەوتوو دەزانین و بڕوا ناکەین لەبەر سەرکەوتنێکی وادا، لە خەباتی کوردستانیدا، دوور کەوینەوە. ئێمە «ئۆتۆنۆمی» مان بۆ کوردستان ئەوێ، نەک بۆ کەسی تر، واتە خەباتی ئێمە لە بنەڕەتدا خەباتێکی کوردستانی یە، لەگەڵ رەچاوکردنی خەباتی هاوبەشی گشت گەلی عێراق و دەس نیشان کردنی دۆست و دوژمنانی بزووتنەوەی گەلەکەمان.



تاقیکردنەوەی شۆڕشی نیشتمانیی ئەیلول (٩٦٠ـ١٩٧٥) وخەباتی ئەم دە ساڵەی دواییەش ئیسپاتی کرد کە رێگەی راستی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کورد ئەوەیە کە گەلی کورد لە هەر پارچەیەکدا هاوبەش و هاوسەنگەری ئەو گەلە دراوسێیانە بێ کە لە گەڵیاندا دەژی، و لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕەکانی ئەو وڵاتانە یەک بگرێت.

هەر بۆیەش ستراتیژی پێشکەوتنخوازی پارتیمان هەر لە کۆنفرانسی ئابی ١٩٧٦ەوە تا کۆنگرەی نۆیەمی ١٩٧٩ و تا بە ئەمڕۆ ئەوەیە، کە مەسەلەی کورد لە چوارچێوەی کێشەی گشتیی عێراقدا چارەسەر بکرێت. بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد لە عێراقدا بەشێکی گرنگی جوڵانەوەی نیشتمانی عێراقە.

پتەوکردنی برایەتی کورد وعەرەب مەرجێکی گرنگی یەکگرتنی گشت هێزە نیشتمانیەکانی عێراقە. بۆ سەرکەوتن پێویستە بەرەیەکی نیشتمانی عێراقی فراوان پێک بێت کە گشت هێزە نیشتمانیەکان بگرێتە بەر، بەهێزە ئیسلامیە نیشتمان پەروەرەکانەوە. هەر وەک چۆن لە «جود»دا لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقی هاوپەیمانین. واتە: گشت ئەو هێزانە کە دژی رژێمی دکتاتۆری و شۆڤێنی صدامن یەک بگرن.

بەلای ئێمەوە، جیاکردنەوەی بزووتنەوەی کورد لە خەباتی گشتی گەلی عێراق، بەرەو «گۆشەگیری نەتەوایەتی» دەمانبا، و لە جیاتی ئەوەی چارەسەرێک بۆ مەسەلەی کورد لە عێراقدا بدۆزێتەوە، پتر ئاڵۆزی دەکات، هەربۆیەش یەکیەتی وهاوپەیمانیمان لەگەڵ هێزەکانی «جود» بە مەرجێکی گرنگ ئەزانین، هەروا هەوڵ ئەدەین حیزب و هێزە نیشتمانیەکانی تر، بە ئیسلامیەکانەوە، بۆ هاوکاری رابکێشین.

بەگشتی: بڕوامان وایە کە پێویستە بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی کورد هاوسەنگەر وهاوخەباتی بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ناوچەبێت، هەر بچڕاتێک لەم پێوەندیە بە زیانی بزووتنەوەکەمان تەواو دەبێت. نرخی ئەم تاقیکردنەوەمان بە خوێن وماڵوێرانی و کارەساتی جەرگ بڕ داوەتەوە.

**پارتی و رێکخراوەکانی کوردستان تەنانەت نەیانتوانیوە لەسەر ئەوەش رێک بکەون کە نێوەندیکی راگەیاندنی هاوبەش لە دەرەوەی وڵات دابمەزرێنن، بۆ نوینەرایەتی کردنی مەسەلەی کورد. پارتیی ئێوە لەم بووارەدا و، لە بوواری فەرهەنگی کوردیدا بەگشتی، چیتان کردووە؟!**

* ئەرکی هەرە گرنگی روناکبیرانی کورد، چ لە ناوەوە یا دەرەوە، ئەوەیە کە جەماوەری گەل هۆشیار بکەنەوە. پێویست بە هەڵسانەوەیەکی رامیاری کۆمەڵایەتی هەیە، پێویست بە گەشەسەندنی رۆشنبیری کورد هەیە، چونکە گەلێکی هۆشیار و ئاگادار هەمیشە سەردەکەوێت و رێگە نادات مافەکانی زەوت بکرێن. واتە رۆڵی روناکبیران ئەمڕۆ لە هەموو سەردەمێک گرنگ ترە. پارتیمان بە درێژایی خەباتی دوور و درێژی پشتگیری روناکبیرانی کردووە

**خەباتی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە ماوەی ٣٠ـ٤٠ سالی رابوردوودا بە «قۆناخی بارزانی» ناسراوە، ئایا پێتان وایە قۆناخی پاش بارزانی دەستی پێ کردووە؟! ئەگەر وایە جیاوازی و سیمای گرنگی ناوەڕۆک و پرۆگرامی ئەم قۆناخە نوێیە چییە؟!**

لە مێژوودا گەورە پیاوان رۆلی هەرە گرنگیان هەیە، بەتایبەتی ئەگەر لەهەلومەرجی سەردەمی خۆیان ئاگاداربن. لە مێژووی هەر گەلێک گەورەپیاوی وا بەدی ئەکرێت. بارزانیی نەمر بۆ گەلی کورد خاوەن ئەو رۆڵە هەرە مەزنەیە کە هەرچەند وەختی بەسەرا بڕوا پڕشنگ دارتر دەبێ.

رۆلی بارزانی نەمر، لە داهاتوودا، باشتر و زیاتر گرنگی پێ دەدرێت. بێگومان پڕکردنەوەی جێگەی بارزانی بە تاقەکەسێکی تر نەبەس زەحمەتە، بەلکو لە مێژووی هەموو میللەتاندا دەرکەوتوە، کەوا هاتنی گەورە پیاوێکی هێژاو سەرکردە لەجێگەی گەورە پیاوێکی ترزۆر کەم رووی داوە «بەتایبەتی لە ماوەیەکی کەمدا».

رۆلی بارزانی و بارودۆخی ئێستەی کوردایەتی پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی فراوان هەیە کە لێرە جێگەی نابێتەوە، بۆیە دەچینە سەر بیروڕای پارتیمان و دەڵێین: کەپاش بارزانیی نەمر، بەوە گەیشتین کە هەندێ لە جێگەی «غیابی» ئەو، لەسەر ئاستی پارتی بە پەیڕە وکردنی سەرکردایەتی بە کۆمەڵ «القيادة الجماعية» و لەسەر ئاستی کوردستانی بە یەکیەتی هێز و حیزبە کوردستانیە نیشتمانیەکان پڕ ئەکرێتەوە. هەر لەسەر ئەو ئەساسەش خەباتمان بەڕێوە بردووە و هەوڵمان داوە رێکخستنی پارتی بچەسپێنین و بەرەیەکی نیشتمانی فراوان پێک بهێنین.

ئەو ئالوگۆڕەی لە ناوەڕۆکی کۆمەلایەتی خەباتی پارتیمان و شۆڕشی ٢٦ی گولانی ١٩٧٦ کراوە، بە وجود و ئامۆژگاری بارزانیی نەمر بووە. هەڵسەنگاندنی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول و پەند و عیبرەتەکانی و دانانی رێبازی نوێی پارتی، هەمووی بەبێ ئاگاداری ئەو نەبووە. واتە: خەباتی ئێستە «بە مانایەک» درێژە پێدانی خەباتی بارزانی یە، وە شۆڕشی گولان تەواوکەری شۆڕشی ئەیلوولە.

بێگومان، ئەگەر بە سەرانسەری بزووتنەوەی کورددا، چاو بخشێنین، لەم چەند ساڵەدا «واتە پاش بارزانیی نەمر» ئالوگۆڕ لە شێوەی خەبات، یا گەشەسەندنی خەباتی کورد و بلاوبوونەوەی بووە. واتە: حیزبی کوردستانی زیاتر و جەماوەری فراوانتری کوردستان هاتوونەتە گۆڕی خەبات. بەلام لەبارەی سیمای ئەساسی وناوەڕۆکی کوردایەتی، پاش بارزانی، هیچ گۆڕاتێکی گرنگ رووی نەداوە، هەرچی ـ تا ئێستاـ وتراوە یا دەکرێ هێشتا لە ناوەڕۆکی خەباتی بارزانی تێ نەپەڕیوە.



بەلای ئێمەوە گەورەترین دوژمنی گەلی کورد و بزووتنەوەی کورد بریتیە لە بەرەی ئیمپریالیزمی جیهانی بە سەرکردایەتی ئەمریکا و زایونیزم و رژێمە کۆنەپەرستەکانی ناوچە. هەر لەم روانگەوەش دۆستەکانمان دەس نیشان ئەکەین. ئەمڕۆ لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و خەلیجدا ململانێیەکی سەخت و قووڵ و پان و بەرین لە نێوان گەلانی ناوچە و بزووتنەوە رزگاریخوازەکانیان «بە گەلی کوردەوە» لەلایەک و بەرەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی و هاوپەیمانەکانی لەلایەکی ترەوە هەیە. لەوانەش شەڕی نارەوای رژێمی صەدام دژ بە ئێرانی دراوسێ، دەس درێژی ئیسرائیل بۆ لوبنان و هەڕەشەی ئیمپریالیزمی ئەمریکی لە گەلانی ناوچە و میحوەری کۆنەپەرستانەی بەغداـ عەمانـ قاهیرە و ئیتفاقی بەغداـ ئەنقەرە و پلان و نەخشە ئیمپریالستەکانی تر.

دەبێ هەوڵ بدەین گەلەکەمان نەبێتە قوربانی ئەو پیلانانە. چونکە مەسەلەی مەرکەزی سیاسەتی بەرەی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرستی لە ناوچەکەدا مەسەلەی «نەوت» و گەرم کردنی بازاڕی وولاتە سەرمایەدارەکانە لە ناوچەکەدا، ئەو وولاتانە ئەیانەوێت هەر بەسەر ناوچەکەدا زاڵ بن و نەوت و سامانی تری تالان بکەن.

بەلێ! بارو زروفێکی باش بۆ گەلی کورد رەخساوە کە هەبوونی خۆی بسەلێنێت. بەلام ـ بەلای ئێمەوە ـ رێبازی راست ئەوەیە کە خەباتی گەلەکەمان لە خەباتی گەلانی ناوچەکە نەپچڕێنین، هەر بۆیەش ئەو ستراتیژەمان لە کوردستانی عێراقدا داناوە. خراپ نیە لەم دیاردەیە وردببینەوە:

جاری وا هەیە دوژمنان دەکەونە قەلاچۆ کردنی کورد و کاول کردنی کوردستان، و گەلی کورد هەرچەند هاوار ئەکا بۆ ئەوەی تەنیا تاوانەکە ریسوا بکرێت، بەلام فریادەکەی ناگات وکەم کەس هەیە لە جیهاندا بە دەنگیەوە بێت، تەنانەت هەبوونی کوردیش ناناسن

کەچی ئەمڕۆ زۆر لەوەی زیاتر کە گەلی کورد بەخۆی دەیخوازێت، بۆی داوا دەکرێت. گەلی کورد «بە تاقیکردنەوەی زیندووی نزیک و دوور» بەوە گەیشتووە کە لە بارودۆخی ئەمڕۆدا «ئۆتۆنۆمی» لە عێراقدا مافێکی گونجاو و مەعقولە، و وەرگرتنی مومکنە. خەلکی تر هەن کە شتی گەورەتری بۆ دەخوازن، ئەوانیش دووبەشن، هەنە لە رووی دڵسۆزی و چالاکی و دلپاکیەوە ئەوەیان دەوێ و هەنە کە بۆ مەبەستی تر. دەبێ لەم بارەوە ووریابین.

ئایا باشتر نیە بگەڕێینەوە سەر بیروڕای خەلکی کوردستان بەخۆیان و بەپێی بەرژەوەند و بارودۆخی گونجاوی لەگەڵ هەلومەرجی ناوچەو گەلە دراوسێکانی، مافەکانی دیاری بکرێن؟ ئێمە بڕوامان بە دیموکراتی و بە هێزی گەلە. بۆ هەموو شت ئەبێ بگەڕێینەوە سەر بیروڕای گەل کە خاوەنی خواست و بەرژەوەندی خۆیەتی. بڕوامان بە دیموکراتی هەیە، چ بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری پارتی، یا پەیوەندی لەگەڵ گەلی کورد، یا پەیوەندی کورد لەگەڵ میللەتانی تر. بڕوامان وایە کە خەلکی کورد ـ نەک خەلکی ترـ وەلامی کێشەکانی خۆی بداتەوە.

### بۆ کاک ئیدریس بارزانی

## هاوار

زۆر دەمێکە خوای ئەهریمەن
گەڕی لە کورد ئالأندوە
بە نیازی لەناوبردنی
ساڵەهای ساڵە نۆکەر و
بەکرێ گیراوی هان ئەدا
بێ بەزەیی شالأو بەرن
بۆ تواندنەوە و نەهێشتنی

هەر هەمان نەخشەی جارانە
هێشتا پەیمانی سەعداباد
گەرم و گوڕە و وەک خۆی ماوە
بە خۆی و ئیمپریالیزم و
نۆکەرانی بە خوێن تینووی
پیاو کوژ و دز و درۆزنی
پەنجا ساڵی خشت لەمەوبەر
ئەو پەیمانە چۆن مۆرکراوە
ئێستەش خاڵێک لەو پەیمانە
کاڵ نەبۆتەوە و هەرماوە
وەکو کاتی مۆرکردنی

هەتا رژێمی فاشستی و
کۆنە پەرست دەستیان بڕوا
ئەو پەیمانە بەرامبەر کورد
هەر ئەمێنێ و لەناو ناچێ و
بڕوا مەکەن بەمردنی

ئاهورەمزەد، خۆی کەڕ کردوە
لۆکەی ئاخنیوەتە گوێچکەی
گوێ ناگرێ لە نالەی دەردی
میللەتی کوردی چەرساوەو
بێدەنگە بەرامبەر جەورو
نەخشە و پیلانی دوژمنی
هەردوو چاوی نوقاندووە
لەو هەموو تاوانەی ئەکرێ
بەرامبەر شارو دێهات و
منالی ساوا و پیرێژنی

کوردی بێکەس گیری خواردوە
نە ئەهریمەن لێی ئەگەڕێ
وەک میللەتان ئارام بگرێ و
تەوقی دیلێتی بشکێنێ و
رای بماڵێت لەگەردنی
نە ئاهورەمزەد مەردانە
دێتە فریای بۆ بەربەستی
پەلاماری گەلە گورگ و
بۆردومانی رەش و رووت و
ماڵ و دێ وێرانکردنی

بەداخەوە بیر و باوەڕ
هەر وەکو پێشووی نەماوە
ماوەیەکە، خلیسکاوە
لە راستە رێگا لایداوە

وای لێ هاتوە لە بازاڕا
وەک کورتاڵ و ووردە واڵە و
کەل و پەلی بازرگانی
لەمەزاتخانەی سیاسەتا
بەهەموو کەسێک ئەفرۆشرێ
نەوت و دۆلاری مۆلی بێ و
زڕەی بێت پارەی گیرفانی

کوردی بێکەس لەم ناوەدا
پارەی نییە و سەرگەردانە
کەس گوێ ناگرێ لە هاواری و
ناپرسێ لە ئێش و ژانی
بەسووسەش ناوی ناهێنرێ و
کەسێک دەنگ بەرز ناکاتەوە
بۆ ماڵ و خانەی وێرانی

ئەمڕۆ سەراپای کوردستان
تەلبەنگ کراوە وەکو زیندان
روو ئەکەیتە هەر بەلبەندێک
کۆتەڵ بەسراوە بەریزە،
قوڕ پێوانە و گەرمە شینە



**ئەوڕۆ سەدان هەزار کورد ئاوارەی ولاتانی هەندەران بوون. ئێوە وەکوو سەرکردەیەکی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد پەند و ئامۆژگاری چیتان هەیە بۆ ئەوان؟!**

ئامۆژگاری بارزانیی نەمر بۆ خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا هەمیشە ئەمە بوو: «تا ئەتوانن دۆستی کورد زیاد و دوژمنی کورد کەم بکەن». لەوە زیاتر هیچ نیە بڵێم. ئەوەی دۆستی گەلەکەمان و مەسەلەکەیەتی لێی نزیکتر بینەوە و ئەوەی دوژمنە هەوڵ بدەن هیچ نەبێ لە دوژمنایەتیی کەم بکەنەوە.

لە دوورەوە چاوم لێ یە
ئەو پێنووسەی بەیان نامەی
هاوکاری و برایەتی مۆرکرد
وەکو دارێکی ئەرخەوان
سەوز بوەو گوڵێکەی کردوە،
کراوە بە رەمزی برایەتی و
ئەهێشتنی ناڕێکیمان
بۆ شایەتی و بیرەوەری
چمکێک لەجامانەی سووری
سەرەک بارزانی پیاکراوە
شەکەی دێ و ئەلەرێتەوە
تا ئەو رۆژەی میللەتی کورد

ئەگات بەهیوا ئاواتی و
دەست ئەکاتە ملی بووکی
سەربەخۆیی و رزگاریمان

ئای خۆزگە کەسێکی دڵسۆز
رێی ئەکوتە ئەو مەڵبەندە و
لەجیاتی نوێژ و فاتیحا
ئەم دوو سێ وێرە بەدیاری
بۆ گۆڕی کۆچکردوو بەرێ،
لەسەر گۆڕەکەی بنووسرێ:
ئێرە گۆڕی ئەو مەردە یە
بەیانی یەکێتیی مۆرکرد،
ئەفرینی خوا لەو کەسەبێ
سەر پێچی بکاو ئەو پەیمانە
بشکێنێ و لەناوی بەرێ
ئەو کەسەی کەوا گوڵشەنی
برایەتیمان بژاکێنێ و
بەدەوری گوڵخەنی بەرێ
وەک حەمدیی شاعر ووتەنی
دەک خوایە زمانی مووی لێ بێ و
هەر دەپەنجەکەی هەڵوەرێ

هۆ کاکی کۆچکردووی ناوەخت
سڵاوی گەرم و بێ ریای
ئاوارە یەکی دوور بە دوور

ئاوارە یەک غەمی دووری و
تاسەی هەموو ئاوارەی کورد
لەناو دڵیا کۆ کاتەوە و
باڵ بگرێ بەرەو کوردستان
هەتاکو پێدەشتی خوارووی
بابا گوڕ گوڕ و باوەنوور
بە چاوێکی نمناکەوە
هەر لەتۆپی و سەگرمەوە
بڕژانگ هەڵسوێ لە تاوێر
بنچک و دار و دەوەن و
گڵی سەنگەری پێشمەرگەی
هەموو کوردستان خوار و ژوور

چەپکێک تێرگزی بازیان و
تێرگزە جاڕی شارەزوور
مە لۆیەک وەنەوشەی مل کەچ
لەمێر غوزاری غەمباری
کەناری رووباری خابوور
چنووری زوڵف لوولی ماتم
لەلاپاڵ و ملەی چیای
ناوچەی بارزان و مێرگەسوور
بە کشتەکەی ریشەی دڵی
بیان بە ستیت وەکو ئەکلیل
بیکا بەدیاری ئاوارە
بۆ کاکەلێی جامانە سوور،
لەو کوێستانەی چیای هەڵەج،
لەو شوێنەی کە داگیر کەران
کردوویانە بەمەرزو بووم
بۆ سێ رژێم و سێ سنوور

هۆ کاکی ماندووی دڵ تاساو
بنوو، پێڵووی چاوت لێک نێ،
ئاسوودەبە و دڵنیابە.
پێشمەرگەی کورد لەسەنگەرا
رێی یەکیەتی گرتۆتە بەر
لێ ی لانادا، هەتا ماوە
تازە هێزنیە لێکیان کا،



باوکە رۆیە و براکە رۆیە و
سنگ کوتانە و تۆ رنینە
دوعاو نزای شەوو رۆژ و
هەناسەی گەرمی دەروونی
دایک و باوکی جگەر سووتاو
وەکو کلپەی مووشە دەمە و
کوورەی ئاسنگەر بەتینە
پریشکی گڕی چەخماخەی
ناو چاوی کەس و کار کوژراو
وەک هەوری سووری بەهمەنی
پڕ هەرەشەی تۆڵەو قینە
قینێکی ئێجگار پیرۆزە
داغ لە دڵ، لێ ی ناگیرێ
زۆر دەمێکە ناو دەروونی
پڕ لە ئاسۆر و برینە

ئابڕێتەوە کاروانی غەم
هەر دەردە و بەدوای دەردا دێ
سەر ڕای ئەو هەموو سگ وەڕەی
شەوو رۆژ پێمان ئەوەڕێ
چەرخی چەپگەردیش بەینێکە
بەربۆتە وێزەی گەلی کورد
وەک دوژمنی باوک کوشتە
بواری ناداو لێی ناگەڕێ
هەر رۆژەی چەپۆک و چنگی
مۆتەکەی مەرگی لە گیانی
تێکۆ شەرێکمان گیر ئەبێ

خۆ ئێجگار کۆچی ناوەختی
کاک ئیدریس هێندە جەرگ بڕ بوو
واسەر لەنوێ زامی کۆنمان
بۆ کۆچی سەرەک بارزانیش
تازە بوەوە و هاتەوە سوێ
لەناوچەی کوێستانی هەڵەج
جێگا نزرگەی بارزانی
کەساتی خۆی لە بیرمان دێ
لەدوای رووخانی مەهاباد
شەقامی کۆچی مەردان بوو

کۆچ بەوێدا ئەکوتەرێ
لە دوورەوە لەو چیایە
لاوکێکی بادینانی
ئێجگار بەسۆزم دێتە گوێ
لاوک بێژ بەدەم هەنسک و
گریانەوە هاوار ئەکا:
کوڕۆ... لاوۆ... هۆ ئەزبەنی
کەی ئێستە وەختی کۆچت بوو
دەک ئەلەک لەجیاتی کۆستێک
هەر رۆژەی سەد کۆست کەوێ

پێشمەرگە لەناو سەنگەرا
غەمگین و مات و غەمبارە
بۆ کۆچی ئێجگار ناوەختی
تێکۆشەرێکی دڵشکاو
رۆڵەیەکی خێر نەدیوی
ماندووی رێگای تێکۆشانی
دوور و درێژی لێک نەپچڕاو
لە پێناوی مافی رەوای
میللەتێکی پارچە پارچەی
بەزۆرە ملی لێک دابڕاو
لە پێناوی رزگاربون و
سەربەخۆیی خاکی میدیاو
نەتەوەی کوردی چەوسێنراو

کۆچی ناوەختی ئەم جارە
ژانێک بوو بۆ دڵی هەموو
ئەو کەسانەی بەپەرۆشن
بۆ یەکیەتی و تەبابیمان
کۆچی هەڤاڵی شۆڕشگێڕ
لەم قۆناغە ناسکەدا
زیانێکی زۆر گەورەبوو
بۆ رێ گرتن لەتەقەلای
ئەو دوژمن و دووڕووانەی
پیلان و نەخشە ساز ئەکەن
بۆ تێکدانی یەکیەتیمان

نەمامی باغی یەکیەتی
بەجۆرێک ریشەی داکوتاوە
تازە بە هەزار تەقەلای
هەلپەرست و دوژمنی کورد
تێک ناچێت خەیالیان خاوە

هەرچەند ئەمڕۆ خاکی میدیا
لەژێر نالەی تۆپ و بۆمبای
دوژمنا پێشێل کراوە
بەلام هاکا لەبەهاری
ئازادیدا بووژایەوە
هاکا نەمامی سەربەستی
گەلا و گولی گەشایەوە
بەری گرت بۆ نەوەی تازە و
رۆژی تازەو سالی تازەی
میللەتی کورد نووسرایەوە

لەو روژەدا پێشمەرگەی کورد
چەپک چەپک گولالەی سوور
ئەبەن بە دیاری بۆ گۆڕی
شەهیدانی رێی سەربەستی
کوڕوکچی شەهیدانمان
هەموو بەجلی کوردیەوە
لەژێر ئالای کوردستانا
کۆمەڵ کۆمەڵ سروود ئەلێن
بۆ گەلی کوردی یەک گرتوو و
نیشتمانی خۆشەویستی



## دلێکی پەنگ خواردوو

نۆک ... نۆکی کولاو ... نۆکی گەرم

بەچکە سمایلە! زوقم زەویی بەستووە، کەچی دێ نۆکەکەی ئەمڕۆش تەواودەکا، تا گۆشەیەک لە گوزەرانی خێزانەکەیان پڕکاتەوە. بەزەییت بە دیمەنەکەیدا دەهاتەوە! کراسە دڕاوەکەی جەستەی بەتەواوی دانەدەپۆشی و سنگی تەختە رەشێکە و دەتوانی ئەوەی لە دلتدایە لە سەری تۆمار بکەی. کۆلانەکانی بەو هیوایەوە پەی دەکرد کە مەنجەلەکەی خالی بکاتەوە، دەنگیشی لە دوور را دەناسرایەوە، منالە بچوکەکانی گەڕەک لێی دەئالێن ولەگەنەکانیان پڕ لەنۆک دەکەن. ئاخ ...خۆزگە باوک و براکانی لە کونجێکی زیندانەوە چاوێکیان لێ بوایە کە چۆن کوڕەکەیان لەگەلّ شەبەقا لەخەو هەلدەسێ و زۆرانبازی لەگەلّ زوقم و شەختە و بەفردا دەکا، براکەشی هەلۆیەکی لوتکەی چیاکانە.

نۆکی گەرم ... نۆکی گەرم

(ئەگەر ئەمڕۆ زوو تەواوی کەم سەرێکی باوکم دەدەم، باوکە گیان تۆ مۆمێکی کە تاریکی راودەنێی، .... نا نا زیندان پۆلاش بێ ناتچەمێنێتەوە، تۆ خۆڕاگری باوکە گیان! ئەمجارەیان زۆر لە ئامێزم کە تا منیش تامی شیرینیەکەی بمژم).

پوورە ئایشێ بیرکردنەوەکەی پێ بڕی کە پرسی: هەوالی باوکت چییە؟

ـ بڕیار وایە ئەمڕۆ لەگەلّ دایکم سەرێکی لێ بدەین.
ـ بۆ لە کوێیە؟
ـ لە زیندانی پریادیە.
ـ ئەیەڕۆ .... دەباشە جامەکە پڕکە .
ـ باشە پوورە ئایشێ دوو کەوچکت زیاتر دەدەمێ.

لەو وتووێژانەدا بوون و ماشێنێک بەخێرایی هات و لەبەردەمی وێستا، پیاوێکی کەتە لە چەشنی هێستر دابەزی و هات پەلی مندالە سنگ دەرپەڕیوەکەی گرت و گوتی: تۆ کوڕی سمایلی؟

گەرووی پڕ بوو لە گریان، چاوی بڕیە ئەمەکە ... لەبەر چاوی بەدیو دەچوو، پیرەمێردی گیانەبەر بوو ... هاتوون گیانی بکێشن، ئەهاتە زمان.

ـ دەسواربە دەی.

نۆک فرۆشی سینگ رووت سام گرتی، هەزار پرسیار لە سنگیدا پەنگیان خواردبۆوە، کابرای هێستر شەتێکی لە مەنجەڵەکی هەڵدا و هەر دەنکە نۆکە و بەلایەکدا بڵاو بووەوە. مەنجەڵە بن رەشەکە رووی تێ کردن، دووسێ دەنکە نۆک کەوتنە سەر بنی مەنجەڵەکە و وەک گزنگ دەهاتنە بەرچاو.

پەلیان گرت و هاویشتیانە ناو ماشێنەکەوە و لە کۆڵانەکە ئاوا بوون. پوورە نایشێ تەماشای دەکرد و لەبەرخۆیەوە دەیگووت:

سەرت لە باوکت داو لێ بوویتەوە، دەبڕۆ بۆ خۆت لە ئامێزیدا بنوو.

**بەختیار قادر**



## چاوپێکەوتنێک لەگەڵ «سلیمان عواد» ی شاعیردا (١٩٢٢ - ١٩٨٤)

**رزگار عەبدوللا**

### سەرەتایەکی پێویست

لە «دیمەشق» پیرەمێردێکی بەساڵاچوو، ریش سپی وەک بەفر و چاو زەیتوونی، ساکار وەکوو هەژار و بێ ئەنواکان، بەیانیان زوو کۆمەڵێک کتێب و رۆژنامە لەدەست دەهاتە چایخانەی «الروضة» و لەسەر ئەو کورسیە دادەنیشت کە راهاتبوو هەموو رۆژێ لەسەری دانیشێ، تا ئێوارە دەمایەوە، ئنجا ورد ورد بەرەو ئەو «بارە» دەبووەوە کە هەموو ئێواران تیایدا یەک دوو پێک عەرەقی هەڵدەدا و پاشان بەرەو ماڵ دەبووەوە.

ئەم پیرەمێردە بەساڵاچووە «سلیمان عواد» ی ناوبوو، کە هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨وە بەیەکەم دامەزرێنەری پەخشانە شیعر دەژمێردرێ لە سوریادا.

ئەو ماوەیەی کە لە دیمەشق بووم، ئەگەر بهاتبوومایە «الروضة» ئەوا لەگەڵ ئەو دادەنیشتم و بەسەرهات و تەجروبەی خۆی بۆ دەگێرامەوە. لە بیرمە جارێکیان ووتی:

«دەمبینی چەند لات و هەژارم، بەڵام ئەگەر لەبرسان بشمرم ، ئامادە نیم پێنووسەکەم کە مەبەست و ویژدانمە بیفرۆشم».

هەر لە چایخانەی «الروضة» لە ١٩٨٢/٤/١٣دا ئەم چاوپێکەوتنەم لەگەڵ ئەم شاعیرە هەژار و ئازایەدا کرد، دەبێ ئەوەش بڵێم کە پرسیاری ٦ و ٧ لەسەر داواکاری ئەو کراوە.

**پ ١/ «سلیمان عواد» ی شاعیر کێیە؟**

و / ئەو مرۆڤە لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری «السلمیة ـ سوریا» لە دایک بووە، خوێندنی سەرەتایی هەر لە «السلمیة» تەواو کردووە، لە شاری «حمص» ئامادەیی «ئەرسەدۆکس» و «یەسوعی» خوێندووە. دواجار ساڵێک لە زانکۆی «الیسوعیة» ی «بەیرووت» بەشی زانستی سیاسەتی خوێندووە، پاشان بۆ یەکجاری لە خوێندن دابڕا و خۆی تەرخان کرد بۆ شیعر و ئەدەب.

ئەم مرۆڤە لە سوریادا هەر لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٨وە بە یەکەم دامەزرێنەری پەخشانە شیعر دەژمێرێ و لەم بوارەشدا پێنج دیوانی شیعری چاپکراوی هەیە، کە ئەمانەن:

١ـ سمرنار ١٩٥٧
٢ـ شتاء (زستان) ١٩٥٧
٣ـ أغاني بوهيمية ١٩٦٠
٤ـ حقول الابدية ١٩٧٨
٥ـ أغاني الى زهرة اللوتس «گۆرانی بۆ گوڵی لۆتس»

دوو کۆمەڵە شیعری رۆمانیشی لە فەرەنسیەوە کردووە بە عەرەبی، کە ئەمانەن:

١ـ شعراء من رومانيا ١٩٧٩
٢ـ قصائد الضياء ١٩٨٠

**پ ٢/ لە بەرهەمەکانتدا چۆن مامەڵە لەگەڵ خاک و مرۆڤ دەکەیت؟**

و / بەر لە هەموو شتێک، من خۆم بە مرۆڤێکی ئەم وڵاتە دەزانم، خاکەکەشم نیشتمانە و وەک «برا و هاوڕێ» مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا دەکەم. بە شێوەیەکی فەلسەفیانەی برایانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەم، کە ڕەگی قووڵ و گیانی بەگیانی هەیە، بۆیە ئەو شتەی کە لە دڵ و گیانمدایە، ئەو بیر و هەست و ئەستەی کە لە ویژدانمدایە، چی لە ژیانی تایبەتیم و چی لە ژیانی ئەدەبیمدا، تا پێم بکرێ پێشکەشی بکەم.

**پ ٣/ بۆ هەموو ڕۆژێ لە چایخانەی «الروضة» دادەنیشیت؟**

و / پرسیارێکی خۆشە، ئەمەش نیشانەی ڕێکەوتنی گیانی بەگیانیمە، مەبەستم ئەوەیە بڵێم: تۆ هیچ لەمپەرێکت لە نێوانماندا نەهێشت، هیچ شوورەیێکت لە نێوان «ڕزگار عەبدوللە» و «سلێمان عواد» دا، لە نێوان «ڕزگار عەبدوللە» ی کوردی عێراقی و «سلێمان عواد» ی بەرمەکی سوریدا نەهێشت، ئەمە شتێکی زۆر مەزنە، چونکە من دەمەوێ بەم شێوە سادەیە مامەڵە لەگەڵ مرۆڤدا بکەم. دێمە سەر پرسیارەکەت، لەبەر ئەوەی من خانەنشینم، هەر چەندە دوای خانەنشینیشم پێنج ساڵ لە وەزارەتی ڕاگەیاندن کارم کردووە، بەڵام جەنابی وەزیری ڕاگەیاندن لێناگەڕێ «سلێمان عواد» زێتر کاربکات، چونکە زمانم دڵی وەزیرەکانی تری دەڕەنجاند، چونکە من لەو کەسانەم کە بە ئازادی ڕای خۆم دەردەبڕم، جا لەبەر ئەوەی خانەنشینم و لەبەر ئەوەی هیچ شوێنێکی ترم نیە سەرمی تێدا بڵند بکەم، ناچارم هانا بەرمە بەر ئەم چاخانەیە، بۆ ئەوەی لێرەدا بخوێنمەوە و بنووسم و شیعری ڕۆمانی لە فەرەنسیەوە وەربگێڕمە سەر زمانی عەرەبی، کەواتە هەموو ڕۆژ هاتنم بۆ ئەم چایخانەیە لە ناچاریدایە.

**پ ٤/ لە کاتی نووسیندا هەست بەچی دەکەیت؟**

و / هەست بە شتێکی سەیر دەکەم، هەست دەکەم لە بارێکی گرانی ناوەوە ڕزگارم دەبێ، بارێکی فیکری و ویژدانی، جیهانێکی سەیر دەخوولێ و دە خوولێ و لە ناوەوەشدا دەبزوێ، تا لێی ڕزگار دەبم، تا ئەو کاتەی دەیانخەمە سەر کاغەز. من دەتوانم هەموو شیعرەکانم کۆبکەمەوە و یەکسەر بۆ چاپخانەیان بنێرم. بەڵام من لەو کەسانەنیم کە هەر لە خۆڕایی کاغەز ڕەش دەکەنەوە، من کاتێک دەنووسم کە پێویستی نووسین خۆیم بەسەردا فەرز دەکات.

**پ ٥/ وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی سەختە، تۆ چۆن شیعر وەردەگێڕی؟**

و / وەرگێڕانی بەرهەمی ئەدەبی، بەتایبەتی وەرگێڕانی شیعر زۆر سەختە، ئەم سەختیەش هەموو ئەوانەی کە شارەزاییان لە ئەدەب و وەرگێڕاندا هەیە دانی پیادەنێن «هەموو شاعیرێک بۆی هەیە شیعر وەربگێڕێت، جا یا سە رکە وتوو دەبێ یان نا» ئەزموونی وەرگێڕانیش، واتە وەرگێڕانی شیعر کارێکی ڕەوشنکاریە، لە ڕووی پێڕەوی کردن و ووردبینی، دەست پاکی و پوختەیی و شۆڕبوونەوە بۆ ناخی ئەو شاعیرەی کە شیعرەکەی وەردەگێڕدرێ، کشانە ڕووەو نهێنیەکانی گیانی شاعیر و ئاسۆی داهێنان و بیرکردنەوەی، دیسانەوە کارێکی داهێنەرانەیە سەبارەت بە سەرلەنوێ دروست کردنەوەی گیانی شاعیر، کە پڕە لەبیر و وێنە و خەیاڵ.



**پ ٦/ راتان چیە دەربارەی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکدا؟**

و / ڕام دەربارەی دابەشکردنی کوردستان بەسەر چەند وڵاتێکد ئەوەیە کە ئەمە کارێکی سیایانەی بێ ئەخلاقیە. «جا توخوا کەی سیاسەت لەگەڵ ئەخلاقدا گونجاوە»، بوونی وڵاتێکی وەک کوردستان بە «٢٥» ملیۆن کەسەوە، مە ترسیەک درووست دەکات، هێزێک درووست دەکات کە هێزی گەلی کوردە. ئەو گەلەی کە بە ئازایەتی و چاوتێری ودلێری ناسراوە، ئەگەر ئەم گەلە لە کوردستانێکی ئازاددا سەربەست بژی، ئەوا دەبێتە باشترین دۆستی گەلانی دراوسێی.

**پ ٧/ ئەی راتان دەربارەی خەباتی گەلی کورد چیە؟**

و / خەباتی گەلی کورد چیە، خەباتێکی ئاشکرایە، نەک هەر ئێستا بەڵکو هەر لە سەرەتای بەرەبەیانی مێژووەوە، هەر لەو ڕۆژانەی کە دژ بە «ئەسکەندەری مەکەدۆنی» شەڕی کردووە و تا ئێستاش بەردەوامن لە خەباتکردن.

کوردەکان لە تێکۆشانیاندا دژ بە تورک و ئێرانیە کۆنەکان و ئەرمەن و ئازەربیجانەکان زۆر بەناوبانگ بوون، ئەمڕۆش کوردەکان دژ بە ڕژێمی عێراق و ئێران و تورکیا خەبات دەکەن، پێشتریش دژ بە سوریا خەباتی کردووە، کوردەکان بەوە بە ناوبانگن کە بەرگری لە مافە ڕەواکانی خۆیان دەکەن و دلێرانە بەرگری لە کلتور و نیشتمانی خۆیان دەکەن. بۆ ئەم مەبەستەش ئامادەی خەباتی گیان فیداکارانەن.

مرۆڤی کورد ئازایە، جەنگاوەرە، دڵسۆز و سەربەرزانە خەبات دەکا، سوورە لەسەر قوربانیدان کە نموونەی نەژادی ئاریە لە ئازایەتی و بەرەنگاربوونەوەدا. لەو بڕوایەشدام لە داڕۆژدا کوردەکان داڕۆژێکی ڕوناک و سەرکەوتنێکی مەزن بەدەست دێنن.

دوو هۆنراوەی «سلێمان عەوواد»

شەو گوڵێکی ئەفسانەیی شینە
مانگیش دڵۆپە شەونمێکی بێ ئەنوایە
وەک دانە مرواریەکی پڕشنگدار
تیشک ئەچۆڕێنێتە سەر
نێوچەوانی ئازادی و مرۆڤ.
منیش دانە مرواریەکی تیشکدارم
لەناو گوڵی شینی شەودا
لە نەهامەتی ئەم جیهانەدا
من ئازارێکی دەم بە ئاوازم.

* * *

# عەبدولقادر محەمەد ئەمین

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

## پەندی پێشینانی ئەمریکایی

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

بە کورتی و بە کوردی ، بە رای ئێمە ئەگەر جوولەکەو عەرەب و مەسیحیەکان لە ژیانی رۆژانەو کردارو وتاریاندا ، وەک بەڵگە پەنا بەرنە بەر تەورات و قورئان و ئینجیل ، بۆ پاڵپشتی و بە هێز کردنی قسەکانیان ، ئەوا پەندی پێشینانی کوردیمان بۆ ئەم مەبەستە ، لە پەڕەی دڵەوە هەڵدەقوڵێ . هۆی ئەمەش دیارە زۆرن ، بەڵام لێرەدا ماوەو دەرفەتی باسکردنیان نییە .

هەر سەبارەت بەمەش ، بۆ ئەوەی خوێندەوارانی کوردیشمان هەندێ شارەزایی و ئاگاداری لە پەندی پێشینانی گەلانی تردا پەیدا بکەن، ئەوا ١٣٠٠ ( هەزارو سێ سەد ) پەندی ئەمریکیمان کردۆتە کوردی ، بەلای ئێمەوە ، هەر پەندێک لەم پەندانە، وەکو گەنجینەیەکی پڕ لە گەوهەرە، ئەگەر بە چاوی وورد بوونەوە بخرێتە بەر تیشکی تۆژینەوە و لێکدانەوە، ئەوا بێگومان شایستەی ئەوەن کە پیاو وەریان بگێڕێتە سەر زمانی زکماکی خۆی .

پێم وایە ، دەبێ زۆربەی ئەو پەندانە ، لە کات و سەردەمێکدا ووترابن ، کە ئێستا گەلی کوردمان بە هەمان سەردەمدا تێپەڕ دەبێ ، ئەمەش سەردەمی ژێردەستی و چەوسانەوەو دیلێتییە ، سەردەمی خەبات و تێکۆشانە ، لە پێناو ئازادی و سەربەستی و رزگاریدا .

1- One man may lead a horse to water,ten cannot make him drink.

١- رەنگە یەکێ بتوانێ ئەسپێ بەرێ بۆ سەر ئاو ، بەڵام لە توانای دەکەس نیە بە زۆری ئاوی دەرخوارد بدەن .

2- Better die freeman than live slaves.

٢- مردن بە سەر بەستی ، چاکترە لە ژینی ژێر دەستی .

3- Poor and proud.

٣- هەژاری و سەربەرزی .

4- Tit for tat,tit for tat, he stole my chik and I broke his back.

٤- تۆڵە بە تۆڵە ، تۆڵە بە تۆڵە ، ئەو فەرخەی منی دزی ،منیش پشتی ئەوم شکاند.



وەک پەرەسێلکە
دلم هەلدەگرم و لەم ئاسۆوە بۆ ئەو ئاسۆ
هەلدەفرم و
حەز لە تاریکی و سەهۆلبەندان ناکەم.
بۆیە وێلی گەرمای خۆشەویستیم
دلم هەلدەگرم و
لە دارستانی چاوەکانتا قۆناغ دەکەم
ئەی خاوەنی پرچی ئەفریقیایی
ئەی دەمی وەک ترێی سوور
تۆ ئەی ئازادیی پیرۆز

* * *

تێبینی:
ئەم دوو کۆپلە شیعرە لە دیوانی «حقول الابدیة» کە (٢١٨) کۆپلە شیعرە، وەرگیراوە.

17- Laws like cobwebs, catch small flies;
Great ones break through before your eyes.

١٧- ياسا ( القانون ) وەک خانوو چکۆڵەی جەنجارۆکە وایە ، زەردەواڵە بچکۆڵەکان دەگرێ ، بەڵام زەردەواڵە گەورەکان ، لەبەر چاوت بەناویدا تێپەڕ دەبێ .

18- A true great man will neither trample on a worm, nor sneak to an Emperor.

١٨- پیاوی سەر ڕاست و مەزن ، بۆ خاتری زۆردارێک ،نە کرمێک بە پێ دەپلیشێنێتەوە ، و نە مارێک .

19-Interest rules the world.

١٩- بەرژەوەندی و قازانج ، حوکمڕانیی گیتی دەکەن .

20- Liberty ought to be dearer than life.

٢٠- دەبێ ئازادی لە ژیان خۆشەویستر بێت .

21- If you make yourself a sheep, the wolves will eat you.

٢١- ئەگەر خۆت بکەیتە مەڕ ، گورگ دەتخۆن .

22- The bravest soldiers are the most civil to prisoners.

٢٢- ئازادترین سەرباز ئەمانەن ، کەوا رەفتاری ناسک و هێمنی لە گەڵ دیلەکانی شەڕ دەکەن .

23- United we stand , divided we fall.

٢٣- ئێمە بە یەکیێتی سەر دەکەوین ، وە بە بەش بەشی ژێر دەکەوین .

24- A good wife and health is a man's best wealth.

٢٤- تەندروستی چاک و ئافرەتی چاک ، باشترین سەرمایەی پیاون .

25- Woe to him that is alone.

٢٥- رۆژی رەش بۆ ئەو کەسەیە ، کە تەنیایە .

26- What is a body without a head ?

٢٦- بە بێ سەر ، لاشە چی یە ... ؟

27- The calm before the storm.

٢٧- بەر لە هێرش بردن ، لە سەر خۆیی .

---

لە پێشەکیی ئەم وتارەدا مامۆستای نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ١٣٠٠ پەندی پێشینانی ئەمریکایی کردۆتە کوردی.بۆ ئەوەی خوێنەر بە هەڵەدا نەچێ بە پێویستی دەزانین روونی بکەینەوە کە کاکەی نووسەر تەنیا ٢٧ لەو پەندانەی بۆ ئەم گۆڤارە ناردووە و ئەوانی دیکەی ئامادە کردووە بۆ ئەوەی بە شێوەی کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوی بکاتەوە.

(مامۆستای کورد)



5- Tongue double brings trouble.

٥- دوو زمانی بەڵای بە دواوەیە .

6- A rabbit is fat three days in the week.

٦- لە هەفتەیەکدا ، کەروێشک تەنها سێ ڕۆژ قەڵەوە .

7- He that has eaten the sour should eat the sweet.

٧- ئەو کەسەی تامی تاڵ و سوێری چێشتبێ ، دەشبێ تامی شیرینیش بچێژێ .

8- That is a strange forest that has no rotten wood in it, and a strange kindred that all are good in it.

٨- ئەو دارستانە سەیرە ، کەوا داری ڕزیوی تیا نەبێ ، وە ئەو خانووادەش سەیرە، کە گشتیان باش بن .

9- Hanging(burning) is too good for someone.

٩- سووتاندن و هەڵواسینی هەندێ کەس ، کارێکی زۆر بەجێیە .

10- No man who has fish to sell says, "it stinks."

١٠- کەس نی یە ماسی هەبێ بۆ فرۆشتن ، بڵێ ماسییەکەم بۆگەنە .

11- Self-help is the best help.

١١- باشترین یارمەتی ، تەنها یارمەتی خۆتە .

12-They who have nothing to trouble them, will be troubled at nothing.

١٢- ئەوانەی کەوا هیچ شتێکیان نییە ، گیرو گرفتیان بۆ دروست بکا ، لە هیچەوە گیرو گرفتیان بۆ دروست دەبێ .

13- Up, sluggard, and waste not life ;
in grave will be sleeping enough.

١٣- ڕابە تەمبەڵ ، بە خۆڕایی ژیان بە سەر مەبە ، لە نێو گۆڕدا ، خەوتن مشە دەبێ.

14-Is there anything men take more pain about than to make themselves unhappy ?

١٤- ئایا شتێ هەیە زیادتر ئازاری خەڵک بدا ، لەوەی کەوا خۆیان خەمگین بکەن ؟

15- If God is with us , who can be against us ?

١٥- ئەگەر خودا لە گەل ئێمەدا بێ ، کێ دەتوانێ دژایەتیمان بکا .

16- An old man in a house is a good sign.

١٦- پیاوی پیر لە نێو ماڵ ، نیشانەی چاکی یە .

«لێم مەپرسە بۆ ناتوانم
شیعرێکی ئاڵت بۆبڵێم
لێم مەپرسە بۆ ناتوانم
شیعرێکی کاڵت بۆ بڵێم
لە دووریتا
مەلی دەنگبێژی هۆنراوەم
باڵە فڕێ لەبیردەکا و
لە پەل و پۆ دەکەوێ»

ل ٢٢ ـ ٢٣

## ١ـ شێوەی دیوانەکە:

بەراستی سەرم لێ دەرنەچوو ئایا بۆچی و لەسەر چ بناغەیەک هۆنراوەکان دابەش کراون بە چوار بەش! ئەگەر بڵێین بە پێی مێژووی نووسینی شیعرەکانە ئەوا ناکرێ، چونکە لە هەردوو بەشەکانی یەکەم و دووەم شیعر هەیە کە لە ساڵی (١٩٨١) دا لەدایک بووە و لە هەردوو بەشەکانی یەکەم و چوارەمدا شیعر هەیە کە لە ساڵی (١٩٧٨) دا لە دایک بووە. هەروەها ناتوانرێ نە بەناوەڕۆک و نە بەشێوەی نووسینی شیعرەکان بەشەکانی دیوانەکە لەیەک جیابکرێتەوە. ئایا مەبەستی شاعیر چی بووە بە بەکارهێنانی چەند نموونەیەک لە شیعری شاعیرە کۆنەکانمان؟! مەگەر هەر مەبەستەکە تایبەت بە شاعیر بێت، ئەگینا خۆش نیە بەڵکو ناگونجێ شیعری کلاسیکی لەگەڵ شیعری هاوچەرخ بخوێنرێ، بەتایبەت ئەگەر شیعرە هاوچەرخەکە لە هەموو کێش و سەروای شیعر دوور بێت. هەروەها لە شوێنێک، واتە لاپەڕەیەک بە زمانی سوێدی نووسراوە!! مەبەست لەوەش نادیارە، ئەگەر شاعیر دەیەوێ شیعر بە سوێدی بڵاوبکاتەوە، ئەوا دەتوانێ کۆمەڵە شیعرێک بە سوێدی بڵاو بکاتەوە، یاخود جارناجارێ لە گۆڤارێکی وەک « SVENSK-KURDISK » دا بڵاوبکاتەوە، چونکە دیوانەکە نەک تەنها بۆ ئەو کوردانەیە کە لە سوێدن یان سوێدی دەدوێن، بەڵکو دەگاتە دەست زۆر خوێنەوار کە هەر هیچ لە زمانی سوێدی تێناگەن، لەبەرئەوە من ئەم کارەش بە پێویست نازانم.

شاعیر هەنگاوێکی پیرۆزی ناوە ئەویش بە بەکارهێنانی وشە بە شێوەی کرمانجی سەروو، ئەم ئەرکەش کە ئێستا زۆر لە نووسەرەکانمان بەکاری دەهێنن هاندەرێکە بۆ زمانی یەکگرتووی کوردی، یان هەرچۆنێک بێت خوێندنەوە بە هەردوو شێوەزمان زیاتر لەیەک نزیک دەبنەوە.
وەکوو وتمان بەکارهێنانی وشە بە شێوەی کرمانجی سەروو لە ناو «ژیێ» دا کارێکی پیرۆزە، بەڵام بەمەرجێک نەک لە هەمان بابەتدا وشەی وا گران بە شێوەی کرمانجی خواروو بەکار ـ بهێنرێت کە تەنانەت خوێنەری خوارووش بە ئاسانی سەری لێ دەرنەچێت، ئەم کارەش لەناو لاپەڕەکانی «ژیێ» دا بەدی دەکرێت.
هەروەها وشە بەکارهێنراوەکەش ئەبێ بە شێوەی راستەقینە بێت: بە کرمانجی ژووروو نالێن (ستێرێ گەش)، بەڵکو دەڵێن :(ستێرا گەش)، چونکە ستێر مێیە. ل ١٤ دێڕ ١٢.
هەروەها وشەی هزرین ل ٢٧ دێری ١٦، ئەگەر وەک (سیفە) بەکار هاتبێ ئەوا نابێ، چونکە



## «ژیێ» م خوێندەوە ...

دڕندەیی دوژمنان و داگیرکەرانی وڵاتمان، هەمیشە بوونەتە تەگەرە لە رێی پەرەسەندن و پێشکەوتنی نووسینگەی کوردیدا، هەمیشە نووسەری کورد راستەوخۆ یان ناراستە وخۆ لە ژێر تەوژمێکدا بووە کە نەیتوانیوە بیری خۆی بە سەربەستی دەرببڕێ، مەگەر بەدەگمەن نەبێت، ئەویش هەر لە دەربەدەری و مشەختیدا بووە.
خەمخۆرانی زمان و ئەدەبی کوردی لە هەر شوێنێک و بە هەر شێوەیەک درێغیان نەکردووە لە خزمەت بە ووشەی رەسەنی کوردی. ئێستاش لەبەر باری ناهەمواری کوردستان بە سەدان رۆشنبیر و نووسەرانی کورد لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا مشەخت و دەربەدەرن و پەنایان بردۆتە بەر ویژدان پاراستن. سەرەڕای هەموو باری نالەبار و کۆسپ و تەگەرەیەک دەبینین زۆر لەو نووسەرانە هەر خەریک و سەرگەردانی ئەوەن تۆزقاڵێک خزمەت بە گەلەکەیان بگەیەنن لە رێی نووسین و بڵاوکردنەوەی گۆڤار و رۆژنامە و بەرهەمە کوردیەکان و ناساندنی گەل و کولتووری کوردی بەجیهان، ئەمەش جێگای سەربڵندیو شانازی هەر هەموو کوردێکی دڵسۆزە، نموونەی ئەم کەسانە زۆرن. یەکێک لەو ناوانەی لەناو گۆڤار و رۆژنامە و بڵاوکراوە کوردیەکانمان لە دەرەوەی وڵات دەکەوێتە بەرچاو، ناوی هێژا کاک (فەرهاد شاکەلی) یە.
ئەوەی لە (سوێد) لە بڵاوکراوە کوردیەکان ئاگادار بێت، هەست بە ماندوو بوونی کاک (شاکەلی) دەکات لە پێناو خزمەت بە ووشەی کوردی. کەسانی وەک ئەو جێگای سەربڵندی هەموومانن.
یەکێک لە بەرهەمە تازەکانی کاک (شاکەلی) بڵاوکردنەوەی چەپکێ هۆنراوەیە لە ژێر ناوی «ژیێ» دا. «ژیێ» بە (١٦٠) لاپەڕە لە قەوارەی ناوەند و بەبەرگێکی رند و جوان و چاپێکی جوان (٢٥) هۆنراوەی بەخۆیەوە گرتووە، کە لە ساڵەکانی (١٩٧٦ ـ ١٩٨٥) دا نووسراون و دابەش کراون بەسەر (٤) بەشدا، هەروەها روونکردنەوەیەکی بۆ خوێنەرانی نووسیوە، و لە دواییدا فەرهەنگۆکێکی جوانی بۆ ووشە گرانەکان نووسیوە. لە چەند شوێنێک دیوانەکەی بەچەند دێڕێک لە شیعری شاعیرە کۆنەکانمان رازاندووە. ئێمە لێرەدا نامانەوێ خۆمان بە پسپۆڕی رەخنە لە شیعر دابنێین و شیعرەکان لە رەگ و ریشەوە هەڵکەنین و شیبکەینەوە، نە بە پسپۆڕی زمان و رێزمانی کوردی بۆ ئەوەی هەڵەی رێزمان و نووسین بدۆزین! برای هێژا (شاکەلی) خۆی مامۆستای زمانی کوردییە و لەم زەمینەیەدا زیاتر شارەزایە. تەنێ وەکوو خوێنەرێک و ئەڤینداریکی شیعر دەمانەوێ چەند سەرنجێک دەرببڕین، کە مەبەستیشمان هەر هەمان مەبەستی سەرەکییە.

(چەند ئاوازێک لە «ژیێ» وە)

وەکوو دەروێشێکی ئاشق و شەیدا، شاعیر هەمیشە وێڵی رەشماڵی مشەختی بووە و هەر هەموو شیعرەکان لە مشەختیدا لە دایک بوون، هەر ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی کە شیعرەکان زۆربەیان باسی جیابوونەوە و دووری و عەشقی وڵات و رابووردوو ... و ... بکەن:

هەروەها لە هەمان هۆنراوەدا:

**«ئەوای دلـتەزێنت ئاوێتەی**
**رەنگ و بۆنی گولجار دەکەی. ئەدی ناشێ**
**لە گۆمی کەیل وورد نەبێتەوە ساتێ**
**کە دەدرەوشێتەوە...!» ل٦٣ دیر ١٧،١٤**

ئێمە بەم جۆرە دەیخوێنینەوە:

**ئەوای دلـتەزێنت ئاوێتەی رەنگ و بۆنی گولجار دەکەی**
**ئەدی ناشێ**
**لە گۆمی کەیل وورد نەبێتەوە**
**ساتێ کە دەدرەوشێتەوە؟.**

**٣ـ بە ستنەوەی ناوەڕۆک:**

وەک شاعیر خۆی دەڵێ: زۆر لە شیمرەکان بەیەک رۆژ و کات لەدایک نەبوون، بەلکو دوای ماوەیەکی کەم زیادی بۆ کراوە، لەبەرئەوە مرۆڤ لە هەندێ شوێن هەست بە پچڕانی ناوەڕۆک و ناکۆکی دەکات! نمونە بۆ ئەم مەبەستەش هەر لە یەکەم هۆنراوەدا (ئەی بۆچی دێی) بەدی دە کرێت:

**«ئەی بۆچی دێی**
**کەی من دلـم بۆ ئێشی تۆ راخستبوو؟**
**من دلـم بۆ تاسەی دووریت راخستبوو**
**..................**
**خۆ تۆ هەرچی رچە و شوێن پێ هەبوو کشتت**
**کوژاندەوە.» ل ٧**

**پاشان دەڵێ:**

**«گەر دەتەوێ بکەوێتە بەندیخانەی دلـمەوە**
**لەبەر دەرکەی ئەم شارەدا ئاگرێکی سووری وەک خوێن هەلـگیرسێنە**
**نامە زەردەکەی دوێنێتی تێ فرێدە و**
**بیسووتێنە ...» ل ٨**



وشەی هزر لە کرمانجی سەروودا ناکرێ بە سیفە، بەلکو دەبێ بلێین (پر هزر) یان (هزر تیژ). و ئەگەر وەکوو فرمان بەکار هاتبێ، ئەوا هەر نابێ، چونکە بۆ فرمان دەبێتە (هزرکر).

**٢ـ شێوەی داڕشتنی هۆنراوە**

لە روونکردنەوەکەیدا شاعیر دەڵێ:

«ئەم جۆرە نووسینە پەیوەندی بە ئەزموونی ئەدەبیی خۆمەوە هەیە». راستە ووتمان شیعری سەربەخۆ و هاوچەرخ..! بەلام ئایا دەبێ وا بکەین کە خوێندەوار نەتوانێ بەئاسانی شیعر و پەخشان لەیەک جیابکاتەوە؟ ئایا دەبێ وا بکەین کەخوێندەوار لەکاتی خوێندنەوەی شیعرێکدا پێویستی بە فەرهەنگێک ببێت کە تا ئێستا پەیدا نەبووە؟ مەگەر ئەو بابەتەی دەنووسرێت بۆ خوێندن و تێگەیشتنی هەموو کە سێ نیە و تایبەتە تەنها بۆ چینێکی خوێندەوار؟.

ئێمەش لەگەلێ ئەوەین کە هەر نووسەرێک ئەزموونی ئەدەبی خۆی تایبەت بە خۆیەوە هەیە، بەلام ئێمە وا تێدەگەین کە لە هەموو ئەزموون و کاتێکدا شیعریش مەرجی تایبەتی خۆی هەیە کە بە پێی ئەو مەرجانە لە بابەتە ئەدەبیەکانی تر جیا دەکرێتەوە. بەتایبەتی لە کوردستانی خوارووداا نمونەی زۆرمان هەیە لەو نووسەرانەی کە بەرهەمە شیعریەکانیان زیاتر لەوە دەچن کە لە زمانێکی تر وەرگیراوە، بەبێ ئەوەی گوێ بدرێتە کێش و قافیە، کە بەوەش چێژە شعریەکەی کەم دەبێتەوە.

لەناو «ژێ» شدا نمونەمان زۆرە و پێویست ناکات دەست نیشانی بکەین، چونکە شاعیر خۆی دانی بەوەدا ناوە لە روونکردنەوەکەیدا. هەروەها شێوەی داڕشتنی شیعریش وەکوو دەزانین سیستێمی تایبەتی خۆی هەیە، بۆ ئەوەی مانای تەواو ببەخشێت و وەکو شیعر بتوانرێت بخوێنرێتەوە:

**«پرشنگی هەسارەیەک لە دوور را**
**چەمەری تاریکایی دەئەنگێوێ. نم نم**
**گەردەزێڕی رووناکایی**
**بەدەم نەرمەبای بەربەیانەوە هەلـدەوەرێ» ل ٦٣ دیر ٢ـ٦**

بەبێ ئەوەی باسی کێشەکە بکەین، دەلێین ئەگەر بەم جۆرە بنووسرێت چۆن دەبێت؟!

**«پرشنگی هەسارەیەک**
**لە دوور را**
**چەمەری تاریکایی دەئەنگێوێ**
**نم .. نم گەردەزێڕی رووناکایی**
**بەدەم نەرمەبای بەربەیانەوە هەلـدەوەرێ»**

پاشان دەڵێ:

**تۆ جۆکەلە شیرینەکەی جارانم نیت**
**........**
**من تازە مەیلی جارانم لەلا درووست نابێتەوە**
**من تازە چۆن دڵم لە تۆ دەچێتەوە ...؟»**

## ٤ـ دووبارە کردنەوە

لە ناو شیعرەکاندا لە زۆر شوێن بە دووبارەکردنەوە دێتە بەر چاو، کە لە هەندێ شوێن دووبارە کردنەوەکە لە جێی خۆیە و لە هەندێ شوێن پێویست نیە، وەک شیعری (بۆنی باران) ل١١ـ١٢. هەروەها چەند وشەیەک هەن کە لە هەموو شیعرەکاندا مەگەر بە دەگمەن نەبێت بەدی دەکرێت و لە هەندێ شیعردا چەند جار دووبارە کراوەتەوە. وەکوو: شەو، خەون، تاریکایی، ئێوارە. ئێمە تەنها لەناو سێ شیعردا ئەم وشانەمان ژماردووە کە تەنیا لە شیعری (گەڕانەوەیەک)دا زیاتر لە (١٥) جار ئێوی شەو و ئێوارەی هێناوە، ل٢٩. وە لە شیعری (دیمانە)دا ل٤٧ نزیکەی (٦) جار وشەی شەو و تاریکی دووبارە کراوەتەوە.

لە شیعری «ژێ» دا ل٧٧ زیاتر لە ٤٨ جار وشەی خەون و تاریکی هێناوە.
دیارە کە ئەم دووبارە کردنەوەش هۆی ئەوە بووە کە شیعرەکە لە یەک کاتی دیاری کراوی تایبەتی‌دا لە دایک نەبوون.

## کورت و کرمانج

١ـ خۆزگە هەر بەشێکی بەجیا وەکوو کۆمەڵە شیعرێک بڵاوبکردایەوە، خوێنەر زیاتر چێژی لێوە ئەبینی، بەتایبەتی شیعری «ژێ»، زۆر جوان بوو ئەگەر وەکوو نامیلکەیەک بڵاو ببوایەوە.
٢ـ یاخوود لە روونکردنەوەکەیدا شاعیر زیاتر ئەو هۆیانەی دەست نیشان بکردایە کە بوونەتە هۆی ئەوەی شیعرەکان بەسەر چوار بەشدا دابەش بکرێن.
زۆربەی زۆری شیعرەکان هەستی ناسکی شاعیرانە دەردەبڕن و لەسەر مەسەلەیەکی سەرەکیی راستەقینە دەدوێن.
بەهەرحاڵ دەست خۆش بەوپەڕی گەرمیەوە دەستەکانی شاعیر دەگووشین و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین لە پێناوی خزمەت بە وشەی رەسەنی کوردی و هەر بژی بۆ کورد.

**مەحفووز مایی**



oooooooooooooooooooooooooooooo

# سلێمان قاسمیانی :

oooooooooooooooooooooooooooo

چاوپیاخشاندنێک
بەسەر " **وڕێنە** " دا

oooooooooooooooooooooooooooooooooooooooo

سیاسەت و هونەر پێوەندیەکی لە یەک نەپساویان بەیەکەوە هەیە . لانی کەم لەو رووەوە کە هونەرمەند چ نووسەر بێ و چ زانای مۆسیقا بێ و چ نقاش ، بە هیچ جۆرێک کارە هونەریەکەی لە بیرو باوەڕو بۆ چوونە سیاسی‌یەکەی هەڵناهاوێردرێت . چیرۆک نووس‌خۆی ئینسانێکی بە هەست و شعوورە لە ناو کومەڵگەی دا . چاوی لە دەردی کۆمەڵەکەیەتی ، ئاگای لە ئاوات و ئارەزۆکانی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵ هەیە . بێشک نووسەر بە رووانگەی تایبەتی خۆیەوە چاو لە دنیا دەکا و لەو رووانگەوە رێگەی چارەسەرکردنی ئەو گیرو گرفتە کۆمەڵایەتیانە کە هەستی پێ کردووە دیاری دەکات . نەگیرو گرفتەکان لای هەر نووسەرێک یەکە و نەڕێگەی چارە سەرکردنیان . ئەمەیان بە نووسەر براوە و بیرو باوەڕ و هەڵوێستە سیاسیەکەی .

کورتە چیرۆکەکەی کاک‌کوردانیش بە نێوی " وڕێنە " کە لە ژمارەی دووهەمی مامۆستای کورد دا بڵاو کرایەوە ، لەو چوار چێوەیە بە دەر نیە . هەر کەس " وڕێنە " بخوێنێتەوە ، زۆر بە ئاسانی بۆ چوونی سیاسی نووسەرەکەی بۆ دەر دەکەوێ و نوشتەی نووسەری بو چارەی‌دەردەکە ئەکەوێتە بەر چاو .

رەنگ بێ رەخنەکەم سەبارەت بە " وڕێنە "ی کاک‌کوردان توند بکەوێتە بەر چاو، بۆیە لە پێشەوە بە پێویستی دەزانم بڵێم کە سەرەڕای رێزێ کە بۆ کاک‌کوردانـم هەیە خۆم بە ناچار دەزانم کە بە چاوێکی رەخنەگرانەی توندەوە چیرۆکەکە بخەمە بەر باس، چون راستەقینە لە لام خۆشەویست‌ترە .

## وڕێنە چمان پێ نیشان دەدا ؟

شوێن کوردستانی ئێرانە . چیرۆکەکە دەمان باتە سەر کات و ساتێک کە خەڵک لە چنگ هێرشی و قەتلی عام و رەش‌بگیری داگیرکەران ، بارو بارگنە تێک دەنێن و هەڵدێن بەڵام کەسی دیکەش هەن کە نەک لە دەس‌داگیرکەران بەڵکو لە دەس‌قۆڵێکی دیکە هەڵدێن. مەلای ئاوایی یەکێ لەوانەیە کە لە کۆتایی چیرۆکەکەدا دێت و هاو دەنگی خۆی سەبارەت بە کۆچ کردنی " مامە حەمەو پوورە بەڵکیس " دەردەبڕێ و خۆیشی ملی رێگا دەگرێ.بەڵام لە دەس‌پێشمەرگە ، لە دەس" قاڵبەکان "،لە دەس‌هەڕەشەو زوڵم و زۆری ئەوان،مەجبوور دەبێ ماڵ بە کۆڵ دادا و رێگای هەندەران بگرێ . بەرەو شوێنێک‌کە پێشمەرگەی لێ نەبێ تا بەڵکو لە چنگ قاڵبەدا تاشراوەکانیان " رزگاری بێت .

لە گۆشەیێکی دیکەی چیرۆکەکەدا ، باشتر رووالەتی " قاڵبە داتاشراوەکان" دەخرێتە بەر چاو ." کاک رەحیم " کوڕێکی شۆڕشگێڕی شاریی‌یە کە دەیهەوێ خوێندنگەیێکی ئازاد و بێ لایەن لە دێ دانێ . بەڵام هەر لە هەمان کات لەو دێیە دا ، دوو خوێندنگە

نیشاندەری رووداوێکە کە حەتتا ئەگەر تەواو بەو جۆرەش نەبووبێ ، بەڵام بە شکڵێ رووداوەو هەر چۆن بێسەرنجی ئەوی بۆ لای خۆی راکێشاوە . مەبەستم ئەوەیە کە ئەو بە هەر حاڵ دەیەوێ دیمەنێکی تاڵ ، رووداوێکی تاڵ لە ژیانی ئەو شۆڕشە بە جەماوەر پێشان بدات . چیرۆکەکەی ئەو دادگایەکە بۆ حوکم دان و بە سزا گەیاندنی خەتاکار. تا ئێرە کارێکی زۆر جوانە و جێگەی رێزە . دادگایەکە جەماوەری خەڵکی تێدا بەشدارەو نووسەر خۆی دادستانەو داوای حوکم بڕینەوە بۆ تاوانبار دەکات . خەتا ئاشکرایەو مەسەلەکە خوێندنگەیە . لێرە بەولاوە ئیدی دادگا ، رێی لێ دەشێوێندرێ و لە ڕاستی دا دەبێتە بێدادخانە . دادستان لە بیر خۆی دەباتەوە کە نێوی تاوانبارەکە بەراستەو رەوانی هەڵداو هەر دەڵێ ، پێشمەرگە". بەڵام ئەو پێشمەرگە کێیە؟ چۆن فکر دەکاتەوەو بە گەزی کێ عەرز دەپێوێ دەشارو درێتەوە . دیموکرات و کۆمەڵە هەر دوو دەبنە یەک و پێشمەرگە بێچارەکەش لە هەمان کاتدا ، هەم ئەمیانەو هەم ئەو !!

## خوێندەواری و ووشیاری

ئەوەی کە خوێندەواری دەورێکی گرینگی لە پێشکەوتنی کۆمەڵ و بردنە سەری پلەی زانیاریو رادەی ووشیاری خەڵک دا هەیە ، بۆ هیچ کەس جێگەی شک نیە . بەڵام ئایا خوێندەواری و ووشیاری یەکێکن ؟ " کاک رەحیم " قارەمانی چیرۆکەکە بۆیە دەچێتە دێ کە خوێندنگە دانێت و خەڵک لە نەخوێندەواری بێنێتە دەر و پێشی وایە کە " شعووری خەڵک بە چەک بەرز نابێتەوە " . منیش لەوەدا لە گەڵ کاک رەحیم تا رادەیەک هەم کە شعوری خەڵک تەنیا بە چەک بەرز نابێتەوە . بەڵام ئەدی ئەو خەڵکەی کە خۆی تاوی داوەتە چەک چی ؟ لە رووی چی ئەو کارەیان کردوەو " کاک رەحیم چ ناوێکیان لێ دەنێ؟ ئایا ئەو خەڵکە لە رووی بێ شعووریەوە چەکدارانە بەرەنگاری داگیرکەران بوون؟ئایا سەهوویان کردووە کە سینگیان کردۆتە قەڵغانی گوللەی داگیرکەران ؟ سەهوویان کردوە کە لەوە زیاتر سەرشۆڕی و مل کەچی قەبووڵ ناکەن .

با بێینەوە سەر باسی خوێندنگە . ئایا شعووری خەڵک بە چوونە خوێندنگەو دەرس خوێندن، بەوەی کە پیتەکانی ئەلف و بێ ورەقەمەکانی ئەژماردن فێر بن ، دەچێتە سەرو بەو جۆرە " تەرکی ژیانی ئابووری " دەکەن ؟ ناوەڕۆکی بانگەوازەکەی کاک کوردان ئەوەیە ، ئەو پێی وایە کە خەڵک بۆیە چارە رەشن ، بۆیە ژێر چەپۆک و قوربەسەرن،بۆیە وا بە ئاسانی هەرکەسە دەتوانێ لە " قاڵبی تایبەتی " خۆی بدا ، چون خەڵک نەخوێندەوارن و ئەگەر خوێندەوار بانایە هەربەپێی ئەوەش ووشیارتر دەبوون ، یەعنی ووشیاری سیاسیشیان پەیدا دەکرد و ئەودەم بە کەس لە خشتە نەدەبردران .

کاک کوردان چارەی دەردی گەلەکەمان بە ئاشکرا لە دانانی خوێندەواری دادەبینێ گوایە ئەگەر سێ هێندە و چوار هێندەی ئەوڕۆمان دوکتۆر و موهەندیس و تکنیسین و لێزانی داتا و شێمیست و موعەللیم و مووچەخۆری خوێندەواری دەوڵەتی هەبایە ئەوڕۆ دەردمان هەر ئەو دەردە نەدەبوو .

بەداخەوە ئەو بۆ چوونە لە گەڵ راستەقینەی دنیای ئەوڕۆدا یەک نایەتەوە . لە ئامریکاو ئینگلیس ، نە خوێندەوار یان هەرنیە ، یان ئەگەر هەش بێ ئەوەندە کەمە کە بۆوەی دەبێ چاوی لێ بپۆشی . بەڵام ئایا کاک کوردان لە ژیانی خەڵک لە ئامریکادا رازیە ؟ ئایا رژێمێ کە لە ئامریکا دا لەسەر کارە ، رژێمی قەتڵ و کوشتارو تاڵان و بڕۆی خەڵکەکانی سەرتاسەری دنیای و خودی ئامریکا نیە؟! ئایا کاک کوردان ئاگاداری ئەوە هەیە کە لە سایەی ئەم حکوومەتە دا لە هەرسەعاتەی دا چەن کەس هەر لە خودی



هەیە کە هەر کامێکی سەر بە قۆڵێکە ! کاک رەحیم بە ئاواتەکەی ناگا چون پێشمەرگە بەری پێ دەگرێ و رادەگەیێنێ کە لە " دوو قاڵبەکان " بەدەر ، هیچ کەسی دیکە حەقی دانانی خوێندنگەی نیە . " کاک رەحیم " لە لایەن پێشمەرگەوە پەل بەستوور دەکرێ و دەیبەن ـ دیارە بۆ زیندان .

ئایا ئەوە دیمەنێکی راستەقینە و هەمە لایەنی شۆڕشی کوردستانە ؟ ئایا دیمەنی شۆڕشی کوردستان ئا بەو جۆرە رەش و تاڵە کە کاک کوردان هیچ بریسکەیێکی روونی جێگەی هومێدی تێدا شک نەبات و ئاوا بیخاتە بەر پلارو توانج ؟

بەداخەوە کاک کوردان هیچ روونا کاییەک نابینێت و داگیرکەر و شۆڕش ، هەردوو بە دارێک دەداتە بەر پەلامار . خەڵک وەک یەک لە دەستی داگیرکەر و پێشمەرگە هەڵدێن ئەوەی بۆنی دیموکراتی و ئازادی و زانیاری و وشیاری بێت ، لە شۆڕشەکەدا نابیندرێت لە دوایی دا دێمەوە سەر ئەو باسە .

یەکێ لەو شتە سەرەتاییانە کە نووسەر بۆی نیە بیخاتە ژێر پێ، بەیانی راستەقینەیە . نووسەر بۆی نیە تەڕو ویشک پێکەوە بسووتێنێ و بە دارێک بەر بێتە گیانی تاوانبارو بێ تاوان . بەڵام کاک کوردان لە چیرۆکەکەی خۆیدا ئەو خاڵە سەرەکیە ناگرێتە بەر چاو .

لە کوردستان تەنیا یەک هێزی سیاسی وجوودی نیە . دو هێزی سەرەکی هەن کە کەس ناتوانێ چاویان لێ بپۆشێ : کۆمەڵەو دیموکرات . ئەو جار ئەگەر هەر بۆ نێوی سوێندیش بێ ، چریک فیدایی ، موجاهیدو رێگای کرێکاریشی لێیە . لە فەرهەنگی کوردیدا پێشمەرگە یەعنی ئەو ئینسانەی کە چەکدارانە بۆ ئازادی و مافی چارەنووسی کوردستان دادژی دەسەڵاتی داگیرکەران شەڕ دەکا . پێشمەرگە شتێکی عامە و دەتوانێ دیموکرات بێ ، دەتوانێ کۆمەڵە بێ و چریک فیدایی بێ و هتد. بەڵام ئایا ئەو هێزانە یەکن ؟! ئایا سیاسەت و بەرنامەی ئەوانە،هەڵوێستەکانیان سەبارەت بە خەڵک و بە شۆڕش یەکە و یەک بووە ؟! ئایا ئەو هێزانە بە یەک چاو ، روانیویانەتە هەڵسوکەوتی خەبات ، دیموکراتی و ووشیار کردنەوەی سیاسی خەڵک ؟!

ئینسان پێویست ناکا حەتمەن لایەنگری سیاسی هێزێک بێ تا بتوانێ جوابی ئەو راستیە بداتەوە . هەر ئینسانێک کە چاوی لە بینینی راستەقینە نەقووچێنێ و گوێی لە بیستنی راستی نەئاخنێ ، بە مەودای عەرزو ئاسمان فەرق و جیاوازی بەینی هێزەکانی کوردستان ئەکەوێتە بەر چاوی . جا چ لە کردەوەیاندا ، لە بیرو بڕوایاندا ، لە بەرنامەکانیان ، لە هەستان و دانیشتن و لە ئەخلاقیاتیاندا ، لە رادەی پاراستنی دیموکراتی دا و چاندنی تۆوی ووشیاری سیاسی لە ناو خەڵک دا .

کاک کوردان ناڵێ کە ئەو پێشمەرگەیە دیموکراتە یا کۆمەڵەیە و بە جۆرە خۆڵ دەکاتە چاوی خوێنەرانیەوە و دەیهەوێ پێیان بسەلمێنێ کە خەڵک تووش بە تووشی سەگێکی رەش و سپی بووە کە لە تاو هەر دووکیان دەبێ چنگ دەیە بەردێک ، کەرسەکێک ، گۆپاڵێک.

ئەوە بە بڕوای من ئەو پەڕی بێ ئینسافی و داپۆشینی راستەقینە لە ژێر هەوری رەشی ناڕەوایی و ناڕاستی دایە . چ خۆش دەبوو ئەگەر کاک کوردان کە لە چیرۆکەکەی دا ئاڵای دیموکراتی و ووشیار کردنەوەو " روون کردنەوەی سەر چاوەی لێخناوی فامی خەڵک" بەرز دەکاتەوە، بە دەستی خۆی ئەو سەر چاوەی هێندەی دیکە لێڵ و لێخناو نەکردبایەو بەرۆکی هەر کەس بە ئاشکرا و لە جێگەی خۆیدا بگرتبایە . نە بەردی کۆمەڵەی بەسەری دیموکرات دا بدایە و نە گوناهی دیموکراتی لە سەر کۆمەڵە نووسیبایە .

نووسەری چیرۆک ، ئەو چیرۆکەی هەروا بە مێشک دا نەهاتووە . خۆی لە کوردستان و لە ناو جەرگەی شۆڕشەکەدا ژیاوە . خۆی تاڵی و شیرینی تێدا چێژتووە . ئەم چیرۆکەش

زوڵم و زۆر و چەوسانەوە و دیکتاتۆری لەناو خەڵکدا بڵاوی دەکاتەوە. کاکڵی ئەو شتەش، خوێندەوارێک و جوتیارێک و کرێکارێکی نەخوێندەواریش وەکو یەک تێی دەگەن و لێی حاڵی دەبن ، تەنانەت کابرای کرێکارو زەحمەتکێش زۆر ئاسانتریش لەو شتە حاڵی دەبێ چون خۆی بە رەگ و خوێن و پێستەوە هەست بە چەوسانەوە و زوڵم و زۆرێ دەکات .

## چ خوێندەوارییەک ؟

جێی خۆیەتی کە لێرەدا پیاو لە " کاک رەحیم " قارەمانی چیرۆکەکە بپرسێ کە لە رووی چییەوە دەیهەوێ دەرس بڵێتەوە ؟ خوێندن هەر خوێندن نیە ! جمهوری ئیسلامیش لە خویندنگەکان دا دەرس دەڵێنەوە و رژێمی شاش دەرسی دەگوتەوەو رژێمی فاشیستی عیراق و تورکیاش دەرس دەڵێنەوە . لە تەواوی ئەو خوێندنگەیانەدا ، ئەلف و بێ و رەقەمەکانی پێوان و ئەژماردن دەگوترێتەوە . لە هەموویان دا خەڵک خوێندەوار دەبێ . بەڵام بە ئەلف و بی چ شتێکیان فێر دەکەن ؟ رەنگ بێ بگوترێ کە بە ( ئ ـ ا ـ و ) منداڵ فێری ئاو دەکرێ و ئەوەش هەر کەس فێرت کات فەرقێک ناکات . ئەگەر قسەکە هەر بە ( ئاو )و (دار )و (داو )و (دارا ) ببڕابایەوە، راست بوو . بەڵام هەرکەس بێت و بە چاوێکی زیت و وشیارەوە سەرنجی کتێبی پۆلی سەرەتایی بدات ، بۆی دەردەکەوێ کە ئەم کتێبانەیان هەوێچ شتێک بخەنە ناو مێشکی منداڵانەوەو چ شتێک لە پێش چاویان دوور کەنەوە و بشارنەوە .

هەر لە پۆلی سەرەتاییەوە ئەوە فێری منداڵ دەکەن و دەیخەنە ناو مێشکیەوە کە:
١ـ قینی لە کەس نەبێ . ٢ـ رێزی گەورەکان بگرێ. ٣ـ شوکرانە بژێر بێ . ٤ـ بنیادەم وەک یەک دروست نەکراون . ٥ـ یەکێک زۆری هەیە و یەکێک کەم و هۆیەکەشی ئەوەیە کە هێندێک دەزانن مێشکیان باش بخەنە کایەو هێندێک نازانن . ٦ـ خەڵک دوو قوڵن،هێندێک باشن و هێندێک خراپن ...

لەوە زیاتر نموونە ناهێنمەوە. مەبەستم ئەوەیە کە هەر لە خوێندنگەوە ، وردە وردە ، ئەوە دەخەنە گیانی منداڵ کە خۆی خۆش بوێ ، لە فکری خۆی دابێ، هێدی و ئارام و گوێ لە مست بێ ، لە قسەی گەورەکان دەرنەچێ ، نابەرابەری کۆمەڵایەتی قبووڵ بێ، بەندەیێکی باشی خواکەی خۆی بێ . کورت و موختەسەر دەیکەنە بنیادەمێکی خەسیو کە تا حەددی ئیمکان زەرەرێکی بۆ ئەو سیستمە نەکبەتە نەبێ کە تێیدا دەژی .

" کاک رەحیم " قارەمانی چیرۆکی " وڕێنە " ش ئەوە بۆ ئێمە روون ناکاتەوە کە دەیهەوێ لە رووی چییەوە دەرس بڵێتەوە. لە رووی کتێبەکەی دیموکرات یان کۆمەڵە کە نایڵێتەوە، چون یەکەم ـ کاک " رەحیم " بێ لایەنە، دوهەم " کاک رەحیم " پێی وایەکە ئەوانە خەڵک لە قاڵب دەدەن و ئەو کتێبانەش کە ئەوان بۆ خوێندنگەکانیان نووسیون لە چوارچێوەی قاڵبی تەنگی سیاسەتەکانی دژی دیموکراتیکی خۆیان دایە . هەڵبەت کاک کوردان لە چیرۆکەکەی دا باسی ئەوە ناکاو " کاک رەحیم "یش ناتوانێ بەو چاوە رەخنەگرانەی کە باسمان کرد کتێبەکان بخاتە بەر چاوی خوێنەران .

کە وابێ چی دەمێنێتەوە؟ " کاک رەحیم " کە خۆی بە تەنیایی ناتوانێ کتێب بۆ منداڵانی خوێندنگە بنووسێ و بڵاو بکاتەوە و دەرس گوتنەوەش پێویستی بە چەند کتێبە. تەنیا دەمێنێتەوە کتێبەکانی جمهوری ئیسلامی یان دەورەی شا ، یان عێراق بۆ پۆلی سەرەتایی، کە بە بڕوای من بەینی ئەوان هیچ فەرقێکی سەرەکی نیە . کاکڵ و ناوەڕۆکی ئەو کتێبانە هەر یەکە . تەنیا فەرقێک کە هەبێ لەوە دایە کە لە کتێبەکانی جمهوری ئیسلامی دا زیاتر نێوی خوا و پێغەمبەر و ئەسحابەو مەلاو مەلائیکەو شێخ و شەیتان دێتە



خاکی ئامریکادا لە کووچەو کۆڵان و شەقامەکانی شارەکاندا ، دەکوژرێن و زگیان هەڵدەدڕێ و رووحیان وەسەر خوا دەکرێتەوە ؟! ئەزانی چەندەها هەزار ژن مەجبوورە خۆ فرۆشی بکات تا نانی شەو بەدەس بێنێ ؟!

ئەدی دەوڵەتەکانی فەرانسەو ئینگلیس و ئاڵمان و ...چی.رەنگ بێ لە وەڵامدا بگوترێ کە ئەم دەوڵەتانە هەرچی بێ بۆ میللەتەکانی خۆیان هەرباشن و ژیان وگوزەرانی خەڵکەکەیان لە هی ئێمە زۆر باشترە و لە چاو ئێمەوە لە خێرو خۆشی دان . راستە کە پلەی ژیان و گوزەرانی ئەو خەڵکانە لە وڵاتانی ئێمە زۆر لە سەرەوەترە . بەڵام ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە بۆچی و ئەو خەڵکە چۆن بەو پلەو پایە گەیشتوون ؟

پێم وانیە کە کاک کوردانیش ئەوەی قبووڵ نەبێ کە ئەو دەوڵەتانەی ناومهێناون دەوڵەتی ئیمپریالیستی نەبن ئەو ئیمپریالیستانەی کە دارو نەداریان لە شان و باهۆی کرێکاران و زەحمەتکێشانی وڵاتانی ژێردەستەوە هەڵقوڵاوەو هاتۆتە بنیاد و هەر بەوەشەوە زیندوون . وڵاتانی ژێر دەستە و دواکەوتوو لە باری سەنعەتەوە،ئەبێ هەر ئاوا وەک بازاڕی هەرزانی کار و تاڵانی کانگای بەرهەمە سروشتیەکان بمێننەوە تا ئیمپریالیستەکان بتوانن بە ژیانی چەپەڵیان درێژە بدەن .

ئەگەر رەنجی شانی ئێمە نەبێ ، ئەگەر ئێمە لە وڵاتە دواکەوتووەکاندا نەبین کە ئەوان بتوانن بی چەوسێننەوە،بیدۆشن ، ماڵ و حاڵی بە تاڵان بەرن ، رۆژی ئەوانیش لە روناکایی دەکەوێت . ئەگەر ئێمە لە رۆژی رەش دادەژین و هارترین دیکتاتۆرەکانی دنیا بە سەرمان دا حکومەت دەکەن ، ئەگەر ئێمە هەموو رۆژێ لە کوردستان ، لە ئێران عێراق ، نیکاراگوا ، ئۆگاندا ، ئێریترا ، لوبنان ، فەلەستین، ئافریقای جنوبی،فلیپین و ئێلسالڤادۆرو ... دەکرێینە گۆشتی بەر دەم تۆپی شەڕی کۆنە پەرستانەی داگیرکەران و دیکتاتۆرە هارەکان، هەمووی بە خاتری ویست و خواست و قازانج و بەرژەوەندی سەرمایەی جیهانی و ئیمپریالیستەکانە .ئەوان دەستیان لە خوێناوی ئێمەدا سوورە .

ئایا خەڵکی فەرانسە و ئاڵمان و ئینگلیس و ئامریکا ... شارەزای ئەم کارەساتە هەن ؟ ئایا ئەگەر خەڵکی ئەم وڵاتانە ئەمەیان بە روونی بۆ دەرکەوێت ، ئەو دەوڵەتانە ئەو سیستمە خوێناوییە چی دیکە قبووڵ دەکەن ؟ من کە دەڵێم نا . بەڵام ئەدی بۆ چی خەڵکەکە ئەو ووشیارییەیان نیە ؟! بۆ لەوە نەگەیشتوون ؟! جا خۆخەڵکەکەیان هەمووی خوێندەوارن ، هەمووی تلڤیزیۆن و رادیۆ و رۆژنامەی دەس دەکەوێ و بە ملیاردها ملیارد کتێب لە کتێبخانەکانی گشتی ئەم وڵاتانە سەبارەت بە هەموو شتێکی ئەم دنیایە ، هەر لە سەری مارەوە بگرە تا مێروو ، دەس دەکەوێ . ئەدی بۆ چی خەڵک ئەو ووشیاریە سیاسییەیان دەس نەکەوتووە کە دژی ئەم هەموو جەنایەت و تاڵان و بڕۆ و چەوساندنەوەی وەحشیانەی گەلانی بن دەست بە دەس دەوڵەتەکانی خۆیان راست ببنەوە و ئەم سیستمە چەپەڵی و ئینسان کوژە گۆڕ بە گۆڕ کەن ؟!

وڵامەکەی زۆر سادەو ئاسانە . خوێندەواری هەر خۆی لە خۆیەوە ووشیاری سیاسی یان ئەو ووشیاریەی کە کاک کوردان دەڵێت ، وەدی ناهێنێت. خوێندەواری ئامرازێکە بۆ وەی کە ئینسان بتوانێ باشتر لە دنیای دەوروبەری خۆی حاڵی ببێ . بەڵام لەوەدا کە چۆن لەو ئامرازە کەڵک وەردەگیرێ و چۆن دنیای دەرەوە بە ئینسان نیشان دەدرێ،فەرق هەیە و دەگەڕێتەوە سەر ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتی دنیایان بە دەستەوەیە، ئەوان دەتوانن رەش بە سپی بنوێنن و راستەقینە هەڵ وەرگێڕن .

ووشیاری سیاسی لەو روانگەوە بە هیچ جۆرێک بە خوێندەوارییەوە نەبەستراوەتەوە. ووشیاری سیاسی ئەو ووشیارییەیە کە پارتێکی پێشڕەو بۆ لەبن هێنانی یەکجاری

بەر چاو تا ئەوانی دیکە !

### پەیامی چیرۆکەکە

چیرۆکەکە هەڵگری دڵساردیەکی گەورە لە شۆڕشی ئێستاکەیە. ئاوێکی ساردە و بەسەر دڵی گەرمی ئەوانەدا دەکرێ کە شۆڕش بە گەرمای دڵیانەوە ماوەتەوە ولەو زیندووە. کاک کوردان پێی وایە جەماوەری گەل نا-ووشیارو لە خشتە براوە و چەک لە کوردستان هیچی پێ ناکرێ، بە تایبەت چەکەکانی ئەورۆ کە بە بڕوای نووسەر لە لوولەکانیاندا گڕی دوژمنایەتی و دژایەتی لەگەڵ ئازادی و دیموکراتی و بەرژەوەندی راستەقینەی خەڵک شەپۆل دەدا. پەیامی کاک کوردان بە کوردی و کرمانجی، چەک دانانە، خەواندنی شۆڕشە تا ئەو رۆژەی کە لە خوێندنگەکانی "کاک رەحیم" دا خەڵک پاراوی خوێندەواری دەبن و ئەو دەم هەر بە نووکی قەڵەم داگیرکەر لە خاکی کوردستان رادەماڵن. بەڵام داخوا ئەو رۆژەی کەی بێ، کەس ناتوانێ هەر لە ئێستەوە هەڵی بێنێ مەگەر کەرامەت دارێک.

کاک کوردان ئەو شعوورەی کە بۆتە هۆی شۆڕش و بەرەنگاری ئەمجارەی گەلەکەمان دژی داگیرکەران، بە شعووری پێویست بە شۆڕش نازانێ و نوشتەکەشی هەر وەک لە پێشوودا وتم، بانگەوازی خەڵکە بۆ دەس هەڵگرتن لە شۆڕشەکەی ئەورۆیان کە بە بڕوای نووسەری چیرۆکەکە چەوت و هەڵەیە ــ و گل دانیان بۆ خوێندنگەکانە.

بەڵام جەماوەری خەڵک دەرسی شۆڕش و ووشیاری و زانیاری نەک لە خوێندنگەکان، بەڵکو لە مەیدانی خەبات، لە کارگە و مەزراکانیان، لەو شوێنەی کە دادەپڵۆسێنەوە دەچەوسێنەوە و تالان و بڕۆ دەکرێن ... فێر دەبن. ئەوان هەر لە ژیانی پڕ لە چەرمەسەری رۆژانەیان بەو شعوورە دەگەن کە برسین، بێبەشن، ماڵ بە سەر بەشی ماڵان کراون، رەنجەڕۆن و هەر لەوەشرا هەست بەوە دەکەن کە دەبێ راپەڕن کە نابێ چی دیکە مل کەچ کەن. رۆشنبیران و پارتی پێشڕەو لەو مەیدانەدایە کە دەتوانن و دەبێ جێگەی خۆیان ببیننەوە و ئەرکی خۆیان بە جێ بگەیێنن. چون کە کێرد گەیشتە ئێسقان، ئاسایی ترین وڵام راپەڕینە، شۆڕشە دژی جەلاد. ئەو دەم ئیدی خەڵک نەلەسەر رۆشنبیر، نە لە سەر خوێندنگەکانی کاک کوردان، لە سەر هیچ کامێکیان رانەوەستێ، هەروەک بینیشمان خەڵک بۆ راپەڕینی دژی شاو دژی جمهوری ئیسلامیش لەسەر هیچ کەس رانەوەستان.

سلێمان قاسمیانی

* پەراوێزە چکۆلەکان لە چیرۆکەکە وەرگیراون.

لە دوایی دا بە پێویستی دەزانم باسی "شەهید رەحیم قادری" بکەم. نووسەر حەقی خۆیەتی کە نووسراوەکەی بە هەرکەسێک کە بیهەوێ پێشکەش بکات. بەڵام لانی کەمەکەی ئەوەیە کە ناوەڕۆکی نووسراوەکە و ئەو کەسەی ئەو شتەی پێشکەش دەکرێت بە جۆرێک لەگەڵ یەک بێنەوە. بەڵام شەهید "رەحیم قادری" و کورتە چیرۆکەکەی کاک کوردان لە راستیدا وەک کێردو پەنیر وان و هیچ بۆرە خزمایەتیەکیشیان بەیەکەوە نیە! شەهید رەحیم لە دەورەی شا لە ئێراندا "معلم" بوو و دوای رووخانی حکومەتی شا ،دەستی لەوە هەڵگرت و بوو بە پێشمەرگەی کۆمەڵە. شەهید رەحیم چەکی شۆڕشی کردە شان و بەو پەڕی لە خۆ بوردوویی و بێ ووچان دەستی کرد بە ووشیار کردنەوەی خەڵکی زەحمەتکێش و ژیانی خۆی وەک پێشمەرگەیەکی شۆڕشگێڕی کۆمەڵە بۆ چاندنی تۆوی ووشیاری سیاسی لەناو زەحمەتکێشانی کوردستاندا تەرخانی کرد. شەهید رەحیم دەرس گوتنەوەی نەتەنیا پێ



ئەسڵ نەبوو بەڵکو دەستی لێ هەڵگرت و چووە ریزی شۆڕشە.

شەهید رەحیم لە ئاکامدا لە بازاڕی قەرەداغ" لە ناوچەی سابڵاغ" لەگەڵ دوو هاورێی دیکەی، لە پشتەوەڕا کەوتنە بەر دەس ڕێژی گوللەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و شەهید بوون.

ئایا بەڕاستی ئەم چیرۆکە ڕێزگرتن لە شەهید "رەحیم قادری"یە؟ من کە دەڵێم نا. چون بیرو باوەڕ و کردەوەی شەهید رەحیم تا دوایین کاتی ژیانی بە تەواوی دژی بۆچوون و هەڵوێستی چیرۆکەکەی کاک کوردانە!

************************************************************************

## کرمانج

# رازێک لەگەڵ نیشتمان

من لە خاکی تۆ
ئەی سەر زەمینی جوانی من
کە چاوم هەڵێنا، چاوم
بە کەژ و کێوی بەفرینت کەوت.
دەک بم بە قوربانی
دار بەڕووی
قەد کێوەکانت و
تۆز و خۆڵی
دەشتەکانت.
چۆن ئەتوانم
لە بیرت کەم؟
من ئا لێرە
لە ناو کیشوەرێکی نامۆ
لەو بەر ئوقیانووسەکانی دوورم
کەچی پێشەت

لە ناو دڵم و ڕازەکانم
لە خاکی تۆ
جێگیر بووە
دەک بم بە قوربانی
خوڕەی ئاوی
تافگەکانت
چۆن ئەتوانم
لەبیرت کەم؟
ئەی ئەو خاکەی
ئێسقانی
باوو باپیرانمت
تیا خەوتووە.
چۆن ئەتوانم
لە بیرت کەم؟.

ئەمریکا ۱۲/۱۰/ ۱۹۸٦

نامۆ بێ (هەرچەن نامۆیە و جێی گرتووە). جا ئەوە زاراو ئەم گۆڕانانەی بەسەردا هێناوە. ئێستاش راست بێ یان نا من باسم لەسەر دەست تێوەردانیەتی. بۆ نموونە زۆر نووسەر و شاعیری کوردی هەن کە هەریەکەیان لە ناوچەیەک هەڵکەوتوون. زمانی کوردیش یەک لەو زمانانەیە کەخاوەنی چەندین زاراوی جۆر بەجۆرە. لەبەر ئەمە لە بەرهەمەکانی هەریەک لەم نووسەرانەدا بۆن و بەرامەی ئاخاوتنی مەڵبەندەکەیان وێنەنوێنە و با بە زمانی ستانداردی کوردیش بنووسن، بەڵام تاک و تەرا وشەی تایبەت بە ناوچەکەی خۆیان لە نووسینەکانیاندا هەر بەکار دێنن کە ئەمە نە تاوانە بەڵکوو رەوایە و خزمەت بەهەرچی دەوڵەمەند تر کردنی زمانەکەمان دەکا و لەگیروگرفتی دوور دەهێڵێتەوە.

---

برای بە ریز هونەرمەندی بەناو بانگ
کاك ناسری رەزازی پارچە شیعریکی بۆ
ناردووین، ئەوا لە ژێرەوە بلاوی دەکە
ینە وە .

## حوکمی رەش

هەی حوکمی رە ش،هەیچەوسێنە ر،
هە ی ئافآتی پیت و فە ر بە ر،
هە ی پارێزە ری سە رمایە، گورگی
برسی لە هە ر لایە،
راستە کە هە ر دە کوژی، دە بڕی،
بۆ مانە وەت لە سە ر کورسی، جە رگی
شێر پیاوان هە ڵدە دڕی،
بە کارەساتی دڵتە زێن، بە کە رە سە ی
دنیای ئە مرۆت، کە کردەی رە نجە و
خۆت بە زێن،
رووڵە ی ئازا دە خنکێنی، خانووی
هە ژار دە رووخێنی
شار و لادێ دە سووتێنی،
دەستە دەستە لە زیندانی، بە خوێن
ئە ڵاڵی تاریکتا، کیژو کور دەبنە قوربا
نی
وایە، بە لام هە ی تاوان بار،
هە ی خوێن ڕێژی درندە کار،
لە م کاتە ی وا کۆمە ڵ کۆمە ڵ،
رووڵە ی هە ژار و ە ك پۆلی مە ل،
هێلانەی کۆن دە گوێزنە وە، بە ڕێگای
نوێ دا دێنە وە،
چ شوورە یە ك بە رگە گرە ،کامە لەمپەر
خۆ راگرە ؟
لە کاتێك دا ، ئەم هۆردووە، یە ك
گرتوە ، لێ بردو وە،
بە رەنگاری بێ راوە ستێ، یان چ هێتلەرێ
دە توانێ، قە ڵا و دیواری بە رگری
لە بە ر لاسامە ی بە هێزی، ئە م لافاوە،
کە بە لوزە و، راماڵ دە ری تە خت و
بە ختی ، داگیر کە رانە دابە ستێ،
هە ی حوکمی رە ش،کانگای فریو،
داری کرمۆڵ، هە ی دارزیو،
زە لکاوی پیس، هە ی بۆ گە نیو
ئێستا کە وا کاروانی سوور،
گرتوویە پێش بێ برانە وە، رێگای درێژ
خایە ن و دوو ر ،
بێتوو ئامانجی بێتە دی، لابا ستە م،
بیری سنوور
مە گە ر بە خە ونت بێتە وە،
بە رهە می رە نجی چە وساوە، لە
با وە شتا کۆی کە یتە وە،
مە گە ر بە خە ونت بێتە وە، دەس
رە نجی کاری بێ بە شان، لە خرمانی
نا رە واتا، کۆگا، کۆگا، هە ڵدە یتەوە،
خە زێنەی لێ پڕ کە یتە وە، بۆ سەرکوت
و چە وسانە وە، بۆ دەرسی کۆن
دادانە وە ، مە گە ر بە خە ونت
بێتە وە
نیزامی دڕ هەگخۆ گلێن،
هە ی نگریسی هە ژار مژێن، کۆڕپە
لە ناو لانك فر ێن،
هاکا خە زانی بای فە نا، باخی
ئە مە نتی دا تە نا،
هاکا بینای هە زرەل وێنە ت،
بە هارژنی هە ورە تریشقەی، هۆزی
چە وساوە ی، بە ش مە ینە ت، سەرە و
بن بێ بە یە ك کە رە ت
سا ئە ی دێوە زمە ی ئە و هانا،
جە ردەی دەس رەنج لە جیهانا، ئە م
کاروانە ، کە پشت ئە ستوور، لێبڕاوا
نە و شێلگیر و سوور،
تە پڵی ریسواییت دە ژە نن،
بە رە بەرەو کە تە ن کە تە ن، گۆڕی
یە کجاری و ئە بە دیت، لە هە ر لا
بۆ هە ڵدە کە نن
بە هیوای ئە م خە باتە وە، هە ر
بینا ڕۆژێ هاتە وە
جێ کە لاکیا ن بۆ خۆش کردی، لاشەیان
گۆڕ بە گۆڕ کردی
ئە و سا خۆری دنیا داگر، گە ش و
بە تین و پێ داگر،
تیشکی سە ر بە ستی و رووناکی ،
بە سەر ئینسانا ڕادە گرێ، کێ خوێن
مژە، چێ تر دە مرێ
نامێنێ تر س و سامنا کی
دە گرێتە بە ر هە ر لا هە ر شوێن
ساڕێژ دە کا، زامی جە رگی ، چینی
چە وساوەی مل بە کوێن
هە ژارە زۆر لێ کراوە کان،
داماوە لێ قە وماوە کان،
دە گرنە دەس، چە رخی دە وران،
خۆیان دە بنە ئاشە وانی ئاشی
چارە نووسی خۆیان .
پاییزی ٨٤ / کارێزە ✻



# سەردەمی نوێ و شێواندنی نوێ

ناسری رەزازی

لە قانوونی نووسیندا، کەس مافی وەی نی یە چنگ وەرداتە ناو دەسترەنجی کەسێکی تر چ هەڵبەست بێ چ نووسراوە، مەگەر رەخنە، پێشنیاریان نەزەرێکی لەسەرهەبێ کە ئەوەش پێویستە خاوەنەکەی ئاگادار بکرێ و...

لەسەر داوای کاک کەریمی حیسامی بەرپرسی رۆژنامەی «سەردەمی نوێ» شیعرێکم لە ژمارە ١١ی ئەو رۆژنامەیەدا بڵاوکرایەوە کە بەداخەوە وێڕای هەڵەی چاپی و جگە لەوەی دەستی تێوەردرابوو، چەن وشەشیان لێ داخستبوو!

پاش دەرچوونی رۆژنامەکە لەسەر شێوەی بڵاوکردنەوەی ئەم شیعرە لەگەڵ ناوبراو کە خۆم شیعرەکەم دابوویە و لە سەری دوابووین ئاخاوتم؛ بەڵام بەداخەوە راوڕووت هێنانەوە ـ خطبەـی خۆ بەزل زانان و رەخنە وەرنەگرانە.

لەبەر ئەم هۆیە من لێرەدا دەقی ئەسڵیی هەڵبەستەکەتان پێشکەش دەکەم وێڕای ئەو کلیشەیەی کەلە «سەردەمی نوێ»دا بڵاوبۆتەوە. هەروەسا بۆ ئەوەی باشتر روون ببێتەوە رەخنەکانم شی دەکەمەوە.

١ـ لەسەرەوە نووسراوە: «برای بەڕێز... پارچە هەڵبەستێکی بۆ ناردووین ئەوا لە ژێرەوە بڵاوی دەکەینەوە.» باشە ئەگەر ئەم شیعرە برای بەڕێز... ناردوویە، شاعیرەکەی کێ یە؟ لەکاتێکدا باسمان لەسەرکردبوو کەبەناوی دڵنیاوە بڵاوببێتەوە، کە ئەوەشیان نەنووسیوە یان بە وتەی خۆیان لەبیریان چووە!

٢ـ ئەم شیعرە هەم کێشی هەیە هەم سەروا کەچی ئەوان وەکوو پەخشان نووسیویانە و بڵاویان کردۆتەوە؛ کە بە بڕوای من ئەم شێوە داڕشتنە ناسکیی شیعرەکە تێک دەدا و لە خوێندنەوەش دا رەنگە چەشە و چێژێکی ئەوتۆی نەبێ.

٣ـ ئەو وشەگەلە کە نەماون.

* من دەڵێم: بەرهەمی ئەو رەنجەی کەوا
چەوساوە دەی هێنێتەبەر
لەباوەشا کۆ کەیتەوە

کەچی بەم رەنگە دەرهاتووە:

«بەرهەمی رەنجی چەوساوە
لەباوەشتا کۆی کەیتەوە»

٤ـ ئەو وشانەی کە گۆڕدراون.

* من دەڵێم: لە خەرمانی نارەواتا، کەچی کراوە بە «خرمانی نارەواتا».
لە زمانی ستانداردی کوردیدا خەرمان بەکاردێ.

* من دەڵێم: خەزانەی لێ پڕکەیتەوە، کەچی کراوە بە «خەزێنە». هەرچەند وشەی خەزانە و خەزێنە هەردووکیان لە عەرەبی وەرگیراون و فارسیش بەکاری دێنن، کارم بەوە نەداوە، بۆ ئەم مەبەستە من خەزانەم پێ باشە وەگەر نە، دەمتوانی گەنجینە بەکار بێنم. ئێستاش رەنگە خەزانە وخەزینە بۆ ئەوان یەک مانایان هەبێ، بەڵام خەزانە جێگای پارە کۆکردنەوە یە و خەزێنە ئەو کانە ئاوەیە کە لە حەمامدایە و خەڵک لەکۆن دا وسڵیان لێ دەردەکرد.

گۆڕینی ئەم دوو وشەیەش کاری بە هەڵەی چاپ نەداوە، بەڵکوو بۆ وان رەنگە وشەیەکی

بەرهەمی ئەڕەنجەی کەوا چەوساوە دەی هێنێتە بەر
لە بارەشا کز کەیتەوە
مەگەر بەخوێنت بێتەوە دەست ڕەنجی کاری بێ بەشان
لە خەرمانی ئارەواتا کزگا کزگا هەڵدەیتەوە
خەزانەی لێ پڕکەیتەوە بۆ سەرکوت و چەوسانەوە
بۆ دەرسی کۆن دادانەوە
مەگەر بەخوێنت بێتەوە.
نیزامی دڕ هەی خۆ گلێن
هەی نگریسی هەژار مرێن
کورپە لەناو لانک فڕێن
هاکا تەوژمی بای ئەنا
باخی تەمەنتی داتەنا
هاکا بنیای هەرزەل وێنەت
بەهاڕژنی هەورە تریشقەی هێزی چەوساوەی بەش مەینەت
سەرەوبن بێ بەیەک کەرەت
سا ئەی دێوەزمەی شەو هانا
جەردەی دەست ڕەنج لە جیهانا
ئەم کاروانە کە پشت ئەستوور لێ بڕوانە و شێلگیر و سوور
تەپڵی ڕسواییت دەژەنن
بەرە بەرە و کەتن کەتن گڕی یەکجاریی و ئەبەدیت
لە هەرلا بۆ هەڵدەکەن
بە هیوای ئەم خەباتەوە
هەر بینا ڕۆژێ هاتەوە
جێ کەلاکیان بۆ خۆش کردی لاشەیان گۆڕ بە گۆڕ کردی
ئەوسا خۆری دنیا داگر گەش و بەتین و پێداگر
تیشکی سەربەستی و ڕووناکی
بەسەر ئینسانا ڕادەگرێ کێ خوێن مژە چی تر دەمرێ
نامێنێ ترس و سامناکی
دەگرێتە بەر هەر لا هەر شوێن
سارێژ دەکا زامی جەرگی چینی چەوساوەی مل بە کوێن
هەژارە زۆر لێ کراوەکان
داماوە لێ قەوماوەکان
دەگرنە دەست چەرخی دەوران
خۆیان دەبنە ئاشەوانی
ئاشی چارەنووسی خۆیان.

ناسری ڕەزازی    کارێزە ـ پایزی ١٩٨٤



## حوکمی ڕەش

هەی حوکمی ڕەش هەی چەوسێنەر
هەی ئافاتی پیت و فەڕ بەر
هەی پارێزەری سەرمایە گورگی برسی لەهەر لایە
ڕاستە کە هەردەکوژی دەبڕی
بۆ مانەوت لەسەر کورسی جەرگی شێرەپیاوان هەڵدەدڕی
بەکارەساتی دڵتەزێن
بەکەرەسەی دنیای ئەوڕۆت کە کردەی ڕەنجە و خۆت بەزێن
ڕۆڵەی ئازا دەخنکێنی
خانووی هەژار دەڕووخێنی
شارو لادێ دەسووتێنی
دەستە دەستە لە زیندانی
بە خوێن شەڵاڵی تاریکتا کیژ و کوڕ دەبنە قوربانی
وایە بەڵام هەی تاوانبار
هەی خوێن ڕێژی دڕندەکار
لەم کاتەی وا کۆمەڵ کۆمەڵ
ڕۆڵەی هەژار وەک پۆلی کەڵ *
هێلانەی کۆن دەگوێزنەوە بەڕێگای نوێ دا دێنەوە
چ شوورەیەک بەرگەگرە کامە لەمپەر خۆڕاگرە
لەکاتێک دا ئەم هۆردووە
یەک گرتووە
لێ بردووە
بەرەنگاری بێ ڕاوەستێ؟
یان چ هیتلەرێک دەتوانێ
قەڵاو دیواری بەرگریی لەبەر لاسامەی بەهێزی
ئەم لافاوە کە بە لووزە و ڕامالدەری تەخت و بەختی
داگیر کەرانە دا بەدەستی؟
هەی حوکمی ڕەش کانگای فریو
داری کرمۆڵ هەی داڕزیو زەلکاوی پیس هەی بۆگنیو
ئێستا کەوا کاروانی سوور
گرتوویە پێش بێ برانەوە ڕێگای درێژخایەن و دوور
بێتوو ئامانجی بێتە دی لابا ستەم ببڕێ سنوور
مەگەر بەخوێنت بێتەوە

* لە چاپی یەکەمدا (مەل) بووە، لێرەدا خۆم کردوومە بە (کەڵ)

## سەرنووسەری گۆڤاری «مامۆستای کورد»

نامە و پێشنیاز

## سڵاوێکی گەرم

پێشەکی دەمەوێت پیرۆزبایی‌یەکی گەرمتان لێ بکەم بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (٢)ی گۆڤاری «مامۆستای کورد»ەوە، هیوادارم دەرچوونی هەرژمارەیەک ببێتە هاندەرو هەوێنی دەرچوونی ژمارەیەکی نوێ لە پێناوی پاراستن و بەردەوام بوونی گۆڤارەکەدا، چونکە بەڕاستی لەم بار و دۆخەی ئەمڕۆماندا، مرۆڤی کورد پێویستی‌یەکی مەزنی بە گۆڤارێکی رێکو پێکی لەم چەشنە هەیە، تاکو بتوانێت لەلایەکەوە ڕاو بۆ چوونەکانی تێدا تۆمار بکات وە لە لایەکی دی‌یەوە بتوانێت راستی‌ی ببینێت وە بە ئازادی رەخنە و توێژینەوەکانی لە رێگایەوە بە جەماوەر بگەیەنێت، لە پێناوی نزیک بوونەوە لە داهاتوویەکی پرشنگدار و بەختیار کە بەرەو ئاسۆی رزگاری و سەرفرازی گەلی کوردمان ببات.

لێرەدا حەزدەکەم باری سەرنجی خۆم دەربخەم دەربارەی پێشنیازەکەی کاک «عەبدولقادر محەمەد ئەمین» کە لەژمارە (٢)ی گۆڤاری «مامۆستای کورد»دا بڵاوتان کردبۆوە.

بەر لەهەموو شتێک دەبێ بڵێم کە ئەم پێشنیازە خۆی لە خۆیدا کارێکی پیرۆز و هێژایە، لەبەر ئەوەی مانای دڵسۆزی و لێ هاتوویی مرۆڤی کورد دەبەخشێت لە هەست کردن بە ئەرکی سەرشان و لێ پرسینەوە بەرامبەر گەلەکەی، ئەو مرۆڤە لەهەر جێ‌یەکیش بێت لە جیهاندا.

پڕ بەدڵ دەمەوێت سوپاسی کاک عەبدولقادر بکەم بۆ ئەم کارە بە نرخ و بەجێ‌یەی کە هەست و ویژدانی هەموو کوردێکی پاک و خاوەن ویژدان دەبزوێنێت بەرامبەر نەتەوەکەی و خاکەکەی، ئاواتە خوازم لە نموونەی ئەم رووناکبیرانە هەر لە زیاد بووندا بێت و هەمیشە سەرکەوتووبن لەکردار و ئامانجی پیرۆزیاندا. جارێکی دیش سوپاس.

پاشان دەخوازم بچمە باسەکەوە و وەک دەڵێن پێشنیازێک بخەمە پاڵ پێشنیازەکەی کاک عەبدولقادر، ئەویش ئەوەیە کە ئەم پڕۆژەیە لەڕێگای گۆڤاری «مامۆستای کورد»ەوە یان هەر رێگایەکی دی بێت لە شێوەی بانگەوازێکدا بڵاوبکرێتەوە لەهەمان کاتدا شوێن و کاتی دیاری کراویش دیاری بکرێت بۆ کۆبوونەوەیەک لە (سوید)، بۆ ئەم مەبەستە. جا ئەوەی بخوازێت خۆی بەپێ‌ی خۆی دێت و بەشداری کۆبوونەوەکە دەکات. ئەو دەمە دەتوانرێ باسی گشت لایەنەکانی ئەم پڕۆژەیە بکرێت هەروەها باسی چۆنیەتیی هەڵبژاردنی کۆمیتە و شێوەی کارکردن و دانانی ژمارەی بانک یان ژمارەی پۆست.... هتد.

دەتوانرێ بکرێت. پاشان ئەنجامی ئەم کارانەش هەر لە گۆڤاری«مامۆستای کورد» خۆیدا بڵاو بکرێتەوە، ناو نیشان و ژمارەی بانک یا پۆستیشی تیا بنووسرێت بۆ ئەو برایانەی کە لە دەرەوەی سوید دەژین و بۆ ئەوانەی کە نەیانتوانیوە لە کۆبوونەوەکەدا ئامادەبن، بۆ ئەوەی بەو شێوەیە ئاگاداری رووداوەکان بن وەبەشداری و کۆمەکی پڕۆژەکە بکەن.

ئەمە بەپێ‌ی بۆچون و لێک دانەوەی من، جا هەر برایەک بۆ چوونێکی دیی بە بیردا دێت با زوو بینێرێت بۆ گۆڤارەکە، بۆ ئەوەی لە ئەنجامدا بتوانین رێگایەکی بەکەڵک هەڵبژێرین بۆ کارکردن چونکە سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە مەبەستی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.



له کۆتایی‌دا ئەوی دەمێنێتەوە گلەیی‌یەکی بچکۆلەیە لە کاک فەرهاد کە حەزم نەدەکرد بیکەم، چونکە کاتی گلەیی و لۆمە کردن نی‌یە ئێستا بەڵام چی‌بکەم خۆم بۆ نەگیرا ئەوی راست بێت.

ئەویش ئەوەیە کە کاک عەبدولقادر لە پێشنیازەکەیدا دەڵێت «مافی بەشدار بوونیش لەم پڕۆژەیەدا، هەموو کوردێک لە هەر پارچەیەکی کوردستان بێت بگرێتەوە و بەند نەبێ بە پارچەیەک لە پارچەکانی کوردستان». بەڵام بڵاوکردنەوەی پێشنیازەکە تەنیا بە زاراوی کرمانجی خواروو مانای بەند کردنێتی بەپارچەیەکەوە وپشت گوێ‌خستنی پارچەیەکی دی‌یەتی کە نیوەی گەلی کورد پێک دەهێنێت و بە زاراوی کرمانجی ژووروو دەپەیڤن! مخابن ئەم بەشەی گەلی کورد تاکە وشەیەک چییە ناتوانن لەو پێشنیازە بەکەڵکە بخوێننەوە کە بۆیان نووسراوە، و مافی ئەوەشیان دراوەتێ کە بەشداری تێدا بکەن بۆ خزمەتی گەلەکەیان! ئێمە ئەگەر لە سەرەتادا بەم شێوەیە دەست بە کارکردن بکەین، ئیدی چۆن ئەو گیانی خۆشەویستی و برایەتی‌یەی کە نیازمانە لە ناوماندا لە رێگای پڕۆژەیەکی ئاوهاوە چەکەرە بکات، دەتوانێت گوڵ بگرێت!!؟

لە هەر کارێکدا کە بە مەبەستی خزمەتی گەلەکەمان بەشداری بکەین، پێویستی سەرشانمانە کە بەر لە هەموو شتێک هەوڵی یەک گرتن و یەکخستنی کورد بدەین، دەنا بەبێ بەشدار بوون و کۆمەکی کوردی هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەم پڕۆژەیەش هەروەک دەیان پێشنیاز و پڕۆژەی دی پێش خۆی، بە مردوویی لەدایک دەبێت، وە گەلێک چاکترە لە ئێستاوە ماڵ ئاوایی لێ بکەین. بەڵام ئێمە وا ناکەین، نایەڵین وەک دەیان پڕۆژەی دی پێش خۆی زیندە بەچاڵ بکرێت.

گەر هەڵەیەکیشمان کرد سوودی لێ وەردەگرین لە دووبارە نەکردنەوەیدا وە ئەمەش با یەکەم هەنگاو بێت بۆ سەرکەوتنی ئەم پڕۆژەیە و دەیان پڕۆژەی دوای خۆی، و هەر بۆ ئەم مەبەستەش داوا لە کاک فەرهاد دەکەم کە دەقی پێشنیازەکە لە ژمارە (٤)ی گۆڤاری «مامۆستای کورد»دا بە زاراوی کرمانجی ژوورو بڵاوبکاتەوە.

ئیتر دەست لە دەست و هێز لە یەکیەتی و برایەتی‌دا.

**دڵسۆزتان - دیلمان**

**ستۆکهۆڵم - ٩٨٧/١/٧**

# نامەیەک

ئەمیری حەسەنپور

برای خۆشەویست و ئازیزم ....

پێری کە چاپەمەنیەکانم گەیشتە دەستێ و دەستم کرد بە خوێندنەوە، نوسراوەکەی ئەوجارت لە " مامۆستای کورد" دا زوتر لە حەموان سەرنجی راکێشام . زۆرم پێ باشە کە لە نوسراوەکانت دا هەمیشە لە فکری چارە دۆزینەوە بۆ کێشەکانی ئێستەی گەل و وڵاتی . دوو باسی شیعرو سیاسەت و یەکگرتنی هێزە سیاسیەکان ـ تەئسیرێکی زۆری لێ کردم . لە دڵی خۆم دا هەر قسەم لە گەڵ دەکردی . ئەو باسانەم لە جێی دی و لە خەڵکی دی بیستوە و بە نوسراویش زۆرم دیوە . بەڵام قەت ئەوەندەی ئەو جار نیازم بە لێدوانی ئەو باسە هەست نەکردبوو .

بۆ ماوەیەک لە دڵم دا هەر قسەم لەگەڵ دەکردی . لە شەمەنەفەر و سەیارە داچەند سەعات لەو سەری شاری بۆ ئەو سەری لە هاتو چۆ دا بووم . قەڵەم و کاغەزم دەرهێنا و دەستم کرد بە نوسینی نامەیەک . کەهاتمەوە ماڵێ تەماشام کرد شەقڵی و پەقڵیم کردوە و بۆت ناخوێندرێتەوە . ئێستە دوای سێ رۆژ فرسەتم وەدەست کەوتوە لە سەرڕا بۆت بنوسمەوە و کەمێک سەرت بێشێنم .

لە یادداشتە کورت و پوختەکەت دا سەبارەت بە بەرهەم و ژیانی هێمن ، نوسیوتە کە شیعرە باشەکانی لە بیستدانە تێ پەڕ ناکا . گەرچی ئەمن ئەو حیساب و کیتابەم نەکردوە ، پێم وایە باشی بۆ چوی . بەڵام لە لێکدانەوەی هۆی سەرنەکەوتنی مامۆستا (لە داهێنانی بەرهەمی هونەری باش ) لە گەڵت نیم . بە بیروڕای تۆ ، دامانی هێمن لە بەرەوەی بو کە نەیتوانی سیاسەت لە هونەر جوێ بکاتەوە . بەڵام ئەمن پێم وایە لەبەر ئەوەی بووکە نەیتوانی هونەر و سیاسەت باش تێکەڵ بکا . مامۆستا پێی وابو کە جوانی تەنیا لە ئەندام و رەوت و ئامێزی ژن دا دەبرێتەوە . لەگەڵ ئەوەش دا کە سیاسەت یەعنی خەباتی گەل و سەرکەوتنی ئەو خەباتە دڵ و بیرو هۆشی دەگەشاندەوە ،پێی وانەبو کە سیاسەت خۆی ، وەک ئەندام و رەوت و رەفتاری ژن ( یان پیاو بۆ ژن) عەینی جوانیە و سەرچاوەی جوانیە . هەر بۆیە کە دەیەویست باسی سیاسەت بکا ، بە زۆرە ملێ بە پێ هەڵکوتن بە بەژن و باڵای ژن دەیڕازاندەوەو ، بەو چەشنە هەم لەدین دەبو هەم لە دنیا . نەدەیتوانی جوانی ژن بخاتە بەر چاو نە جوانی خەبات بۆ رزگاری و ئازادی . نمونەیەکی زۆر رەسەنی شیعرەکانی " ئامێزی ژن "ە . مامۆستا لەو شیعرەدا زۆر بە ئامێزی ژن هەڵدەڵێ . خوێنەری شیعرەکە لەوانەیە کە لە خۆی بپرسێ بۆچی مامۆستا وا بە یەکجاری سوێی چوە ، بەڵام زەحمەتە بە زەینی دا بێ کە مەبەستی مامۆستا لەو هەمو ژن خۆشەویستیە ئەوەیە کە بڵێ ئازادی لە هەمو شتێک خۆشترو بە نرخ ترە . لە بەیتی ئاخردا لە ناکاو دەڵێ :

بەڵام لە ژن خۆشەویستتر

لە لای من ئەتۆی ئازادی!

شتی وا سەیر لە گۆران نەبیستراوە . وەک شاعیرێکی کومونیست ، شۆڕشگێڕوئازادی ـ خواز ، گۆران جوانی لە زۆر شت دا دەدیت ـ لە تەبیعەت ، لە ئینسان ، لە خەباتی ـ سیاسی ـ ئەوانە هەموی سەرچاوەی هەستی شاعیرانەی ئەو بون . کێ دەتوانی بیسەلمێنێ کە " گوڵی خوێناوی " و " بوکێکی ناکام " کە عەینی سیاسەتن بەشێک لە باشترین



بەرهەمی شیعری کوردی نین ؟ چۆن دەکرێ بڵێین :

ئێستا ئەوە هەرچی نیعمەت و نازە

هەموی ئەدا بەیەک دڵۆپ فرمێسکی تازە

لە بەر دەرگای چاوی‌رەشا بلەرزێ و بڵێ

دەستی زۆردار سەدسەر ئەکا ، ناگاتە دڵێ!

کە هەڵێنجاوەی سیاسەتە ( بە تایبەتی لە روانگەی کومونیستێک یان نیشتمانپەر ـ وەرێکی شۆڕشگێڕ ) یەکێک لە جوانترین بەرهەمەکانی شیعری کوردی نیە ؟

پێویست نیە زۆرتری لەسەر بڕۆم . خۆت شاعیری و شیعرو سیاسەتیشت تێکەڵ کردوە و سەرکەوتوش بوی . بەڵام ئەگەر کەسێکی‌وەک من ، کە نازم حیکمەت و برتولت بریشت وزۆر هونەرمەندی وەک وان دەناسم ، نوسراوەکەت بخوێنێتەوە دەپرسێ ئەوانە چۆن لە دەریای هونەردا مەلەوان بون ؟

بە بیروڕای من جوانی لە سیاسەت دا هەیە . خەبات لە رێگەی رزگاری و دیموکراسی و خەبات بۆ نەهێشتنی زوڵم و چەوسانەوە ـ ئەوانە هەمویان زۆر جوانن . ئەمن وەک ئینسانێک کە شاعیر نیم بەڵام شیعرم پێخۆشە ، ئەوەندەی کە بە دیتنی گوڵە شلێر و گەزیزە و بە شنەی بای کوێسارانی کوردستان دەبوژێمەوە ، سەد ئەوەندە بە دیتن و بیرەوەری خەباتی خەڵکی سنە بۆ ئازادی دەگەشێمەوە . وەڕێ کەوتنی چەند هەزار گەنج و پیرو ژن و پیاوی سنە بەرەو مەریوان ، ریزبەستنیان لە شاخ و کێو و بەندەناندا ، بە شەو و بەڕۆژ ، ئەوەندە جوان بو کە دەبو هەڵاڵە و بەیبونی کوێستانانی بە پیرێوە بێ . شاخ و کێوی کوردستان بە هەمو گیاو گوڵێوە و بە قەڵبەزەی ئاووهەڵدێرەکانی ، بە گشت لوتکە پڕبەفرەکانی ، قەت وا نەڕازابۆوە ـ بریابا هەرچی شاعیری کوردستانێ بو لەوێ بان و شیعریان پێ هەڵگوتبا .

ئەو چەشنە لەگەڵ(تۆ) قسە کردن رەنگە بێ ئەدەبی بێ چونکە ئێوە بەشێکی زۆر لە شیعرەکانت تەرخانی خەبات و تێکۆشان و کۆڵنەدان کردوە . بەڵام نوسراوەکەت زۆر کەس دەیخوێنێتەوەو ئەو بیرەیان پێ رادەگەیێنێ کە شیعرو سیاسەت نەک تەواو لێک جیاوازن بەڵکو دژی یەکتریشن :

" دیسان هەر بە هۆی سیاسەتەوە ، هەستی مرۆڤانەی خۆی ، هەستی دڵداری و جوانپەرستی دەشارێتەوە و نایەوێ رێک و رەوان بیدرکێنێ". ( لاپەڕە 100 )

کاک فەرهاد راستیەکەت پێ بڵێم هەرچی فکرم لێ کردەوە نەمزانی مەبەستت لە کێشەی نێوان گۆرانی کۆمونیست و گۆرانی کوردپەروەر چیە. ئەم ناکۆکیە لە کام شیعری گۆران دا دەرکەوتوە ؟

ئەمن بەداخەوە هێشتا دیوانی ( شیعرەکۆکراوەکانی ) گۆرانم وەدەست نەکەوتوە، بەڵام ئەوەندەی شیعری ویم خوێندبێتەوە گۆران ئاوا دەناسم : گۆران وەک شاعیرێکی کومونیست ئەوەندەی دڵی " بۆ تەڵێ وەنەوشە پەرۆشە ، کە لەژێر سێبەری توتڕکا خامۆشە" سەد ئەوەندەش گیانی بۆ کچێکی جوتیار پەرۆشە کە بە دەستی زۆردار هەست و ژینی خامۆش دەکرێ . " جیهانی پڕ پێچ و خەمی دەرونی " گۆرانی سیاسی و کومونیست لێرەدا خۆی دەنوێنێ . بۆ چی پەرپەڕ بون و سیس بونی گوڵ کە لەوەتی بەشەر شیعری بەسەر زار ـ دا هاتوە تا ئێستە باسی کراوە هونەری ڕاستەقینەیە بەڵام کۆستی دڵ کەوتنی کچی جوتیار لە هونەر دور کەوتنەوە بێ ؟ گۆران ، وەک شاعیرێکی کومونیست ئەوەندەی " پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر " ی پێ جوان بو ، سەد ئەوەندەش سەرکەوتنی خەباتی گەلی کۆریا یان تێک شکانی سوپای ئەمپریالیسمی فەرانسەی لە دین بین فۆ دا پێ

بلێین جا وەرن یەک بگرن !

برا گیان ، حیزبی دیموکراتی قاسملو و خانەدانی بارزانی هەریەکەی چەند ساڵ‌ـ یەکیان چوار ساڵ ئەوی تریان چاردە ساڵ ـ دەسەڵاتی سیاسیان هەبو . هەر یەکەی لە ناوچەیەک حاکمیەت ( sovereignty ) یان هەبو. وەک دەوڵەتێک دەم و دەزگای ئیداریان هەبو ، هێزی چەکداریان هەبو ، زینداینان بو ،ماڵیات و سوروساتیان دەستاند ، شاعیرو نوسەریان هەبو ، رادویە و گۆڤارو چاپخانەیان هەبو ... ئەوانە ئەگەر قازانجی گەلیان لەبەر چاو با دەیانتوانی کوردستان بکەنە بێشکەی ئازادی . بەڵام لەسەرکوت‌کردنی بیری ئازادیخوازی‌ورزگاریخوازی و کوردپەروەری هیچ کەمتەرخەمیان نەکرد . ئەوەی کە دەبو بێشکەی ئازادی بێ ، کرا بە کوشتارگەی ئازادیخوازان .

براگیان ، ئەحمەدی خانی ٣٠٠ ساڵ لەوەی پێش‌لە جەنگەی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتی و عەشیرەگەری دا ، لە مەلامستەفاو قاسملویەکانی زەمانی خۆی خۆش‌نەبو و گەردنی ئازا نەکردن ، خانی " بێتفاقی " و " شقاقی " ئەمیرەکانی بەهۆی سەرەکی ژێردەستی گەلی کورد دادەنا . خانی پێی وا بو کە ئەو نفاق و شقاقە ، ئەو دڕوی مەم‌وزینانە ، هەتا بمێنێ مەودای وەی نادا دوپارچەی کوردستان ( مەم و زین ) دەست‌لە ملانی‌یەکتربن. جامی جهان‌نمای خانی جیهانی سێسەد ساڵ دوای خۆشی ، جیهانی ئەو ڕۆژی کوردستانی، جوان و رون بۆ دەرخستوین : خوێنی بەکر ، ئەو نوێنەری نفاق و شقاقە ، ئێستەش دڕوی‌تر ، قیادە و قاسملو ، دەگروێنێ . خانی گەردنی بەکری ئازا نەکرد .

خلقی کو بە اصل بدسرشتن · او اصل لوان ڤەتینە ششتن

چل سال تو حنظلی بچینی · صد آڤ بدی بە هنگڤینی

پروەردە بکی بە آفتابی · هر دم برشینی لێ گلابی

هر رۆژ رها وی لێ بکر کی · وی فاصلەء تژی شکر کی

خدمت بگری تو هند ڤانە · او بۆ تە نەبیتە هندوانە

دافکر نکن دما کو بردت · او غیر ژ حنظلی ثمر دیت

تەنیا لە خەون دا ، ئەویش‌نە لە خەونی خۆیدا بەڵکو لە خەونی " پیرەکی مەهودای عاشق " ، ئارەزوی کرد کە بریا با خانەکان خزمەتی کوردستانی سەربەست و یەکگرتویان کردبا . خانی لە جەنگەی بێ دەسەڵاتی خۆیدا ، لە زەمانێکی دا کە نوسراوەکەشی ، مەم و زین ، بە " بدعت " تاوانبار دەکرا ، رابەرەکانی ئەو زەمانی کوردایەتی ریسوا کرد :

تابعیت وان اگر چە عارە · او عارە لخلق نامدارە

... ناموسە ل حاکم و امیران · تاوان چیە شاعر و فقیران؟

هەر بۆیە لە خۆم ڕا دەبینم کە بڵێم : گەردنی مەلامستەفاو کوڕانی ئازا کەردنو بە قارەمان دانانی مەلا و هێنانەوەی کوڕەکانی بۆ نێو ریزی گەلی کورد، کولاندنەوەی برینی هەزاران هەزار کوردی دڵسوتاو و هەزاران پێشمەرگەی کۆڵنەدەری بە فڕو فێڵ لە سەنگەر دەرکراوە . خۆ ئەوەی بارزانی بە زانستە لە گەلی کوردی کرد هیچ ئەمیرێکی زەمانی خانی نەیکرد. پێشمەرگە ناردنە سەر مەکتەبی سیاسی ، کوشتاری خەباتگێڕانی کوردی ئێران و تورکیا و عیراق ، یارمەتی " ارتش‌شاهنشاهی" دان بۆ سەرکوت‌کردنی راپەڕینی کوردی ئێران ، جنێو دان و بوختان کردن‌ بە رۆڵە شۆڕشگێڕەکانی گەلی کورد ، فرۆشتنی گەلی کورد بە ئەمریکاو ئیسرائیل و حەمەڕەزاشای نۆکەریان ، بەزین لە خەبات دا و داسەپاندنی ئەو بەزینە بەسەر پێشمەرگەدا ـ ئەوانە هەریەکەی بە تەنێ هەزاران



جوان بو . رەخنەیێک‌لە شێوەی رەخنەگەری ئەدەبی ئێوە ئەوەیە کە ئەو جیهانە پڕ پێچ و خەمەی دەرونی گۆران دەکەیە جیهانێکی بێ پێچ و خەمی ساکار، جوانی " کانێکی رونی بەر تریفەی مانگەشەو"ی کوردستانی لە جوانی بێ انتهای شەوی دین بین فو جیا دەکەیەوە ، گۆرانێکی کومونیست‌دەدۆزییەوە لەگەڵ گۆرانی کورد پەروەر، ناکۆکی هەیە‌ـ ئەوانەش‌هەموی لەبەر ئەوەی کە شیعر لە سیاسەت ، وە کومونیست‌بون لە کورد پەروەر‌ـ بون جیا دەکەیەوە .

با لێرەدا ئەو باسە تەواو بکەم !زۆر کوتن قورعان خۆشە ! باسەکەی دی دورو درێژە و پێم وایە باشترە جارێ لێی گەڕێم ( باسی یەکگرتنی هێزە سیاسیەکان). بەڵام با ئەوەت‌پێ بڵێم کە وەختی خوێندنەوەی نوسراوەکەت‌هەر لە فکری ئەحمەدی خانی دابوم. ئەگەر " کوردایەتی لە مەم و زینی خانی " شت نەنوسیبایە ، تۆ و ئەحمەدی خانیم پێکەوە لەبەر چاو دەبون : هەر دوکتان شاعیرن ، هەردوکتان لە مەیدانی کەمال " دا ، لە " تعصب‌عشیری " دا ناسراون ، بێ تفاقی و " شقاقی " هێزەکانی کوردایەتی جەرگی هەردوکتانی پڕ خوێن کردوە و هەردوکتان لە حەول و تەقەلای یەکخستنی کوردستانی لەت‌و کوت‌کراون .

برا گیان ، منیش‌وەکو تۆ و وەک هەمو کوردێکی دڵسوتاو ، بە قەتل و بڕی پێشمە‌ـ رگە بە دەستی یەکتر ئاورم تێ بەربوە . بەڵام من بە تەجروبەی ٢٥- ٢٠ساڵی رابردوی کوردایەتی کە خۆم تێیدا بەشدار بوم و بەلێکدانەوەی تاریخی خوێناوی گەلەکەمان ئەوەم بۆ سوروئاشکرا دەرکەوتوە کە : " بێ تفاقی " و شقاقی " ئەمارەتەکان وشەڕی براکوژی نێو ئەمیرەکان کە ئاوری لە دڵی پڕ هەستی خانی بەردابو ، هەڵە نەبو.کوشتنی سولەیمانی موعینی بە دەستی دەستەو دەیاری مەلا مستەفا هەڵە نەبو ، قەتڵ و بڕی ٨٠٠ ـ ٧٠٠ پێشمەرگە و شۆڕشگێڕترین رۆڵەکانی گەلی کورد ( لە ١٩٧٥ ـ ١٩٧٨ ) دا بە دەستی " قیادە " هەڵە نەبو ، جاشەتی " سیا " و"میت "، " موساد"و " ساواک " ی قیادە هەڵە نەبو ، خۆ فرۆشتنی کوڕانی بارزانی بە رێژیمی خومەینی و یارمەتیدانی" ارتشی‌ـ اسلامی" و سپاە پاسداران " بۆ سەرکوت‌کردنی گەلی کوردی ئێرانی هەڵە نیە، سەرکوت کردنی " یەکێتی جوتیاران"بە دەستی حیزبی دیموکراتی قاسملو ( ١٩٧٩) هەڵە نەبو، کوشتنی کاک‌سەلاحی شەمسی بورهان لە کوچە و کۆڵانی سابڵاغی دا هەڵە نەبو ، قەتڵ و بڕی پێشمەرگەی کۆمەڵە ، دوژمنایەتی یەکێتی نیشتمانی و نۆکەری کردنی " قیادە " ـ ئەو کردەوانەی دەستەو دەیارەی قاسملو هیچیان هەڵە نەبون و نین . ئەوانە هەموی بەرهەمی رێبازی عەشیرەتی و دەرەبەگایەتین .

گەلی کورد وەختێکی سەردەکەوێ کە لە دەست‌ئەو رێبازە نەجاتی بێ و بەسەر ئەو دواکەوتوییەدا زاڵ بێ . مەبەستم ئەوە نیە کە ئەو قەتڵ و کوشتارەی ئێستە دەبێ درێژەی هەبێ . بە پێچەوانە ، دەبێ هەوڵ بدرێ هەرچی زوتر، بگرە هەر ئێستا کۆتایی بێ . بەڵام ئاڵۆزاوی کێشەکە لەوەی دایە کە چۆن ئەو دڕوی مەم و زینە بنەڕەت بکرێ . یەکێتی دۆست‌و دوژمن ، یەکێتی خوێنخۆرو خوێنڕێژراو یەکێتی نیە، دیسان مەبەستم ئەوە نیە کە هیچ"یەکگرتنێک" ، بە تاکتیک ، لە نێوان گورگ و مەڕ دا پێک نەیا . بە پێچەوانە ، خۆ فرۆشان و گەل فرۆشانی قیادە و قاسملو دەبێ مەجبور بکرێن دەست‌لە کوشتاری پێشمەرگە هەڵگرن ، ئەگەر چی ژیان و حەیاتی وان بەستراوەتەوە بە خەیانەت‌کردن . دەبێ هەرچی کوردە هاوار بکا " بەسە، کورد کوشتن ، بەسە خەیانەت!" مەبەستم دیسان ئەوە نیە کە هەر بەو لەفزانە و ئاوا کورت‌و موختەسەر کێشەکە چارە‌ـ سەر بکرێ . دەمەوێ بڵێم رێگای یەکگرتن ئەوە نیە کە هەر دوک‌لا تاوانبار بکەین و

# من ناوا له خه‌م ده‌گه‌م

## باپیر

برای هێزاو خۆشه‌ویستم ...

نامه شیرینه‌که‌تان و دیارییه به‌نرخه‌کانت گه‌یشتن ، گه‌له‌ک سه‌ناگۆی ئه‌و هه‌موو میهره‌بانی و به سه‌رکردنه‌وه‌یه‌تانم ، بیرو کرداری چاکتان هه‌میشه نه‌مرو پایه‌داربن .

به‌شی دوهه‌می گووتاره به‌نرخه‌که‌تان که له ژماره سێی گۆڤاری مامۆستای کورددا نوسیبووتان له ژێر ناو نیشانی " که تۆ هێشتا له خه‌م ناگه‌ی " گه‌له‌ک سه‌رنجی راکێشام و زۆرم به دڵ بوو به تایبه‌تی پاش پێشچاو خستنه‌وه‌ی ئه‌و هه‌مو کوشتار و ماڵ وێرانیه‌ی به ده‌ستی کورد دژی کورد ئه‌نجامدرا ، پاشان شادیتان پێشانداوه به‌رامبه‌ر ئه‌و نێزدیک بوونه‌وه‌ی دوایی و ئاواتتان خواستوه و پێشنیازتان کردوه که هه‌مو لایه‌نه کوردیه‌کان به‌یه‌ک بگه‌ن . له لاپه‌ره ٩٧ دا فه‌رموتانه سه‌ر کرده‌و سیاسه‌تمه‌دارانی کورد ئه‌گه‌ر بیانه‌وێ یه‌ککرتن به‌دی بێنن ، ده‌بێ ، به‌لای که‌مه‌وه " به‌ڕاستی ئازاد و سه‌ربه‌خۆو خاوه‌نی راسته‌قینه‌ی بڕیارو قسه‌و گفتی خۆیان بن ".

ئه‌وه‌ی فه‌رمووتانه زۆر راسته ، مرۆڤی ئازادو سه‌ربه‌خۆ ده‌بێ خاوه‌نی بڕیارو گفتی خۆی بێ ، به‌ڵام پێت وایه ئه‌وان سه‌ربه‌خۆن ؟ من پێم وا نیه ! مرۆڤ ، پارت ، رێکخراو ، ده‌وڵه‌ت ئه‌گه‌ر ئازادو سه‌ربه‌خۆ نه‌بن ناتوانن خاوه‌نی راسته‌قینه‌ی گفت و بڕیاری خۆیان بن . بو وێنه ئێستا جه‌نابت له وڵاتێکدا ده‌ژی دانیشتوانی ، به‌لای که‌مه‌وه ، ئازادیی بیرو ڕا ده‌ربڕینیان هه‌یه . تۆش ده‌توانی سوود له‌و ئازادییه وه‌ربگریت و ئه‌وی بیری لێ ده‌که‌یته‌وه به ئازادی و بێ ترس بیخه‌یته سه‌ر کاغه‌زو بڵاوی بکه‌یته‌وه . دیاره ئه‌م کاره له عێراق یا ئێران ناتوانرێت ئه‌نجام بدرێت ، هیچ نه‌بێ به ئاشکرا .

بێ گومان هه‌موو سیاسه‌تمه‌دارانی دڵسۆزی گه‌لی کورد و هه‌موو سه‌رکرده‌و رێبه‌ری پارت و رێکخراوه کوردییه‌کان ئاره‌زووی یه‌کێتی و برایه‌تی ده‌که‌ن ، به‌ڵام باری ژێرده‌ستی و پارچه پارچه‌یی کوردستان و کولتوورو دابی بێگانه‌ی به زۆر سه‌پێنراو به‌سه‌ر کۆمه‌ڵگای کورده‌واریداو یه‌ک نه‌که‌وتنی به‌رژه‌وه‌ندی‌گه‌لی کوردو یه‌کێک له‌و دوو ده‌وڵه‌ته داگیرکه‌ره له سه‌ر ده‌می جه‌نگی نێوانیشیاندا .... تا دێت بوونه‌ته هۆی به‌دی نه‌هێنانی ئه‌و ئاره‌زووه پیرۆزه‌ی هه‌موویان .

پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران و کۆمه‌ڵه له کوردستانی ئێران دروشمی رووخاندنی رێژیمی خومه‌ینی و گۆڕینی به رێژیمێکی دیموکراسی و خودموختاریان بۆ کوردستانی ئێران هه‌ڵگرتووه . دیاره به‌م هه‌ڵوێسته ئه‌وان بوونه‌ته دوژمنی رێژیم و بوونه‌ته هاوکاریکه‌ر بۆ رێژیمی به‌غداد ، دژی رێژیمی تاران و هه‌مان هه‌ڵوێستیش به نیسبه‌ت پارتی‌و یه‌کێتی هه‌موو لایه‌نه‌کانی تری هاوکاری له‌گه‌ڵ رێژیمی ئێران ده‌که‌ن. به‌رژه‌وه‌ندی هیچ یه‌ک له‌و دوو رێژیمه له‌وه‌دا نییه یه‌کێک له‌و لایه‌نانه‌ی سه‌ربه‌وانه



جار له شقاقی ئه‌میره‌کان و پشت به عشمانی و صفوی به‌ستنیان خراپتر بو . ئه‌میره‌کانی خانی بۆ راگرتنی ده‌وڵه‌ت و زه‌وی و موڵکی خۆیان یه‌کتریان ماڵ وێران و قه‌تڵ و بڕ ده‌کرد ، مه‌لا مسته‌فا به تفه‌نگ و به " پاراستنی " ، به رادویه‌و به زوڕنا شڕه‌که‌ی شیعری " هه‌ژار"ی ، به رۆژنامه و به کۆمه‌ڵه‌ی خوێندکارانی کورد له ئوروپا"ی هێرشی ده‌برده سه‌ر بیر و هه‌ستی رزگاریخوازی گه‌لی کورد .

باشتره کۆتایی پێ بێنم . دڵی داخدارم ، به‌سیه‌تی ! دڵی کاک فه‌رهادیشم لێی داخدار مه‌که ! برا گیان پێت وا نه‌بێ له‌و به‌ری دنیایه ، دور له کوردستان ، شێت بوم. بۆ من کوردستانی زه‌مانی خانی ، به بۆنه‌ی خانیه‌وه ، وه‌ک کوردستانی ئه‌و ڕۆ زیندوه و شه‌و و رۆژ له به‌ر چاومه ـ یه‌کیان ٣٠٠ ساڵ لێم دوره و ئه‌وی تر چه‌ند هه‌زار مایل. به‌ڵام چ بکه‌م ، له عظیمیه‌ی " کرج " دا چادرو بارگه‌ی ئه‌میرانی موکری و ئه‌رده‌ڵانی له اصفهان و تاران و ئێره‌وان ده‌بینم ، له هێرشی قیاده بۆ شنۆ و پیرانشاروهه‌ورامان ده‌ست درێژ کردنی خانی ئه‌رده‌ڵان بۆ سه‌ر ئه‌ماره‌تی بابان ده‌بینم ، له قه‌ڵای دمدم دا ، قه‌ڵای پته‌وونه‌بزیوی شاری سنه‌و سه‌قز و مه‌ریوان و بانه ده‌بینم . ئه‌گه‌ر دڵی پڕ هه‌ستی شاعیرانه‌ی تۆ ، بۆ خاتری گه‌لی کورد و پاراستنی شه‌ره‌ف و ئابڕوی رازیه ئاو و ئاور له باڵ یه‌ک بکا ، دڵی تاریخ بینی من ئارام ناگرێ و ده‌یه‌وێ زنجیری دواکه‌وتویی، ده‌ره‌به‌گایه‌تی و عه‌شیره‌گه‌ری بپسێنێ . دڵی من بۆ خانی په‌رۆشه که ئاره‌زوی ده‌کرد به‌کر ده‌رکه‌وانی کۆشکی مه‌م و زین بایه . دڵی من ده‌یه‌وێ دڕوی مه‌م و زینان به‌یه‌کجاری بنه‌ڕه‌ت بێ . گه‌لی کورد و کوردستانی دابه‌ش کراو ئه‌و ده‌رکه‌وانه‌ی ناوێ ...

* * *

یەکسەر پێوەندی بە یەک تا دوو ڕێژیمی داگیرکەری کوردستانەوە هەیەو چەک و بژێوو پشتیوانی و کۆمەکیان لێ وەردەگرن، دژی ڕێژیمێکی تری داگیرکەری کوردستان . لە بارو دۆخێکی وەها هەر نێزیک بوونەوەیەک داگیرکەران پێ ی ڕازی نەبن ئەمڕۆ سەر ناگرێت !!

ئەگەر دان بەو ڕاستیە تاڵانەدا بنێین ئەوا پەی بەوە دەبەین کە بۆ چی ئەو سەر- کردەو سیاسەتمەدارانە ناتوانن خاوەنی ڕاستەقینەی بڕیارو گفتی خۆیان بن . ئەو بارە ناجۆرە گەلەک لایەنی کوردی وا لێ کرد بوونە ئەندام لە کۆنگرەی هێزە عەرەبیە شۆڕشگێڕەکان ، بە پەیڕەوی لە خۆ بەستنەوە بە پرۆگرامی ئەو کۆنگرەیەو بۆ ڕازی کردنی ڕێژیمەکانی دژ بە ڕێژیمی عێراق ، بە دەم داکۆکی لە سەر مافی ڕەوای کورد بوونە ناحەزو نەیاری هەموو ئەو دەوڵەتانەی سووریا و ئێران و لیبیا لێیان ڕازی نەبوون . بڕێک لەو فەلەستینیانەشیان دایە بەر کە ملیان بۆ ڕێژیمی سووریا شۆڕ نەکردبوو ! ڕاستە دەبێ هەر بزوتنەوەیەکی سیاسی هەڵوێستێکی هەبێ بەرامبەر ڕوداوە ناوچەیی و جیهانییەکان بەڵام ئەگەر ئەو سەرکردانە ئازادو سەربەخۆ بوونایەو ناچاری وەرگرتنی کۆمەکی سووریا و ئێران و لیبیا نەبوونایە ، بەو ڕەقییە پەلاماری ئەودەوڵەت و لایەنانەیان نەدەداو بە سڕی دەیانهێشتنەوەو نەیان دەورووژاندن . ئەوە تا هەندەک لەوانە بۆ خۆیان نیوە ئاش بوونەتەوەو ئێمەش چمان پێ نەبڕاوە !

لە ساڵی ١٩٨٣ یەکێتی لە ژێر فشاری باری ناکۆکی و شەڕی براکوژی ناوخۆی وتێک چوونی پەیوەندی لە گەڵ ئێران و دەست نەگەیشتن بە دۆستەکانی تریان و گیرخواردنیان لە نێوان هێزەکانی ئێران و عێراق ناچاری وتووێژ بوون لە گەڵ ڕێژیمی عێراق. هەرچی لە توانایان دا بوو بە خەرجیان دا بۆ ڕاگرتنی ئاشتی لە گەڵ ڕێژیمی بەغداو وەدەست هێنانی هەندەک مافی نوێ بۆ کورد یا گیان بە بەردا کردنەوەی ڕێکەوتنەکەی "ئازاری ١٩٧٠ " صەدام"یان ناونا داوەر و هەرچی نەشێ بە ڕێژیمی ئێرانیان کرد و گلە و گازاندەی هەموو لایەکیان هێنایە سەر خۆیان و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ئەندامو لایەنگرانی خۆیان لە دەست داو پاشان کە بۆیان دەرکەوت ڕێژیم نیازی چاکی نییەو لە دووا ڕۆژدا لە هەموو شت دایان دەماڵێ و گورگ هەمان گورگەو ئامانی نییە وتووێژیان ڕاگرت و دروشمی شۆڕشی دیموکراسی عێراقی یان بە شۆڕشی کوردستانی و دروشمی خودموختاری یان گۆڕی بە چارەنووس و بەم هۆیەشەوە لە لایەن عەرەبە تیلەتەنگەکانی دۆستی دوێنێ یانەوە درانە بەرو نووسیان یەکێتی چاکی کرد وتووێژی لەگەڵ ڕێژیمی بەغداد ڕاگرت بەڵام ئەگەر بیەوێت بگەڕێتەوە سەنگەری نیشتمانی دەبێ وازلە دروشمی چارەنووس بۆ کورد بهێنێت !

ئەو سا دەوڵەتی عێراق لە هەموو لایەکەوە پەلاماری دان، هەرچەند قارەمانانە داکۆکییان کردو گەلەک زیانیان لە هێزەکانی ڕێژیم دا بەڵام نابەرابەری چەک و ژمارەو بژێو ، نەبوونی پەنایەک بۆ بریندارو نەخۆش و پەک کەوتە ،نەیان دەتوانی درێژە بە بەربەرەکانی بدەن دژی ڕێژیمی بەغداو درێژە بە دوژمنایەتی ڕێژیمی تاران بدەن . ناچار کەوتنە تەقەلاو ئاشتییان ساز دا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران .

من پێم وایە مام جەلال خۆی بە کەمتر نازانێ لە خامنەیی و صەدام و لە نێو خۆشمان دا خۆی لە هەمووان بەڕەواتر دەبینێ کە جێی بارزانیی بەهەشتی بگرێتەوەو ببێتە سەرۆکی گەلی کورد ، کەچی لە ژێر فشاری داگیرکەران توشی ئەو هەموو ئەمبەرو ئەو بەرو ڕاگۆڕینە خۆبابیانە هاتوە، ئەگەر خۆی ئازاردو سەربەخۆ بوایە تووشی ئەو هەڵوێستانە نەدەبوو .



پەیوەندیی برایەتی و یەکێتی هەبێ لەگەڵ لایەنێک کە سەر بە دوژمنەکەیانەو بەهەموو جۆر تەقەلا دەدەن نەگەنە یەک .

پێم وایە ئەو پەیوەندییە ناچارییانەی لایەنە کوردیەکان توشی هاتون لەگەڵ دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان توانای ئەوەی لە دەست سەندون کە چۆن خۆیان ئارەزوو دەکەن و دەیانەوێ بڕیار بدەن و هەنگاو بنێن بۆ جێ بەجێ کردنی بڕیارەکا- نیان . لە لایەکی دیکەوە لە بەر ئەوەی بەرژەوەندی داگیرکەران لەوەدانییە کورد بگەنە یەک ئەوە هەمیشە پیلان و نەخشەی نەیار دەخەنە گەڕ بۆ تێکدانی ریزەکانی گەلی کورد . دەرهێنانی لاشەی بەهەشتی ، بارزانی لە گۆڕ دوور لە داب و ڕەوشتی کوردەواری و مرۆڤایەتی یەکێک بوولەو پیلانە گڵاوانە دڕندانانەیان کە بە هۆیەوە توانیان تا ئەندازەیەکی زۆر ریزەکانی گەلی کورد تێک دەن و هەموو لایەک چەواشە بکەن و کورد دەستەو یەخە بەرامبەر یەکتر ڕاگرن و سووکایەتییەکیش بهێننە سەر ناو بانگی کورد .

هەر کاتیش دیتیان کەمو زۆرێک بەرژەوەندی خۆیان لە نێزیک بوونەوەی دوو کۆمەڵی سیاسی کوردیدا هەیەو لەو ڕێگەوە دەتوانن باشتر سوودیان لێ وەربگرن و لە کاتی پێویستدا ئاسانتر زیانیان لێ بدەن ئەوا بە درۆ خۆیان دەکەنە باب و کەس و ردێن سپی و ناوبژی کەر ! جارو بار لایەنێک و یا پتریش دەخەنە ژێر فشارەوە بۆ نێزیک بوونەوە ، وەک هەڵوێستی ئەو دوایی یەی ڕێژیمی ئێران و نێزیک خستنەوەی یەکێتی‌و پارتی لە یەکتر. هەر چەند گومان لەوە دا نییە کە ئەو نێزیک بوونەوەیە بێ سود نەبووە بۆ گەلی کورد ، بەلای کەمەوە لە شەڕی براکوژی ڕزگاری کردووین.

دیموکرات و کۆمەڵە هەر دوولایان کۆمەک و پشتیوانی لە ڕێژیمی عیراق وەردەگرن و دژی ڕێژیمی خومەینی و دژی یەکتر دەجەنگن . هەر دوو لایان لە ژێر فشاری هێرشی سپای ئێران و یارمەتی دەرەکانیان لاوازو بێ وزە بوون و خۆشیان یەکتریان شەکەت کردووە و هەر لایەک گوناحی ئەو ناکۆکیە دەخاتە ئۆباڵی لاکەی ترو تا ئێستا وێ پێ ناچێ ڕێژیمی بەغداد بەرژەوەندی لە نێزیک بوونەوەیان ببینێ . لەبەر ئەوە پتر گرینگی داوە بە دەستەی موجاهیدینی‌مەسعوودرەجەوی ، بەڵام هەمان ڕێژیم لە ساڵی ١٩٧٠ فشاری بۆ مام جەلال و هەواڵەکانی برد کە بچنەوە بن باڵی بارزانی .

بەم جۆرە دەبینین هەر داگیرکەرێک پیلان و ڕەفتاری جودای هەیە بۆ تێکدانی ریزەکانی گەلی کورد و هەندەک جاریش سوود لە تاقی کردنەوەی یەکتر وەردەگرن.پشتێنی ئەمنی عەرەبی لە سووریا و وێران کردنی هەزارەها گوند لە کوردستانی بەردەستی ڕێژیمی عێراق و کۆ کردنەوەی دانیشتوانیان لە ئۆردووگای زۆرەملێ و گواستنەوەی دەها هەزار کوردی بێچارەی بن دەستی تورکان بۆ ڕۆژئاوای تورکیا نموونەیەکی ئەو چاو لە یەک کردن و سوود وەرگرتنەیە لە تاقی کردنەوەی یەکتری .

هەروەها بە هۆی خۆبەستنەوە بە دروشم و ئامانجە سیاسیە ناوچەییەکان و بونی ئەو هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسیانە لە هەر بەشێک و هەموشیان ، وەک ئێوەش فەرموتانە ، بوونیان بە پێویستیەکی مێژویی دەبینن و بەو هۆیەش ئامادەیی لە خۆ بووردنیان تێدا کزە کە یەک کەون و خۆیان ڕێک خەن لەگەڵ ئەو پارت و ڕێکخراوانەی لە رووی بیر کردنەوەو ئامانج و ڕەفتاری سیاسیەوە لە یەکتر نێزیکن، بە پێچەوانەوە هەر چەند کەسێک لەبەر هەر هۆیەک لە هەڤاڵەکانی دوێنێ یان زیز بوون بە پەلە دەکەونە خۆ وچەترێکی جودا هەڵدەدەن و شیرو تیر لە برادەرەکانی پێشوو دەسوون و ئەوانی تریش لەسەر خۆیان بە جواب دێن و بەدبەختی دەست پێ دەکات.لە بارێکی وەها کە پەرت بوون و دابڕین و سەربەخۆیی تەک تەکی فەرمان فەرمایەو هەر لایەنێک

سەرەڕای ئەمانەش خۆ بەستنەوە بە بیرو باوەڕی لاوەکی لە قوڕچەقاودا هەندەی تر باری کێشەی گەلی کوردی گران و ئالۆز کردوە، لەگەڵ ئەوە کە هەموویان بناوانی جۆی بیری خۆیان لە رووبارێک هەڵگرتوە ، هەر لایەنەیان بۆتە خاوەنی ئامانج و بۆچوونی جودا . لەبەر هەموو ئەو هۆیانەی سەرەوەو لەگەل پشتیوانی تەواوم بۆ نیازچاکی و ئارەزووەکانتان ، کە دەتوانم بڵێم خواست و ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە، وەلێ لەو بارو دۆخەی ئێستا خواست و پێش نیازی دڵسۆزانەی جەنابت و دەها دڵسۆزی تر جارێ هەر خۆزگەو کاشکی ـ دەبێ .

ئەو باری سەرنجەی لە سەرەوە پێشکەشم کردن پاکانە و لە سەرکردنەوەو رەخنەو روشاندنی هیچ لایەنێک نیە، ئەوەش ناگەیێنێ کە ئێمە بێ ئومێد بین لە گەیشتن بە ئاواتی یەکێتی ریزەکانی گەلی کورد . دڵنیام درەنگ یا زوو بەو ئارەزووە و ئاواتە دەگەین و بەرەیەکی رزگاری کوردستان ساز دەدرێت و ناکۆکی و براکوژی بۆ هەمیشە گۆڕ دەبێو رزگاری و ئازادی و سەربەخۆیی بۆ کورد و کوردستان دێتە دی .
بە یەزدانم سپاردن و ببورن لەم کەم و کوڕی .

برای دڵسۆزتان : باپیر



## سەنگەری شەرەف و سەربەرزی.... یان سەنگەری (سینترومی) ستۆکهۆلم

لـە راستی دوور ناکەومەوە ئەگەر بڵێم کە گۆڤاری «مامۆستای کورد» بۆتە مەڵبەندێکی ئازادی تەواو کە ئاوارەکانی کورد دەتوانن تیایدا بیروباوەڕ و ئایدیای خۆیان دەرببرن و هەڵوێستی خۆیان دیارخەن بەرامبەر بەمەسەلەی گەل و نیشتمانی کوردستان.

ئەوەی جێگای پەژارە و ناخۆشی و سەرسوڕمانە ئەوەیە کە هەندێک لە برا کوردەکانمان لەجیاتی ئەوەی کە لەم دەرفەتە کەڵک وەربگرن بۆ خزمەتی کورد و کوردستان، ئەچن سوودی لێ وەردەگرن بۆ هەڵڕشتنی رق و داخی دڵی خۆیان دژی شۆڕش و سەرکردە نیشتمانیەکان و تەنانەت پێشمەرگەی کوردستانیش کە تاجی سەروەری هەموو میللەتی کوردن. وتارەکەی کاک رزگار عەبدوڵلا باشترین بەڵگەی نەزانین و سەرلێشێواوی و بیرتەنگی هەندێک «شاعیران» و رووناکبیرانی کوردە لە دەرەوەی وڵاتی ژێردەست. لێرەدا ئەمەوێ روونی بکەمەوە کە من هیچ جۆرە پەیوەندیەکم بە (حسک) ەوە نیە کە بڵاوکراوەکەی کاک رزگاری ئەوەندە تووڕە کردووە و وای لێکردووە کە سەنگەری وشە دژی شۆڕش درووست بکات و پێشبینی (ئاش ـ بەتاڵ) بۆ جووڵانەوەی کوردستانی خوێناوی بکات. لە کاتێکدا کە برادەرانی (حسک) لە وتارەکەیاندا هەڵەی زۆریان کردووە و لە سەرووی هەموویانەوە تۆمەتی ترسنۆکیو هەڵاتن بۆ هەموو کوردی ئاوارەیان داناوە و دیتنی ئەو دڵسۆزانە (برادەرانی حسک) بۆ هەموو کوردێکی ئاوارە بەیەک شێوە، وەکوو تفەنگ بە تاریکیەوەنان وایە. بەڵام ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کە بەرامبەر هەڵوێستی نادروست، هەڵوێستی چەوتتر و یان زیانبەخشمان هەبێت، لە جیاتی وەڵامدانەوە بەگیانێکی دیموکراسی و سینگ فراوانی، کاک رزگار هەستاوە سەنگەر درووست دەکات دژی دڵدارانی سەربەستی کە پێشمەرگەی سەرچیاکانی کوردستانن، و تۆمەتی ناڕەوا دەنێتە سەر خەباتی پێشمەرگە. رزگار کە خۆی بە «شاعیری رەنجدەران» دائەنێت، زۆر بە ناشیرینی پرسیار دەکات «کام خەبات ..... ئەو خەباتەی کە تیایا پێشمەرگە و پاسدار هاوڕێ بن؟!!» ئەم تۆمەتە بەداخەوە هەمان قسەی جاشەکانی رژێمی عێراقە کە رزگار دژیەتی، کە ئەیانەوێ گومان بخەنە سەر دەفتەری سەروەریی خەباتی کوردایەتی و پێشمەرگە نەبەزەکانی کوردستان. ئێمەی کورد ئەگەر شانازیەک و سەربەرزیەکمان هەبێت، ئەوە بە هۆی خەباتی پێشمەرگەوەیە. پێشمەرگەو خەباتی پێشمەرگەیە کە نەیهێشتووە سیاسەتی ژەهراوی بەعەرەبکردنی کوردستان سەربگرێت، هەر خەباتی ئەم قارەمانانە بوو کە ئێمە لـە دەرەوە ئەتوانین بە شانازیەوە بڵێین کوردین. جا ئێمە رووی خۆمان دەکەینە کاک رزگار و ئەم پرسیارە لەم برا کوردە دەکەین:
کام خەبات پیرۆزترە؟ خەباتی سەنگەرەکانی رۆڵەکانی شارەزوورو بادینان و سۆران و گەرمیان لە شۆڕشی کلپەسەندووی کوردستان یان (خەباتی) چایخانەکانی گالیرای ستۆکهۆلم و لەندەن؟!!
کام خەبات سەختترە؟ خەباتی دوژمن راونان و داستانی قارەمانیەتی لە سەرما و سۆڵەی زستان و گەرمای بەتینی هاوین یان (خەباتی) ژوورە خۆش و فێنکەکانی شیعر نووسین لە سوید و ئەمەریکا؟! کام ریزی کوردان گەلەکەمان بەرەو ئازادی و سەربەستی ئەبات: ریزی هەڵۆکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شەرە ئاگرینەکانی داستانی قەیوان ـ ماوەت یان ریزی کوردە ئاوارەکان بۆ یارمەتی وەرگرتن لە بەردەم (سۆشیالی) سوید؟!.

# ئاخر ئێوە چین؟؟

لە دوو لاپەڕە و نیوی (مامۆستای کورد ـ ژمارە ٢) دا گەنجێک بە نێوی (رزگار عەبدوڵڵا)، کەوا پێ دەچێ تەمەنی لە هەژدە ساڵانی تێنەپەڕاندبێ، لە بری پێنووسەکەی دەستی داوەتە سیکارتە کولێک (شەلم کوێرم ناپارێزم) بەربۆتە وێزەی شۆڕشی کورد و خۆی لێ بووە بە کوێخا و دەمڕاستی (٠٠٠ ٢٠٠) کوردی ئاوارە و شینێکیان بۆ دەگێڕێ، هەر مەپرسە!!.

پەلاماری هەموو لایەنە سیاسیەکانی سەر گۆڕەپانی خەباتی کوردایەتیی راستەقینە و رەوای کوردی داوە و بە گێرەشێوێن و لادەری (فیکری) یان نێو دەبا و هەر لە ئێستاوە نوقڵانەی (ئاشبەتاڵ) یان بۆ لێدەدا، سۆفی ئاسایی رەڵی خۆی لێ داوە و بڕایەوە!! ئەمە جگە لەوەی شۆڕشی مەزنی ئەیلولیشی نەبواردوە و بەربۆتە وێزەی و لەبیری خۆی بردۆتەوە یان هەر لە بیری نایە کە ئەو شۆڕشە خاوەنی هەزاران شەهیدە و لاپەڕەیەکی پرشنگداری لە مێژووی نەتەوەکەماندا پڕکردۆتەوە.

کاک رزگار نەیتوانیوە وشەی شۆڕش نەبۆ شۆڕشی ئەیلول بەکار بێنێ، نەبۆ ئەو شۆڕشەی کە ئەمڕۆ پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان تێیدا پێشمەرگە و رۆڵەی کوردن و پارێزەری شەرەفی کورد بوونی کوردی وڵات و کوردی هەندەران و کاک رزگاریش بەکاربێنێ، لە بری ئەو وشەیە بزوتنەوەی بۆ بەکارهێناون کە ئەمەش ـ هەر نەبێ ـ هەنگاوی یەکەمە بەرەو هەڵدێری هەزار بە هەزاری لەڕێلادانی گەنجێکی کەم تەمەن و کەم تاقیکردنەوە یان پیاوێکی ساوا.

من لە بری لایەنێکی سیاسی وەدەنگ نەهاتووم تا وەڵامی (کام سەنگەر؟!) بدەمەوە، لە راستیشدا دەبوو هەر وەڵامیشی نەدرێتەوە، بەڵام ئەو ناڕەوایی یەی لەو نووسراوەدا بەرچاوم کەوت رێی وەڵام نەدانەوەی لێ بڕیمەوە و هانی دام وەدەنگ بێم و برایانە لە کاک رزگار بپرسم: ئەرێ جۆگەلەی بیرت دەرژێتە ئەستێرکی بەرژەوەندی کوردەوە؟!!

کاک رزگار کە نێوی (حسک) وەک پارتێکی (چەند سەدکەسی) دەبا و ئەو ژمارەیەی وەکوو خەوش دێتە بەرچاو و بەروویاندا دەداتەوە، وەک ئەوەی ئەو (چەند سەد کەسە) هەر رۆڵەی کوردیش نەبن، وەک ئەوەی (حسک) خاوەنی سەدان شەهید نەبێ، وەک ئەوەی (حسک) خاوەنی چەندین ساڵ خەبات و قوربانیدان نەبێ، وەک ئەوەی ـ خوانە خواستە ـ سەنگەری ئەوانیش وەک ئەوەکەی خۆی بێ. کاک رزگار دەیەوێ هەر لە (سەنگەری سەنتەری ستۆکهۆلم)ەوە سەنگەری شەرەف بەوان چۆڵ بکا!. (حسک) و حیزبە سیاسیەکانی تریش خاوەنی شەهیدن شەهید، خاوەنی پێشمەرگەن پێشمەرگە، پێشمەرگەش رۆڵەی هەڵبژاردە و جوامێری ئەو نەتەوە زۆرلێکراوەن و خوێنیان گەلێ لەوە بەنرخترە کە لە سەنگەری دیسکۆ و سۆڕگە و هەڕاجخانەی لەش و بەر هەتاوی کز و سیسی ئەورووپاوە لەکەدار بکرێ. خوێنی شەهیدە هەرگیز نەمرەکانی (حسک) و لایەنەکانی تریش گەلێ لەوە پیرۆزترە کەسێ ناویان بزڕێنێ لە نەریتی میللەتەکەی خۆی یاخی بووبێ و هەرشەوە بە دوا شەمەندەفەری خەتێ بەدووی بەرەڵایەکی ئەم دەست و ئەودەست پێکراو بڕوا و لە خودی ئەورووپاییەکان پتری پێ لێ هەڵبڕیبێ.



ئەو شتەی کە برای هێژامانی زۆر توورە کردووە ئەو راستیەیە کە بڵاوکراوەی (حسک) نووسیویەتی کە کۆچی زۆری کورد بۆ ئەورووپا تراژیدیایەکی گەورەیە بۆ گەلەکەمان.

ئەو کوردانەی کە ناتەبایی نێو جولانەوەی کوردستان ئەکەنە بیانوویەک بۆ سەفەریان لە سەنگەری شەرەفەوە بۆ لەنگەری ئەورووپا، زۆربەی زۆری ئەو کوردانەن کە لەبەر سەربازی لە شەڕی عێراق و ئێران رایان کردووە و دێنە کوردستانی ئازادکراو و لەوێش بە هەوای نەفس هەگبەی سەفەریان بەکۆڵدا دەدەن و بەهەموو سەنگێکیانەوە پێ لەسەر پشتی برینداری خاکی پیرۆزی کوردستان دادەنێن و دەیکەنە بەردەبازی مەرامە خودیەکانیان و بەسەریدا گوزەر دەکەن و دێن لە کەنارێکی ئەورووپادا لەنگەر دەگرن!! نەک هەر ئەمە، بەڵکو تیۆری باشیش بۆ شۆڕش دائەنێن ووەکو کاک رزگار داوا دەکەن کە جەماهیر ئەیەوێ (لە سەنگەری سەربەخۆدا بجەنگێت)، بۆ ئەوەی کوردستان زووئازاد بێت وکە گەڕانەوە بەکەماڵی سەڵتەنەت تێیدا بجولێنەوە وقیتەی سمێڵیان بێت، نەکردی و نەماندوو بیخۆن. مەگەر کاک رزگار و هاوڕێکانی نازانن کە سەرکەوتنی یەکجاری بەسەر دوژمنی داگیرکەر بەشاباشی خوێنی هەمان خەباتی پێشمەرگە و هەمان سەنگەری پێشمەرگە بەدەست دێت، کە جەنابیان گومان و تۆمەتی ناڕەوایان خستۆتە سەر.

ئەم رەئیە کە کۆچی کورد بۆ دەرەوە لە جیاتی بەشدار بوون لە خەباتی کوردایەتی زیانی گەورەی هەیە بۆ گەلەکەمان نەک هەر رای (حیزبێکی چەند سەد نەفەری وەک حسک) ە دەردی کاک رزگار گوتوویەتی، بەڵکو رای هەموو پارت و هێزە شۆڕشگێڕەکانە لەسەرووی هەموویانەوە هی (یەکێتی نیشتمانی کوردستان)ـە کە خاوەنی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی هەزاران هەزار جەنگاوەری قارەمانە و زۆربەی هەرەزۆری جەماهیری کوردستانی عێراقی لەگەڵدایە.

کورد دەڵێت (ئەگەر گوڵ نیت دڕکیش مەبە)، جا ئەو برادەرانەی کە سەختیی خەبات پاڵی پێوەناون بێنە دەرەوە بۆ ئەورووپا با نەبنە کۆسپ و تەگەرەیەکیش بۆ شۆڕشەکەمان، شۆڕشی کوردیش سەرەڕای سەختی خەباتەکەی، سەرەڕای هەڵەی چەوت و زیان بەخشیش، شۆڕشێکە کە خوێنی پێشمەرگە دلاوەرەکانی بەنزینی مەشخەڵیەتی، رقی جەماوەری گەل دژی داگیرکەر هەوێنی پێشکەوتنی بەردەوامی یەتی، پشت بەستن بە هێزی جەماوەر نهێنی بەهێزبوونی هەمیشەیی یەتی.

سەرکەوتنی ئەم شۆڕشە (نەک ئاشبەتاڵی!!) شتێکی حەتمی مێژوویی یە. جا ئەو برا کوردانەی کە باوەڕیان بە (سەرنەکەوتنی) شۆڕش و (ناپیرۆزی) خەباتی پێشمەرگە هەیە با خۆیان فریو نەدەن، وە ئەگەر بینە کۆسپی بەردەوام بۆ شۆڕش و مەسەلەی کورد لە (دەرەوە) ئەوا حیسابی خۆیان لە حیسابی گەل و شۆڕش جیا دەکەنەوە. بژی کورد و کوردستان و بژی قەڵەمی رەسەنی کوردی، نەفرەت لە قەڵەمی ناڕەسەن و جامبازانی ووشە.

**ئارام دەرگەلەیی**

**(ئەمەریکا)**

**کۆتایی ژەنیوەریی ١٩٨٧**

بەڵێ حیزبە سیاسیەکانی کوردستان نوێنەری جەماوەرن، چونکە پێشمەرگەی ئەو حیزبانە پێشمەرگەی کوردن و رۆڵەی ئەو جەماوەرەن و هەر خۆشیان ئەو لایەنانەیان پێک هێناوە. ئێ خۆ ناکا ئەم (ئێمە) انەی لە (کام سەنگەر!!) دا باس کراوە بەخێرێت نوێنەری جەماوەر بن؟!.
ئەوەتا نووسەری (کام سەنگەر؟!) لە جێیەکدا دەپرسێ:
«ئایە کێ خایەن و تاوانبارە؟ ئێمە یان ئێوە؟». ئەم پرسیارە ئاراستەی (ئەوان) کراوە، ئەوان کێن؟ ئەوان برسی و راپەڕیوو و شۆڕشگێڕن، ئەوان بەرامبەر ناڕەوایی و چەکی کوشندەی بەعسیان وەستاونەتەوە، خۆ هەر هێندە بەسە بڵێین: رۆڵە گیان ئەوانە پێشمەرگەن، ئەوان ئەو ناوە پیرۆزەیان بە بالاّ براوە و بە چاوی کوێری ناڕەواییدا دەچەقن.
خایەن و تاوانبار؟ پیاوی زیرەک لە پرسیارەکانیدا دەردەکەوێ نەک لە وەڵامەکانی ... بەڵام بەراستی ئەم پرسیارە دەبێ یان هی خڵەفاوێک بێ کە ساوایەکی پیرە یان هەرزەکارێک کە هێشتا خوار دەفنی بۆر نەبووە. ئاخر پێشمەرگە و خیانەت لەیەک بدرێن وتەکە دەبێ بە هی داگیرکەر و چڵکاوخۆرەکانیان، پێشمەرگە و خیانەت و تاوان پێکەوە بگوترێن، گوتەکە دەبێ بە سەرووتاری رۆژنامە و ئێزگەی عەفلەقی و داگیرکەر.

ئەی ئەو (ئێمە) یە کێن؟ .... ئاخر ئێوە چین؟!! دەبێ کامە یەکێ لەو (٢٠٠ ٠٠٠) کوردە ئاوارانە خاوەنی ئەو بۆچوونە ئەنتیکەیە بەدەم راستی خۆی بزانێ و مافی ئەوەی پێ بدا بە ناوی ئەوەوە (تەسریح) بدات. وەنەبێ ئەو بۆچوونەی (کام سەنگەر؟؟) هەروا شتێکی سەرپێیی بێ و بە بیری ژەنگاوی نووسەرەکەیدا داچۆڕابێتە سەر پەڕە قاقەزێک، هەڵگری ئەو جۆرە بۆچوونە تاکوتەرایە پەیدا بوون ... ئەوەتا بەئاشکرا دژایەتی تەبایی پێشمەرگەی کوردستان دەکەن و لەگەڵ ئاشتبوونەوەدا نین. هەتا بەر لە ئاشتبوونەوە بوو، رەگی لاملیان دەردەپەڕان و زۆر بە (حەماسەوە) دەیانگووت: شەڕی براکوژی نەبوایە ئێمە چ کارمان بە ئەورووپا نەبوو، ئێمەش دەبووینە پێشمەرگە، کە شەڕی براکوژی گۆڕکرا، ئەمان لاملیان فس بۆوە و ماوەیەک دامان، پاشان گوتیان: تا سەر نابێ و ئەمە شتێکی خراپە و نەبوونی چاکترە.

ئەم بابەتە کەسانە نەخۆشن، دەبا لەسەر نوێنی نەخۆشی بکەون و چاوەڕوانی رەحمەتی خوا و هیمەتی پێشمەرگە بن، با لێگەڕێن رەوڕەوەی خەباتی کورد بەرەو پێشەوە بڕوا.
کامە ویژدان رێگا دەدا کە پێشمەرگەی کوردستان رۆژانە بەرامبەر مەرگ بنەوە و داستانی پیاوەتی و نەمری بۆ مێژووی پڕ کارەساتی کورد تۆمار بکەن وبوونی کورد و رەوایەتی مافی چارەنووسی کورد بسەلمێنن و (نا رزگارێک) بەدەم خەیاڵی سەرخۆشی یەوە خۆی بخاتە خانەیەکەوە و قوت و قنج بەرامبەریان لێ بگرێ و بڵێ: ئێمە یان ئەوان؟!. ئاخر ئێوە چین.

بەراستی ژان ژیۆنۆ جوانی فەرمووە:
«خەراپترین تێکشکانی فەرەنسی یەکان ئەوەیە کە شەرم لە فەرەنسا بکەن».
گەورەترین تێکشکانیش بۆ ئێمە ئەوە یە کە شەرم لە کوردستانەکەمان بکەین و بەرامبەری شەرمەزار بین. بەڵام ئەم (ئێمە) یە کە لە (کام سەنگەر؟!!) دا باسی لێوە دەکرێ کوا شەرم دەکا؟ کە سێکیش شەرم نەکا چی ناکا!!.

براتان
زورگەزراو



بەڕێزان بەڕێوەبەرانی:
مامۆستای کورد ـ سوێد
بەربانگ ـ سوێد
پەیڤ ـ لەندەن
هیوا ـ پاریس
هەڵوێست ـ کۆلچیستەر

## بانگەوازێک

لە ژیانی کوردەواریماندا گەلێک رۆژنامە و گۆڤاری جۆربەجۆر وهەمەچەشنە دەرچووە، بەدوای دەرچوونی گۆڤاری «کوردستان»ەکەی مامۆستا بەدرخان کە لەرۆژی ١٨٩٨/٤/٢١ لە قاهیرە دەرچوو، ئیتر بەردی بناغەی رۆژنامەی کوردی ی دانراو جگەلەوەش رووداوێکی گرنگ بوو لە ژیانی کۆمەڵایەتی بەگشتی و رۆشنبیری بەتایبەتی.
دوا بەدوای «کوردستان»یش دەرچوونی رۆژنامە و گۆڤاری کوردی بەردەوامە هەتا ئەمڕۆ، هەریەکەش لەمانە لە پشت دانان و دەرکردنیەوە یەک یان چەند مەبەستێک هەیە، سا ئەو مەبەستەش چ لە بواری رامیاری یان بابەتی بازرگانی و چ لە بواری پڕوپاگەندە و زانیاریدا سوودی خۆیان گەیاندووە.
بەهەر حاڵ، هەر چین و توێژ و لایەنێک بگرین بەشی خۆی سوودی لە رۆژنامە وەرگرتووە، بەڵام لە هەموولا کلۆڵتر و بەشخووراوتر هەمیشە منداڵ بووە و منداڵیش دەبێ، لە هیچ کات و سەردەمێکدا خاوەنی رۆژنامە و گۆڤاری تایبەتی خۆیان نەبوون کە زیاتر لەیەک ژمارەی لێ دەرچووبێت.
هەڵبەت ئەمەش بێ هۆ نیە، سا ئەگەر نەبوونی پسپۆڕو لێهاتوو بێت یان بوونی گیروگرفتی گەورەتر و نرخی بابەتی تەکنیکی چاپ بێ، یان ئەگەر تەگەرە خستنە رێی ئەم جۆرە کارانە بێ لەلایەن کاربەدەستان و لێپرسراوانی میریەوە، جا ئەمە ئەوەندەی پەیوەندی بە وڵاتەوە هەبێ هێشتا هەرهەمان گیروگرفت و تەنگوچەڵەمەن، بەڵام ئێمەی پەریدە ودوورە وڵات تارادەیەک بەسەر بەشێکی زۆری ئەو هۆیانەی سەرەوەدا زاڵ بووین و دەکارم بڵێم ئەگەر زانا و پسپۆڕیشمان لەم بوارەدا زۆر نەبێت، هەڵبەت بەسەرنجدان و چاو خشاندن بە بابەتی منداڵاندا لە دەرەوەی وڵات ئەوەندە فێربووین کە نێوچاوان لە شەرماندا ئارەقەی بکات بۆ نەبوونی رۆژنامە و گۆڤاری منداڵانی کورد بە زمانی زگماکی خۆیان.
